# تکایە دەست بەشیعرەوە بگرن



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# تكايە دەست بەشیعرەوە بگرن

## توێژینەوەی ئەدەبی

**محەمەد فەریق حەسەن**



کتێب: تکایە دەست بەشیعرەوە بگرن – توێژینەوەی ئەدەبی
نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٣٨٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی گشتیی لە هەولێر ژمارە (٢١٣)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

# لە نێوان هاملێت و ئۆفیلیای سپیدا

## ئەریوان چۆن شەهید بوو؟

ئێمە لێرەدا، واین لە حزووری دەقی هونەرمەند و نووسەرێکی شەهیددا و لەگەڵ هاملێتی شەکسپیردا بەراوردی دەکەین. مەرگی ئەریوانیش درامایەکی ڕاستەقینەیە و بۆ خۆشی پاڵەوانی ئەو درامایە بوو. دەبا هەموو دەقیقەیەک بۆ گیانی پاکی بەپێوە بوەستین و منیش بەر لە بەراوردکاری، سەربوردەی شەهیدبوونیتان بۆ بگێڕمەوە:

ڕۆژێکی ساردی سەربەهەور، بەفر هەتا دامێنی چیای (گۆیژە) هاتبوو. خەڵکی شار و پاشماوەی ئەو گوندنشینانەی، کە دوای ئەنفال بەناچاری لە شار (سلێمانی) گیرسابوونەوە، لەوانەی کەسوکاریان ئەنفال کرابوون، ئازیزانیان بەدەستی ڕژێم لە سێدارە و شوێنە ون و زیندانی کرابوون، لە گەڕەکە میللییەکانەوە، واتە لە گەڕەکەکانی پەڕگەی شاری سلێمانییەوە، هەندێ دەمامکیان کردبوو، هەندێ ڕوویان والآ، ڕژانە سەر شەقامەکان... ژمارەیەک ژن و کیژۆڵە، بەزۆری بەرگی پیاوانەیان پۆشیبوو، ئاگریان لە (تایە) بەردەدا.. بەرد و بلۆک و بەرمیلیان لە چەقی شەقامەکان دادەنا و ڕێگەیان لە دوژمن دەبەستەوە.. پاشان لە دەرگەی ماڵانیان دەدا و غیرەتی لاوانیان دەجووڵاند. ئەو جەماوەرە هەر بە(دە) کەسیان ئەوجا تفەنگێکی ژەنگ گرتووی شاردراوە، یان دەمانچەیەکیان پێبوو. دەنا ئەوانی دیکە هەموو بێ چەک بوون. بۆ پەیداکردنی چەک؛ دەچوونە سەر ماڵە موستەشار و ئامیر سریەکان و ئابلووقەیان دەدان: (یان شوێنمان کەون، یان چەکەکانتان؟) هەموو پیاوانی ڕژێم، ئەوانەی بەشدارییان کرد. واتە ئەوانەی چەکیان پێدان، یاخود شوێن ئاپۆڕەی جەماوەرە خرۆشاوەکە کەوتن؛ لە ترسی گیانی خۆیان بوو. چونکە لە باشوور، چەند شارێکی



گەورە کەوتبوونە دەست جەماوەر و فڕۆکەی هاوپەیمانەکان بەئاسمانی عێراق وەربببوون. لە زەمینیشدا هێزیان هاتبووە ناوەوە. کەس بڕوای بەخۆڕاگرتنی ڕژێم نەمابوو.. بەرەبەیانی حەوتی ئادارە و ڕاپەڕین لە گەڕەکە هەژارەکانەوە بەرەو سەنتەری شار دێ و دەتەنێتەوە. لانی کەم لە هەر خولەکێکدا دوو گوللە (ئارڕ. بی. جی.) دەتەقێ. چەشنی تەرزەیش گوللە دەبارێ.. پێگەکانی دوژمن کوێرانە هاوەنبارانی شاریان دەکرد. کوڕانی گەڕەکی ئێمە (بەرانان)، کە دەیان لاوبوون، بەهەموویان دەمانچەیەک و کلاشینکۆفێکیان پێبوو. کەچی کاتێ دەچوونە سەر هەر ماڵە خۆفرۆشێک. یان دەچوونە پاڵیان، یاخود چەکەکانیان دەدانێ. ئەو ڕۆژە بوو، کە سەر بەسەر یەک سەدەی لە مێژوو دەهێنا. خەڵک ورەیان بەرز و کەس ڕۆڵەی خۆی بۆ زەوت نەدەکرا. لە زەماوەند دەچوو. بەو ئاگربارانە، خەڵک لە سەربان و سیلەی کۆڵانەکانەوە سەریان دەکێشا و دەیانویست بەچاوی خۆیان ڕووداوەکان ببینن.. کات دەی بەیانی، جەماوەرێک، بەپاڵپشتی دوو دۆشکا؛ یەکێکیان لە پشتی پیکابێکدا بارکرابوو، ئەوی دیکەیان لە لۆرییەکی سەربازیدا، کە تازەکی دەستی بەسەردا گیرابوو بەگردی بەرانانەدا ڕووەو گەڕەکی بەختیاری سەردەکەوتن. لەهیکڕا دوو کۆپتەر پەیدابوون و دووراودوور کەوتنە تەقە. لەوەدەمەدا ئەریوان لەسەر تەوقەنەی گردەکەبوو. دەستی لەنێو دەستی کچ و کوڕێکی هاوڕێیدا بوو ئەم سروودەی دەوت:

سەرمایەدار چەک دانێ
لەش و لارت نایتوانێ
هەر کرێکار دەتوانێ
دنیایەکی نوێ دانێ

ڕێنمایی ئەو ڕۆژەی ڕژێم بۆ هێزەکانی خۆی ئەوەبوو، بەتوندی ڕیزی

پێشەوەی هێرشبەران بکوتن. ئەریوانیش لە ریزی پێشەوەی هێرشبەراندابوو. ئەریوان بەگولەی (بی.کەی.سی) و قەناسەکانی سەرگردی غاباتەکەی بەرامبەر شەهید بوو. ئەریوان، لەسەر گردەکە کەوت و گیانی سپارد. بەڵام هاوڕێکانی چاویان نەشکا و نەکشانەوە. لە ماوەیەکی کورتدا، بارەگای لقی ئەنفال (شعبة الأنفال)ی حیزبی فەرمانڕەوایان لە گەڕەکی (بەختیاری) گرت. ئەو ڕۆژە هامشۆ لەناو شاردا سەخت بوو. عەسری ئەو ڕۆژە (حەوتی ئادار) تەرمی ئەریوانی کوڕی گەڕەک، بەشێوەیەکی کاتی، لە حەوشی مزگەوتی (شێخ فەرید)دا، نێژرا. بەندە لەو مەراسیمەدا بەشدار بووم. دواتر گوێزرایەوە بۆ گردی سەیوان.

ئەریوانی کوڕی گەڕەک، ئەو ڕۆژە لە بەیانی زووەوە، ئامادەی بەرەنگاری بوو. ئەو بەیانییە، لەکاتێکدا دوو کیژۆڵەی ئازا بەکۆڵانەکانی گەڕەکدا دەگەڕان و بانگی ڕاپەڕینیان بەگوێی خەڵکدا دەدا و داوای بەشدارییان لە جەماوەر دەکرد. دوو هەرزە تەشقەڵەیان پێدەکەن. ئەریوان غیرەتی قەبووڵ ناکات و لەگەڵیاندا بەشەڕ دێ. لەم پێکدادانەشدا چاویلکەکەی دەشکێ.

ئەریوان لاوێکی ئازاو چاوکراوە بوو. بۆ خۆپێگەیاندن هەمیشە بەشوێن سەرچاوەی نوێدا دەگەڕا. هەردەم سەرقاڵی باس و خواس و ڕاگۆڕینەوە بوو. ڕاوێژی بەئاشناکانی دەکرد. هاوکات لە خەمی سەرفرازی نەتەوەکەیدا بوو. بەخوێنی خۆی گەورەترین درامای نووسی. ئەریوان: (٢٥/٥/١٩٦٤ - ٧/٣/١٩٩١) ئەم شانۆگەرییانەی دەرهێناوە: لازارۆس و خۆشەویستەکەی، قەیاغێک لە دارستاندا. پەتا سپیکە.. وەک ئەکتەریش لەم شانۆییانەدا دەوری بینیوە: هاملێت، ئەو پیاوەی بوو بەسەگ، زنجیرەی تەلەڤزیۆنیی ژاڵە..

وێڕای شانۆنامەی ئۆڤیلیای سپی، ژمارەیەک وتار و چیرۆکی منداڵانی لە پاشکۆی عێراق و هاوکاریدا بڵاوکردووەتەوە. هەروەها لەگەڵ تیپی



سالار و تیپی نواندنی سلێمانیدا هاوکاری و بەشداریی هەبوو.

***

ئۆڤیلیای سپی، دەقێکی شانۆییە، لە نووسینی شەهید (ئەریوان عومەر دەوڵەت) و بەشیعرکردنی (ئەحمەد ڕەزا)یە.. ئەمە یەکەم جار نییە کاری ئەدەبی بەهەرەوەزی و هاوبەش ئەنجام بدرێ. ڕۆمانی (عالم بلا خرائط)ی جووتە نووسەری عارەب (جبرا ابراهیم جبرا)و (عبدالرحمن منیف) نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەم جۆرە هەوڵانەیە. بەڵام شانۆی شیعری؛ یان شانۆی بەشیعر نووسراو بۆچی و لەپای چی؟

یەکەم: هاملێت، کە سەرچاوەی ئەم دەقەیە و باس لە سەربوردەی شازادەیەکی خەیاڵیی وڵاتی دانیمارک دەکا، کاتی خۆی، خودی شەکسپیر بەشیعر نووسیویێتی. نەک هەر ئەوەندە، بگرە شاکارێکی شانۆی بەشیعر نووسراوە و لە زۆر لێکۆڵینەوەی نوێشدا، شارەزایان وەک نموونەیەکی سەرکەوتووی شانۆی بەشیعر نووسراو ناوی دەهێنن و ئاماژەی پێدەدەن.

دووەم: ئەریوان مەبەستی بووە لە داهاتوودا وەک ئۆپەرێت ئاوازی بۆ دابنرێ و نمایش بکرێ. تاکو چەند هونەرێک وەک نمایش و گۆرانی پێکەوە گرێ بدا. دیارە بەمەیش دەقەکە بەزیندوویی دەمێنێتەوە. وەک لە شانۆی کلاسیکدا پەیڕەو دەکرێ، دەقەکە لە پێنج پاژ (فصل) پێکهاتووە. هەموو دەقەکە بەشیعر نووسراوە، بێجگە لە دیمەنی سێیەمی پاژی پێنجەم، کە وەک پەخشان نووسراوە.

شانۆ، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، کە بۆ یۆنانی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، هەر بەشیعر نووسراوە. یەک لەباری ئەدەبی ئینگلیزی، ساڵی ١٧٣١ بەساڵی لەدایکبوونی یەکەم دەقی شانۆی بەپەخشان نووسراو دادەنرێ، کە بەناوی (بازرگانی لەندەن)ەوە بوو.

نووسەری نەرویجی (هێنریک ئیبسن) بەدرامای شیعری دەستی پێکرد.

پاشان بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکەیدا بڕوات، بایدایەوە سەر درامای بەپەخشان نووسراو. ئیبسن لەو بڕوایەدا بوو، کە نووسەر و هونەرمەند، خاوەنی پەیامێکی کۆمەڵایەتین. زۆربەی خەڵکیش زمانی پەخشانیان لا پەسندترە.. زمانی پەخشان میللیترە تاکو شیعر. ئەگەر شیعر زمانی کۆشک و سەراکان بێ، ئەوا پەخشان زمانی شەقام و ناو کۆختەکانە. ئەم شۆڕشگێڕە، ئەو سنوورەشی بەزاند، کە دەڵێ: «دراما دەبێ لە پێنج پاژ پێک بێ». هەروەها لە سۆنگەی ئەو کودەتایەوە، کە بەسەر بیروبۆچوونی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتە باوەکانی سەردەمی خۆیدا بەرپای کرد، بوو بەخاوەنی ڕێبازی شانۆی شۆڕشگێڕ.

چیرۆکی هەردوو دەق، لە هەمان کەلەپوور و سەرچاوەوە هەڵقوڵاون، کە لە قەڵای (کرۆنسبورگ)ی دانیمارکدا ڕوودەدەن و لە جیهاندا بە(قەڵای هاملێت) ناسراوە. دیارە ئەریوانیش بۆی هەیە بەپێی دیدوبۆچوونی خۆی دایبڕێژێتەوە. نووسەریش بۆ خۆی خاوەنی کەلەپووری هەموو دنیایە.

لەم دەقەدا دوو هێز لە ئارادان و لە ململانێی سەخت و بەردەوامدان. هەر لایە و تێدەکۆشی جێ بەوی دیکە چۆڵ بکا. کێشەکەیش لەوە دەردەچی ململانێی نێوخۆی بنەماڵەیەک بێ، لەسەر ئەوەی کام لایان شیاوی تاج و تەختن؟ یان لەوە گەورەترە کێشەی تۆڵەسەندنەوەیەکی خێڵەکییانە بێ. چونکە لە قۆناغەکانی دواییدا ڕەش و ڕووتی وڵاتەکە کێشەکە یەکلایی دەکەنەوە. (هۆراشیۆ)ی دۆستی هاملێت و هەژاران، لەلای ئەریوان جڵەو دەگرێتە دەست.

ئەگەر بەگوێرەی سەردەم، شانۆییەکانی شەکسپیر، کێشەی حوکمڕانی میر و پادشاکان، ئانکو دڵداری و خیانەتکاری و بێ وەفایی و سپڵەیی و دوو ڕوویی نێوان توێژی فەرمانڕەوایان لە خۆیان گرتبێ، ئەوا لای لاوێکی وەک ئەریوان، دیسان هەر بەگوێرەی ئەو سەردەمەی، کە تێیدا ژیاوە، لە



کێشەی نێوان بنەماڵەی پادشاوە گۆڕیوێتی بۆ ململانێی نێوان ئەوان و ڕەش و ڕووت و (هۆراشیۆ)شی کردووەتە نوێنەریان.

مێژوو سنووردارە و هونەر سنوورەکان دەبەزێنێ. کاتێک نووسەر دێت و ڕووداوێکی مێژوویی دەکاتە شانۆیی، ئەوا سنوورەکانی کات و شوێنی لێ دادەماڵێ و لە تێڕوانینی تایبەتیی خۆیەوە دەیکاتە بەشێک لە کەلەپووری جیهان. بەشێوەیەکی ئەوتۆ، شیاوی هەموو شوێن و کاتێک بێ.

نووسینی درامای سەرکەوتوو مێشکێکی زیندوو و جیهانی دەوێ.. سەرەتا ئەریوان وەک پەخشان نووسیوێتی. بەڵام، کە پەرۆش بووە لە فۆرمی شیعردا دایبڕێژێتەوە، ئەوە دەگەیێنێ ئەو خاوەنی دیدێکی شارستانییە. شانۆی بەشیعر نووسراوی نوێش، بەبەرگ و فەلسەفەی نوێوە، لە کۆمەڵگە هەرە پێشکەوتووەکانەوە، لەلایەن نووسەرە داهێنەرەکانەوە سەری هەڵداوە. ئەوانەی خاوەنی مێشکێکی زیندووی دوور لە چەق بەستن و غەزرین بوون.. کە بیریشی لەوە کردووەتەوە، وەک ئۆپەرێت پیشانی بدات، مانای وایە ویستوویەتی بەتێکەڵکردنی ئاواز و جووڵە و نمایش، کارێکی نوێتر بەرهەم بێنێ.. هەن لەو بڕوایەدان شانۆ دەبێ بەپەخشان بنووسرێ. ئەگەر بەشیعر نووسرا ئەوا گەرەکە ئاوازی بۆ دابنرێ و بکرێتە گۆرانی. واتە بکرێتە ئۆپەرێت.

تارمایی، فیگەرێکە لە دراماکانی سەدەی شانزە و حەڤدەهەمدا دووبارە بووەتەوە. ئەوان لەو بڕوایەدا بوون، ڕۆحی مردوو، جارێکی دیکە لە بەهەشت یان لە دۆزەخەوە (جەهەنەم) دەگەڕێتەوە و داوای تۆڵەسەندنەوە دەکا. لە هاملێتدا، پادشا، مینا تارمایی، بەبەرگی سەرکردەی سوپاوە، وەک بۆ جەنگ خۆی بەستبێ دەردەکەوێ.. لە دەقەکانی پێشتردا وەک (لەیستۆک) لەکاتی پێویستدا پیشان دراوە. کەواتە لەلای شەکسپیر، بەشێوەیەکی نوێ تارمایی دەردەکەوێ.

دەرکەوتنی تارمایی بەنیوەشەوان، ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لە وروژاندن

و پەرەپێدانی درامایيدا. چونکە ئەو تارمایييە، زانیاریی شاردراوە بەگوێی کەسێتییەکاندا دەدا و کارێک دەکا بینەر بەهەتەربوونەوە دوای ڕووداوەکان بکەوێ. هەردەم گوێ سووک و چاوەڕوان بێ.

پیشاندانی تارمایی ڕێگەیەکی گرنگ بووە بۆ نووسەر و بەهۆیەوە زانیاریی نوێی بەبینەر داوە. لە دەقی هاملێتدا، بەتەنیا هەر زانیاریی نادا. بگرە داوای (تۆڵە)یش دەکات. ئینسانی کردنی تارمایی لەکن شەکسپیر، لەکاتێکدا پێشتر وەک (بووکەشووشە) پیشاندراوە، لە خۆیدا داهێنان و واقیعیتریشە. پادشا هەر بەو بەرگەوە، کە کاتی خۆی لەگەڵ پادشای نەرویجدا بەجەنگ هات لە بەریدابوو، دەردەکەوێ. تارمایی پادشا، بەبەرگی سەربازی و تفاقی جەنگەوە، کار لە بینەر دەکا. تارمایی پادشایەک، بەغەدر، غەفڵەت کوژ کراوە. ئێستا گەڕاوەتەوە و داوا لە هاملێتی کوڕی دەکا تۆڵەی بسێنێ، هەموو هاوکێشەکە هەڵدەگێڕێتەوە.. پادشا، مار پێوەی نەداوە. بگرە لە شیرین خەودا ژەهر کراوەتە گوێچکەی و تووشی گولی هاتووە. ژیان و تاج و شاژنیشی لێ زەوت کراوە. باشە ئەگەر ئەم تارمایيیە کلیلی نهێنییەکانی پێبێ و لەلای ئەریوان دووبارە نەبووبێتەوە، ئەدی هاملێت چۆن و بەهۆی چییەوە پەی بەزانیارییەکان دەبات؟

کاتێ تارمایيیەکە لە ئۆڤیلیای سپیدا دەرناکەوێ، وادیارە هاملێتی لەمەڕ ئەریوان، خۆی پەی بەو پیلانە بردووە، کە باوکی لەناوبرد و دایکی لە خشتە برد. ئەمەیش لەسەر زاری کۆرسی کوڕانەوە بەدیار دەکەوێ:

کە هاملێت وێڵی دووی ڕاستییەکە و پەی بەپیلانی ئەوان بردووە*

لەلای شەکسپیر یەک ئۆڤیلیا هەیە و لەلای ئەریوان بووەتە دووان. ڕەش و سپی و هەریەکە مەدلوولی خۆی هەیە.. ئەریوان ڕێوشوێنی ئەکتەرەکانی لەسەر شانۆ دەستنیشان کردووە و جووڵەی پێداون. دیارە بەهیوا بووە لەبەردەم دەرهێنەری بەرهەمەکەیدا ڕێگە خۆش و ئاسان بکا.. لە دەقەکەی



شەکسپیردا کۆرس نییە. بەڵام ئەریوان کۆرسی بەکارهێناوە. ئەمەیش بەمەبەستی:

١- زانیاریی بەبینەران بدات.

٢- دید و هزری خۆی لەم ڕێگەیەوە بگەیێنێ.

٣- ڕای پاڵەوانەکان سەبارەت بەیەکتر باس بکا.

٤-دیدی هاملێت ڕوون بکاتەوە.

جێی باسە دوو کۆرس هەن: کیژان و کوڕان. هەندێ جاران دەیانەوێ هاملێت فریو بدەن. بڕێ جارانیش دیدی نووسەر ڕوون دەکەنەوە.. لە شانۆی بەشیعر نووسراودا، کۆرس لەو ئامرازانەیە، نووسەر بەهۆیەوە، لەسەر زمانی ئەکتەر، گۆرانیبێژ و سروودبێژەکانەوە، ڕا و بۆچوونەکانی بەبینەر دەگەیێنێ... هەندێ جاران، ئەندامانی کۆرسەکان، بەتاک دایەلۆگ و گۆرانییان هەیە.

کە باس هاتە سەر کاکڵەی دەقەکان، پێویستە ئاماژە بەوە بدەم، کە ڕستەی (هەم یان نیم؟. ئەمە کێشەکەیە.) زۆری لەسەر نووسراوە و شیکردنەوەی منی پێویست نییە. لە پاڵ چەندین وتەی بەجێدا، کە لە دەقەکەی شەکسپیردا هاتوون وەک: کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەی.. خراپەکاریی، ئەگەر لەبن چینەکانی زەویشدا بشاردرێتەوە، ڕۆژێ دێ ئاشکرا ببێ.. مردن نوستنێکە و هیچی دی...

لەکاتێکدا کاکڵەی دەقەکەی لەمەڕ خۆمان، لەم دایەلۆگەدا، کە لەسەر زاری کۆرسی کوڕانەوە دەگوترێ بەرجەستە دەبێ:

گرنگ دەرهێنانی ئینسانە لە چنگی ئینسان
نەک بۆ دەستە و تاقمێک و تەنها گەلێک،
بۆ گشت گەلان..

شەکسپیر پەخشان بۆ کاری واقیعی بەکاردێنێ. هەروەها بۆ ئەو کارانەشی لە دەوری بابەتە میللی و کۆمیدییەکان دەسووڕێنەوە. لە شانۆییە مێژووییەکانی بەراییدا، جیاوازیی بەکارهێنانی شیعر و پەخشان کەوتبووە سەر جیاوازیی چینەکانی کۆمەڵ. بۆرە پیاو بەپەخشان دەدوا و کەسانی سەر بەچینە بەرزەکانیش بەشیعر. شەکسپیر دیمەنی گۆڕە هەڵکەنەکانی هاملێتی بەپەخشان نووسیوە. نووسەرانی ئەوسای شانۆ، وایان هەست کردووە، دەقەکەیان بەپێزتر دەبێ ئەگەر بەشیعر داڕێژرابێ. ئەم ڕایەش لەوەوە هاتووە، گوایە کەسێتییە درامییەکان دەبێ لەخودی ژیان گەورەتر و زمانی دراماش لە پەخشان بالاّتر بێ.. شیعر پتر بەناخدا ڕۆدەچێت و هۆش و هەست دەبزوێنێ. ئەگەر شانۆ چڕکردنەوەی چەند ساتەوەختێکی ژیان بێ، ئەوا شیعریش چڕکردنەوەی وشە و هەستەکانە. بۆیە شیعر بۆ شانۆ کالاّ لەقەد بالاّیە.

ئیبسن، لەسەدەی نۆزدەهەمدا، شانۆی لە شیعرەوە بۆ پەخشان گۆڕی، بەو حسابەی سەردەمی ڕیالیزمە و پەخشان زمانی ڕۆحی سەردەمەکەیە. ئەرکی هونەریش گوزارشتە لە واقیع بەهەموو وردەکارییەکانیەوە. بۆیە ئەم وەرچەرخانەی بەکارێکی شۆڕشگێڕیی زانی. بەلاّم لەم سەدەیەدا (سەدەی بیستەم) لە نوێ (ئالیوت) سەرکەوتنی لە نووسینی درامای بەشیعر نووسراودا بەدەست هێنا و چەند تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتووی نووسی. ئەوەشمان لە یاد بێ شیعری بەشێوەیەکی نوێ بەکارهێنا.

بەلای ت. س. ئالیوتەوە، شیعر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ، کە تەنیا ئەرکی ڕازاندنەوەی دەقی شانۆیی پێ بسپێردرێ. بگرە دەبێ بوون و پێویستیی هەبوونی خۆی بسەلمێنێ. نەک بەتەنیا بریتی بێ لە شیعرێکی جوان و قالّبی شانۆیی وەرگرتبێ. شیعر پانتاییەکی بەربلاّوی لەبەردەمدایە بۆ دەربڕین. لە پەخشان زێتر گوڕ و تینی پێیە. هۆیەکی بالاّترە لە هۆیەکانی



دەربڕین. دەتوانێ چاکتر کەسێتییەکان ڕووت بکاتەوە و ناخیان بخاتە ئەو گۆڕە. بیر و هەست و پاڵنەرەکان دەستنیشان بکا. کەرەسەی هونەریی دەوڵەمەند لە خورجەکەیدایە وەک لەوەی پەخشان پێیەتی. باشتر دەتوانێ وزەی زمان بخاتەکار و پەرەی پێبدا. کەواتە شانۆی پێ دەوڵەمەندتر دەبێ. هەروەها درامیتر دەبێ.. شانۆییە بەناوبانگەکانیش، ئەوانەی لەبیر ناچنەوە، ئەوانەن بەشیعر نووسراون و لە کەلەپووری شانۆی جیهانیدا تاکو نهۆ بەزیندوویی ماونەتەوە. ئەمە ڕاستییەکە پشتگوێ ناخرێ.. شیعر ڕێگەیەکی نموونەییە، کە نووسەر بەهۆیەوە دەتوانێ گوزارشت لە ڕوانینی خۆی بکات. ئەگەر دەقی شانۆیی وردبکەینەوە، دەبینین چەند مشتێکە لە وشە. داخۆ ئەم وشانە لە قالّبی شیعردا کاریگەرییان لەسەر بینەر زێترە یان وەک پەخشان؟.. بێگومان مۆسیک و ڕەزم و سەروا و وێنە، وزەی پتر دەبەخشنە وشەکان و گیانێکی زیندووتریان دەکەنە بەر. بەلاّم ئەگەر شیعر وەک هونەرێکی جوان بۆ ڕازاننەوەی دەق بێ، یان بۆ ئەوەبێ بینەر لەکاتی سەردانی شانۆییەکەیدا، وێڕای دیتنی درامای یاریکراو گوێی بەئاهەنگ، ڕەزم و مۆسیکی شیعرەکان بزرنگێتەوە، ئەوە مانای وایە تەنها بۆ تیف تیفەدانی دەق و بۆ ڕووکەش خستوومانەتە گەڕ، نەک بۆ دەوڵەمەند کردنی. تێکەڵکردنی شیعر و دەقی شانۆیی دەبێ پێویستییەکی درامی جووتی کردبن وەک ئالیوت دەڵێ: «بوونی شیعر لە شانۆدا دەبێ پاساوی درامیی خۆی هەبێ.»

لە درامای بەشیعر نووسراوی ڕەسەندا، شیعر و دراما پاڵ بەیەکەوە دەدەن. زمان دەبێتە کرداری بنچینەیی. چونکە ئەوەی دەگوترێ و گوزارشتی لێدەکرێ، هەر ئەوەیش ئەنجام دەدرێ. لێرەوە جیاوازی نێوان (پۆیەما) و درامای بەشیعر نووسراو ئاشکرا دەبێ. دراما ئەگەر وەک پۆیەما نووسرابێ، ئەوا بۆ گوێ لێگرتنە و هیچی دی. ملانێ و بەرەوپێشەوەچوونی دراماکەت بیر دەباتەوە. بینەر بەلای وێنەی شیعری و

فەنتازیادا دەبا و لەکارە درامییەکە بێ ئاگا دەمێنێ. لەکاتێکدا دراما دەبێ هەروەک دراما بمێنێتەوە. ئەوەندە هەیە، بەزمانی شیعر گوزارشت دەکا. واتە شیعر دەبێتە هۆیەک بۆ گەیاندن، نەک ببێتە ئامانج. وێنەی شیعریش دەبێتە ڕێگەیەک بۆ تێگەیشتنی واقیع. قسەیەک هەیە دەڵێ: «باشترین شاعیر ئەوەیە شیعری خۆی لە شانۆدا بخاتە گەڕ.»

لەم بوارەدا چەند هەوڵێکمان هەیە. بەڵام سەرەتایین و ئێرە جێگەی باس کردنیان نییە. بەش بەحاڵی خۆم ئەم هەوڵە بەسەرکەوتووترینیان دەزانم.

ئەریوان، بەرایی وەک پەخشان دەقەکەی نووسیوە. دواتر ڕووی لە (ئەحمەد ڕەزا)ی برادەری ناوە. تاکو بەزمانی شیعر دایبڕێژێتەوە؛ بۆ ئەوەی لە بەرگی ئۆپەرێتدا پێشکەشی بکا. بۆ ئەم مەبەستەیش پێویستیی بەژمارەیەک ئەکتەری بەتوانای ئەوتۆ هەیە، کە کۆمەڵێک بەهرەیان تێدا کۆببووبێتەوە. دەنگخۆش بن. بە لەش و لار نەرم و شل بن، تاکو بتوانن جووڵە و بزاڤی ئۆپێرا ئەدا بکەن. لەم ڕووەوە قسەی لەگەڵ ژمارەیەک مۆسیکزاندا کرد. هەروەها پێوەندیی بەتیپی نواندنی سلێمانی و سالارەوە کرد. بەڵام لەو هەلومەرجەدا، ئێستاشی لەگەڵدابێ، پێشاندانی ئەم کارە وەک ئۆپەرێت هێجگار سەختە. چونکە بەلای کەمەوە مۆسیکزانەکانی کوردستانی باشوور، بەژمارە زۆر کەمن. دەبێ لانی کەم ساڵێک خەریکی ئاوازدانان بن. دوای ئەوەش، ئەکتەرەکان، یان ئەوانەی، کە خۆیان بەئەکتەر دەزانن و بەندە هەندێکیان لە نزیکەوە دەناسم؛ بەشی هەرە زۆریان لەش و لاریان ڕەقە و کەمتر تەڕی و شلکییان تێدایە. دەنگیان ناساز و ئەدایان بێ هێزە و زۆر بەزەحمەت دەتوانن ڕستەیەک کوردی بەڕەوانی ئەدا بکەن، چ جای ئەوەی بتوانن بەئاوازەوە دەقێکی بەشیعر نووسراو بچڕن. مەگەر پەنا بۆ دۆبلاج ببرێ. بەمەیش کارێکی نەشاز بەرهەم دێ..



دەقی شانۆیی یان بەپەخشان دەنووسرێ یاخود بەشیعر.. پەخشانیش هەر هونەرە و لە قسەی ئاسایی باڵاترە. بەتایبەت ئەو پەخشانەی، لە دەقی شانۆییدا بەکاردێ؛ تێکەڵ بەڕەگەزەکانی جوانکاریی دەبێ. هەر بۆیە ئاساییە ئەگەر هاتوو دەقێک تێکەڵ لە شیعر و پەخشان نووسرابێ، بێ ئەوەی دیوارێکی لە نێوان تێکست و کەسێتییەکاندا هەڵچنیبێ. بەکارهێنانی شیعر و پەخشان لە دەقەکانی شەکسپیردا بۆ ئەوەیە تا بەچاکی سەرنجمان بۆ هەردوو جەمسەری ملانێکە ڕابکێشێ. جیاوازیی نێوان دوو جۆر ئاخاوتن و دوو جیهانی جیاوازی تایبەت بەپاڵەوانەکان بەڕوونی نیشان بدات.

لەم دەقەدا، بۆ ئاسان کردنی ئاواز دانان، کێشی شیعرەکان لە گۆڕاندان.. لە سەرەتای دەقەکەدا، تەنیا دیمەنی سێیەمی بەشی پێنجەمی بەشیعر نەکردووە و وەک پەخشان ماوەتەوە. حاڵەتی وەهایش، لە زۆر دەقی شانۆی بەشیعر نووسراودا هەن.. ئەوان بۆیە کاری وەها دەکەن، تاکو جیاوازیی نێوان گفتوگۆی کەسێتییەکان، ئاستی مەعریفەت و کۆمەڵایەتی و میزاجیان بۆ بینەر ڕوون ببێتەوە. وێڕای گۆڕانکاریی لە ڕەزمی دەقەکەدا.. لەم دیمەنەشدا جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لە نێوان کەسێتیی شاژن و (بەرنادۆ)دا هەیە. کەچی دایەلۆگی هەردوولایان وەک پەخشان ماوەتەوە. ئەم دەقە بەجۆرە شیعرێکی ساکار نووسراوە. بەڕادەیەک توانیویەتی مەبەست دەرببڕێ. شیعرەکان سروشتی هاتوون. تۆ هەست ناکەی دیوانی شیعر دەخوێنیتەوە. بێ درێژدادڕی گوزارشت لە هەڵچوونی پەڵەوانەکان دەکا. دوور لە زێدەڕۆیی، باس لە ڕووداوەکانی ئەو ساڵە دەکا، کە دەقەکەی تێدا نووسراوە، کە دەکاتە ساڵی١٩٨٧.

ئالیوت، هاملێت بەنموونەی درامای بەشیعر نووسراو دەهێنێتەوە و

دەڵێ: «شاعیر ناتوانێ شیعری درامایی بەرزەفت بکا ئەگەر لەباریدا نەبێ ڕوون (شـفـاف) بنووسێ، وەک ئەو شـیـعـرەی سـەرەتای هاملێـتی پێ نووسـراوە. تۆ لەو دەقـەدا بەهوشـیـارییـەوە گـوێ بۆ شـیـعـرەکـە شل ناکـەی بەقەدەر ئەوەندەی گوێت لە واتای شیعرەکە دەبێ.»

ئەگــەر ئەریوان، وەک شـــارەزایەک لە درامـــادا، چنین و ڕیزکـــردنی ڕووداوەکانی دانەڕشتایە، ئەوا ڕەنگە هەر شـیـعرێکی لیرکـیی درێژی لێ دەربچووایە و بڕایەوە. ئەو حەلەیش بۆ سەر شانۆ دەستی نەدەدا.. لەلای ئەریوان، هاملێت بووەتە ڕەمـزێکی خـۆمـاڵی. هەڵەشــە و پەلەکـارە و خـۆشبـاوەڕە، ئەگـەرچی سـیـفـەتی چاپووک و وریا و دانا و زیرەکـیـشی داوەتەپاڵ.

دوو ئۆڤـیلیـا هەن؛ ڕەش و سپی. بەڕەنگەکانیاندا نیازیان دەردەکەوێ. لێرەش (کلۆدیۆس) کەسێتییەکی میکیاڤیللی سیفەتە. هەموو ڕێگەیەکی ناڕەوا دەگرێتە بەر تاکو بەمەبەستی خۆی بگا.. (پۆلۆنیۆس)، کە سەرۆکی دیوانی شـاهانـەیە، بۆ ئەوەی لە پلەوپایەی خـۆیدا بمێنێــتـەوە، دژایەتیی هاملێت و ئۆڤـیلیـا دەکـا. بەپێی خـواسـتی کلۆدیۆس دەجـووڵێــتـەوە و تاقـانـەکـەی بەرەو مـەرگـەسـات دەبا.. ئەوەی تـا سـەر هاوڕێی هاملێـتـە و دەسـتی بـەباڵـیـیـەوە گـرتـووە (هۆراشـیـۆ)یە. تەفـرە ناخـواو ورە بەهاملێت دەبەخشێ. لە سـەرەتاوە خـیـانەت و کـوشت و بڕ، تـەمـومـژی نائومـێـدی، باڵیان بەسەر دەقەکەدا کێشاوە. ئەریوان وەک هاملێتی لە دانیمارکەوە بۆ کوردستان هێناوە کردووشیەتی بەڕەمزێکی ئەم وڵاتە.

سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

* هملت. وليم شكسبير، تعريب: خليل مطران. ط٨، بيروت،١٩٧٤.
* جريمة قتل في الكاتدرائية، ت. س.اليوت، ترجمة: صلاح عبد الصبور.
* في المسرح الشعري. عبدالستار جواد، بغداد، ١٩٧٩.



* الاصول الدرامية في الشعر العربي، د. جلال الخياط، بغداد، ١٩٨٢.
* طبيعة مسرحيات شكسپير، جون وين، ترجمة: د. كمال نادر، الثقافة الاجنبية، العدد الاول، السنة الثانية، ١٩٨٢.
* أطيف أم شيطان؟ جون دوق، ترجمة: جبرا إبراهيم جبرا: الثقافة الاجنبية، العدد الثالث ١٩٨١.

# ترێی تاڵی شەهید ئەبوبەکر عەلی

## گوڵە سوورەکەی حامییەی سلێمانی

ساڵ زیاترە ئەم شیعرەی (ئەبوبەکر عەلی)م لەلایە، یان دروست ئەوەیە بڵێم ساڵ زێترە داوێتی پێم، بەو نیازەی چەند لاپەڕەیەکی لەسەر بنووسم و لەگەڵ شیعرەکەدا بڵاوی بکەینەوە. بەڵام تەماشاکەن ڕۆژگار چ بۆسەیەکی نایەوە؟!.. چاوەڕوانیی هەموو شتێکم دەکرد، بەڵام هەرگیز بەخەیاڵمدا نەدەهات بەم مەرەیە بچێ و ئەمڕۆ: ١٠/١٠/١٩٩٤ لە چلەی شەهیدبوونیدا ئەم کورتە نووسینە لەسەر (ترێی تاڵ) بخوێنمەوە.

ئەبوبەکری ڕاستگۆ و ڕێزدار.. ئەبوبەکری (عیصامی) و ڕەنجدەر. پشتوپەنای بێلانە و بانە و ئۆردووی لە ژمارە نەهاتووی خەڵکی بێکار.. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم هیچ کام لە هاوتەمەنەکانم هێندەی من شارەزای ئاکاری نووسەرە لاوەکان نین.. لێیان داواکارم پەیڕەوی ڕەوشتی شاعیرانە و نەفسبەرزیی ئەو بکەن. ئەو ئامادە نەبوو لەبەردەم هیچ کەسێک و بۆ هیچ دەستکەوتێک بنوشتێتەوە. زمان پاک بوو، ڕێزی لە خۆی لە پێشتری دەگرت و بەردەوام خۆی پێدەگەیاند. ئەو بۆ خەڵک دەژیا. ئەو لە ڕووی نەدەهات لافی شاعیرێتی لێبدا، چ جای سینگ هەڵکێشان و خۆهەڵکێشان.. کەمیشی دەگوت. ئەم قسانەم بۆ ئەوە نییە خوانەخواستە لە ڕێزی کەس کەم بکەمەوە، بەڵام پێمخۆشە لاوەکان ئەبوبەکری گوڵە سوورەکەی حامییەی سلێمانی بکەنە پێشەنگ بۆ خۆیان و لەمەولایش سوێندی گەورەی هەموو لایەکمان (بەگۆڕی ئەبوبەکر عەلی) بێ.

شەهیدان لە هەمووان ڕاستگۆترن. کە دێنە سەر گفت، خاوەنی گفتی خۆیانن.. کە دێنە سەر هەڵوێست خاوەنی هەڵوێستی بێ لاف و گەزافی خۆیانن. مرۆڤ بەدەستی خۆی شەهادەت هەڵنابژێرێ. خوا شەهیدەکان



هەڵدەبژێرێ. شەهیدان چەپکە گوڵی خواوەندن. شەهیدان میوانی حەزرەتی حسێن و حەزرەتی مەسیحن. گوڵە سوورەکەی حامییەش میوانێکی ئازیزی ئەوانە.

***

ڕەنگە جیاوازیی نێوان شاعیر و کەسێکی دیکەی ئاسایی ئەوەبێ: شاعیر دەتوانێ ئەو خەم و ناڕەوایی و ناجۆرییانەی، کە خەڵکی دووچاریان دەبن و بەدەستیانەوە دەناڵێنن و پێوەی دەتلێنەوە، ئەم بتوانی بەرزیان بکاتەوە و بیانگۆڕێ بەشیعر. یان بەواتایەکی دی: جیاواز لە خەڵکی ئاسایی ئەم بتوانێ لە ڕووی چۆنێتییەوە هەڵچوونەکان ئاراستە بکا و گۆڕانکارییان بەسەردا بێنێ. بیانکاتە کاری هونەریی و شۆڕشێ لە چۆنێتییاندا بەرپا بکا. دەنا ئەم وشانەی ئەبوبەکر عەلی بۆ کەرەسەی شیعر بەکاری هێناون، هەر ئەو زاراوانەن، کە ڕۆژانە بەسەر زاری ئەو خەڵکەوەن. ئەبوبەکر، وەک هەندێک نەچووە لە بنکی فەرهەنگ و گوندی چەپەکەوە بەشوێنیاندا بگەڕێ.. بۆیە شیعرەکانیشی پێویستییان بەپەراوێز بازیی نییە. لەم شیعرەدا ڕەگەزی نێر دەنگی دلێرە و ڕەگەزی مێ ڕۆڵی نەرێنی دەبینێ و سست و نادیارە، یان دەکرێ بڵێین نائامادەیە. مەگەر تەنیا لە وشەکانی بەراییدا شتێ ئاکاری (مێ)مان بۆ ڕوون ببێتەوە.. هەر ئەو مێینەیەشە شیعرەکەی ناوناوە (ترێی تاڵ) و گەلێک ناتۆرەی دیکەیشی داوەتە پاڵ شاعیر، وەک: تەریو، خۆپەرست، گێل، سست..

لە هیکڕا ناونیشانی شیعرەکە: (ترێی تاڵ)، سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێ. ترێ، میوەیەکی شیرینە، ئەدی بۆ لێرەدا تاڵە؟!.. ئەوی ڕاستی بێ ترێی تاڵ تانووتی کەسی، یان ئەگەر بگونجێ بوترێ، تانووتی پاڵەوانی شیعرەکەیە. ئەویش کەرەکتەرێکی مێینەیە و بەتەوسەوە، تەشقەڵە بەشیعرەکانی شاعیر دەکات.

ئەم ناونیشانە(مفارقە)یە و، یەکەم جار نییە بێتە نێو ژانرە ئەدەبییەکانەوە. ئیبراهیم ئەحمەد، لە ساڵی ١٩٣٢دا، هێشتا قوتابیی (حقوق) بووە، کاتێ (یادگار و هیوا)ی لە گۆڤاری (هاوار)ی وڵاتی سوریادا بڵاو کردووەتەوە. تیایدا دەڵێ:

لەبەر چاوی بەد لەترسی بەدکار
دڵم دەکەمە گۆڕی یادگار
بەگریانی وشک بەناڵەی بێدەنگ
دێنمە لەرزین تەختی کردگار

سەرنج بدەن: (گریان) تەڕە و فرمێسکی لەگەڵدایە. کەچی ئەو گوتوویەتی:«گریانی وشک».. (ناڵە) دەنگە و دەنگێکی بەرز و سەرنج کێشیشە. کەچی ئەو گوتوویەتی: «ناڵەی بێدەنگ».. لەم ڕۆژگارەشدا نموونەی دیکەی لەو جۆرە لەلای خۆمان زۆرن. وەک: پەڕەسێلکەی سپی، ناونیشانی دیوانە شیعرێکی سەلام مستەفایە.. یان فرمێسکی ڕەش، درامایەکی تەلەڤزیۆنە، لە سیناریۆ و دەرهێنانی کامەران ڕەووف.. یان ئەستێرەیەک لە ڕۆژی ڕوونا، کورتە چیرۆکی محەمەد فەریق حسەن،١٩٧٢.

لە ئەدەبی بیانیشدا نموونە زۆرن، وەک: بەفری گەرم، ڕۆمانی: یوری پۆنداریف.. گوڵە زەنبەقی ڕەش، ڕۆمانی: ئەسکەندەر دۆما.. شەوە سپییەکان، ڕۆمانی: دەستۆیفسکی.. یان نیوەشەو بەیانیت باش، ڕۆمانی کچە نووسەری دۆمنیکی: جین ڕیز.. تۆوی ئاگر،(بذور النار) ڕۆمانی: لطفیة الدلیمي، ١٩٨٨. یان کۆمەڵە چیرۆکی: تاوانبارە -پیاوچاکەکان (مجرمون طیبون)ی: مهدي عیسي الصقر، ١٩٦٤.

شەو، لەلای ئەبوبەکر عەلی، هەر جارە لە بەرگێکدا دووبارە دەبێتەوە. وەک: پرچ و شەو و ڕق، ئەو شەوانەی منی ڕووبار، ئەو شەوانەی منی



باران.. شەو کاتی حەوانەوەی دوای ماندووبوون و ڕەتاندنی ڕۆژە. کاتی حەوانەوە و ئارامی و بیرکردنەوەیە. کاتی پێداچوونەوەیشە بەکردە و کۆششی ڕۆژانەماندا، بەچاک و خراپیانەوە و هەڵسەنگاندنیانەوە. وەلێ دەکرێ لەژێر باڵی شەودا پیلانی ئەهریمەنانە بهۆنرێتەوە، هەر لەژێر چارشێوی شەویشدا جێبەجێ بکرێ.. لای ئەبوبەکر هەر ئەوەندە نییە. ئەو ناونیشانی دیوانەکەیشی بەوشەی شەوەوە پەیوەندە، کە ناوی (ئەو شەوانەی لە پرچەکانت ڕەشترن)ی لێناوە. لەو دیوانە چکۆلەیەدا، شەش شیعر هەن، بەناوی: شەوی یەکەم، شەوی دووەم... هتد. لە کۆتاییشدا نووسیویەتی: «چاوەڕوانی شەوەکانی تریش بن» ڕەنگە زیاتر بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، ئەو شەوانە بۆی دەلوێ بەشێنەیی بیربکاتەوە. دەکرێ مەبەستی درێژەدانیش بێ بەمەسەلەیەک و بخوازێ بخایێنێ و بەم زووانە کۆتایی نەیەت. ڕەنگە کۆنترین کتێبێک ناوی شەوی هەڵگرتبێ: «هەزار و یەک شەوە – الف لیلة و لیلة» بێ. کە مەبەستی سەرەکی تێیدا درێژ کردنەوەی شەوەکانە و بەو پێیە درێژەدانیشە بەحیکایەتەکان تاکو شەهرەزادی نەوبووکی حیکایەتخوان بتوانێ بەڕادەیەک کار لە پادشا بکا، پەشیمانی بکاتەوە و دەست لە ژن کوشتن هەڵبگرێ.. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین، شەو بەهەموو ئەو خاسییەتە ڕۆمانسییانەی، پێیانەوە پەیوەستە وەک: دیمەنی مانگ و خەرمانەی دەوری، جریوەی ئەستێرە گەشەکان و هێمنییەکەی و هەندێ جار ترسناکییەکەی؛ هەردەم جێی ڕامانی شاعیران بووە و دەرفەتێکیش بووە بۆ ڕۆنان و بیرکردنەوە.

لای خۆمان وێڕای دەیان پارچە شیعری وەک: (شەوەزەنگ، شەوێکی تر، شەوەزەنگە، شەوی بەرات)ی عەبدوڵڵا پەشێو، حەسیب قەرەداخی، ع. ح. ب. و حەمە عەلی مەدهۆش، چەندین دیوانە شیعر بەناوی شەوەوە هەن، وەک: شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم. عەبدوڵڵا پەشێو.. شەوانی تەنیایی. سەعدوڵڵا پەرۆش.. دیاری شەو، ئەنوەر محەمەد ڕەشید..

هەروەها یەکێک لە شیعرە هەرە بەناوودەنگەکان، بریتییە لە پێنج خشتەکییەکی (هەردی) لەسەر غەزەلێکی شێخ نووری:

قەت نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شەو
خۆت نەدەیتە بەر شەپۆلی ئەشکی بێ پایانی شەو

بۆچی ئەبوبەکر هێندە (شەو) دووبارە دەکاتەوە؟

شەو لە لای شاعیر یەکسانە بەتەنیایی (العزلة). لە شەودا مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا تەرخان و خەریکە.. بیر لە ڕابوردوو، ئێستا و داهاتووی دەکاتەوە. بەکردەوەکانیدا، جا ئەگەر دەستکەوت بن یان دۆڕاندن دەچێتەوە. ڕەنگ بۆ پرۆژەی ئایندەی دەڕێژێ.. سەرجەمی داهێنەران سوودیان لە هێمنی شەوگار وەرگرتووە. زۆربەی کارە نەمرەکان لەژێر باڵی شەودا لەدایک بوون. چونکە داهێنان بەندە بە(خود)ەوە و کاردانەوەی جیهانبینی خودە و پێویستی بەهەرەوەز و کۆمەکی خەڵکی دەوروبەر نییە، بۆیە تەنیا باڵی و تەنایی شەو بۆ مرۆڤی داهێنەر باشترین کۆمەکە. ئەو پێویستی بەدوورکەوتنەوە و تەنیایی و تەناهییە. ئەمانەیش لەژێر باڵی شەودا دەڕەخسێن. تەنیا باڵی لەلای کەسانی بەهرەدار یەکسانە بەکار و بەرهەمی زیاتر.. شیعریش وەک داهێنانەکانی دیکە، گەلێ جار لە سایەی تەنیایی و هێمنیی شەودا لەدایک دەبێ. لە لای موسوڵمانەکان چونکە (قورئان) لە ژێر باڵی تەنایی شەوێکدا دابەزیوە، بۆیە پیرۆزیی ئەو شەوە (لیلة القدر) بارتەقای هەزار مانگە.

وێڕای ئەمەیش تاریکی دیمەنێکی ماتەمزەدەی هەیە. ئەبوبەکر هەمیشە تویژاڵێک تەمی خەم بەڕوخسارییەوە بوو. وشە خەمئامێز و خەمناکەکانی وەک: (گلێنەی تەڕ، قیامەت، هەڵقرچان) لەگەڵ شەودا دێنەوە و گونجاون.

لای فیرعەونەکانی میسری کۆن. خۆرکەوتن بەمانای لەدایک بوون و



ژیانی نوێ و خۆرنشین بەواتای مردن هاتووە. بۆیە (هەرەمەکان)، کە گۆڕی پادشاکانیانن، لە بەری (خۆرئاوا)ی ڕووباری نیل بنیات نراون.

شەو لەکن تاوانباران بۆ چنینی پیلان و لای خەڵکی وڵاتپارێزیش: (قەلای مێردانە).. شەو هەمیشە لەلای ئەبوبەکر عەلی ساردە.. تەنانەت (گڕ)یش سەرمایەتی: (سارد وەک ئەو گڕەی شەو لە چراکەی موشیردا ئەنوست.) ئەبوبەکر بەخۆی دەڵێ: «منی شاعیری شەو و خەم» شەوەکانی ئەم شاعیرە: (پاییزەن)و توولانێن:

شەو تابووتی ملیۆن ڕایەڵە خۆزگەمە
شەو دۆزەخە.. زامە. خەمە.. قریشکەمە

ڕووبار: لای ئەبوبەکر زۆر دووبارە دەبێتەوە. ڕووبار جووڵەی بەردەوام و خۆ نوێ کردنەوەیە. دەکرێ بەجووڵەی زەمان و مێژووی بچوێنێن،کە دووبارە نابنەوە. ڕووبار هەر دەڕوات و سەوزایی لێ دەکەوێتەوە بەهەردوو کەناریدا ژیان و ئاوەدانی لەپاش خۆی جێدێڵێ. زەمینی بێ ڕووبار بیابانە و ژیان تێیدا وەستاوە.. ڕووبار ئاوێکی لێشاو و گەورەیە و پیس و لیخن نابێ، دەشێ بکرێتە هێمای نەمری و بەردەوامیی ژیان.

باران: دیسان هێمایە بۆ ژیان. ئەگەر نەبارێ ئەوا ژیان لەسەر زەوی دەپێچرێتەوە. وڵاتی ئێمەش پشت بەباران دەبەستێ. بۆیە ئەگەر لەوادەی خۆی دوا بکەوێ، ئەوا سرووتی (طقوس)ی تایبەتیی بۆ بەرێدەخرێ وەک: نوێژە بارانە و بووکە بەبارانێ. باران هێمای خێرە و لێرەوەیە، ڕەنگە فیگەری (باران) بەشی شێری لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا بەرکەوتبێ. بەڕادەیەک باوەڕ ناکەم هیچ گەلێ هێندەی کورد گۆرانی بۆ باران وتبێ. لەکن نووسەرانی دنیاش هەر وەها کەوتووەتەوە. وەک: (سروودی باران ـ أنشودة المطر)ی بدر شاكر السياب و (خۆشەویستی لە سایەی باراندا ـ حب تحت المطر)ی نجيب محفوظ و شانۆیی (دلدارانی باران)ی ئەحمەد سالار.

قەرەج: گوزارشتی (قەرەجێکی دەوارنشین)یش زۆر لە ژیانی ئاوارەیی خۆیەوە نزیکە، کاتێ لە خانوویەکی قوڕینی بەچنگە کرێ پێکهێنراودا، لە حامییەی سلێمانی دەژیا. دیارە قەرەج بێ خاک و نیشتمانن و بەر نەفرەتی خوا و مێژوو کەوتوون و زۆر حیکایەتی ناحەزانەیان لەسەر هەڵبەستراوە. وەک ئەو ئەفسانەیەی گوایە لە سەردەمی پەیدابوونی حەزرەتی مەسیحدا. پارەیان لە قەیسەر وەرگرتووە و ئاسنگەریان دۆزیوەتەوە و بزماریان بۆ خاچەکەی مەسیح لەلا بەکرد داوە.. لە سۆنگەی ئەم تاوانەیاندا بەر نەفرەتی خودا کەوتوون و ئاوارە و بێ وڵات ماونەتەوە.

ڕەنگە کەم شاعیر هەبن هێندەی ئەبوبەکر بەرامبەر ڕەگەزی مێ تووڕە بن. تا ئەو ڕادەیەی دەڵێ:

لێتان ناگرم بەرێزینە ئێوە هەر وان
هەر یەکەتان تاوانێکی تری (حەوا)ن

بەڵام تووڕەبوونی، لە بەکەم زانینی ڕەگەزی مێوە نییە بەقەدەر ئەوەی بۆ بێدارکردنەوە و پێداچوونەوەی دەرەتانی خۆیانە. بۆ ئەوەیە زیاتر ڕێز لە خۆیان بگرن و بەرگریی بکەن و بەهێزەوە بێنە مەیدان.. ئەو ڕک و هەڵچوونەی، کە لە زۆر شیعردا بەرامبەر بەڕەگەزی مێ دووبارە دەبێتەوە و هەندێ جاران دەگاتە ڕادەی دەست لێکبەردانی تاهەتایی و بەکۆتا گەیشتنی میانەی نێر و مێ، زیاتر لە خۆشەویستییەکی بەتین و ڕکێکی شەریفانەوە سەرچاوە دەگرێ.

* سەرچاوە: شیعری: (ترێی تاڵ)ی ئەبوبەکر عەلی، بەدەستخەتی خۆی.

* ئەم نووسینە لە مەراسیمی چلەی شەهیدبوونیدا، ١٠/١٠/١٩٩٤ لە هۆڵی ڕۆشنبیریی شاری سلێمانی خوێنراوەتەوە.



# کاڵای باڵای شا
# لە نێوان هانس کریستیان ئەندەرسن
# و
# عەلائەدینی سەجادیدا

**سەرەتا:**

ڕەنگە هەبێ یەکاندەردوو بپرسێ: بۆچی لە عەلائەدین سەجادییەوە دەستت پێکرد؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم: چونکە چیرۆکنووسێکی پێشەنگ و نووسەرێکی دیارە.. جێی خۆیەتی، لە هەموو لایەکەوە ڕۆشنایی بخرێتە سەر بەرهەمەکانی. تاکو بزانین سەرچاوەی سرووشی لەکوێوە هاتووە و تا چ ڕادەیەک بەرهەمی نووسەرانی جیهان و دەوروبەر کاریان تێکردووە..؟

ئەوەیان جێگەی گومان و بێنە و بەرە نییە، مامۆستامان کاری زۆری کردووەتە سەر نەوەی دوای خۆی. بەتایبەتی لە نزیکەوە کاری کردووەتە سەر ئەو دەستە نووسەرە لاوەی، ساڵانێ لە زانکۆدا دەرسی پێ وتوونەتەوە و قوتابیی بوون.. جگە لەوەی، سەجادی لە بوارێک زیاتر لە بوارەکانی ئەدەبدا پێشەنگە. وەک مێژووی ئەدەب و چیرۆک و کۆکردنەوەی سەربوردە و قسەخۆشەکانی ڕشتەی مرواری، کە لە خۆیدا جۆرێکە لە ئەدەبی میللی.

کەوابوو کەسێکی وەک ئەم زاتە، کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە سەردەمی خۆیدا گێڕاوە و جێدەستی بەزۆر لایەنی ئەدەبییەوە دیارە، دەهێنێ ڕووناکی بخرێتە سەر بەرهەمەکانی و خەڵکانێک خۆیانی پێوە خەریک بکەن. ئەوەیش لەولاوە بوەستێ، کە تاکو ئێستا لە چەند هەوڵێکی کەمی سەرکەوتوو بەولاوە، گرنگییەکی ئەوتۆ بەمەسەلەی ئەدەبی بەراوردکاریی نەدراوە، لە کاتێکدا ئەدەبی وڵاتانی دوور، قۆناغێکی دوور و درێژیان لەم

بوارەدا بڕیوە. کە،"هۆیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان و تێگەیشتن لێیان. هاندانیان بۆ هاوکاری.. لەپێناوی خێروخۆشیی مرۆڤایەتیدا."

ئەوەی ڕاستی بێ، تاکو ئێستاش لەلای ئێمە، ئەگەر پرکێشی بکەی و بەنووسەرێ بڵێی: فلانە شیعر یان چیرۆکت لەژێر کاریگەریی فلانە نووسەری بیانیدایە، وەکو ئەوە وایە ناتۆرەت دواخستبێ!.. کەچی ئەو ئەدەبەی خڕ دەرگەی لەسەر کەش و هەوا و ڕۆشنایی ئەدەبی بیانی داخستبێ، ئەوە ئەدەبێکی زەرد و ژاکاوە.. ئەدەبێکی گۆشەگیرە و نەیتوانیوە لە قاپلووخەکەی خۆی دەربچێ. لە بازنەیەکی تەسکدا دەسووڕێتەوە و گەشە ناکا. بۆیە کاریش ناکاتە سەر ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە و دەوروبەر.

دیارە کاریگەرییەکەیش دوو جۆرە. یەکێکیان ئەوەیە، ئەدەبی خۆماڵی بەژێرەوە دەکات و خاسییەتی نەتەوایەتی و خۆماڵێتی لێ دەسێنێتەوە و ڕەسەنایەتیی لێ زەوت دەکا.. ئەوی دیکەیان بەرەو نوێ بوونەوەی دەبا. سوودی لێ وەردەگرێ و لەگەڵ ئەدەبە خۆماڵییەکەدا هەڵیدەشێلێ و دەیکا بەیەک.. بەم کارەیش ئەدەبی کورد دەوڵەمەند دەبێ و لە گۆشەگیریی ڕزگاری دەبێ و باوەش بۆ ئەدەبی پێشکەوتووی جیهان دەکاتەوە. ئەدەبی نەتەوایەتیشمان وەک جۆگەلەیەک لە بیاباندا ون نابێ، بگرە دەبێتە ڕووبارێکی سازگار و تێکەڵ بەئەدەبی گشت مرۆڤایەتی دەبێ.

لە نێوان

بەرگە نوێکەی قەراڵ و

کالای بالای شادا

چیرۆکی هەردوولا باس لە پادشایەک دەکەن. هەڵوەدای جلوبەرگە. لە قەڵەمڕەویدا دوو جۆلا پەیدا دەبن لافی ئەوە لێدەدەن، کە دەتوانن



نایابترینی جلوبەرگ بچنن، شاهانە بێ.. بەڵام ئەم جلوبەرگانە دوو جۆر خەڵک هەن نایبینن.. ئەم جووتە جۆلایە دەستبڕ و فێڵبازن.. لە هونەردا بێ دەستمایەن. دەیانەوێ زێڕ و زەمبەرێکی زۆریان لە هەوانتە دەست بکەوێ. دوا جار پادشا یان قەراڵ ڕووت و قووت دەکەنەوە و هیچیشی لەبەر ناکەن. کەسێکیش پرکێشی ئەوە ناکات بڵێ: پادشامان ڕووت و قووتە!!.. لەبەر چی؟

چونکە ئەوی جورئەت بکات و ئەم حەقیقەتە بدرکێنێ، بەحسابی جووتە جۆلا دەچێتە خانەی ئەو دوو جۆرە کەسەوە، کە دەبنە جێگەی نەفرەتی خاوەن شکۆ و خەڵکی. بۆیە نە وەزیر و نە کاربەدەستانی دی، تەنانەت خودی پادشاش جورئەتی ئەوە ناکات بڵێ: منیش ئەم جلوبەرگە نابینم. لە ترسی ئەوەی نەبادا بچێتە یەکێک لەو خانانەوە. بۆیە پادشا بەڕووت و قووتی بەناو دەست و پێوەن و جەماوەری خۆپیشاندەراندا دەگەڕێ. ئەو خۆپیشاندانەی بەبۆنەی ئەم بەرگە نوێیەوە سازکراوە.. ئەمە پوختەی چیرۆکەکەیە لەلای هەردوو نووسەر. لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا لەلای سەجادی و ئەندەرسن و پاشان بەدرێژیی دێینە سەر شیکردنەوە و تیشک هاویشتنە سەر هەردوو دەقەکە.. کێشەکەیش لەم پرسیارەدا کۆدەبێتەوە: ئایا ئەندەرسنێکی خەڵکی دانیمارک و سەجادییەکی خەڵکی کوردستان، چۆن دەبێ چیرۆکەکانیان بەم ڕادەیە لەیەک بچن؟!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە پێویستە هەندێ زانیاریی سەبارەت بەم چیرۆکە و بەنووسەرەکان بخەینە ڕوو.

چیرۆکی (بەرگە نوێکەی قەراڵ)(٢) لە ناو کۆمەڵە چیرۆکی هانس کریستیان ئەندەرسندایە، کە سەرجەم بریتییە لە (٣٤) چیرۆک، ساڵی ١٩٤٠ لە شاری قاهیرە. (محمود ابراهیم الدسوقی) گۆڕیویێتی بۆ سەر زمانی عارەبی و چاپی کردووە. کەچی مامۆستا سەجادی (کالای بالای شا)ی لە ساڵی ١٩٤٤دا نووسیوە و لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوی کردووەتەوە. پاشان لە ساڵی ١٩٦٠ دا، لەگەڵ یانزە چیرۆکی دیکەدا، لە

دووتوێی بەرگێکدا بەچاپی گەیاندوون.[٣].. جێی باسە ئەم چیرۆکەی ئەندەرسن، لەلایەن (فایەق هوشیار)ەوە، وەک چیرۆکێکی وەرگێڕدراو، هەر لەهەمان گۆڤاردا بڵاوکراوەتەوە.[٤]

مامۆستا سەجادیش، یەکێک بووە لە نووسەرە گورج و گۆڵەکانی گۆڤاری گەلاوێژ. کەواتە سەجادی ئەگەر بەزمانی عارەبی ئەم چیرۆکەی بەرچاو نەکەوتبێ و نەیخوێندبێتەوە، ئەوا ناکرێ بڵێین بەزمانی کوردیش هەر نەیدیوە، یان نەیخوێندووەتەوە. کێ هەبێ لەو سەردەمەدا خوێندەوار بووبێ و بەپەرۆشەوە عەودالّی دوای گەلاوێژ نەبووبێ؟ چ جای کەسێکی نووسەر و ڕۆشنبیری وەک سەجادی مامۆستامان.

سەجادی لە بەرگی ناوەوە و دەرەوەی (هەمیشە بەهار)دا نووسیوێتی: «کۆمەڵە چیرۆکێکی هەمەجۆرە گۆبەندێکی کوردەواری پیشان ئەدا. لە جەرگەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو گەلەوە هاتووەتە دەرەوە، کە پەردەکانی وەکو پەردەی دێوجامە وانە.» هەروەها لە پێشەکیی هەمان کۆمەڵە چیرۆکدا پاتەی دەکاتەوە و دەڵێ: «... چیرۆکەکانم کە وەختی خۆی لە گۆڤاری گەلاوێژدا نووسیومن کۆیان بکەمەوە و بەبەرگێکی تایبەتی لە چاپیان بدەم.»

کەواتە مامۆستامان، ئەم کۆمەڵە چیرۆکە، کە (کاڵای باڵای شا) یەکێکیانە بەچیرۆکی کوردی و خۆیشی بەنووسەری دەزانێ و لەم بوارەدا، لەلای خۆیەوە، جێگەی بۆ گفتوگۆ نەهێشتووەتەوە و مەسەلەکەی یەکلاییی کردووەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ساغ کردنەوەی ئەم چیرۆکە، ساغ کردنەوەیەکی ڕاست و دروست، هەروا ئاسان نییە و ڕەخنەگر یان توێژەرەوە بەرەوڕووی جۆرە کۆسپ و ناڕەحەتییەک دەکاتەوە. مامۆستا (عومەر مەعروف بەرزنجی) لەم ڕووەوە نووسیوێتی: «چیرۆکنووسەکان خۆیان تا سنووریک دەستیان لەم ئاڵۆزییەدا هەیە و دەستی لێکۆڵەرەوە و



ڕەخنەگرانی ئەدەب ناگرن لەم مەیدانەدا... لەم بارەیەوە حەز دەکەم لەوەیش بدوێم، کە - عەلائەدین سەجادی - لەکاتی خۆیدا چیرۆکی (کاڵای باڵای شا)ی بەناوی خۆیەوە بڵاوکردووەتەوە، کە لە بنەڕەتدا مۆڵکی نووسەری دانیمارکی (هانس ئەندەرسن)ە. هەر لەو ساڵەیشدا (فایەق هوشیار) وەک چیرۆکێکی وەرگێڕراو بڵاوی کردووەتەوە بەناونیشانی - بەرگی نوێی شا)وە[٥] ئەی کەواتە ئەم دوو چیرۆکە بۆچی یەک ناوەرۆکیان هەیە؟ بۆ ئەوەی چاکتر بچینە بنج و بناوانی، لەپێشدا با بزانین ڕای سەجادی خۆی لەم ڕووەوە چییە: «ئەگەر بهێنرێ بەرانبەری ئەدەبی ئێستەی فەرەنسە بکرێت لەگەڵ ئەدەبێکی وەک چیندا، ئەمە زۆر بێ جێیە؛ بۆیە بێ جێیە چونکە ئەو شاعیرە؛ یا ئەو ئەدیبە کە ئەدەبەکەی ئێستای فەرەنسە دادەنێ لەبەر ئەوەی کە ئێستە دەوری خوێندەوارییە و چاپ هەموو شتێکی بڵاوکردووەتەوە، کابرای ئەدیبی فەرەنسە ئەدەبەکەی چینی خویندووەتەوە، ئەگەر شتێکی وەکو ئەوی وت، ئەوە گومانی تێدا نییە کە لەوی وەرگرتووە!)[٦] هەرچەندە ئەم بۆچوونەی سەجادی زانستییانە نییە، بەڵام بۆمان هەیە بپرسین: ئەگەر ئەمە ڕای سەجادی بێ لەم بوارەدا، ئەی کەواتە ئەم بانێکە و دوو هەوایەی لەچی؟ بۆچی خۆی (کاڵای باڵای شا)ی لە ئەندەرسن وەرگرتووە؟!

لە وەڵامدا دەبێ بڵێین: چونکە سەجادی ئەم چیرۆکەی بردووەتەوە سەر فۆلکلۆر، بۆیە بەخۆیدا ڕاپەرمووە جارێکی دی دایبڕێژێتەوە و کاڵای کوردەواری لەبەر هەڵبکێشێ. ئێستاش بابکەوینە سۆراخی ئەم دوو گەورە نووسەرەوە.. ئەندەرسن، کە لای خۆیان بە(هۆ. سی. ئەنەس) ناسراوە، لە نێوان ساڵانی ١٨٠٥-١٨٧٥دا ژیاوە و لە شاری (ئۆدنسە)ی وڵاتی دانیمارک لەدایک بووە. هێشتا منداڵ بووە، لە خەیاڵی خۆیدا چیرۆکی داناوە و بۆ منداڵانی گێڕاوەتەوە. هەموو شتێکی دەوروبەری، جا ئەگەر گوڵێک بووایە یان گاشەبەردێک سرووشی چیرۆکیان پێ بەخشیوە..

هەموو شتێکی دەوروبەری لە جموجوولّدا بوو. دایکی حیکایەتخوانێکی بەتوانا بوو. باوەڕیشی بەئەفسانە هەبوو. بۆیە ئەو کەش و هەوایە دەیتوانی خەیاڵی (هۆ. سی. ئەنەس) بجوولّێنێ و بۆ ناو جیهانی ئەفسانە و چیرۆکی ببات. بەرەو جیهانێک، گەلێک لە جیهانی ڕاستەقینە فراوانترە.. کەواتە ئەندەرسن سەرەتا گوێچکەی بەحیکایەت و ئەفسانەکانی دایکی ئاودراوە.

عەلادین سەجادی لەبەر ئەوەی ژیانی لەنێو حوجرە و مەلایاندا بەسەر بردووە. هەروەها لەبەر ئەوەی زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوەو شارەزای کۆمەڵگەی کوردەواری بووە و گوێی بۆ هەموو حیکایەت و سەربوردەیەک ڕاگرتووە: «باسەکانیان لەبنەڕەتدا سەرگوزەشتەیەکی ڕووداو یا فۆلکلۆرین و لە قالّبی چیرۆکدا تۆمارکراون.. ـ لەپێناوی ئافرەت ـ کە چیرۆکێکی شێوە ئەفسانەیی فۆلکلۆرییە و باسی دلّدارییەکی –اسطوری– یە».[٧]

هەروەها حسێن عارف، سەبارەت چیرۆکەکانی: گورگ و بەرخەکە، بزن و مەیموونەکە، ڕێوییەکەی قەمچووغە، دوو براکە، سێوەنگ و مام ڕێویی لەمەڕ سەجادی نووسیویێتی: «ئەمانەیش زۆربەیان باسەکانیان شێوە فۆلکلۆرین و مەبەست لێیان پەروەردە و ئامۆژگاری کردنی مندالّانە.»[٨]

ڕای حسێن عارف ئەوە دەسەلمێنێ، کە فۆلکلۆر و سەرگوزشتەی کوردەواری کاری زۆریان کردووەتە سەر سەجادی بۆیە ژمارەیەک لە چیرۆکەکانی لە بنەڕەتدا فۆلکلۆر بوون و ئەم لە قالّبێکی نوێدا دایڕشتوونەتەوە. هەروەها سەبارەت بەم چیرۆکەی، کە مەبەستمانە نووسیویێتی: «جگە لەمانە –کالّای بالّای شا– یشی بەناوی خۆیەوە بلاّوکردووەتەوە، کە چیرۆکێکی نووسەری بەناوبانگی دانیمارک (هانز ئەندەرسن)ە، بێ ئەوەی ئیشارەت بدا بەوەی، کە لە زمانێکی ترەوە وەرگێڕدراوە بۆ کوردی».[٩]



جێی باسە، (هۆ. سی. ئەنەس) بۆ گەشتوگوزار، زۆر ولاّت گەڕاوە، لە هەموو جێیەک چیرۆکی نوێ فێردەبوو.. چیرۆکیشی دەگێڕایەوە.. ئەندەرسن سەردانی ئەڵمانیا و ئیتالیا و ئەسپانیای کرد. ئەمجا ڕووەو ئەفریقا چوو. تەنانەت چووەتە ولاّتی تورکیاش. واتە گەیشتووەتە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانلیش. بۆیە هیچ بەدووری مەزانە، ئەگەر حیکایەتی بەرگە نوێکەی قەراڵی لەوێ چنگ کەوتبێ.

ڕاستە ناوەرۆکی هەردوو چیرۆک؛ بەرگە نوێکەی قەراڵ و کالّای بالّای شا، لە بنەڕەتدا یەک شتن؛ بەلاّم بەو پێیەی، چیرۆکێکی نوێ نییە و لە فۆلکلۆرەوە نزیکترە، بۆیە سەجادیش هەر بەو مالاّمەتەیە جارێکی دی هاتووە دایڕشتووەتەوە و بەرگێکی کوردی لەبەر هەڵکێشاوە.. سەجادی نەهاتووە ڕاستەوخۆ بیگۆڕێتە سەر زمانی کوردی.. بگرە ڕووداوەکەی وەرگرتووە و بەکوردی دایڕشتووەتەوە. وەکو چۆن (ئۆدیب بەپادشاهی) سەرەتا (سۆفۆکلیس) نووسیویێتی و پاشان: ئەندرید جید و توفیق الحكيم و کەسانی دیکەش ئەو ڕووداوەیان خستووەتە چوارچێوەی دەقی شانۆییەوە و کەسیشیان وەریاننەگێڕاوە.. ئەگەر کالّای بالّای شا؛ شەقڵی فۆلکلۆری پێوە ئاشکرا نەبووایە ئەوا حسابێکی دیکەمان لەگەڵدا دەکرد. ئێمەش لەم باسەدا دەمانەوێ بەراوردی دەقەکەی ئەندەرسن و ئەوەی سەجادی بکەین.. دیارە ئەم جۆرە بەراوردەیش کارێکی بێ سوود نییە: (بەراوردی زانستی، ئامانجی هەرە گەورەی، دەوڵەمەندبوون و موتوربەکردنی ئەدەبی نەتەوایەتییە، لە ڕێگەی وەرگرتنی هەوای دەرەوە و هێنانی نموونەی بەرزی ئەدەبی جیهانییەوە.)[١٠]

شتێکی بەڵگەنەویستە، کە فۆلکلۆر بام بەناوی میللەتێکی دیاریکراوی ڕووی ئەم زەوییەشەوە ناوزەد کرابێ، بەلاّم مامەڵەی تایبەتیی لەتەکدا دەکرێ، چونکە لە سەرچاوەدا سامانی فۆلکلۆری جیهان یەکە. دەقی

(بەرگە نوێکەی قەراڵ) بەم شێوەیە دەست پێدەکات: «هەبوو نەبوو، سەردەمی زوو.. قەراڵێک هەبوو هەڵوەدای جلوبەرگی نوێ بوو. چی پارە و پوولێکی هەبووایە لەو ڕێیەدا خەرجی دەکرد.. گرنگییەکی ئەوتۆی بەسەربازەکان نەدەدا.. نە دەچووە سەیری شانۆ و نە بۆ ڕاو دەچوو.» بەم پێشەکییە کورتەوە دەچێتە ناو چیرۆکەکەوە.. هەرچی (کالای بالای شا)یە، بۆ چوونە ناو چیرۆکەکەوە پێشەکییەکی تاڕادەیەک درێژ دادەمەزرێنێ و زەمینەی لەبارتر و دەوروبەرێکی گونجاوتر خۆش دەکات: «نامەخوا ولات ئەوەندە لە ئاسایش و خۆشیدا بوو لەوانەبوو گورگ و مەڕ لە هەموو سەر کانیاوێکدا پێکەوە ئاویان دەخواردەوە. دەردەدڵ نەبوو، کەساسی نەبوو...» دەقەکەی لای ئەندەرسن چوار پەڕەی (ئەی فۆر) داگیر دەکات، کەچی لەلای سەجادی شەش پەڕە و نیوی هەمان قەبارەی داگیر کردووە.. پاڵەوان لەلای ئەندەرسن. قەراڵ یاخود شاهەنشایە، بەڵام لەلای سەجادی بووە بە(شا).. لەکن ئەندەرسن دوو جۆلان، کە پارچە قوماشەکە دەچنن و دوو جۆر کەس هەن ئەم قوماشە یان ئەم بەرگە نوێیە نابینن: «چاوی ئەو کەسانە ناتوانن بیبینن کە لە توانایاندا نییە ئەرکی پلەوپایەی خۆیان ڕاپەڕێنن یان ئەوانەی کە هەرزەن ئەوپەڕی هەرزەیی.» هەرچەندە لە بنەڕەتدا هەر یەک جۆر مرۆڤ دەگرێتەوە. چونکە ئاشکرایە ئەو کەسەی (تا ئەوپەڕی هەرزەیی هەرزە بێ) ئەوا ناشتوانێ کاروباری پلەوپایەی خۆی بەچاکی ڕاپەڕێنێت و شایانی ئەو پلەوپایەیەش نییە کە پێی سپێردراوە. بۆیە دوو جۆرە کەس ناکات، بگرە دەکاتە یەک جۆرە کەس.

لەلای ئەندەرسن. قەراڵ ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوە. یەکەم: دەستێ جلوبەرگی نایابیان پێ دروست دەکا. دووەم: پاک و پیسێ لە ڕیزی کاربەدەستانی خۆیدا دەکات و بەم هۆیەوە دەبەنگ و ژیری بۆ جیادەبێتەوە: «ئەم کالایە هەردەبێ شتێکی نایاب بێ. ئەگەر هەمبووایە، یەکسەر دەمتوانی بزانم کام کاربەدەست شیاوی پلەوپایەی خۆیەتی و دەشمتوانی



دەبەنگیان لە ژیریان جیابکەمەوە.» ئەمجا جووتە جۆلا جووتێ تەون دادەمەزرێنن و دوای ماوەیەک قەراڵ نوێنەری خۆیان دەنێرێتە لا. بابزانین کێ دەنێرێ؟

«وەزیری پیر و دەستپاک دەنێرمە لای جووتە جۆلا.. ئەو باشترین کەسێکە بتوانێ حوکم لەسەر ئەم قوماشە بدا. چونکە پیاوێکی ژیرە، کەسیش نییە بەقەدەر ئەو شایانی پلەوپایەی خۆی بێ.» لەوێ کاتێ وەزیر هیچ نابینێ. ئاوا بیردەکاتەوە: «ئەمە چییە تۆبڵێی دەبەنگ بم؟ هەرگیز ئەمەم بەخەیاڵدا نەدەهات، ئەگەر وەهاش بم نابێ کەس پێبزانێ.. یان لەوانەیە شایانی پلەوپایەی خۆم نەبم؟!».

کاتێ دەگەڕێتەوە بۆ لای قەراڵ، باسی نایابی قوماشەکەی بۆ دەکا.. دوای ماوەیەک یەکێکی دیکە دەنێرێ، ئەویش بەمەرەی وەزیری دنیادیوە دەچێ. کاتێ دەگەڕێتەوە بۆ لای قەراڵ دەڵێ: «بەڕاستی خاوەن شکۆ ئەو قوماشەی جووتە جۆلا دەیچنن تابڵێی نایابە!».

قەراڵ بۆ خۆشی سەر لەجۆلاکان دەدا. بەڵام لەوێ لووتی بەو داوەوە دەتەقی، کە جووتە جۆلا بۆیان تەنیوە و ئاوەها بیردەکاتەوە: «ناتوانم هیچ ببینم، ئەمەیش بەڕاستی مەسەلەیەکی ترسناکە.. گوایە من پیاوێکی دەبەنگم؟. یان شایانی ئەوەنیم قەراڵ بم؟» بەڵام وەکوتر بەجۆلاکان دەڵێ: «بەڵێ، قوماشێکی نایابە.. من بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێی قایلم.» دەستوپێوەند و یاوەرانیش هەر بەشان و باڵی قوماشەکەدا هەڵدەدەن!.. قەراڵ نیشانەی سوارچاکی و کۆمەڵێ نازناوی وەک: (جۆلاکانی خاوەن شکۆ)یان پێ دەبەخشێ. پاشان لەبەر ئاوێنەیەک ڕووتی دەکەنەوە و بەحساب بەرگە نوێیەکەی لەبەر دەکەن و هەموو ئامادەبووان هاوار دەکەن: (خاوەن شکۆ چ دیمەنێکی جوانی هەیە بەم بەرگە نوێیەوە!.. چەند جوان لێی دەوەشێتەوە!. ئای لەبەر ئەم وێنەیە!.. وای لەبەر ئەم ڕەنگانە.. ئەمەیە جلوبەرگی شاهانە!)

ئەمجا قەراڵ بەشەقامەکانی شاردا، بەڕووت و قووتی دەگەڕێ.. خەڵکی سەر شەقامەکان و ئەوانەی لە پەنجەرە و دەلاقەوە سەر دەردێنن هەموو دەڵێن: «ئای کە بەرگە نوێیەکەی قەراڵ جوانە؟!.. چمکی عەباکەی چەند نایابە!» تاکو منداڵێک هەڵدەداتێ: «بەڵام قەراڵ ڕووت و قووتە و هیچی لەبەردا نییە!» باوکی منداڵەکەیش بەدوایدا هاوار دەکات: «گوێ بۆ ئەم دەنگە بێگەردە شلکەن.» ئەمجا مقۆمقۆ دەکەوێتە ناو –خەڵکەکە و لەبنی کوولەکە دەدەن.. «بەڵی هیچی لەبەردا نییە.»

هەرچی (کاڵای باڵای شا)ی لەمەڕ سەجادییە، دوو جۆڵاکە بوونەتە وەستا و شاگرد و بەهەردووکیان تەونێک دادەمەزرێنن. ئەمانە لەوڵاتی فەرەنگستانەوە هاتوون و داواکارییان گەلێک زۆرترە. ئەمان داوای کۆشکێک بۆ خۆیان و کارخانەیەک بۆ تەونەکەیان دەکەن. جگە لەو یاقووت و زمرووتەی بۆیان دەچێت تاکو بۆ ڕازاندنەوەی بەرگە نوێیەکە بەکاری بهێنن. درێژەدان بەباسی کەلوپەلی جۆڵایی شێوەی چنینی کاڵاکە لەلای سەجادی زۆرترە تاکو لای ئەندەرسن. جۆڵا بەپاشا دەڵێ: «لەو ڕۆژەوە کە دەست دەکەم بەدروست کردنی تا تەواو دەبێ، شەش سەد و شەست و شەش ڕۆژ و شەش سەعات دەخایێنێ.» ئەم درێژە پێدانەشیان لەبەر ئەوەیە دەستکەوتیان زیاتر بێ وەکو تریش چێژ بەچیرۆکەکە دەبەخشێ. بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم قوماشەی ئەمان دەیچنن ئەو کەسەی (زۆڵ – بیژی) بێ نایبینێ. پادشایش زۆری پێخۆشە. هەم دەبێتە خاوەنی ئەو بەرگە ئەفسووناوییە و هەم زۆڵ و حەڵاڵزادەی ناو کاربەدەستان و ئەوانەشی وا دوژمن بەتاج و تەختن بۆ ساغ دەبێتەوە. (دەبێ بەرگێکی وەهات بۆ دروست کەم نەوەک هەر زۆڵ نەیبینێ بگرە دۆست و دوژمنیشی پێ لەیەک جیابکەیتەوە. دەبێ وای دروست کەم ئەوانەی، کە دوژمنی تۆن و خۆیان خستووەتە پێستی دۆستیتەوە ئەوانەش هەر نەیبینن.)



لێرەدا جیاوازیی جلوبەرگەکە، لەکن هەردوولا دەردەکەوێ. چونکە وروژاندنی ئەو مەسەلەیەی؛ چ کاربەدەستێ شایانی پلەوپایەی خۆی نییە؛ مەترسییەکی زۆری لە دوا نییە. پەڕی ئەوپەڕی پادشا لای دەبات و یەکێکی دیکە لەبریی ئەو دادەنێ و کابرا بەوەندە ڕزگاری دەبێ. بەڵام لای سەجادی مەترسییەکە زۆر لەوە گرنگترە. چونکە ئەو کەسەی دژ بەشا و ناحەز بەڕژێم بێ، شا بەدەرکردن لێی خۆش نابێ. بگرە ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە و سەر وماڵی تیادەچێ!

لەلای ئەندەرسن، ئەوانەی کاڵای باڵای شا نابینن دەبەنگەکانن. دیارە دەبەنگی پلەیەکی نزمە لە پلەکانی زیرەکی. بەڵام لەگەڵ ناخۆشی ئەم دۆخەشدا، مرۆڤ خۆی پلەی زیرەکی بۆ خۆی دیاری ناکات. بۆ دایک و باوکیش نەهامەتییەکە کەمترە. بۆیە ئەو کاربەدەستانەی بەرگەکە نابینن نە خۆیان و نە دایک و بابیان دەستێکی ئەوتۆیان لەو دەبەنگییەدا نییە.. کەچی مەسەلەکە لەلای سەجادی بەجۆرێکە. بەدناوی و ناوزڕانی لە دوایە... لەلای سەجادی ئەوەی نەیبینێ (بیژی – زۆڵ)ە.. کەواتە تۆمەتەکە هێجگار گەورەیە. ئابڕووچوونی ئەو کاربەدەستەو هی نەوەکانیشی لە دوایە. بەتایبەتی باوک و دایکیان تاوانەکەیان هێجگار گەورەیە. کەواتە لەلای سەجادی کەس پڕکێشی ئەوە ناکا بڵێ: «پاشا ڕووت و قووتە» یاخود بڵێ: ئەم جۆڵایە دەستبڕە و هیچ پارچەیەکی نەچنیوە.. بۆیە کاربەدەستان و دەستوپێوەند بەتایبەتی، ناهەقیان نییە ئەگەر لە وتنی حەقیقەت بسڵەمێنەوە.. بەڵام لە هەردوولادا پادشا گێلە و شایانی پادشایی نییە!.. چونکە وێڕای ئەوەی حەقیقەت نابینێ باریان کردووە و هەموو خەم و خەیاڵێکی بووە بەخۆگۆڕین و خۆبادان بەبەرگی نوێوە.

پادشایەک گوێ بەسەربازەکانی نەدا، کە تاج و تەختەکەی بۆ دەپارێزن و گوێ بەهونەر نەدات و دەرباری کردبێ بەکۆگای جلوبەرگ و موناسەبەتی پۆشینی بەرگی نوێی کردبێ بەبۆنەیەکی نیشتمانی و لە سەراپای وڵاتا ئەو

ڕۆژە کرابێ بەئاهەنگ. دیارە دەشتوانێ بەو جۆلاّیانە بڵێ: ئێوە دەسبڕن، ئێوە دزن، ئێوە درۆزنن، چونکە هەرچی شتێک ئێمەی قەراڵ نەیبینین بوونی نییە!

لەلای ئەندەرسن، کاتێ قەراڵ بەڕووت و قووتی بەناو جەماوەردا دەگەڕێ، منداڵێکی بچکۆلە، کە لەگەڵ باوکیدایە، لەنێو جەماوەرەکەوە هاوار دەکا و ڕاستیی دەدرکێنێ. پاشان بابی منداڵەکە ڕوودەکاتە جەماوەر و ڕاستی دەڵێ. ئەمجا مقۆ مقۆ دەکەوێتە نێو خەڵکەکە و هەموو هاوار دەکەن: «بەڵێ هیچی لەبەردا نییە». لێرەدا ئەندەرسن ڕۆڵی درکاندنی حەقیقەت و ڕاستگۆیی و جورئەت بەمنداڵ دەدا. بەو حسابەی پاکێتییان زیاتر تێدایە و هێشتا نەئالاّونەتە خراپەکاری و ماستاو ساردکردنەوە و فڕوفێڵ فێرنەبوون و ئەوانە نەوەی نوێن و نەوەی نوێش باکیان لە شانشا و قەراڵ نییە و بەرتیل بەکەس نادەن و کەیفیشیان پێ نایە. ئەم حەقیقەت و ڕاستی دانە پاڵ منداڵە، لە ڕووی زانستییی دەروون ناسیشەوە پشت ڕاستە.

دوای ئەو مقۆمقۆیەش، کە حەقیقەت ئاشکرا دەبێ و خەڵکی هاواریان لێ هەڵدەسێ، دەبینین هێشتا نۆکەر و کەنیزەکان هەر چاکی کالاّ نوێکەی پاشا بەرزدەکەنەوە. کالاّیەک، کە لەبنەڕەتدا بوونی نییە هەتا چمک و چاکی هەبێ!.. ئەمەشیان ڕاست و دروستە و لەجێی خۆیدایە و باشی کردووە بەو جۆرە کۆتایی بەچیرۆکەکەی هێناوە. چونکە نۆکەر و کەنیزە هەردەم لەسەر دینی پاشان و ئەوان گوێ لە حەقیقەت و ڕاستی ناگرن و تەنیا گوێڕایەڵی خاوەنەکانیانن.. مادام پادشا دانی بەڕووت و قووتیی خۆیدا نەناوە، نۆکەرانیش هەمان دەستوور.. خۆ ئەگەر پادشا دانی بەحەقیقەتدا بنایە، ئەوا دەستوپێوەنیشی یەکسەر دەستیان لە چمکی بەرگی ئەفسووناوی بەردەدا و بۆیان دەدا لە تەختی گەردن.

لەلای سەجادی کۆتایی چیرۆکەکە وەها نەکەوتووەتەوە: «لەپاش



ماوەیەکی باش بەسەر ئەم کارەساتەدا!.. ڕۆژێ لە ڕۆژان دوو کەس وەکو من و تۆ، کە زۆر دۆستی یەک بوون، هیچ پەردەیەک لەبەینا نەمابوو...» بەم پێیە، حەقیقەت درکاندن ترس و لەرزی زۆری لەگەڵدایە. وەک لای ئەندەرسن دەستەویەخە نییە.. بگرە سەرەتا ئەوانەی دۆست و ناسیاوی یەکن، دووقۆڵی ئەم ڕاستییە لەلای یەکدی دەدرکێنن و پاشان بەشێنەیی دەتەنێتەوە: «بەخوا برام، بەزۆڵم دەردەکەی وەیا بەدوژمن وەیا، بەهەر شتێکی تر، من هیچم نەدی و هیچم بەرچاو نەکەوت.»

ئەم دوو کەسەیش کامڵن و ئەوسەری مەسەلەکە لێکدەدەنەوە. حساب بۆ قسەکانی خۆیان دەکەن و زیاتر لە خۆیان دەترسن، تا جەماوەرەکەی کن ئەندەرسن. چونکە ئەگەر دەمودەست بیدرکێنن ئەوا تاوانەکەیان گەلێ گەورەتردەبێ. هەم دەبنە دوژمنی پادشا هەم بەزۆڵیش دەردەچن.. ئەم کۆتایی هاتنەیش ئەنجامێکی بابەتیی ئەو هۆکارانەیە؛ کە سەجادی لە چیرۆکەکەیدا بەرپای کردوون. بۆیە چووزاندنەوەی لووتی قەراڵ بەدرکاندنی حەقیقەت لەلایەن جەماوەرەوە دەخایێنێ و درەنگی پێدەچێ.. کەچی لەلای ئەندەرسن، هەر لەناو جەماوەرەکەدا و ناهێڵێ بگاتەوە کۆشک، بەرەوڕوو دەیتەزێنن و حەقیقەت دەدرکێنن.

لە کۆتاییدا دەڵێم: چیرۆکی (کالاّی بالاّی شا) لەژێر کاریگەریی زۆری (بەرگە نوێکەی قەراڵ)دایە.. وەرنەگێڕدراوە، بگرە وەک حیکایەتێکی فۆلکلۆر یان وەک ئەفسانەیەک مامەڵەی لەتەکدا کراوە و جارێکی دی دایڕشتووەتەوە و ویستوویەتی کالاّیەکی کوردی بەبەردابکا. داڕشتنەوەیەک لەسەر شێوەی ئۆدیب بەپاشایی یان ئەنتنیۆ و کلیۆپاترا، یاخود مەجنون لەیلا، کە لەلایەن چەندین نووسەرەوە نووسراون و هەمووشیان لەژێر ناوی خۆیاندا بلاّویان کردوونەتەوە و قەت بڵێی ئاماژەیان بەسەرچاوە نەداوە بەو حسابەی ئەفسانە و فۆلکلۆر لە هەر کوێ

بن موڵکی هەموو دنیان و هەموو نووسەرێ بۆی هەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و لەنوێ دایانبڕێژێتەوە. سەجادی هاتووە چەردەیەک لە بیر و خەیاڵی خۆی ئامێتە کردووە. ئەوەشی پاڵی پێوەناوە ئەم کارە بکات دوو شتن:

یەکەم: ناوەرۆکی قووڵ و بەپێز و فەلسەفەکەیەتی. دووەم: هەڵکەوتی شێوە ئەفسانەی ئەم ڕووداوەیە. کە لەگەڵ میزاج و چێژی ئەدەبیی خۆیدا گونجاوە. هەروەک چۆن لەگەڵ شێوازی ئەندەرسندا گونجاوە. سەرکەوتنی لەم کارەدا بەوەدا دەردەکەوێ، تاکو ئێستاش خەڵک و خوا، کاڵای باڵای شا وەک پەندی پێشینان و بۆ سەلماندنی ڕا و بۆچوونەکانیان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا پەنای بۆدەبەن.

سەرچاوەکان:


١- د. محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، ط٣، القاهرة، ١٩٦٢، ص/١٩.

٢- أقاصيص هانس أندرسن، ترجمة، محمود ابراهيم الدسوقي، القاهرة، ١٩٤٠، ص/٢٧٤ - ٢٧٩.

٣- علاءالدين سجادی، هەمیشە بەهار، چاپخانەی معارف، بغداد، ١٩٦٠، ص/٣٣-٤٢.

٤- گەلاوێژ، ژمارە (٢) ساڵی (٦) شوباتی ١٩٤٥.

٥- عومەر مەعروف بەرزنجی، گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوەی چیرۆکی کوردی، پاشکۆی عێراق، ژمارە(١٤)، ساڵی، ١٩٨٧.

٦- علاء الدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بغداد، ١٩٥٢، ل/٥٨٣ - ٥٨٤.

٧- حسین عارف، چیرۆکی هونەریی کوردی، بەغدا، ١٩٧٧، ل/٦٧ .

٨- هەمان سەرچاوە، ل/٦٨ .

٩- هەمان سەرچاوە، ل/٦٩ .

١٠- عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، بەغدا، ١٩٧٨، ل/١٢١.




# لە پیرەمەگروونەوە بۆ ئۆڵەمپ

لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردە لە نێوان
ئەفسانەی بچمالیۆن-ی گریکی و بووکە دارینە-ی کوردیدا

## بچمالیۆن:

لە شاری (ئەمادیس)ی سەر بەکەناری باشووری دوورگەی (قوبروس)، بچمالیۆن تەنیاباڵ و دوورەپەرێز، بەکاری پەیکەرسازییەوە سەرگەرم بوو. ئەو خەمگین بوو. تێکەڵ بەخەڵک نەدەبوو. ژیانێکی وشک و برینگ دەژیا. بەدیار پەیکەرە کەڕولاڵەکانیێوە، کە بۆ ئەپۆلۆ، مینیرڤا، دیانا و فلکان-ی دەتاشین، دەیگوزەراند. ڕۆژێک لە داڵغەدا بوو، کاتێ بەرد هەڵکەنەکان تاشە بەردێکی گەورەیان بۆ هێنا. دەستی دایە چەکوشەکەی و کەوتە چەکوشکاری. بەردەوام لە ڤینۆس دەپاڕایەوە.. ناوبەناو، بۆ ئەوەی چالاکی پەیدا بکاتەوە، دەچووە نێو دارستان.

ڕۆژێک چووە کەناری دەریا و لە ئەپۆلۆ پاڕایەوە. پەیکەرەکەیش شۆخە کچێک بوو (جالاتیا)ی ناولێنابوو.. بچمالیۆن بەرامبەری وەستا و لەبەر خۆیەوە وتی: «تۆیەک بەو هەموو جوانییەوە، چ سوودێکت هەیە ئەگەر نەیەیتە گۆ؟ من بچمالیۆنم. لەم دنیا ڕووتەن و بیابانەدا تەنیاباڵ دەژیم. کەسێ نییە دڵم بداتەوە. کەسێ نییە خۆشی بوێم. دەئێستا تۆ قسەم لەگەڵدا بکە ئەی مەرمەڕی بێدەنگ. من دروستم کردووی ئەی مێینەی بەردین. وەڵامم بدەرەوە؟!»

بچمالیۆن بەردەوام دەردەدڵی بۆ دەکرد. تا دەردەدڵ بووە خۆشەویستییەکی گەرمی بێ وێنە.. ڕۆژێک ژمارەیەک کۆڵهەڵگری بانگ کرد. گواستییەوە بۆ نهۆمی دووەمی ماڵەکەی. چووە لای زێڕەنگەرەکان، گوارە و ملوانکە و تاجی زێڕی بۆهێنا. ئەمجا ڕووی لە دەشت و دەر کرد.

گـولالّەی چەپک کـرد و لەبەر پێـیـدا داینا. شـەوانیش لە خـواوەندان دەپاڕایەوە ژیانی بەبەردا بکەن.

بەری بەیان کاتێ لە شیرین خەودابوو، گوێی بەغەڵبەغەڵب زرنگایەوە. سـەرنجی دا وا ژمـارەیەک خـەڵکی شـار، یەکـێک لە پەیکەرەکـانی ڤینۆسیان، لەوانەی خۆی دروستی کردبوون هەڵگرتووە. ئەوان بەدەم ڕێوە سروودیان دەچڕی.. خەڵکی ئەمادیس کردبوویانە خوو، بەدەم ئاهەنگی ڤینۆسەوە سالآنە سێ جاران خەڵکیان لە شیرین خەو ڕادەپەڕاند. بچمالیۆن خۆی گۆڕی و شوێنیان کەوت. ئەو دروودی بۆ ڤینۆس دەگوت. ئاخوندەکان لە سرووتی خۆیان بوونەوە. بچمالیۆن بەدەم گوڵباران و گولاوپرژێنی پەیکەری ڤینۆسەوە کەوتە نزا: «ئەی ڤینۆسی خواوەندی خۆشەویستیی پاک و بێگەرد، نزاکەم ڕەت مەکەرەوە. من سرووش لە بلیمەتیی تۆ وەردەگرم. خۆت ئاگاداری عاشقی ئەم پەیکەرە بووم کە بەدەستی خۆم تاشیومە. من لێی دەپاڕێمەوە، کەچی ئەو وەلآمم ناداتەوە!.. تکایە گیانی بەبەردا بکە! بادڵی بکەوێتە لێدان. کارێ بکە پەیکەرەکەم هەناسە بدا!».

بچمالیۆن بەرپێی پەیکەری ڤینۆسی بەفرمێسک تەڕکرد.. ئالەو دەمەدا، لەهیکرا ڕووناکییەک پرشنگی دا. کاتێ بچمالیۆن گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی. لە دەرگەوە گوێی لە دەنگێکی ناسک بوو:

– بچمالیۆن. وەرە بۆ ئێرە!

بچمالیۆن دڵی ختوورەی کرد و وتی:

– تۆ بڵێی دز نەبێ؟

کاتێ لێی چووە پێشەوە، خاوەنی دەنگەکە وتی:

– من جالاتیام. پەیکەرەکەی دەستکردی خۆتم!

– بڕوا ناکەم. هەبێ و نەبێ ئەم کارە فێڵێکی تێدایە!

– بڕوا بکە!.. ڤینۆس نزاکەی گیرا کردی. کاتێ لەبەردەم پەیکەرەکەیدا



گریای، ئەو خۆی هاتە ئێرە و ژیانی پێبەخشیم. لەپڕ هەستم کرد گلێنەی چاوەکانم دەجووڵێن و هەناسە دەدەم!

جالاتیا لە قسەکانی بووەوە و بچمالیۆن لە ئامێزی گرت.[1]

**بووکە دارینە:**

جارێکیان، دارتاش و بەرگدروو لەگەڵ مامۆستایەکی ئایینی بوونە هاوڕێی ڕێگەیەکی دوور. شـەو بەسـەردا هات، لایاندایە سـەر گـردۆڵکەیەک. بەرلەوەی بخەون، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن تا بەیانی بەنۆرە ئێشک بگرن. یەکەم جار نۆرەی دارتاش بێ.. دارتاش لە دڵی خۆیدا وتی: «بۆچی دەست بەتاڵ دابنیشم ئەستێران بژمێرم؟.. لە تەختە، بووکە دارینەیەک دەتاشم و سبەینێ دەیفرۆشم.» تفاقی دارتاشیی دەرهێنا. لەبەر تریفەی مانگە شەوەکە، بووکە دارینەیەکی تاشی. بووکە دارینە، لە شێوەی کچۆڵەیەکی جواندا بوو، هەرکە نۆرەی تەواوبوو. بەرگدرووی بەئاگا هێنا..

بەرگدروو کاتێ چاوی بەبووکە شووشەکە کەوت، حەپەسا. لەبەر خۆیەوە وتی: «بەڕاستی جوانە!! ئەگەر بەرگدروویەکی دەست ڕەنگینی وەک من، دەستێک بەرگی نایابی بەبالآ ببڕێ ئەوا جوانتریش دەردەکەوێ.»

ئیدی دەستێ جلکی نایابی دووری و کردییە بەر بووکە دارینەکە. ئەمجا لەبەرخۆیەوە وتی: «سبەی بەهۆی ئەم جلوبەرگە جوانەوە، نرخێکی باش دەکا. دیارە ئەو حەلەیش دەبێ بەشی زۆری نرخەکەی بۆ من بێ.» هەر کە نۆرەی خۆی تەواو بوو، مەلای بەئاگا هێنا. کاتێ مەلا بووکە دارینەی بینی پێی سەرسام بوو. لەوەدابوو خۆر گزنگ بدا. سەرنجێکی بووکە دارینەکەی دا و وتی: «ئەگەر یەزدان ڕۆحی بەبەردا بکا، ئەوا دەبێتە شاجوانی دنیا!» دوای ماوەیەک لە خودا پاڕایەوە: «ئەی خواوەندی مەزن، ئەو سەرەی کە بردمە سوجدە بەرزی ناکەمەوە هەتا ڕۆح بەبەر ئەم گەوهەرە دەگمەنەدا نەکەی!».

مەلا نوێژی بەیانیی دابەست. لە ڕەکاتی دووەمدا، ئەو سەرەی بردییە سوجدە بڵندی نەکردەوە. لە پڕ هەستی کرد وا دەست و پەنجەیەکی نیان، بەنەرمی لەسەر شانی دەدات. ئیدی زانی، کە خوداوەند نزاکەی گیرا کردووە. سەری هەڵبڕی و سەڵاوی نوێژی دایەوە. دیتی کیژۆڵەیەکی نازدار لە بەرانبەرییەوە وەستاوە. بووکە دارینەکەیش شوێن و هەتەری نەماوە. بەدڵی خۆشەوە هەڵسا و هاوڕێکانی بەئاگا هێنا.. کاتێ کچەیان بەو نازدارییە بینی. دارتاش وتی: هی خۆمە، من لە تەختە تاشیومە!.. بەرگدروو وتی: هی خۆمە، من کاڵام بەباڵا بڕیوە و کردوومە بەکیژ!.. مەلا وتی: هی خۆمە، من لە یەزدان پاڕاومەتەوە تاکو ڕۆحی بەبەردا بکا!

لە نێوان خۆیاندا لێیان بوو بەمشتومڕ. دواجار بڕیاریان دا، کێشەکەیان ببەنە بەردەم دادوەرێکی دادپەروەر. دادوەر دوای ئەوەی گوێی لێگرتن، ئەم بڕیارەی دا: «ئەم کیژە مافی مەلای بەسەرەوەیە. خواوەند نزاکەی ئەوی گیرا کردووە و ڕۆحی بەبەر بووکە دارینەدا کردووە. چونکە پیاوێکی لە خواترسە و بەڕاستیی بەندایەتی کردووە.» بەم شێوەیە مەلا بوو بەخاوەنی کچۆڵەکە و لە خۆی مارە کرد.

ئەفسانە لە کورتترین پێناسەدا: حیکایەتی خواوەندەکانە. بەڵام گەلێ جاران نیمچە خواوەندیشی تێدەکەوێ. واتە بڕێ جاران لە دەوری ئەو پاڵەوانانە دەسووڕێتەوە، کە نیوە خواوەند و نیوە مرۆڤن. هەرچۆنێ بێ، حیکایەتی ئەو پاڵەوانانەیە، کە توانایان لە سەروو توانای مرۆڤەوەیە. ڕێدەکەوێ پاڵەوانەکان توانای لە ڕادە بەدەریشیان نییە، کەچی بەئەفسانە ڕۆیشتوون. وەک ئەفسانەی ئۆدیب، کە پاڵەوانەکەی نە خواوەند و نە نیمچە خواوەندیش. ماکس مولەر، دیارترین زانای زمانی سەدەی نۆزدەهەم بوو، دەیگوت: «ئەفسانە نەخۆشییەکی زمانە. مرۆڤی سەرەتایی لە نێوان ئەفسانەوە قسەی کردووە نەک لە ڕێگەی زمانەوە. چونکە هێشتا هێندە



پێنەگەیشتبوو بتوانێ لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشت لە خولیای خۆی بکا.»

د. نەبیلە ئیبراهیم دەڵێ: «لێکدانەوەیەکی دیکە هەیە وەهای بۆ دەچی، کە ئەفسانە (هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە سیستمی گەردوون.)[٣]

ئەفسانە، حیکایەتی سەردەمی فرەخواییە. ئەگەرچی دوای سەرهەڵدانی ئایینە ئاسمانییەکانیش، کاتێ بڕوایان بەخواوەندی تاک و تەنیا هێنا، هێشتا هەر لێرە و لەوێ، ئەفسانە سەری هەڵداوە.. ئەم دوو ئەفسانەیەی وا لێرەدا سەبارەتیان دەدوێین: (بچمالیۆن) هی بەر لە زایینە، بەڵام (بووکە دارینە)، کە ئەفسانە کوردییەکەیانە، بۆ دوای سەرهەڵدانی ئیسلام دەگەڕێتەوە. پەیکەرە جوانەکانی یۆنان، نموونەی باڵای هونەری پەیکەرسازین. بۆ تاشینیان هێزی ئەفسانە، کەشوهەوای ئەفسانەیی پاڵنەر و هاندەری هونەرمەندان بووە. بچمالیۆن، پەیوەندیی نێوان ئەفسانە و پەیکەرسازیی، وەک هونەرێکی جوان بەدیاردەخا.

کارڵ گۆستاف یۆنگ، وای بۆدەچێ: «ئەفسانە گوزارشتە لە کێشەکانی نائاگایی مرۆڤ.» دیارە مرۆڤ، لەو سەردەمە تاریکانەدا هێندە بەئاگا نەبووە، تاکو بەتەواوی خۆی و دەوروبەری خۆی بناسێ. بۆیە تێگەیشتن لە دەوروبەر بووەتە خولیای... ئەفسانە (باسی جیهانێک دەکات، هێمایە بۆ بابەت و ڕووداوێک. لە حەقیقەتدا هەبووە، بەڵام دەستکاریی کراوە، یان قەبەکراوە. لەم بەرئەنجامەوە بەدیاردەکەوێ، ئەفسانە وەک شیعری سریالی جۆرێکە لە گوزارشت لە خەونی گەلان و ئەقڵی ناوەوە.)[٤]

ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە پۆلێنی ئەفسانە نییە بەقەدەر ئەوەی دەمانەوێ بەراوردی ئەفسانەیەکی گریکی و یەکێکی خۆماڵی بکەین. دەنا ئەفسانەیش پۆلێن دەکرێ. ئەو ئەفسانانەی لە سەرهەڵدانی ژیان دەکۆڵنەوە. چۆن، کێ، کەی، لە چی گەردوون دروست بوو؟ بەئەفسانەی خەلق ناسراون. لەم گۆشەنیگایەوە، ئەفسانە: (باس لە سەرهەڵدانی ژیان

و کۆتایی ژیان دەکا)[٥] هەروەک زانایانی فۆلکلۆر هەریەکە و بەشێوەی خۆی ئەفسانە پۆلێن دەکەن. پاڵەوانی ئەفسانە (کاری مەزنیان لە دەست دێ. وەک پاڵەوانێتیی لە ڕادەبەدەر، یان کاری نەکردە، کە توانای سەروو توانای مرۆڤ بەدیار دەخا؛ بەڕادەیەک مرۆڤ سەری لێ بسوورمێ و بەعاجباتی بزانێ. ئەمەیش بۆ زاڵبوونە بەسەر هەستکردن بەبێ هێزیی لەلایەک و خۆ بەبچووک زانین لەلایەکی دیکەوە.)[٦]

هەمیشە، کە باسی ئەفسانە دێتە گۆڕێ، لانی کەم زەینمان بۆ چەند هەزار ساڵێک دەگەڕێتەوە دواوە. بۆ ئەو کاتەی مرۆڤ لە بەرانبەر گەردووندا سەراسیمە بوو. دیاردەکانی بۆ لێکنەدەدرایەوە.. ئەفسانە: «هیچ نییە ئەوە نەبێ، زانستێکی سەرەتایی، یان مێژوویەکی ساکارە، یان بەرجەستەکردنی خەیاڵێکی ناهوشیارانەیە.»[٧] بۆیە دەیانویست لەم ڕێگەیەوە، لە ڕێگەی گرێچنی ئەفسانەوە، نهێنییەکانی سەرهەڵدانی ژیان، نهێنیی مەرگ، شەو و ڕۆژ، مانگ و ئەستێرە، باران و دەیان دیاردەی دیکەیان بۆ ئاشکرا ببێ.

ناتالی کۆنتی دەڵێ: «پێشینان بیروڕای خۆیان لە ئەفسانەدا بەرجەستە کردووە.»[٨] ئەفسانە بەپێچەوانەی حیکایەتە میللییەکانەوە، لەلای هەندێ گەلان، وەک هیندییە سوورەکانی ئەمریکا، جۆرە پیرۆزییەکی تێدایە. دەبێ حیکایەتخوانی تایبەت بیگێڕێتەوە. بۆ بیانیشی ناگێڕنەوە. چونکە لە پیرۆزیی کەم دەکاتەوە. بۆیە دەبێ ئەم نهێنییە لە بیانی پارێزراو بێ. وەک دیاردەیەکی پیرۆزی نێو خۆیان مامەڵەی لەتەکدا دەکەن و دەبێ لە بۆنەی تایبەتیدا بیگێڕنەوە.. ماکس مولەر دەڵێ: «وێنەکێشانی سەردەمێکە لە دێوانەیی، هەردەبوو ئاوەزی بەشەر پێیدا تێپەڕێ.».

لە سەرەتاوە وتمان، ئەفسانە بۆی هەیە دوای سەرهەڵدانی ئاینە ئاسمانییەکانیش دروست ببێ. ئەوەتا لەم سەردەمەدا، لە ڕێگەی هونەری



سینەماوە، چەندین ئەفسانەی نوێ هاتوونەتە ئاراوە، وەک باتمان و دراکۆلا و فرانکشتاین... کارگەلێک ئەم پاڵەوانانە ئەنجامی دەدەن سەروو توانا و دەسەڵاتی مرۆڤی ئاسایی کەوتوون و زادەی بیر و خەیاڵی مرۆڤی ئەم سەردەمەن.

ڕۆلان بارت. پێی وایە: (ئەفسانە بریتییە لە وشە.)[٩] لە جێیەکی دیکەدا پێی وایە، کە تایبەتمەندیی ئەفسانە لەوەدایە (مانا بۆ شێوە دەگۆڕێ.)[١٠] بارت، لێرەدا دەیەوێ گرنگیی ڕۆڵی زمان بەیان بکات، چونکە زمان لە باریدا هەیە ئەفسانەکان بپارێزێ. ئەوەی ئێستا ئێمە بەخەیاڵ و سەروو واقیعی دەزانین، ئەوان ئەوسا بەواقیعیان زانیوە و بڕوایان پێی هەبووە. بەڕادەیەک. وەک چۆن ئێستا ئێمە بڕوامان بەفڕینی مرۆڤ بۆ سەر مانگ هەیە.. دەتوانین ئەم ئەفسانە ئاڵۆزە بەم چەند وشەیە مانا بدەینەوە: «جۆرێکە کەوتووەتە سەروو شیعرەوە، چونکە حەقیقەتێک ئاشکرا دەکا. جۆرێکە لە سەلماندن و لە سەلماندنیش بالاترە بەوەی حەقیقەتێک ڕادەگەیێنێ.»[١١]

توانای پاڵەوانی ئەفسانە لە هێزیدایە نەک لە مێشکیدا، وەک لەم سەردەمەدا بڕوامان پێیەتی. بەلای مرۆڤی چاخە کۆنەکانەوە، توانایان لە وزەیاندا، لە هێزی بازوویاندا کۆبووەتەوە و -لە ڕادەبەدەرە. ئەم بۆچوونەیش بەتایبەت لە بێ هێزی و بێ دەسەڵاتیی خودی مرۆڤ لە ئاستی سروشتدا سەری هەڵداوە. لەلای یۆنان (بەشەر و خواوەندەکان لە یەک ڕەگەزن. هەردوولامان لە ڕەحمێکەوە دەرهاتووین. هەناسە دەدەین. بەڵام لەڕووی هێزەوە نێوانمان زۆرە. ئێمە لێرە هیچی وەهامان نییە پێوەی بنازین. کەچی خواوەندەکان وەک برونز بتەون. لە ئاسمان عەرشێکی نەمریان هەیە، کە بەهیچ هێزێک ناجوولێ.)[١٢] چاری مرۆڤی کۆنیش لە ئاستی جەبەرووتی ئەم هێزە زەبەللاحانەدا هەر پاڕانەوە و قوربانی دان

بووە. وەک ئەو فرمێسکانەی، کە بچمالیۆن بۆ ڤینۆسی خواوەندی ڕشتن.. بەڵام خواوەندەکان بەدەسەڵات و بەجەوهەرن. (کاتێ زەیوس دێتە قسە، ئاسمان دەبریسکێتەوە و هەورەتریشقە دەبارێ و با و تۆفان هەڵدەکەن.)[١٣]

لە ئەفسانەدا، گرنگ ئەوەیە پاڵەوان کاری مەزنی لە دەست بێ، کارێک لە سەروو توانا و وزەی ئینسانی ئاساییەوە بێ. وەک کردەوەی پیاوە ئایینییەکەی بووکە دارینە و بچمالیۆنی پەیکەرساز.

بۆچی ئەفسانەکان لەیەک دەچن؟

پێم وایە، کورد لەو نەتەوانەیە، کە خەیاڵ فراوانە. بۆیە زۆرتر ئارەزوویان لە شیعر و شیعر گوتنە. کورد توانای ڕۆنانی هەیە. سەردەمێک هەر پیرەمێرد و پیرەژنێکت بگرتایە چەندین حیکایەتیان لەبەر بوو؛ یان خۆیان یان نەوەکانی پێشووتری کورد ڕۆیاننناون. ڕەنگە ئەمەیش بۆ شوێن و سروشتە ڕازاوەکەی بگەڕێتەوە. بەڵام بۆچی ئەفسانەی گەلان لەیەک دەچن؟ (ئەوانەی بەڕەگەز ئاریایین نەوەکانیان پەڕیونەتە هیندوستان، لقی یەک ڕۆشنبیریی ڕەسەنن و جیابوونەتەوە. ئەویش ڕۆشنبیریی دایکە.)[١٤]
زۆر نزیکە پەڕینەوەی هەندێ لە ئەفسانەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا بەهۆی جەنگی خاچ پەرستەکانەوە بووبێ، هەر وەک بەپێچەوانەیشەوە دروستە. دوای ئەوەیش هەموو کۆمەڵگە بەشەرییەکان، هەمان قۆناغەکانی گەشەسەندنیان تێپەڕاندووە. لە کۆمۆنەی سەرەتاییەوە بۆ کۆیلایەتی و فیوداڵ و.. لەو قۆناغانەدا چونیەک ژیاون. بۆیە چونیەکیش بیریان کردووەتەوە. کەواتە کارێکی ئاساییە ئەگەر ئەفسانەکانیان لە یەک بچن.

ڕاستییەکی مێژووییە، کە شارستانێتی دۆڵی میزۆپۆتامیا پێش شارستانێتی یۆنان کەوتووە. جگە لە پێوەندیی بازرگانی (کە وا دەردەکەوێ یەکەم پێوەندیی نێوان ڕۆژهەڵاتی کۆن و یۆنان بۆ مەبەستی



بازرگانی بووبێ و بۆ بەر لە زایین بگەڕێتەوە.)[١٥] مێژووی مرۆڤایەتی ئەڵقەی پێکەوە بەستراون. ئەگەر لە شوێنێک ئەڵقەیەک پسابێ، ئەوا لە جێیەکی دی گرێدراوەتەوە. شارستانییەتەکانیش، یەک لەوی دیکە کەڵکیان وەرگرتووە. کەڵک وەرگرتن لە هەموو ڕوویەکەوە. ئەگەر زانست بێ، ئەگەر ئەفسانە یان لایەنی دیکە. (تازەکی لە لارنەکا-ی وڵاتی قوبروس، پاشماوەکانی شارستانێتی دۆڵی میزۆپۆتامیا دۆزراونەتەوە. لە نێوانیاندا مۆری لوولەیی هەن و مێژووی هەندێکیان بۆ چاخی ئەکادی دەگەڕێنەوە، کە دەکاتە هەزارەی سێیەمی بەرلە زایین.)[١٦] کەواتە زۆر ئاساییە ئەگەر ئەفسانەیەک لەوێوە پەڕیبێتەوە بۆ کوردستان، یان بەپێچەوانەوە. جەنگ و بازرگانیش دوو هۆکاری لەبارن بۆ گواستنەوەی ئەفسانە. گەلان چەند لە ڕووی جوگرافیاوە لە یەکەوە دووربن، هێشتا هەر بۆی هەیە تێفکرین و سەرنج و لێکدانەوەیان بۆ دنیا و دەوروبەر لە یەک بچێ. ئێمە لە ڕێگەی (داغستانی من)ی هەمزاتۆڤەوە دەزانین تا چەند ئێمەی کورد و گەلی داغستان ئاکار و هەڵسوکەوتمان لەیەک دەچن، ئەگەرچی هامشۆ و ڕەوتمان لە نێواندا نەبووە و نییە. بۆیە ئاساییە دووریی جوگرافیایی ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبێ. واتە نەبێتە لەمپەر. ئەفسانەیش سەرنج و لێکدانەوەی مرۆڤی سەرەتاییە بۆ دەوروبەر و ئاساییە ئەفسانەیەکی یۆنانی و یەکێکی کوردی لەیەکەوە نزیک بن.

فۆن دیرلاین، پێی وایە: (لێکچوونی بیرە بنەڕەتییەکان لەلای ئەم میللەتانە، هەندێکیان بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە، ڕووداوی چونیەکیان هەیە. هەمان ڕێگەچارەشیان لەلایە. هەندێ بارودۆخ هەن هێندە ساکار و سروشتین، لە هەموو جیهاندا بەگشتی دووبارە دەبنەوە... جگە لەوەیش هەندێ حیکایەت بۆیان هەیە لە ڕووی ڕێکەوتەوە -صدفە- لەیەکتر بچن.)[١٧]

**لە بووکە دارینەدا:**

١– پرۆسەکە بەسەر دەستی سێ کەسدا ڕەت دەبێ: دارتاش. بەرگدروو، مەلا.

٢– ڕێکەوت هەرسێکیانی لەو جێیە کۆکردووەتەوە.

٣– بووکەکە لە تەختە دروست کراوە.

٤– هەموو پرۆسەکە، لە تاشینی تەختەکەوە هەتا ڕۆح بەبەرداکردنی، شەوێک دەخایەنێ.

٥– کەسی یەکەم دارتاشە، نەک پەیکەرتاش. واتە لە پەیکەرتاشیدا پسپۆڕ نییە.

٦– دارتاش بەو مەبەستە بووکە دارینەکە دەتاشێ شەوگاری پێ بگوزەرێنێ و لە نۆرەی خۆیدا خەوی لێنەکەوێ. هەروەها بەو مەبەستەی بۆ سبەی بیفرۆشێ.

٧– بووکە دارینەکە ناوی لێ نەنراوە.

٨– ئەفسانەکە بۆ سەردەمی ئیسلام دەگەڕێتەوە.

**لە بچمالیۆندا:**

١– کارەکە پەیوەندیی بەخودی بچمالیۆنەوە هەیە.

٢– بچمالیۆن پەیکەرتاشێکی پسپۆڕە و ڕێکەوت هیچ ڕۆڵێک نابینێ.

٣– لە مەرمەڕ پەیکەرەکەی تاشیوە.

٤– پرۆسەکە. لە تاشینەوە تا ڕۆح بەبەرداکردن زۆر دەخایەنێ.

٥– لە سەرەتاوە، کاتێ پەیکەرەکە بەو نازدارییە دەبینێ شەیدای دەبێ. هەر خۆیشی نزا دەکات ڕۆحی بەبەردا بکرێ.

٦– پەیکەرەکە ناوی (جالاتیا)یە.

٧– ئەفسانەکە بۆ پێش زایین دەگەڕێتەوە.



**خاڵە هاوبەشەکان:**

یەکەم: پەیکەرەکە لە دار داتاشرابێ یان لە بەرد یاخود لە هەر کەرستەیەکی دیکە، ئەمەیان گرنگ نییە. خاڵی گرنگ لە هەردوولا، ڕۆح بەبەرداکردنی پەیکەرەکەیە. ئەم کارەیش لەسەروو دەسەڵاتی مرۆڤەوەیە و کاری خواوەندانەیە. هەر لەم ڕوانگەیەوە پەیکەرتاشین لەلای ئیسلام کارێکی ناجۆرە و ئایەتی قورئانی لەسەرە.

دووەم: هەمیشە پەیوەندییەک لە نێوان خواوەند و بەشەردا هەیە. خواوەند گوێ لە داواکارییەکانی بەندەی خۆی دەگرێ و برێ جاران نزاشیان قەبووڵ دەکا.

سێیەم: لە هەردوو ئەفسانەکەدا، مەلاو بچمالیۆن، خۆیان کارە مەزنەکەیان، کە ڕۆح بەبەرداکردنە، لەدەست نایەت. ئەوان نزا دەکەن و دەپاڕێنەوە. ئەوان لە نێوان خواوەند و پەیکەرەکەدا ناڤبەر (وسیط)ن.

بچمالیۆن، لە بنەڕەتدا ئەفسانەیەکی گریکییە، بەڵام بووەتە جیهانی. ئەوەندەی ئاگاداربم، لەلایەن: (بەرناردشۆ و توفیق الحکیم)ەوە، بۆ شانۆ ئامادە کراوە. ئەوەی بەرناردشۆ بووەتە فیلمیش. توفیق الحکیم، لە دەقەکەیدا نووسیویێتی: «ڕەنگە ئەوەی جوانیی ئەم ئەفسانەیەی لەلا ئاشکرا کردبێتم. تابلۆ ڕۆنییەکەی بچمالیۆن و جالاتیای جان ڕادکس بێ، کە لە مۆزەخانەی لۆڤەردا پارێزراوە.»[١٨]

لەلای الحکیم:

١– پەیکەرەکە لە (عاج) دروست کراوە.

٢– دەقەکە چوار پەردەیە. هەر چواریان لە هۆڵێکی ماڵی بچمالیۆن-دا نمایش دەکرێن.

٣– بۆ ئەوەی گەردی لێ نەنیشێ، بەردەوام پەردەپۆش کراوە و (نرسیس)ی بەدیارەوەیە.

٤- کاتێ گیانی دێتەبەر. بچمالیۆن بەخوای خۆی دەزانێ، چونکە خۆی چۆنی ویستووە، وەهای دروست کردووە.
٥- جەخت لەسەر توانا و داهێنانی مرۆڤ دەکات، کە لەباریدا هەیە کاری نەمر ئەنجام بدا.
٦- خواوەندەکان مرۆڤی (فانی) دروست دەکەن. بەڵام مرۆڤگەل پەیکەری (نەمر) دروست دەکەن. بۆیە بچمالیۆن ژیوان دەبێتەوە.
٧- پرسی: کامیان شایان و بەرزترن، ژیان یاخود هەونەر دێتە ئاراوە. داوا لە خواوەنشدەکان دەکا پەیکەرەکەی بدەنەوە.
٨- ڤینۆس، بەدەنگێوە دەچێ. ژنە خۆشەویستەکەی دەبێتەوە بەپەیکەری عاج.
٩- الحکیم، بیرۆکەی شکاندنی پەیکەرەکەی لە (مایکل ئەنجیلۆ) وە وەرگرتووە، کاتێ لووتی پەیکەری (مووسا)ی شکاند، بۆ ئەوەی نەگاتە پلەی کەماڵ.
١٠- بەشکاندنی پەیکەرەکە بچمالیۆن خۆیشی دەمرێ.
١١- لە کۆتاییدا ئەپۆلۆی خواوەند دەڵێ: «هەتا هەونەر لەسەر زەوی بمێنێ، ڕۆحی بچمالیۆن دەمێنێ.»

**ڕۆح چییە:**

لە ڕێڕەوی گەشەسەندنی خۆیدا، مردن و ژیان گرنگترین پرسێ بوون، کە مرۆڤ بەدەستیانەوە داماوە.. بۆچی مرۆڤ دەمرێ؟ ئایا دەکرێ نەمر بێ؟.. لەم ڕێگەیەدا ڕەنجی زۆری داوە.. داستانی گلگامش کۆنترین دەقێکە لە دەوری ئەم پرسە بخولێتەوە. تەها باقر، دەڵێ: «داستانی گلگامش کۆنترین جۆری ئەدەبی داستانی پاڵەوانێتییە لە مێژووی هەموو شارستانێتییەکاندا.»[١٩] ئەنجام پاڵەوانانی سەرەکیی داستانەکە (گلگامش) وەهای پیشان دەدا، کە مرۆڤ چەند بکارێ و بکۆشێ، چەند



ملانێ بکا، ئاکامی هەر مەرگە و لە دەست مردن ڕزگاربوونی نییە. ئەم داستانە دەیەوێ: «بەشێوەیەکی کاریگەر حەتمییەتی مەرگی مرۆڤ بسەلمێنێ. تەنانەت یەک لە باری پاڵەوانێکی وەک گلگامش، کە لە سێ بەش دوو بەشی لە خواوەندە نەمرەکانە و بەشەکەی دیکەی لە مرۆڤی (فانی)یە. چونکە خواوەندەکان نەمرییان بۆ خۆیان و مردنیان کردووەتە بەشی مرۆڤ.»[٢٠] گلگامش، سەبارەت بەمەرگی (ئەنکیدۆ) و ترسی مردنی خۆی دەڵێ:

مەرگ، تۆقاندوومی، بۆیە بوومە سەرگەردانی بیابان گەرد
ئەو کارەساتەی بەسەر هاوڕێکەمدا هات بڕستی لێ بڕیم.
چۆن بسەکنێم؟
ئەو هاوڕێیەی خۆشمدەویست بوو بەگڵ.
کێ دەڵێ منیش بەمەرەی ئەو ناچم. ئەو ڕاکشانەی لێی ڕاکشام
ئیدی بۆ هەتا هەتایی هەڵبسمەوە.[٢١]

***

لەم دێڕەدا، کە دەڵێ: (کێ دەڵێ منیش بەمەرەی ئەو ناچم؟) بۆمان دەردەکەوێ. کە لە گوماندایە. ڕاڕایە و دڵنیا نییە. لەوانەیە بمرێ و لەوانەیشە نەمرێ. لە گوماندایە بۆیە بەشوێن نەمریدا دەگەڕێ. چەردەیەک ئومێدیشی هەیە. چونکە ئەگەر لای ئەیان بوایە دەمرێ، پشتی لێدەکردەوە ئەو هەموو ماندووبوونەی وەبەرخۆی نەدەدا. مرۆڤ سەبارەت بەڕۆح، زەینی بۆ زۆر ئەگەری سەیر چووە. (دۆنای دۆن، تێوریکە، میسرییە کۆنەکان بڕوایان پێی هەبووە. دەڵێن لەبەر هەندێ لاشەکانیان مۆمیا دەکرد، تاکو پێش لە بەرجەستەبوونی ڕۆح بگرن، یان بتوانن دوای بخەن. بەواتایەکی دی نەهێڵن ڕۆحی مردووەکە، جارێکی دی، لە شتێکی دیکەدا لەدایک ببێتەوە.)[٢٢]

له ئەفسانەکانی کوردەواریدا، دوای ئەوەی لاشە دەمرێ، ڕۆح لە شێوەی کۆتردا لە شەقەی باڵ دەدا. وەک لە داستانی قەڵای دمدمدا هاتووە، دوای ئەوەی قەڵادارەکان لەلایەن سوپای سەفەوییەوە قەتل و عام دەکرێن؛ گیانیان لە شێوەی کۆتردا، هەڵدەفڕن و کۆچ دەکەن.

(میسرییە کۆنەکان لە ژیانی سەرەتایی خۆیاندا، وەک میللەتە سەرەتاییەکان بڕوایان وابوو، کە ڕۆحیان وا لە سێبەرەکانیاندا. ئەگەرچی دواتر ئاستی ڕووناکبیرییان گەشەی سەندووە، بەڵام ئەم چەمکە تا درەنگ هەر لەلایان ماوەتەوە.)[٢٣]

عەلی ئیلاهییەکان (کاکەیی) بڕوایان بەتەناسوخی ڕۆح هەیە و دەڵێن: «مردن وەک ئەو مراوییەیە، کە لە ئاودا نوقم دەبێ و پاشان لە جێگەیەکی ترەوە دێتە دەرەوە.»[٢٤] ئەهلی حەق، لە بەرامبەر (تناسخ الارواح)دا، زاراوەی (دۆنادۆن – دوونادوون) بەکاردەبەن. بەلایانەوە مرۆڤ لەوە باڵاترە تەنیا گیانلەبەرێ بێت و بەس، ئەو لە خواوەندەوە نزیکە و گەردی خواوەندێتی تێدایە و بەرەو هەوراز هەڵدەکشێ.. (هەموو مرۆڤێ خاوەنی گەرد – زەڕاتی – خوداییە و لەلای پاکان بەرەو پەرەسەندن و گەورەبوون دەچێ. ئەم گەرد و خۆڵەیش لە تەنێکەوە بۆ یەکێکی دیکە پێی دەوترێ دوونادوون. پاکی و بێگەردیی مرۆڤ بەرەو بەردەوامیی دەبات و نالەباری و سەرپێچیش بەرەو تیاچوون و نەمانی دەبا... فریشتەکانی ئایینی کاکەیی چوارن، دوونەکانیان هەمان دوونن دووبارە دەبنەوە. تەنها ناوەکانیان لە سەردەمە جیاجیاکاندا دەگۆڕێن.)[٢٥]

دوای ئەوەی گلگامش داواکەی خواوەند عەشتار ڕەت دەکاتەوە و نایخوازێ؛ عەشتار، بۆ ئاسمان بۆ لای باوکی (ئانۆ) هەڵدەکشێ و بەسەریدا دەگری و داوای لێدەکا گایەکی ئاسمانی بۆ گلگامش نازڵ بکا، تاکو لەناوی ببا. عەشتار هەڕەشە دەکا: (ئەگەر ئەم گایە دروست نەکا ئەوا دەرگەی دنیای ژێرەوە دەکاتەوە، تاکو مردووەکان بێنە دەرەوە و زیندووەکان



بخۆن.) خواوەند ئانۆیش بەدەنگێوە هات و (گای ئاسمانی) دروست کرد و دایە دەست عەشتار. ئەویش دایبەزاندە سەر زەمینی وڵاتی (ئۆرۆک). ئەگەرچی دەرگەی دنیای ژێرەوە (العالم الاسفل) نەکرایەوە و مردووەکان نەورووژان، بەڵام لەبن دێڕەکانیدا ئەوە دەگەیێنێ، بەلای ئەوانەوە، مردوو بۆی هەیە بگەڕێتەوە سەر زەوی.

بەلای سۆمەرییەکانەوە: (مردن لە نێوچوونی ڕەها –مطلق– ناگەیێنێ. بگرە جیابوونەوەی ڕۆحە لە تەن، کە – بەدرێژایی ژیان لەگەڵیدا بووە. بەڵام لە کاتی مردندا لە شێوەیەکی هەبوونەوە دەگۆڕدرێ بۆ شێوەیەکی دیکە. لە کاتی ناشتندا بەرەو دنیای تایبەت بەڕۆح دەڕوات.)[٢٦] هەر بۆیە لە داستانی گلگامشدا تارمایی (ئەنکیدۆ) لە دنیای ژێرەوە، لەگەڵ گلگامشدا دەدوێ. باسی بارودۆخی ئەوێی بۆ دەکا. دیارە داستانی (ئۆدێسە) دوای گلگامش دێ و نێوانیان لە هەزار ساڵ زیاترە.. لە ئۆدێسەدا، جارێکی دی بیرۆکەی زیندووبوونەوەی دوای مردن هاتووەتە گۆڕێ. دیارە لە نێوان ئەو ماوە زۆرەدا گۆڕان بەسەر بیری مرۆڤدا هاتووە و بڕوایان بەزیندووبوونەوە پەیداکردووە. فوئاد میسری، لەو پێشەکییەدا کە بۆ ئۆدێسەی لەمەڕ (ع. ح. ب.)ی نووسیوە، دەرکی بەم گۆڕانکارییە کردووە. لە بەشی (شاری مردووان) و دواتردا، کاتێ (ئۆدیس) لەلای (سیریسیە) دەمێنێتەوە، مردووەکان وەک: دایکی ئۆدیس و ئەگامەمنون. زیندوو دەبنەوە. بەسەرهاتی خۆیانی بۆ دەگێڕنەوە:

هەستام،
دایکم هاتەلام،
داوێنی بادام.
بۆ هاتوویتە ئەم شوێنە؟
ئێسک و پرووسک بڕژێنە

وتم: زیندووم
بۆ لای سیرسیا هاتووم.[٢٧]

جێی باسە پێش گریک، میسرییە کۆنەکانیش بڕوایان بەزیندووبوونەوە هەبووە. بۆیە مردووەکانیان بەجلوبەرگ و کەرەسەی جەنگ و کاسە و کەوێڵ و بڕێک خواردنەوە ناشتووە. ئەوان هاتنی شەو و ڕۆژیان بەمردن و ژیان چوواندووە. لای ئەوان خۆرکەوتن ژیان و ئاوابوونیشی مردنە. دیارە ئەم دۆخە ئەزەلییە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.

سەبارەت پرسی ڕۆح و مردن و ژیان، ئاینی ئیسلام بڕوای وایە هەموو دەمرین. خواوەندی تاک و تەنیا خۆی دەمێنێتەوە. وەک لە قورئاندا هاتووە: «کل من علیها فان ویبقي وجه ربك ذو الجلال والاکرام.» (٢٧)م (الرحمن ٥٥) بەڵام سەبارەت ڕۆح خوا فەرمان بەمحەمەد دەدا، ئاوا وەڵامی ئەو کەسانە بداتەوە، کە پرسیاری ڕۆحی لێدەکەن: (قل الروح من أمر ربي وما أوتیتم من العلم الا قلیلا.) (٨٥)ک (الاسراء ١٧). لەلای ئیسلام هەندێ جاران (نفس) بەرانبەر (روح) دێت. ئادەمزاد سێ جۆر نەفسی هەیە: (مطمئنة، لوامة. امارة). إبن القیم، ئەم پۆلێنەی لە قورئانەوە هێناوە. دیارە هەرسێکیان یەکێکن. بەڵام سیفات و ئاکاریان جودایە. (إبن القیم) هاتووە ڕاڤەی کردوون. سەبارەت (النفس اللوامة) دەڵێ: لە دۆخێکدا جێگیر نابێ. زوو هەڵگێڕ و داگێڕ دەکا و خۆی ڕەنگ دەکا. دەربارەی (النفس الامارة)یش دەڵێ: بێزراوە. فەرمان بەهەموو خراپەیەک دەدا.[٢٨]

ماوە بڵێین: لە حیکایەتە کوردییەکەدا (بووکە دارینە)[٢٩]، کیژەکە ئەگەرچی ڕۆحیشی بەبەردا کراوە، بەڵام هیچ دایەلۆگێکی نییە. خاوەنی ڕای خۆی نییە و ناتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکا. کەسیش پرسی پێناکا. عەشق و خۆشەویستیش لە گۆڕێ نییە.. ئەمەشیان پرسێکی دیکەیە!



سەرچاوەکان:

١- دریني خشبة، أساطیر الحب والجمال عند الیونان، الجزء الاول، دارآفاق عربیة. بغداد، ١٩٨٦- ص٢٤٩ - ٢٥٥.
٢- نزار الاتروشي، اللعبة، مجلة التراث الشعبي، العدد (٤)، ١٩٧٤.
٣- د، نبیلة ابراهیم، الاسطورة، دار الحریة، بغداد، ١٩٧٩،ص١٧.
٤- الدکتور مصطفى الجوزو، من الاساطیر العربیة والخرافات، دار الطلیعة، بیروت، ١٩٧٧، ص٩.
٥- الدکتور قیس النوري، الاساطیر وعلم الاجناس، مطابع جامعة الموصل،١٩٨١، ص ١٠.
٦- جیمس بریچارد، أساطیر بابلیة، ترجمة: سلمان التکریتي، بغداد،١٩٧٢، ص ٤٩.
٧- ك. ك. راپفین، الاسطورة، ترجمة: جعفر صادق الخلیلي، ط١، بیروت، ١٩٨١، ص ١٠.
٨- نفس المصدر، ص/٤٩.
٩- رولان بارت، الاسطورة الیوم، ترجمة: حسن الغرفي، بغداد، ١٩٩٠، ص ٥.
١٠- نفس المصدر، ص ٦.
١١- هي. فرانکفورت، ترجمة: جبرا ابراهیم جبر ا، ط٣، بیروت، ١٩٨٢، ص ١٩.
١٢- نفس المصدر، ص ٢٦٧.
١٣- ی. سیکال، م. ئیلین، مرۆڤ لە ڕێڕەوی پێگەیشتنندا، وەرگێڕانی: خوسرەو جاف، بەغداد، ١٩٩٦، ل١١٩.
١٤- رشدي صالح، الفنون الشعبیة، قاهرة، ١٩٦١، ص ٣٨.
١٥- ثامر مهدي، من الاسطورة الى الفلسفة والعلم، بغداد، ١٩٩٠،ص٨١.
١٦- نفس المصدر،ص/٨٣-
١٧- فردریك فون دیرلاین، الحکایة الخرافیة، ترجمة: د.نبیلة عبید، ط١، بیروت، ١٩٧٣، ص٣١.
١٨- توفیق الحکیم، بچمالیون، مطبعة المتوکل، ١٩٤٢، ص١١.
١٩- طه باقر، ملحمة گلگامش، دار الحریة، بغداد، ١٩٧٥، ص٢٠.

٢٠- نفس المصدر، ص٢١.
٢١- نفس المصدر، ص١٢٣.
٢٢- د. سيد عويس، الخلود في التراث الثقافي المصري، دار المعارف بمصر، ١٩٦٦، ص٢٤.
٢٣- نفس المصدر، ص٢٧.
٢٤- محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، بەغداد، ١٩٨٤، ل١١.
٢٥- هەمان سەرچاوە، ل/١٤٤-
٢٦- طه باقر، مقدمة في الادب العراق القديم، دار الحرية، بغداد، ١٩٧٦- ص٢٢٣.
٢٧- هۆمیرۆس، ئۆدێسە، وەرگێڕانی لە عارەبییەوە: (ع. ح. ب.)، سلێمانی، ١٩٨٤، ل٨١.
٢٨- ابن قيم الجوزية، كتاب الروح، ط٣، ١٣٥٧ هجرية ، ص٢٥٧.
٢٩- بێجگە لە دەقەکەی نزار ئەترووشی، بووکە دارینە، وەک مۆتیڤێک، لە حیکایەتی (ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکە)دا هەیە، بڕوانە: محەمەد فەریق حەسەن، مەملەکەتی ماسی، سلێمانی، ١٩٩٦، ل١٠٣.



# باشوور و تەنگژەی ڕۆشنبیری

## ڕۆشنبیری چییە؟

لە توانادا نییە بەچەند وشەیەک پێناسەی ئەم زاراوە جیوەییە بکەین، پێناسەیەکی ئەوتۆ یەکلاییکەرەوە بێ و قەناعەت بەسەرجەمی خوێنەران بکا. چونکە بەئەندازەی جیاوازیی ڕێبازەکان پێناسەی جیاوازیش بۆ ڕۆشنبیریی هەیە. بگرە هەندێ جاران پێناسەی ڕۆشنبیریی لە یەکێکەوە بۆ کەسێکی دی گۆڕینی بەسەردا دێ. بەبۆچوونی محمد عابد الجابري ڕۆشنبیریی: ئاوێتەبوونێکی هارمۆنییە لە بیرەوەری و بۆچوون و بنەما و هێما و گوزارشت، پارێزگاریی شوناسی شارستانی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی دەکا، کە نەتەوەیەک پێکدێنێ، ئەمەیش لە چوارچێوەی ئەو گەشەسەندنەدا، کە بەهۆی جموجووڵی ناوەکییەوە بەخۆیەوە دەبینێ و توانای خواستن و بەخشینی هەیە..

هەر جڤاکێک چەند پاشڤەڕۆش بێ، هێشتا هەر بەبێ کەلەپوور نابێ. لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ توانای فێربوونی لەخۆیدا بەدی کردووە و سوودی لە ئەزموونی ڕۆژانەی خۆی وەرگرتووە و سەبارەت بەهێزە نادیارەکان کەوتووەتە دنیای خەیاڵات و بیرکردنەوەوە و پشکنینەوە ، ئیدی لەو ڕۆژەوە خاوەنی ڕۆشنبیرییە.

ڕەنگە لە سەردەمی خۆیاندا داهێنانی (تیروکەوان و تەور) هێندەی (ئەتۆم و کۆمپیوتەر)ی ئەم سەدەیە گرنگ بووبن. بۆیە مرۆڤ لە زووەکەوە خاوەنی ڕۆشنبیرییە، بام بەشێوەیەکی سەرەتاییش بووبێ. دەوارنشین ڕۆشنبیریی خۆی هەیە. نەخش و نیگار و مۆسیک و ڕێوڕەسمەکان، ڕۆشنبیریی کۆچەرییان پێکدێنن.

حسێن مروە دەڵێ: هەموو ئاپۆرەیەک، کە تایبەتییەکانی کۆمەڵگەی

مێژوویی هەبێ، ئەوا ڕۆشنبیریی نیشتمانی بەرهەم دێنێ.. واتە ئەو ڕۆشنبیرییەی کاریگەریی هەموو تایبەتییەکانی مێژووی خۆی پێوەیە.. ڕۆشنبیریی لە خۆڕا ناجوولێ و گەشە ناکا. بگرە بەو سیفەتە گەشە دەسێنێ، کە چالاکی کۆمەڵایەتییە. واتە بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییەی بەهێزەکانی ژیانەوە هەیەتی، کە مێژووی کۆمەڵ و گەشەسەندنی مادی و ڕووحی و فیکری پێکدێنێ، گەشە – دەکات.. بۆیە ڕۆشنبیریی زیندوو بەبێ مێژووی زیندوو نایەتە ئاراوە..

د. وەجیە کەوسەرانی دەڵێ: ڕۆشنبیریی کۆمەڵێک دەستکەوتی مەعریفی و ژیانییە بۆ کۆمەڵێکی سنووردار لە خەڵک.. بەلای ئەترۆپۆلۆجییەکانەوە مەرج نییە (ئەو کۆمەڵە خەڵکە) نەتەوەیەک یان گەلێک پێکبەێنن. بگرە هەندێ جاران تایەفەیەکی مەزهەبی یان تیرەیەک پێکدێنن.. ئەم پێناسەیەش ڕاستیی تێدایە، چونکە ناکرێ بڵێین: لەبەر ئەوەی (قەرەج) مەرجەکانی نەتەوەیان دۆڕاندووە، ئیدی خاوەنی ڕۆشنبیریی خۆیان نین. یان ئەو هەموو خێڵانەی، بەکیشوەری ئەفریقادا بڵاوبوونەتەوە، کە تەنانەت زمانی نووسینیشیان نییە، بەبێ ڕۆشنبیرین. چونکە ئەوانە خاوەنی کەلەپووری زۆر و زەبەند و خاوەنی سرووت و پێشینەی تایبەت بەخۆیانن.. کەواتە، ئێستا دەتوانین بڵێین: ڕۆشنبیریی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، گوزارشت لە گەشەسەندنی مادی و ڕووحیی لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژوویی ئەو گەلە یان ئەو کۆمەڵە دەکا.

**کێ ڕۆشنبیرە؟**

دیسان بەرەو ڕووی زاراوەیەک دەبینەوە، لە تواناادا نییە پێناسەیەکی پڕ بەپێستی بنووسین. پێناسەیەکی وەهابێ هەمووان پێی قایل بن. تەنانەت پێناسەی (ڕۆشنبیر) لەلای خودی ڕۆشنبیرەکانیش لە گۆڕان دایە. عەلی حەرب، ڕۆشنبیر بەو کەسە دەزانێ، کە سەرقاڵی مەسەلەی مافەکان و



ئازادییە. ئەو کەسەی، حەقیقەتی لەلا مەبەست بێ، یان لایەنگری بەرگریی بێ لە بنەما ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگەکەی و دنیا. ئەمەیش لە فیکر و نووسین و هەڵوێستەکانیدا ئاشکرا دەبێ. بەم پێیە ڕووەکەی دیکەی مرۆڤی سیاسییە و بریکاری ئەوە.

بەرنارد شۆ دەڵێ: ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە لە ڕشتەیەک هەمووی بزانێ و لە هەموو ڕشتەیەکیش شتێک بزانێ.. بەم پێیە (شۆ) هەڵوێستی لەلا مەبەست نییە. ڕۆڵی ڕۆشنبیریشی باس نەکردووە.

فەرهاد شاکەلی: لە بریی ڕۆشنبیری زاراوەی (فەرهەنگ)ی بەلاوە پەسەندە. سەبارەت توێژی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەنووسێ: دەکرێ بڵێین توێژێکی خوێندەوارمان هەیە، توێژێکی وا، کە لە نەخوێندەواری ڕزگاری بووە، بەڵام ئیدی خوێندەوار شتێکە و ڕووناکبیر شتێکی دیکە.. ڕووناکبیر ئەگەر بەڕاستی ڕووناکبیر بێ سەربەخۆ دەبێ، بەمێشکی خۆی بیردەکاتەوە و بەچاوی خۆی تەماشا دەکات، ڕۆڵی خۆی چاک تێدەگات و پێویستی بەڕێنوێنی نییە..

کەواتە فەرهاد شاکەلی (سەربەخۆیی) بەمەرجێکی سەرەکیی تاکی ڕۆشنبیر دەزانێ.. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ دا، (قامووسی ڕۆشنبیرانی فەرەنسا) بەقەبارەی (١١٩٠) لاپەڕە، لە پاریس بڵاو بووەوە. ئەم قامووسە لە بواری خۆیدا بێ وێنەیە. ئاوا پێناسەی ڕۆشنبیر دەکات، کە ڕەنگە نوێترین پێناسەبێ: توانای وەدەستهێنانی ئامێرەکانی گەشەسەندنی ئایندە، تێفکرینی فەلسەفی و سوسیولوجی.. بەشداریی لە گۆڕینی جیهاندا. وەستانەوە بەڕووی ملەوڕیی ملەوڕاندا، بەهەموو شێوەکانێوە.. لێرەدا هەڵوێست وەرگرتن سەبارەت ناجۆرییەکان، بوو بەیەکێک لە مەرجەکان. کەواتە ئەو ڕۆشنبیرانە کە ئایدیۆلۆجیای ملەوڕان پیادە دەکەن و دەبنە ماکیاجی ڕوخساری دزێوی دیکتاتۆرەکان، حسابیان بۆ ناکرێ.

بگره چەند زاناش بن هێشتا هەر ناچنە ڕیزی ڕۆشنبیرەوە. (لەسەر ڕۆشنبیر پێویستە دابەزێتە سەر شەقام، ئیمزای لایەنگری و ڕای خەڵک لەسەر ئایندەی سوسیالیزم و ئاین و ڕژێمە شموولییەکان کۆ بکاتەوە.) خودی (سارتەر) چەمکی ڕۆشنبیری لەبەر ڕۆشنایی ئەم هەڵوێستانەدا نرخاندووە. بەڕای ئەو، ئەو زانایەی بۆمبی ئەتۆمی دروست کرد بەڕۆشنبیر حساب ناکرێ!.. دانەرانی (قامووسی ڕۆشنبیرانی فەرەنسا) دەڵێن: مێژووی زاراوەی ڕۆشنبیر، بۆ پێش (کێشەی دریفۆس) دەگەڕێتەوە.. بۆ یەکەم جار ساڵی ١٨٢١ لە نووسینەکانی (سان سیمۆن)دا هاتووە. ناوبراو لە کتێبی (سیستمی پیشەسازی)دا دەڵێ: «لە ڕۆشنبیران داواکارم بەڕووی فیکری کۆندا بووەستنەوە. هەروەها داواکارم وزە و توانای هزریی خۆیان بۆ کاروباری زانستی تەیار بکەن، کە ئێمە پێویستمان پێی هەیە.» لێرەوە، بەرهەمی ڕۆشنبیر بەو پێودانگە دەقەبڵێنرێ، داخۆ تا چەند لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە. تا چەند ڕۆشنبیران پشت دەکەنە بیری کۆن و باوەش بۆ نوێ دەکەنەوە و پاڵ بەکۆمەڵەوە دەنێن بۆ پێشەوە؟.. زانست لەوەها دۆخێکدا ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ. . مەحمود صەبری، سەبارەت بەم مەسەلەیە نووسیوێتی: لەوانەیە ئاسانترین پێناسەی ڕۆشنبیر، کە بتوانین بیکەینە دەستپێک ئەمەبێ: «بەرهەمهێنەری جۆرەها بابەت و شێوە و، چالاکی هزریی و ڕووحییە، لە دۆخێکی تایبەت و لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا مامەڵە لەتەک بەرهەمەکەیدا دەکا.)

مەحمود صەبری دەڵێ: لەکاتی قەیرانەکاندا، ڕۆشنبیر دەبێتە تەرەف. ڕۆشنبیر، وەک تاک ڕەنج دەدا، بەڵام بۆ کۆمەڵ کاردەکا. پاڵنەری سەرەکی لەلای ڕۆشنبیر هزرییە و بەمەبەستی تێگەیشتنی دنیا و گۆڕینێتی. ڕۆشنبیر وەک هێزێکی هزریی، کاریگەریی کۆمەڵایەتیی هەیە و لە ڕۆڵی خۆی ئاگادارە. کێشەی تایبەتیی ئەو لە پێناوی ئازادیی هزردایە. ڕەنجی



وەک ڕەنجی کرێکارە، چۆن بەرهەمە ئابوورییەکەی لە دوا ئەنجامدا بۆ هەمووانە و کار لە هەموو کۆمەڵ دەکا. چونکە ئازادیی هزر خۆشگوزەرانیی بۆ گشت لایەک دەوێ.. کەواتە لەلای ئەم، ڕۆشنبیر ناتوانێ لە جڤاک دابڕێ و بەتوندی بەهزر و ئازادیی بیروڕاوە گرێدراوە.

ئەدوارد سەعید لەم ڕووەوە دەڵێ: «شتێک نییە بەناوی ڕۆشنبیری تایبەت و دوورەپەرێزەوە. لەو کاتەوەی دەست بەنووسینی وشە دەکەیت و بڵاوی دەکەیتەوە، ئیدی خۆت لەنێو مەیدانە گشتییەکەدا دەبینیتەوە.»

جولیان بندا، نووسەرێکی سەرەتای سەدەی بیستەمە، دەڵێ: ڕۆشنبیر دەستەیەکی بچکۆلەن. خاوەنی بلیمەتییەکی پتەو و ڕەوشتی بەرزن. ئەوان ویژدانی بەشەرییەت پێکدێنن.. لە کاتێکدا گۆڵدز (زانای سۆسیۆلۆجیای ئەمریکایی) دەڵێ: «ڕۆشنبیران چینێکی نوێن» لێرەدا پرسێک دێتە ئاراوە: داخۆ دەکرێ بەڕۆشنبیران بڵێین: «چین» بەبێ ئەوەی بەرهەمی مادییان هەبێ؟

میلز دەڵێ: هونەرمەند یان ڕۆشنبیری سەربەخۆ ئەو کەسێتییە دەگمەنەیە بەتوێشووی بەپێزەوە، بەبەرگرییەکی بێ وێنەوە، قاڵبە باوەکان، ئەو قاڵبانەی ڕۆژانە هۆیەکانی ڕاگەیاندن گۆڕەپانەکەیان لێ سیخناخ کردوون، پووچ دەکاتەوە. بابەتی زیندوو، نۆبەرە و (سەرەتا)ی بەپێز لە بریی ئەوانە بەرهەم دێنێ و بەردەوام دەمامک لە ڕووی شتە سواوەکان دادەماڵێ.. کەواتە لە کن (میلز) گەڕان بەدوای نوێدا بۆ پەرچدانەوەی بابەتە سواوەکان، کاری هەرە لە پێشی ڕۆشنبیرە.

ئەدوارد شیلز (کۆمەڵناس) دەڵێ: ڕۆشنبیر سەر بەکەمایەتییەکی بچکۆلەیە، لەو کەسانەی دەتوانن لە ئەزموونی ئێستەی تێپەڕێنن. ئەوان نوێنەری بنەما و ڕەمزە گشتییەکانی جڤاکەکەیانن.. واتە تێپەڕاندن یەکێکە لە خاسییەتەکانی ئەرکی ڕۆشنبیر. دیارە ئەوان لە هەموو

جڤاكێكدا كەمایەتین. لە جڤاكی كوردەواریدا ئەوەندە بەژمارە كەمن، زۆر بەئاسانی دەتوانی بیانژمێری!

وەک لە سەرەتاوە باسمان کرد، پێناسەی ڕۆشنبیر گەلێک زۆرە، بۆیە بەم پێناسەیە کۆتایی پێدێنین: ئەو کەسەیە، کە وتاری هەیە و کرداری نییە. وەک جیاوازیی نێوان کاری فیکری و کاری دەستی.. بەڵام وتاریش برێ جاران دەبێتە هێزێکی مادی. کەواتە دەبێ قسە لەسەر فیکریان بکرێ، هەر بۆیەکا پێیان دەوترێ خاوەن هزر (أهل الفكر).

**لە نێوان خوێندەوار و ڕۆشنبیردا:**

پێویستە خوێندەوار لە ڕۆشنبیر جیابکەینەوە. داخۆ هەرکەسێ: مامۆستا، نوژدار، پارێزەر، ئەندازیار... هتد بوو، ئیدی دەبی حسابی ڕۆشنبیری بۆ بکرێ؟

دیارە ڕۆشنبیر لە نێو ئەم توێژانەی سەرەوەدا هەڵدەکەون، بەڵام بەمەرجێک بەشوێنداچوونیان هەبێ و داهێنەربن. بەردەوام ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانەبن کە بەسەر ڕشتەکەیاندا دێ. لەم ڕووەوە ڕۆشنبیرێکی عارەب دەڵێ: هەموو بڕوانامەکانی وڵاتانی عارەب، بڕوانامەی نەهێشتنی نەخوێندەوارین. ئەوەندە هەیە، ئەگەر بڕوانامەی (سەرەتایی) بەقەبارەی پوولێکی پۆستە بێ، ئەوا (بەکالۆریۆس) بەقەبارەی نیو پۆستکارد و هی (دوکتۆرا) بەئەندازەی پۆستکاردێکە. چونکە لە وڵاتانی عارەبدا خوێندەوار دوای ئەوەی بڕوانامەکەی وەردەگرێ، ئیدی لە کۆشش و بەشوێنداچوون دەوەستێ و پشتی لێ دەکاتەوە. ئەم ڕایەی زانای عارەب ڕێک بەسەر کوردانیشدا پراکتیزە دەبێ.

نوژدارێک ئەگەر بەشوێنداچوونی نەبوو، دیارە ناتوانێ هیچی نوێ بخاتە سەر ئەو زانیارییانەی –هەیەتی و کاتی خۆی لە کۆلیجی پزیشکی بەدەستی هێناون، بۆیە دوای چەند ساڵێک دەبێتە برینپێچ (مضمد). چونکە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا زۆر دەرمان و چارەسەر و ئامێری نوێی



نوژداریی پەیدابوون و هاتوونەتە ئاراوە و ئەم لێیان بێ ئاگایە. هەروەها زۆر داوودەرمانی کۆنیش چیدی کاریان پێناکرێ و دیسان ئەم هەر لێیان بێئاگایە. بەم پێیە ئەوانەی بەشوێنداچوونیان نییە دەبنە کۆلکە خوێندەوار! بەتایبەت لەم سەردەمەدا، کە بەسەردەمی خێرایی لە هەموو بوارێکدا ناوزەد دەکرێ. ئەو پێشکەوتن و داهێنانانەی سەردەمی کۆن لە ماوەی سەدەیەکدا هاتوونەتە ئاراوە نەهۆ لە ساڵێکدا چەندین ئەوەندە ئامێر و کەلوپەلی نوێ لە هەموو بوارەکانی زانستدا سەرهەڵدەدەن؛ بەڕادەیەک مرۆڤ پێدا ڕاناگا بەدروستی فێری بەکارهێنانیان ببێ.

وەک چۆن (کۆلکە مەلا زیانی بۆ دین هەیە!) هەمان دەستوور کۆلکە خوێندەواریش زەینی خەڵک دەشێوێنن.. بەلای ئێمەشەوە، ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە، جگە لەوەی لە یەکێک لە بوارەکانی هونەر، هزر، یان زانستدا پسپۆڕە و ئاگاداری مێژووی کۆن و نوێیەتی، بۆ خۆیشی بەردەوام بەرهەمی نوێی هەیە. بەرهەمی وەها، شایەتیی بۆ توانای بدەن. بوارەکەی پێ دەوڵەمەند ببێ. پێویستە زانیاریی گشتگر و هەمەلایەنەی هەبێ و (موسوعی) بێ.

ڕۆشنبیر لە سەرانسەری دنیادا ویژدانی گەلەکەیەتی. ئەو کەسە وریایەیە پەنجە بەڕووی زۆرداردا ڕادەوەشێنێ و حزب و ڕێکخراوەکان لغاوی ناکەن. ڕەمزی نیشتمان و نیشانەی شکۆمەندییەتی. گەلان بەڕۆشنبیرەکانیاندا دەناسرێن، کە لە سەروو یاساوەن. ڕۆشنبیر شەرەف و ئابڕووی گەلەکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە.. هەر گاف لەگەڵ دەسەڵاتدا ناکۆکە و لە ملانێدایە چونکە دەسەڵات چەقبەستنی دەوێ و ئەم دنیا لە گۆڕاندا دەبینێ. دەسەڵات سەرکوتکەرە و ئەم لەگەڵ ئازادیدایە. لەلای ئەم ڕەگەز و ڕەنگ و زمانەکان یەکسانن. پێویستە لەم هەلومەرجەدا خوێنەر تێبینی ئەوە بکات، ئێمە ئێستا لە کوردستان (نیمچە دەسەڵات)مان هەیە، نەک دەسەڵاتی تەواو.

### ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی داگیرکراودا:

گومانی تێدا نییە، ڕۆشنبیری سەرجەمی چالاکییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە. ئەو مرۆڤەی لە دووی مانا دەگەڕێ، مانای دنیا. تاکو ئەم دنیایە بگاتە سەقامگیربوون و لەنگەرگرتنێکی ئەوتۆ. بتوانێ (هەبوون) بپارێزێ. ئەگەرچی سروشت لە ئەسڵدا لەنگەرگرتووە (متوازن). بەڵام مرۆڤ لەخۆیدا لەنگەرگرتوو نییە. ڕەنگە ڕۆشنبیری بتوانێ ئەم لەنگەرگرتنەی بۆ برەخسێنێ.. یەکەم شتێک، پێویستە بزانین ئەوەیە، ڕۆشنبیریی وەک (مادە) وایە و لە بەین ناچێ. ئەو بەشەی پاشەکشەی کرد ئەوا دەبێتە کەلەپوور. کەلەپووریش لای خۆیەوە دەبێتە کەرەسە بۆ بەرهەمی نوێ. وەک چۆن نابێ هەمیشە خۆمان بۆ ڕابوردوو تەرخان بکەین و مینا شتێکی پیرۆز سەرنجی بدەین، ناشکرێ بیپەڕێنین و بازی بەسەردا بدەین. چونکە سەرچاوەیەکە بەشی ئێستا دەدا. ئەم ئێستایەی، کە بۆ خۆیشی دەبێتە ڕابوردوو. بەردەوام پردێکی ئاوەڵا لە نێوان هەرسێ تافەکەدا هەیە. لەسەر ئەم پردەوەیە، مەعریفەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی دەگوێزرێتەوە.

ئامادە نەبوونی ڕۆشنبیریی لە ژیانی گەلاندا، کارەساتی وەک جەنگی ناوخۆ و ناڕەوا و جۆرەها کوێرەوەریی دەخاتەوە، کە لێدەرچوونیان ئەستەمە. چونکە گەلان دووچاری ئیفلیجی دەکەن و لە کاروانی مێژوو دایدەبڕن و دوای دەخەن.

ڕۆماننووسی خەڵکی پاراگوای (ئۆگستۆ ڕوا باستوس) دەڵێ: دیکتاتۆرییەت ڕەگیشە و هۆکاری خۆی هەیە. وەهای بۆ دەچم دیکتاتۆرییەتەکان دەرئەنجامی ڕەوشێکی پڕ لە کوێرەوەری و نەهامەتیی کۆیلایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیریی بن و لە ژیانی گەلاندا بنجیان داکوتابێ. کاتێکیش ئەو ڕەوشە بنج دادەکوتێ و درێژە دەکێشێ، دەبێتە شۆربایەکی گەرم بۆ سیستمە شموولییەکان. کار ئاوهایە لە ئەمریکای



لاتین، کە ئەمڕۆ بەقۆناغێکی ئابووریی کۆمەڵایەتی ترسناکدا ڕەتدەبێ و دەکرێ ناوی (کارەساتی کۆمەڵایەتی) لێ بنێم.

***

لەم سەردەمەدا، گەلێ جاران لە کۆڕە ئەدەبییەکاندا باسی تەنگژەی ڕۆشنبیریی دێتە ئاراوە. بەڵام داخۆ ڕۆشنبیریی بەتەنیا ئەدەب دەگرێتەوە، وەک لای ئێمە هەموو قورساییەکی خۆیان خستووەتە سەر؟ بێگومان نەخێر!.. ئەدەب بەشێکە لە دنیای فراوانی ڕۆشنبیریی. بەڵام لە لای خۆمان، لە قەدیم و نەدیمەوە، ئەم بەشەی ڕۆشنبیریی لەسەرخۆ گەشەی سەندووە، تا گەیشتووەتە ئەم تافەی ئێستەی. ئیدی وزەیەکی ناوەکیی بەهێز، کارێکی ئەوتۆی نەکردووە، لە ناخەوە جڤاکی کوردەواریی بهەژێنێ و کودەتایەکی تێدا بەرپا بێ. لەگەڵ خۆیدا فیکر و فەلسەفە و ڕوانینی نوێ بهێنێتە ئاراوە، جیاواز بێ لەوانەی، کە پێشتر جێگەی بڕوابوون.

ڕەنگە گرنگترین بیرۆکەیەک، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هاتبێتە نێو کوردانەوە و بووبێ بەخولیای مرۆڤی هوشیار، خولیای (سەربەخۆیی)بێ. خولیای بەدەستهێنانی دەسەڵات بێ، کە کورد مێژوویەکی دوورودرێژە لێی بێ بەشە. ئەگینا کۆمەڵگەی ئێمە گۆڕانکاریی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. کورد هەمیشە خاوەنی باوەپیارەی دڵڕەقی داگیرکەر بووە. داگیرکەری ڕۆژهەڵاتیی دواکەوتوو. بۆیە ستەمی سەر لایەنەکانی ژیانی وەک خۆی ماوەتەوە. هەڵچوون و داچوونی ڕیشەیی وەها نەهاتووەتە ئاراوە، چەمک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان بلەقێنێ و پەیوەندیی نوێ جێیان بگرێتەوە. ئێستاش بونیادی دەسەڵاتی ناوچەکە وەک ئەوسا خێڵەکییە. دێهاتەکان جووتیارنشین و شارەکان بەپیشەی دەستییەوە (حرفە) خەریکن. جووتیاری کورد لە باشوور لەسەر دواکەوتووترین شێوە لە هەموو دنیادا کشتوکاڵ بەرهەم دێنێ. تەنانەت

لەگەڵ شێوازی جووتیاری کوردستانی خۆرهەڵاتیشدا ئاسمان و ڕێسمانیان بەینە چ جای وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا. دیارە یەکێتیی خاک و پەرەسەندنی پیشەسازی و بازرگانی، ئازادبوون لە قەید و بەندەکان، ئەمانە هەموو، گەشەسەندنی هزر و ڕۆشنبیریی لەگەل خۆیاندا دێنن. ژیانی کۆمەڵایەتیش پەرەدەسێنێ و بەئاسانی فیکری نوێ و داهێنانی نوێ دەگەنە لامان. دیارە کورد هەزاران ساڵە خاوەنی دەسەڵاتی خۆی نەبووە. فەرمانڕەواکانی لەخۆی نەبوون. پارچەپارچە بوونیش لەولاوە بوەستێ، کە لەگەڵیدا کلتووریشی پارچەپارچە دەبێ و بگرە بووە بەژێر هەڵمەتی کلتووری داگیرکەرەوە. پەرتبوونی نەتەوەیش ڕێگە لە گەشەسەندنی ڕۆشنبیریی دەگرێ. کورد بەردەوام لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵە دەوڵەتێکدا بووە. کە زۆربەی دەرامەت و داهاتی خۆیان بۆ پڕچەککردن و سوپا و دەزگە نهێنییە سەرکوتکەرەکان تەرخان کردووە.

دەوڵەتانی بچووک و ناسەقامگیر و نەمەییوی وەک داگیرکەرانی کوردستان، کە لە ناوەوە کلۆرن و دوژمنیان چاویان تێبڕیون. ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیی وەریبگرین، لەچاو داهاتیاندا بودجەی بەرگری و سوپایان لە هی وڵاتە گەورەکان گەلێک پترە. ئەم دیاردەیە لە خۆیدا کارێکی کردووە، لە لای خودی نەتەوەی سەردەستیش ڕۆشنبیریی بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدرێ و دواکەوتووبێ.

لەلایەکی دیکەیشەوە، ئەگەر نەتەوەیەک خاوەنی فەلسەفە نەبووبێ، کە دایکی زانستەکانە، ئیدی چۆن چۆنی ڕۆشنبیریی تێیدا پەرەدەسێنێ؟.. جڤاکی کوردەواریی، کە ڕێژەی نەخوێندەوار تێیدا گەلێک بەرزە، بەهۆی ئەو دواکەوتنەوە، کە لە ئەنجامی چەوساندنەوەی هەمەلایەنەی داگیرکەرانەوە دووچاری بووە و بۆ هەزاران ساڵ درێژەی هەیە، هەست بەگرنگیی ڕۆڵی ڕۆشنبیر ناکا. ئامادەیی تێدا نییە دەستبەرداری کۆنی



ڕزیو ببێ و شوێن بیری نوێ بکەوێ و بڕوا بەئازادیی بیروڕا و دایەلۆگ و فرەدەنگی بهێنێ. قەدەری ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی وەها پاشڤەڕۆدا ئاوایە: تەمەن بەخەسارە و بەناچاری ڕێ دەکا، لە کاتێکدا خۆی هیچ بڕوایەکی بەو بنەما کۆنانە نەماوە و بنەمای دیکە لە ناخیدا جێگیرە. بۆیە هەرچەندە دەکۆشێ ناتوانێ پێشەوایەتی، یاخود ڕێنوێنییان بکا. ڕووناکبیری کۆمەڵگەی کوردستان، بەناچاریی خاوەنی دوو جیهانە. جیهانی دواکەوتووی جەماوەرەکە و جیهانی تایبەتیی خۆی. بۆیە لە ناخەوە هەست بەنامۆیی دەکات.

## قەیرانی ڕۆشنبیریی:

کە دەوترێ ڕۆشنبیریی لە تەنگژەدایە، یان دووچاری قەیران بووە، مانای وایە ڕەوتی ڕۆشنبیریی بەردەوامە و لە ئارادایە. بەڵام وەک پێویست بەرهەم نایەت و لە ئاستی سەردەمەکەدا نییە. هەر بەو پێیە خودی ڕۆشنبیریش وەک پێویست لە گۆڕەپانەکەدا ئامادەبوونی نییە.. تەنگژەی ڕۆشنبیریی، لە ڕیشەدا وابەستەی تەنگژەی سیاسییە. هەر کاتێ تەنگژە سیاسییەکان چڕبوونەوە. ئەوا قەیرانی ڕۆشنبیریش سەرهەڵدەدا. لێرەوە دەمەوێ هەندێ لە هۆکارەکانی ئەم تەنگژەیە بخەمەڕوو.

یەکەم:

دەزگەکانی ڕاگەیاندن، لە ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە، بەشێکن لەو کەناڵانەی ڕۆشنبیری پەرە پێدەدەن. بەڵام لە لای ئێمە بوونەتە دەزگەی ڕاگەیاندنی حزبەکان. ئەم دەزگەیانە مەودایەکی بەرتەسک و سنوورداریان هەیە. لە دوای ڕاپەڕینەوە بوونەتە ئەلتەرنەتیڤی گشت پرۆسەی ڕۆشنبیری و ئەمەیش لە خۆیدا دیاردەیەکی ترسناکە. کارکردن لەم کەناڵانەدا سنووردارە. لە نووسینی ڕاپۆرت، هەواڵ، وتاری سەرپێیی، ستوونی ڕۆژنامە، شیعری ڕۆژنامە و ڕۆژنامە چیرۆکدا خۆی دەبینێتەوە، کە هیچ

قوولبوونەوەیان تێدا نییە. ڕاگەیاندن داهێنەرانی جارانی لوول داوە و بڕستی لێبڕیون. مەودای بیرکردنەوەیانی بەرتەسک کردووە و ناهێڵێ پڕ بەمێشکی خۆیان بیر بکەنەوە. ڕۆژنامە کەناڵی هەواڵەکانە. لە ڕۆژنامەنووس دەخوازێ بەردەوام بەشوێن هەواڵەکانەوە بێ و هەواڵی نوێی سەرنجکێشی هەبێ. وەک ڕۆژنامەنووسێکی خۆرئاوایی دەڵێ: «ڕۆژنامە وەک مریشک دەڕوانێتە نووسەر و پەیامنێرەکان. حسابی ئەوەیان بۆ ناکات پار چەند هێلکەیان کردووە. گرنگ ئەوەیە ئەم هەفتەیە چەند هێلکە دەکەن؟!».

وەکی دی لە بونیادی حزبەکاندا ڕۆژنامە پێگەیەکی بێ هێزە. تەنانەت لە ئاستی سەرکردایەتیی لایەنەکاندا، کامەیان نەکردە بووە هاتوون ئەوەیان بەبەرپرسی ڕاگەیاندن دامەزراندووە. نووسەر لەم جۆرە شوێنانەدا ناتوانێ دەسەڵاتی خۆی پیادە بکا. بۆ نووسەر ڕاگەیاندن دەبێتە شوێنێکی چەپەک و توانا و وزەی دەمژێ. نووسەر کاتێ کەوتە یەکێک لەم دەزگەیانەوە، ئیدی دەبێتە فەرمانبەر و کۆمەڵێک پێشمەرجیان بەسەردا سەپاندووە. ئەو خواستی ئەوان جێبەجێ دەکا، نەک پرۆژەکانی خۆی. بۆ بژێویشی چاو لە دەستی لێپرسراوانە و هەمیشە دەبێ لە دوایانەوە بڕوا.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا، زۆرێک لە ڕووناکبیرانی ئەوسای عارەب، مەبەستیان بووە سەربەخۆیی ئابووریی خۆیان بپارێزن. بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر فشاری دەسەڵاتەوە، مووچەیان لە دەوڵەت وەرنەگرتووە. وەکوتر کاریشیان لە دەزگەکانیدا کردووە. هەندێ جار مەرجی تایبەتیی خۆیشیان سەپاندووە. هەر بۆ نموونە یەکێکی وەک ئیمام (ئەحمەد بن حەنبەل) مووچە و بەراتی لە دەوڵەت وەرنەگرتووە.

دووەم:

ئێمە لە سەردەمی جەنگی ناوخۆدا دەژین. لە هەر کوێش جەنگ



هەڵگیرسا، ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی لەو جێیە باردەکەن. لە سەروبەندی هاتنە سەرکاری نازییەکاندا، لە ئەڵمانیا، زۆرێک لە زانا و ڕۆشنبیرەکان ئاوارەبوون. لە دۆخی جەنگی نێوخۆی لوبناندا. نووسەران ڕەویان کرد. لێشیان کوژرا. تەنیا لە تافی ئاشتی و ئارامیدا زانست و فیکر پێشدەکەون و دیموکراسی بەرکەماڵ دەبێ. فەرهاد شاکەلی نووسیوێتی: بۆ ئەوەی فەرهەنگی گەلێک، نەتەوەیەک پێشبکەوێ و گەشە بکا، لە پێش هەموو شتێکی دیکەدا پێویستی بەئەتمۆسفێر و دەوروبەرێکە دیموکراسی و ئازادیی بیری تێدا چەسپاو بێ. ئەمە تەنیا ئازادیی ڕادەربڕین ناگرێتەوە. بگرە ئازادیی بڕیاردانیش. واتە بەڕێوەبردن و پلاندانان و نەخشەکێشانیش... لە هیچ بەشێکی کوردستاندا ئەم هەلومەرجە لە ئارادا نییە. تەنانەت لە ناوچە (جاران) ڕزگارکراوەکانی کوردستانیشدا نەبوو... هەرچۆنێک بێ، لە وڵاتێکدا جەنگی ناوخۆ لە ئارادابێ، ئەوا ڕۆشنبیری دەبێتە کەمالییات!!

سێیەم:

هەرەسهێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات ماوەیەکی ئەوەندەی لەگەڵ ڕاپەڕیندا بەین نەبوو. هەرەسهێنانی پرەکتیزەکردنی بیری سوسیالیزم، بەو شێوەیەی لە سۆڤیەت و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات پیادە کرا، بووە مایەی پشێویی فیکری و ئەوق بوون و سەراسیمەبوونی ژمارەیەک لەو ڕۆشنبیرانەی، بڕوایان بەو ڕێبازە هەبوو. هەموویانی دووچاری دۆشدامان و بەخۆدا چوونەوە کرد.. بەلای ئەو ڕۆشنبیرانەوە (هەرەس) کاری نەکردە بوو.. هەندێ، تاکو ئێستاش بەدوای ئەلتەرنەتیڤێکی بابەتیدا دەگەڕێن خۆیانی تێدا بدۆزنەوە.. هەندێ تووشی هەژانی فیکریی هاتوون و هێشتا نەهاتوونەتەوە سەرخۆ. بۆیە لە مەیدانەکەدا ئەو نموودەی جارانیان نەماوە. ئەوانە لە بەرهەمهێنانی (جدی) کەوتوون و بەکاری لاوەکییەوە خەریکن.

ئەم دۆخە بەتەنیا هەر کوردستانی باشووری نەگرتووەتەوە، بگرە دیاردەیەکی جیهانیی گشتگریشە.

چوارەم:

لە لای ئێمە (ڕۆشنبیر)ی سەربەخۆ و سەر بەئۆپۆزسیۆن ناتوانن پەیوەندیی بەجەماوەر و هەوادارانی خۆیانەوە ببەستن.. (کتێب) بەئاسانی نایەتە بەرهەم و خەرجیی زۆری دەوێ. ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان بەڕوویاندا داخراون. مەگەر جاروبار لە بۆنە تایبەتییەکاندا بەسەر بکرێنەوە. دەرکەوتن لە کەناڵەکاندا بەداهێنانەوە نەبەستراوەتەوە. وەک (ئەدوارد سەعید) دەڵێ: هۆیەکانی پەیوەندیی کاریگەر، کە دراوی (عملە) ڕۆشنبیرانن، لێیان فڕێندراوە و دەستیان بەسەردا گیراوە.

دوای ئەوەی پێنج ساڵان بەسەر ڕاپەڕیندا ڕەتبوو، ئەوجا لێرەو لەوێ گۆڤاری ڕۆشنبیریی سەریان هەڵدا. لە کاتێکدا لە شوێنان، بەهۆی پلانێکی پێنج ساڵەوە، کۆمەڵ لە بارێکی دواکەوتووەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتوو دەگوێزرێتەوە.

پێنجەم:

کاتی خۆی تێکۆشان بۆ دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی و بەرفراوان کردنی، هەروەها هەوڵدان بۆ کردنەوەی زانکۆ لە شارەکانی دیکەدا، تێکۆشان بوو دژ بەکۆلۆنیالکردنی ڕۆشنبیری و تەقەللا بوو، بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و نیشتمانی. ئەوا ئێستە ئێمە خاوەنی سێ زانکۆین!!.. لە گشت دنیادا بەرهەمی نوێ. توێژینەوەی نوێ، مێشککرد و دەستکردی مامۆستایانی زانکۆن . ئەدی کوا بەرهەمی زانکۆکانی کوردستان؟.. سەیرە، ئەم زانکۆیانەی ئێمە تەنانەت خاوەنی زمانحاڵی خۆشیان نین.. کامەیە گۆڤارەکانیان؟!.. کوا سەنتەری لێکۆڵینەوەیان؟ ئەگەر زانکۆ بەکاری خۆیەوە، کە لێکۆڵینەوەی زانستییە



خەریک بێ، ئەوا دەبێ هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی بەرامبەر بەم نیمچە دەسەڵاتانە هەبێ. لەو دیاردانە بکۆڵێتەوە، کە لە ئەنجامی ناکۆکیی نێوان هێزەکانەوە دێنە ئاراوە. وەکوتر، تاکو ئێستایش لە زانکۆکاندا لایەنی تیۆری بەسەرلایەنی پراکتیکدا زاڵە. لە کاتێکدا دەبوایە پەرە بەڕۆشنبیریی نیشتمانی بدەن، کەچی لە زانکۆ و پەیمانگەکان و خوارتریش، هەر ڕۆشنبیرییە کۆنەکەیە و زۆرجار بەکوردیش نەکراوە!

جگە لەمەیش وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا (هەوایی)یە و لەسەر بناغەی پێویستییەکانی ئەم قۆناغە و ئەم کۆمەڵگەیە ڕەنگی بۆ نەڕێژراوە. بەکورتی زانکۆ و پەیمانگەکان بێکارە بەرهەم دێنن.. دەبێ باسی ئەوەیش بکەین، ئەگەر ئامێری گەیاندنی زانست، لە باخچەی ساوایانەوە هەتا بەزانکۆ دەگا (مامۆستا) بێ، ئەوا ئەوانەی کارلەمستن مامۆستایان دووچاری گرێی کەمسەریی کردووە. چونکە لەژێر دەسەڵاتی ناڕۆشنبیردان. وەکوتر بەسێ مامۆستای دەرچووی زانکۆ مووچەکەیان هێندەی ئاسایشێکی نەخوێندەوارە!!.. مامۆستا بۆ خۆی زەوادی نییە بیخوات ئیدی زەوادی ڕۆشنبیریی لە کوێ بوو؟ ئەی پرۆگرامیان کوا هەتا بیگەیێنن؟.. ماڵ ناتوانێ ڕووناکبیریی بەرهەم بێنێ. قوتابخانە کەلاوەیە، تەنانەت کتێبی خوێندنی نییە، مەگەر ئەو چەردەیەی جاروبار ڕژێم بەخێری خۆی دەیانداتێ. دەروونی مامۆستایش هەر کەلاوەیە. کۆمەڵیش؛ خێسە لە ڕۆشنبیریی دەکا.

شەشەم:

وەک باسمان کرد لە هەر بوارێکدابێ، ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە، بەرهەمی نوێی هەیە، دەیخاتە پاڵ ئەوەی، کە پێشتر هەبووە. جا ئەو بوارە ئەدەب، هونەر یاخود زانستەکان بێ. بەڵام لە نێوان ئەم دەستە و تاقمانەدا لێک تێگەیشتن و نزیکبوونەوەی ڕووحی نییە. وەک هەر دەستەیە و دان

بەرەنجی دەستەکەی دیکەدا نەنێ وەهایە. بۆیە بەدەگمەن پێکەوە کۆ دەبنەوە. کوا ناسیاوی و پەیوەندیی لە نێوان نوژدارێکی هەڵکەوتوو، شاعیرێک، چیرۆکنووسێکی هەڵکەوتووی تەنانەت دانیشتووی یەک شاریشدا هەیە؟ داخۆ پسپۆڕێکی هەڵکەوتووی نەشتەرگەریی، لە بەرهەمی شاعیرێکی هەڵکەوتووی سەردەمەکەی بەئاگایە و دەیناسێ؟. باوەڕ ناکەم، مەگەر لە سەرەمەرگدا و لەسەر مێزی نەشتەرگەریی!!

حەوتەم:

ئەگەرچی لە پارێزگەی سلێمانیدا نزیکەی (١٦) تیپی شانۆ هەیە. کەچی لە دوای ڕاپەڕینەوە، بەهەموویان دەقێکی خۆماڵیی ماقووڵیان پێشکەش نەکردووە، دەربڕین بێ لەم ڕەوشە نوێیە. یان (بیانی) بێت و خزمایەتیی لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێیەدا هەبێ.. هەموو ئەوانەی پیشاندراون. بێجگە لە بەرهەمەکانی (فوئاد مەجید میسری)، یان پووچگەرایی بوون، کە هەموومان چاک دەیزانین شانۆی پووچگەرایی (المسرح العبثي)، بەر لە ڕاپەڕین دەوڵەت دەستی بەپشتدا دەدا و هانی دەدا. یان گاڵتەجاڕ (تەریج) بوون و بەناوی (کۆمیدیا)وە پێشکەش کراون. ئەم دیاردەیەش بووەتە مایەی ناوزڕاندنی شانۆ و ئەکتەر و دەرهێنەر پێکەوە. تەنانەت (تەریج) لە تەلەڤزیۆنەکانی کوردستانەوە کارێکی کرد بینەری ئاسایی، شانۆ بە(گاڵتەجاڕ) و ئەکتەر بە(لێبووک) بزانێ!!

لە لایەکی دیکەوە، ئەم بارودۆخە نوێیە (دیموکراسی ڕۆشنبیریی) لەگەڵ خۆیدا بەدیاری بۆ نەهێناین. بەو مانایەی لەلایەن حزبەکانەوە، بەبێ جیاوازیی هاوکاری و پشتگیریی خاوەن بەهرەکان بکرێ. بۆیە دەڵێم: (لەلایەن حزبەکانەوە) چونکە لەم باشوورە، ئابووری، ئابووریی حزبە نەک هی دەوڵەت. وەزارەتی ڕۆشنبیریی (کابینەی سلێمانی)، ئەگەر بەنیازی



چاپکردن، هەر بەرهەمێکی بەرەوڕوو بکرێتەوە دەبێ لەپێشدا و لە پشتی وەزارەتەوە، ڕهانەی لای وشکە کادیرێکی حزبی جەدانۆف مەشرەبی بکا و ئەو بڕیاری لەسەر بدا، دەنا چاپ ناکرێ. لە کاتێکدا ئەم هەڤاڵە نەک هەر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، بگرە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکوومەتیدا فەرمانبەر نییە. سانسۆرێکی حزبی ڕووتە و هیچی تر. داخۆ سانسۆری لەم تەرح و بیچمە لە هیچ قوژبنێکی ئەم جیهانەدا ماوە؟

لێرەوە، شانۆ و نواندن و بەرهەمەکانی وەک فیلمی تەلەڤزیۆن، بەو توانا کەمەیشەوە، کەوتنە دەست ئەوانەی هەواداری حزبە گەورەکانن. نەک هونەرمەندە گەورەکان و خاوەن بەهرەکان بەگشتی و بەبێ جیاوازیی. ئەوانیش، کە توانایان خرایە بەردەست، نەیانتوانی ڕامان و تێفکرین لە لای جەماوەر بهێننە ئاراوە. توێژی ڕۆشنبیریش بەقێزوبێزەوە بۆ ئەو بەرهەمانەی ڕوانیوە. چونکە کەسێ ڕووناکبیر بێ، جیاوازیی لە نێوان (تەریج) و کۆمیدیادا دەکا. هەر وەک دەتوانێ شانۆ و فیلمی پڕوپاگەندە و بانگەشە، لە شانۆ و فیلمی بەئامانج و مانادار لێک هەڵاوێرێ.

لە پارێزگەی سلێمانیدا (وەک نموونە بۆ پارێزگەکانی دی) بەر لە ئەنفال و ڕاگوێزان، پێنج سینەما هەبوو. دوای ئەو کارەساتانە مانەوە سەر سێ سینەما. باشە لە دوای ڕاپەڕینەوە چەند هۆڵی شانۆ و سینەما زیادیان کردووە؟.. دیارە شانۆ و سینەما دوو هونەری جەماوەرین و کاریگەرییان هێجگار زۆرە. دەبوو ئێستا شانۆ و سینەمای گەڕۆکمان هەبووایە، تاکو بگەنە شارۆچکە و دێهاتەکان. دەبوایە پێشانگەی شێوەکار لە شارۆچکەکانیش بکرایەتەوە. ئەو چەردە چالاکییەی، کە هەیە، قورساییەکەی کەوتووەتە سەر شاری سلێمانی، هەولێر، دهۆک. وەک بڵێی: ئێمە دووگەلی جیاوازین. گەلێک لە دەستەبژێری شاران و (نخبە) گەلێک لە (جووتیار)، کە لەیەک ناگەین و بەیەک نامۆین!.. لێرەوە

کێشەکە لە ڕۆشنبیرییەوە دەبێتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی. دەبووایە ئەم بارودۆخە نوێیە، لە ڕووی شارستانییەوە شار و گوندی لێک نزیک بکردایەتەوە. نەیهێشتایە وەک جاران ئەو بۆشاییە زۆرەیان لە نێواندا بێ. هەموو دەزانین دەستەچیلەی جەنگی پارتیزانی جووتیاران بوون. ئەوان لە هەموو چین و توێژێکی دی زیاتر زیانیان پێکەوت.. شانۆ و سینەمای گەڕۆک دەیانتوانی ڕۆڵێکی بەرچاو لە هوشیاری و نزیک خستنەوەی شار و لادێدا بگێڕن. پێویستە باوەڕمان بەلامەرکەزیی ڕۆشنبیری هەبێ. بەو مانایەی شارۆچکە و گوندەکان گرنگییان پێ بدرێ و لە بیر نەچنەوە، تاکو بەهرەکان لە هەر کوێ بن بگەشێنەوە و پێشبکەون. لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆکەوە گیانیان بەبەردا بکرێ و ئاراستە و هاوکاری بکرێن تاکو لەم دووفاقییە ڕۆشنبیرییەی نێوان شارستان و دێهات ڕزگارمان بێ. کوردی باشوور پێویستیی بەڕۆشنبیریی جەماوەری ڕاستەقینە هەیە. ئەو هەوڵە سەرکەوتووەی، کە بەری ڕەنجی نووسەری فرەنسایی (ئەندریە مالرۆ)بوو. ئەو سەردەمەی لە حکوومەتەکەی (دیگۆل)دا، وەزیری ڕۆشنبیریی بوو. مالرۆ، لە سەرانسەی فەرەنسادا چەندین مەڵبەندی ڕووناکبیریی وەک مەڵبەندی دراما و شانۆی نەتەوەیی، لە ژێر دروشمی لامەرکەزیی ڕۆشنبیریدا کردەوە. پاشان ئەم دیاردە ڕووناکبیرییە لە زۆر وڵاتانی دنیادا پەیڕەوکرا.

لە لای خۆمان هەر کە باس لە مەسەلەی ڕووناکبیریی کرا، ئیدی زەینمان بۆ لای چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکانی هەر سێ شاری، سلێمانی، هەولێر و دهۆک دەچێت و خێرا بیرمان لە دەوری گۆڤارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان و کۆڕ و سیمینار گرێدان و کردنەوەی پیشانگەی شێوەکار دەئالێ .. دیارە باشوور گەلێ لەو سێ شارە فراوانترە. هەروەک ڕۆشنبیریش زاراوەیەکی گشتگرە و لە شیعر و چیرۆک بەرینترە. هەموو لایەک دەزانن و بەنازناوەکانیشیاندا دیارە، کە زۆربەی خاوەن بەهرەکان،



لە گوند و شارۆچکەکانەوە هاتوون و لە شارە گەورەکاندا نیشتەجێ بوون. لێرەوە پەرەیان بەتوانای خۆیان داوە، چونکە تاکو نهۆ تەنیا لە شارە گەورەکاندا توانای چاپ و بڵاوکردنەوە و نواندنی چالاکی هەمەجۆر دەڕەخسێ. دێهات و شارۆچکەکان (بێجگە لە ئاکرێ) وەلانراون و پشتگوێ خراون. لە کاتێکدا سەما و گۆرانیی ڕەسەن، گۆرانییەکانی کار، سرووتەکان، نەخش و نیگار، دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەیان دێهاتە.. دەکرێ بپرسین، داخۆ لە دێهاتەکان، یان لانی کەم لە شارۆچکەکانی وەک: شەقڵاوە، سەڵاحەدین، ڕواندز، کۆیە، ڕانیە، هەڵەبجە، کەلار، دەربەندیخان، سۆران... هتد، هەست بەبۆشاییەکی ڕووناکبیریی بەرفرە ناکرێ؟! لە سەرەتای ڕاپەڕیندا، دەستەی کاتیی (یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لقی سلێمانی)، چەندین جار چالاکییەکانی خۆی بۆ پێنجوێن، قەڵادزێ، ڕانیە، چەمچەماڵ و (کەپرەکانی ماوەت) گواستەوە. وەک لە ئاسمانەوە دابەزیبن، ئەو خەڵکە بەپەرۆشییەکی لە ڕادەبەدەر پێشوازییان لێ دەکردن.. کاتی ئەوە هاتووە پەرە بەو هونەرەیش بدرێ، کە تایبەتە بەهەندێ ناوچە و لە پووکاندنەوە و فەوتاندن ڕزگار بکرێن. وەک هونەری ناوچەی هەورامان، کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و مەڵبەندی ئاواز و گۆرانیی تایبەت و گەلێ ناوازەیە و ڕیشەیەکی مێژوویی کۆنی هەیە و لەبەر دوورەدەستیی دەڤەری هەورامان لە مەڵبەندەکانی دەسەڵاتی داگیرکەرانەوە، مۆرکی نەتەوایەتیی خۆی تاڕادەیەکی زۆر پاراستووە..

هەشتەم:

ڕاپەڕین ڕەوشێکی نوێی هێنایە ئاراوە، کە زۆر جیاوازە لە سەردەمی پێشوو. هەموو هەڵچوون و بزاڤێکی نوێ، هەموو پێچ کردنەوەیەکی مێژوویی گرنگ، پێویستی بەزمانێکی نوێش بۆ گوزارشت هەیە. بەڵام زۆر نووسەر و هونەرمەند هەن، بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕەوشە نوێیەدا، هێشتا

ئەو زمانە نوێیەیان بۆ نەدۆزراوەتەوە. ئەوەشی ئەم زمانە نوێیە نەدۆزێتەوە دەکەوێتە تاریکییەوە و ئیدی هەڵناسێتەوە. لێرەوە دەتوانم بڵێم: زۆر نووسەر دەکەونە کەنارەوە و وشک دەکەن و چک دەبن. هەروەک زۆر سیاسەتوان، بەهاتنی ئەم دۆخە نوێیە ئەستێرەی بەختیان کشا و بەردەوام هەر سیاسەتوانە و پەکی دەکەوێ و بەجێدەمێنێ. ناوی هیچ سیاسەتوانێک ناهێنم، بەڵام پەسند وایە سەبارەت بەئەدیب و پێچکردنەوەی مێژوویی نموونەیەکی بەرچاو بهێنمەوە.. دیارە هەموومان لە توانا و بەهرەی نووسەری عارەب (نەجیب مەحفوز) دڵنیاین. دەسا ئەو نووسەرە گەورەیە، بەدوای بەرپابوونی شۆڕشی نوێی میسردا (٢٣ی یۆلیۆ)، بۆ ماوەی پێنج ساڵی ڕەبەق هیچی بۆ نەنووسرا.

**ئەنجام:**

ڕۆشنبیریی، یاخود ڕووناکبیریی، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە گوزارشت لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵ، لە هەموو ڕوویەکەوە دەکا. هەر کۆمەڵگەیەک، چەند سەرەتاییش بێ، هێشتا هەر خاوەنی ڕۆشنبیریی خۆیەتی، لە ئەفسانە، سرووت، لە ڕێوڕەسم و گۆرانی و نەخش و نیگار و ئەدەبی زارەکی و پۆشاک و هەڵسوکەوتیاندا خۆی دەنوێنێ. هەتا دەگاتە جڤاکیی ئەم سەردەمەی، کە تێیدا ڕۆشنبیریی بۆ تەکنۆلۆجیا دەگۆڕێ و جێ پەنجەی بەزەقیی دیارە و گوزەرانی خەڵکی خۆش دەکا. ئەم زاراوەیە لەگەڵ (ژیار)دا، واتە شارستانییەت، هاوواتایە.. جووتیاری گوندێکی پەڕگەی ئەم دەڤەرە، کە سەعاتی لە دەستە و ترەکتۆر داژووێ، ئەوە مانای وایە دەیەوێ بەرنامە بۆ کاری ڕۆژانەی خۆی دابڕێژێ. مامەڵەیش لەگەڵ تەکنۆلۆجیادا دەکا، کە بەرهەمی ڕۆشنبیرییە. بۆیە ئەم جووتیارە با خۆیشی کەسێکی ڕۆشنبیر نەبێ، بەڵام مامەڵە لەتەک بەرهەمەکانیدا دەکا.. خودی (ڕۆشنبیر)یش کەسێکی دیاری ناو کۆمەڵە و ویژدانی زیندوویەتی. دەبێتە



پارێزەرێکی وریا و بەرگری لە مافەکان و دیموکراسی دەکا. لەگەڵ بەرەوپێشچووندایە و هەردەم لەگەڵ دژەڕۆشنبیردا ناکۆکە، کە دەیەوێ چەق بەکۆمەڵ ببەستێ. کورد لە کۆنەوە بەڕۆشنبیری خۆی وتووە: (زانا – عالم)، کە لە حوجرەکانەوە سەریان هەڵداوە، کەچی بوونەتە ویژدانی ئەو سەردەمەی خۆیان، وەک خانی و حاجی قادر.. چی لە دڵ و ویژدانی میللەتدا هەبووە، ئەوان لە قاڵبێکی باڵادا و بەزمانێکی هونەریی دایانڕشتووە.. ڕۆشنبیر، بەکەسێکی خاوەن بەرهەم دەوترێ. بەمەرجێک بەرهەمەکەی نوێ بێ و ڕشتەکەی پێ دەوڵەمەند بکا. بەکەسێ دەوترێ سەری لە ژیان و دنیا دەربچێ. مەرج نییە هەموو خاوەن بڕوانامەیەک ڕۆشنبیر بێ. لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا بەڕۆشنبیر وتراوە: (منەوەر).. ئەو منەوەرانەی سەردەمی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، خاوەنی دەنگی خۆیان بوون. ڕای بێ پێچ و پەنایان لەسەر شۆڕش و باری کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە هەبوو. بەرهەمەکانیان بەزیندوویی ماونەتەوە و بایەخی مێژوویی و هونەریی زۆریان هەیە و بوونەتە سەرچاوە بۆ تێگەیشتن لەو ڕۆژگارە.

کورد هەزاران ساڵە داگیرکراوە. پاشان پارچەپارچەیش کراوە. لە دۆخێکدایە، ڕۆشنبیرانی پارچەیەکی هی پارچەکانی دیکە ناناسن. ناتوانن پێکەوە کۆببنەوەو ڕاوێژ بکەن. داگیرکەران هەمیشە ویستوویانە زمانی کوردی، لە بەرچاوی خودی کورد سووک بکەن. کارێکیان کردووە کورد بێزی لە مێژوو و کلتووری خۆی ببێتەوە. زمانی داگیرکەر بەباڵا و گونجاو بزانێ و پێی بنووسێ. بۆیە بەکوردی نووسین درەنگ سەری هەڵداوە.. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووناکبیری شۆڕشگێڕ، بۆ هەڵسانەوە و سەرهەڵدان هەر گاڤ سەری ڕم بوون. لە سەروبەندی عوسمانیدا، ئەو ڕۆشنبیرانەی لە چوارقوڕنەی کوردستانەوە بۆ ئەستەمبوڵ دوور دەخرانەوە، لەوێ (یانەی کوردان)یان دامەزراند و (تەرەقی و تەعاون)یان پێکهێنا و (کوردستان بۆ کورد)یان کردە دروشمی خۆیان. کەسێکی وەک: (میقداد مەدحەت

بەدرخان) لە غەریبی ڕۆژنامەی کوردستانی چاپ و بڵاوکردەوە.

لەم سەردەمەدا؛ جەنگی ناوخۆ بواری نەدا ڕۆشنبیریی پێشبکەوێ. جەنگ خولیا و خەیاڵ و بودجەی ئەم هەرێمەی داگیرکرد و بۆ خۆی بردووە. ئێمەی لەم سەردەمەدا ئابلووقەدراوی بێ (پۆستە)، ئێستا لە ناوچەیەکی چەپەکی دووره شارستانیدا دەژین، کە بەئاستەم پێوەندیی لەگەڵ دنیادا ماوە، کتێب و گۆڤارە بیانییەکان ڕووی تێناکەن. ئاگامان لە ڕەوتی نەوەستاوی ڕۆشنبیریی دنیا براوە، لە دەرەوەیش جۆگەلەی تێنارژێ.. بەڵام کە دەڵێین قەیران و تەنگژە لە ئارادایە، مانای وایە ژیان هەیە. ئەگەر ژیان نەبێ ئەوسا تەنگژە نابێ. ئەوەندە هەیە پێویستیمان بەگفتوگۆ و چارەسەرە.

پێویستیمان بەکەسانی دڵسۆزە، تاکو بەدەنگ ڕەوشەکەوەبێن و چارێکی بۆ بدۆزنەوە. ڕاستە هەندێک لەو هۆکارانەی ورووژاندمن لەسەروو توانا و تاقەتی ڕووناکبیرانەوەن و ئەوان لێیان بەرپرسیار نین. بەڵام هەندێ لەو هۆکارانەیش، کە قەیرانەکانیان دروست کردووە، ڕۆشنبیران خۆیان لێی بەرپرسیارن. دیارە هەر وەک ڕووناکبیر هەیە تاریکبیریش هەیە. بەڵام ئەمەیان بابەتێکی دیکەی دەرفەتێکی کەیە.

سەرچاوەکان:


١- الثقافة الوطنية في لبنان على خط المواجهة، اتحاد الكتاب اللبنانيين، ط١- بيروت، ١٩٧٩.

٢- الثقافتان الادبية والعلمية، سي. پي، سنو، ترجمة: د. صالح جواد كاظم،بغداد، ١٩٨٢.

٣- تأملات في الثقافة، الفريد فرج، بغداد، ١٩٨٢.

٤- المنار، العدد، (٢٧). ايار ١٩٨٧، محور خاص بالمثقف والسلطة.

٥- الموقف الادبي، العدد، (٢٨٢)، ١٩٩٤، عروض الثقافة الجديدة.

٦- الشرق الاوسط، العددان. (٦٥٠٣ ، ٦٥٣٣ ) لسنة ١٩٩٦.





٧- السفير. ٦-١١-١٩٩٣-، أمتان وعقلان، محي الدين صبحي.

٨- الثقافة الجديدة، العددان: (٢٥٦، ٢٥٩ ) دراسات بقلم: محمود صبري، أدوارد سعيد، رضا الظاهر.

٩- بەربانگ، ژمارە: (٦٨ )، ساڵی، (٩ )، ١٩٩٠-

١٠- بڕوانە: تأملات في الثقافة، الفريد فرج.

# شیعری سڕ و شیعری بەئاگا

میزۆپۆتامیا، کە بەشێکی زۆری کوردستانیش دەگرێتەوە، لانکەی هونەر و ئەدەبە. بۆ یەکەم جار لێرەوە، لە لای سۆمەرییەکانەوە مێژوو کەوتە ڕێ و نووسین داهات. لەو ملیۆنە تابلۆیەی تاکو ئێستا دۆزراونەتەوە، سێ تا چوار هەزاری بریتین لە دەقی ئەدەبیی شیعر و حیکایەت و داستان و دروود و نزا بۆ خواوەندەکان. دیارە ئەم تابلۆ دۆزراوانە هەموو هونەر و ئەدەبی دۆڵی میزۆپۆتامیا نین. چونکە پشکنینی ئەرکۆلۆجی، لەبەر زۆر هۆ، هەموو کوردستانی نەگرتووەتەوە.. کێ دەڵێ هەزاران تابلۆی دیکەیش لە بن خاکدا جێنەماون و لە ناویاندا دەیان ئەفسانە و داستانی دیکە نادۆزرێنەوە؟

لەو سەردەمانەدا، سۆمەریی، ئەکادی، بابلی و ئاشووری.. هەموو لایەکیان دەقەکانیان بەشیعر نووسیوە. پەیدابوونی شیعریش بەپەیدابوونی گۆرانی و سروودەکانەوە وابەستەیە، چونکە بێجگە لە گۆرانی سروودەکانیش بەشیعری پەخشان ئامێز (الشعر المرسل) نووسراون. وشەی (شیعر)، کە هەندێ بەهەڵە بەعارەبیی دەزانن، لە زۆربەی زمانەکانی ئەم ناوچەیەدا هەبووە. بەو ژانرە گوتراوە، کە بۆ گۆرانی ئامادە کراوە. وشەکەیش لە بناغەدا بۆ (شیرو)ی بابلی و (شیر)ی عیبری و (شور)ی ئارامی و (سر)ی سۆمەری دەگەڕێتەوە. سروودی سروودەکان، کە دەدرێتە پاڵ (سلێمان)، لە تەوراتدا وەک: (شیر، هشیر) هاتووە.[١] ئەوەندە هەیە عارەبەکان هاتوون لە ناوەڕاستدا (عەین)ێکیان بۆ زیاد کردووە و بووە بە(شیعر).

دەستووری ئێستا، لە ئەدەبی میزۆپۆتامیای کۆندا (قافیە، سەروا) لە مەرجە بنەڕەتییەکانی شیعر نەبووە. زۆر شیعری جیهانی هەبوون گوێیان



بەسەروا نەداوە. وەک شیعری یۆنانی و عیبرانی و لاتینی.[٢] بەو حسابەی تەمەنی شیعر لەم ناوچەیەدا بۆ چوار هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، دەبوایە کورد لەم بوارەدا ڕابەر بووایە و پێشی هەموو دنیای بدایەتەوە، کەچی وا نەکەوتووەتەوە. دیارە سۆمەر و ئەکاد و ئاشوور هیچ کامیان عارەب نەبوون، هەر وەک کوردیش نەبوون. بەڵام مادام شارستانێتییەکانیان لەسەر ئەم خاک و بوومە سەریان هەڵداوە و لەبەین چوون. مادام ئێستا ئاسەوارەکانیان لە بن خاکی ئێمەدان، بۆمان هەیە خۆمان بەخاوەنیان بزانین و میراتگریان بین.

ئەوەی لە دوایان بەجێماوە، وەک کەلەپوور سەیر دەکرێ و ناوی داهێنەرەکانیان لەسەر نییە. هەندێ جاران ناوی ئەو کەسانەی پێوەیە، کە وەک (کاتب) بەنووسینی بزماریی دەقەکانیان نووسیوەتەوە. ئەوەندە هەیە (ئەنخدوانا)ی کچی سەرجۆنی ئەکادی کۆنترین کەسێتیی ئەدەبییە لە مێژوودا. ئەمەش بەهۆی ئەو (دروود)انەوەیە، کە بۆ خواوەند (ئەنانا)ی سۆمەریی نووسیون.. بەڵێ ئەمە کۆنترین دەقە تاکو ئێستا دۆزرابێتەوە و بەناوی نووسەرەکەیەوە تۆماربێ. نووسەرەکەیش مێیینەیە![٣]

ئەو سەردەمە دەقی شیعر، یان داستان و درووەدەکان، لە سەرەتای ساڵ (سەرەتای نیسان) و لە نێو پەرستگەکاندا، لە بەردەم جەماوەرێکی بەرفرەدا خوێندراوەتەوە و خەڵک بەرێزەوە گوێدێری بوون. کاتێ شیعر لەگەڵ (ڕۆمان)دا بەراورد دەکەی، تێدەگەی شیعر پێویستیی زیاتری بەبەشداریی گوێدێر هەیە. دەبێ شێوەی خوێندنەوەی شیعرێک، وەک بەشداریی بێ لە گەڕی سەما و کەشی سرووتێکی هزری و ئاینیدا. ئەگەر بمانەوێ وێنەو ڕەزم و کێشی شیعرەکە (ئەگەر کێشدار بێ) کارمان تێبکا، پێویستە هەستی ئێمەی خوێنەریش، لە بەرامبەر هەستە ورووژاوەکانی شاعیردا، بەشدار بێ. تاکو بتوانین بەتەواویی بچینە ئەتمۆسفێری

شیعرەکەوە. هەتا زیاتر بەشداریی بکەین، ئەوا زیاتریش چێژ لە شیعرەکە وەردەگرین.[٤] بۆیە خوێنەری شیعری دووتوێی دیوان و گۆڤارەکان ئەو بەشدارییە گەرم و گوڕەی شیعر ناکەن. سوودیش لە توخمە پێکهێنەرەکانی شیعر وەرناگرن. بگرە پێوەندییەکی ساردوسڕ دەکەوێتە نێوانیانەوە. پەیوەندییەکە ناگاتە ئاستی بەشداریی ڕۆحی و ویژدانی.

لەو سەردەمانەدا، کە شیعر لە شانۆدا دەخرایە کار پێوەندییەکی توند و تۆڵی لە نێوان ئەو ئەکتەرانەدا کە دەقەکەیان دەنواند و لەنێو جەماوەری گوێگری ئامادەی شانۆییەکەدا دەڕەخسا. وەلێ ئەمڕۆ شانۆی بەشیعر نووسراو ئەو گرنگییەی جارانی پێ نادرێ. داهێنەرانی شانۆ لای لێناکەنەوە. ئەگەر لاشیان لێکردەوە. شێوازە شیعرییەکەی تێکدەشکێنن و وەک پەخشان پێشکەشی بینەری دەکەن.. ئەی کەواتە چۆن دەتوانین ئەمڕۆ ئەو بەشدارییە، لە نێوان شاعیرو گوێگردا بێنینە ئاراوە؟

خۆ ناکرێ بۆ هەموو شیعرێک بچینە سەردانی شاعیرەکە و داوای لێ بکەین بەدەنگی خۆی و لە ئەتمۆسفێرێکی تایبەتدا بۆمان بخوێنێتەوە. ئێ شیعریش ژانرێکە زیاد لە هەموو ژانرەکانی دیکەی ئەدەب مامەڵە لەگەڵ هەست و سۆزدا دەکات و لە ناخەوە دەیانجوولێنێ و بەئاگایان دێنێ.. باشترین مامەڵەیەک بۆ نزیک خستنەوەی شیعر لە گوێگرەوە ئەوەیە بیکەی بەگۆرانی. شیعر بۆ خۆی مۆزیکی تێدایە. ئەگەر بێتو چەند ئامێرێکی مۆزیک هاوکاریی لەگەڵدا بکا و بەدەنگێکی بەجۆش ئەدابکرێ. ئەوا جۆشی مۆزیک تیایدا بەرزدەبێتەوە. شیعر خۆی ئاوازی هەیە و ئەگەر مۆزیکزانێکیش هات ئاوازێکی پڕ بەپێستی بۆ دانا، ئەوسا کاریگەریی لەسەر گوێگر پتردەبێ. دیارە ئەگەر گۆرانییەکە سیناریۆی بۆ چێکراو وێنەگیرا و لە تەلەڤزیۆنیەوە پیشان درا؛ ئەوە مانای ئەوەیە هونەرێکی دیکەیشی هاتەپاڵ و وێنە ڕەنگییە بزۆزەکان، شیعر و



گۆرانییەکە بەرجەستە پێشان دەدەن. جوانی شوێن و دیکۆر و توانای ئامێرەکانی مۆزیک و خرۆشی گۆرانیبێژ دەچنە پاڵ شیعرەکە و زیاتر بەئاهەنگی دەکەن. لەم دۆخە نوێیەدا گۆرانی بێژ لە بریی شاعیر ئامادەبوونی هەیە و ئەوە، کە شیعرەکە بەدەنگ و ئاوازەوە ئەدا دەکا.. تەواو پێچەوانەی دەقی نێو دیوانە شیعرەکە . دیوانی تۆز لێ نیشتوو، کە بریتییە لە دەقی سڕبووی بێ جووڵە و بێ گیان.

بەم پێیە گوێگرتن لە گۆرانیبێژ، کە ڕووی لە (تۆ)یە و بەردەوام بۆ خۆشی لە جۆش و خرۆش و جووڵەدایە و شیعرەکەت بەزیندوویی پێشکەش دەکا. تۆش بەهەست و ڕامان و چوونە ناو جیهانە ئەفسانەییەکەیەوە گوێی بۆ شل دەکەی. هەم بەشداری و هەم چێژی لێ دەبینی. بەڵام دەقی نێو کتێب و گۆڤار ڕووی دەمیان لە(تۆ) نییە.. بۆیە ئەو شیعرانەی دەکرێنە گۆرانی و ئۆپەرێت، بەزیندوویی دەمێننەوە، هەمیشە بەگوێی جەماوەر ئاشنان و نووستن و سڕبوون بەخۆیانەوە نابینن.

ژێدەر:

١- طه باقر، ملحمة گلگامش، ص ١١.

٢- طه باقر، مقدمة في أدب العراق القديم، ص ٥٦.

٣- الثقافة الأجنبية، العدد ٢٦٥.

٤- الثقافة الأجنبية، العدد (٢) ١٩٨٢.

## شیعر له بەتاڵی باشترە!

مەلا فەتحوڵڵایەک هەبوو، لەو دەشتە دەژیا. هەموو جارێ دەیوت: «سا وەڵڵاهی شیعر لە ماشێنە فڕکردن ئاسانترە!» ڕۆژێکیان پێیان وت: «کە ئەوەندە ئاسانە، ئادەی شیعرێکمان بۆ بڵێ؟» مەلا لێفەیەکی ئەستووری بەسەرخۆدا دا و قەدەرێک لە ژێریدا گینگڵی دا و پاشان هاتە دەرێ ئەم شیعرەی وت:

شترە تەماتەی سەر پەینانێ
جووت جووت دەگرن باینجانێ

کوڕوکاڵ وتیان: «ئاخر زەمانە! شەتڵە تەماتە چۆن باینجان دەگرێ؟!.. وەڵڵا مەلا ئەوە شیعر نییە!» مەلا وتی: «چ قەیدی ئەم جارەیان دوو لێفەم پێدادەن؟» ئەمجارەیان مەلا دوو سەعاتان لەبن دوو لێفاندا مایەوە، پاشان لەبن لێفان دەرهات وتی: «بۆم هات، ئەمجارەیان شیعرێکی دڵداریم بۆ هات!!» کوڕوکاڵیش وتیان: «دەبیلێ، لەسەر چی وەستاوی؟!» مەلا دەستی نایە بناگوێی و وتی:

چاوم کەوتە لاقانی
درم چووە ماستاوێ

ئەوانیش پێکەوە وتیان: «وەڵڵا مەلا ئەمە هەر فڕی بەسەر شیعرەوە نییە!!»

**

سەردەمێ بوو شیعر نووسینیش پێویستی بەتوێشوو هەبوو. پێویستی بەزەوینەیەکی بەرفراوان زانیاری سەبارەت بەرهەمی شاعیرانی پێشتر هەبوو. پێویستی بەشارەزایی (کێش)ە شیعرییەکانی خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی هەبوو.. دەبووایە شاعیر ئازووخەیەکی زۆری لە



جواناسی و ڕەوانبێژیی پێبووایە. بیتوانیایە بێ پەروا لە دەریای مانا و کورتبڕی و هونەرەکانی وێنەی شیعریدا مەلەوان و غەوواس بێ و لە قووڵاییدا لە دووی مرواریی شیعر بگەڕێ. دەبووایە فەرهەنگێک (قاموس) زاراوەی تایبەت بەهونەری شیعر بزانێ و بەتەواوی چووبێتە بنج و بناوانیان و بتوانێ بەڕەوانی لە شیعری خۆیدا بەرجەستەیان بکا.

شاعیرانی کلاسیک، جگە لە زمانی زگماکی خۆیان، هەر هیچ نەبێ، عارەبی و فارسییان بەباشی زانیوە و هەیان بووە لەپاڵ کوردیدا بەو زمانانەش شیعریان نووسیوە. کەچی شاعیری سەردەم نەک زمانی کوردی، بگرە شارەزای ئەو دیالێکتە چکۆلەیەش نییە کە خۆی پێی دەدوێ.. خۆ کاری کورتە شیعرێک بەمشتێ وشە ڕایی دەبێ و کەمتر حەوەجەی بەپەند و ئیدیۆم و قسەی نەستەق هەیە. بۆیە شاعیر بەهەر چنگەکرێیەک بووە دەتوانێ ئەو چەردە وشەیە پێکەوە بلکێنێ و کاری خۆی مەیسەر بکا!!

شاعیری ئەوسا، دەبووایە قافییەی سواربووایە، مۆزیکی شیعری سازبووایە. بەڵام شاعیری ئێستا، کە پشت بەکێشی خۆماڵی دەبەستێ و هەندێ جار، وەلای دەنێ. هونەری شیعر لێی ناخوازێ شارەزای بەحرەکانی شیعری عارەبی بێ. شیعری ئەم سەردەمە نەقافییەی بەپێویست گرتووە و نە ئاهەنگ و مۆزیک. تەنانەت گرنگییش بەمانا نادا. بگرە بووەتە ڕیزکردنێکی بێ تامی هەندێ وشەی زەق و زۆپ. لە لای هەندێک، هەرچەند لێی ورد دەبیتەوە، لە وڕێنەی گرانەتادار دەچێ. لەسەرەوە بۆ خوارەوە، یان لە خوارەوە بۆ سەرەوە بیخوێنەرەوە، هێشتا هەر بێسوودە و مانا بەدەستەوە نادا. لەبری خەیاڵ پشت بەواهیمە دەبەستێ. ئەگەرچی واهیمە خەیاڵێکی نەخۆشە و لە ڕۆماندا بەتایبەت، هەندێ جاران جێی خۆی دەکاتەوە. وێنە بەناو شیعرییەکان بەهۆی پاتەبوونەوەی لێکدا لێکدا و (یا)ی ئیزافەوە هەرچی تام بێ تیایاندا نەماوە و پرزەیان لێبڕاوە.

لەشیعرێک کۆپلەیەک، دووان و سیان... ئەگەر درێژ بوو، لاپەڕەیەک، دووان و سیانی لێ لابدە هیچ بەخۆی نازانێ و هیچیش لە شیعرەکە. زیاد و کەم ناکات!

ئەگەر یەکێک سەری لەڕۆمان نووسین بخورێ، مەرجە ئاگاداری ڕەوتی ڕۆمان، لە سەرهەڵدانییەوە تاکو نهۆ بێ. مەرجە بزانێ چەندی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. شارەزای ڕێچکە و ڕێبازەکانی بێ. پێویستە وێڕای خوێندنەوەی ڕۆمان، ئەو تیۆرە نوێیانەیش بخوێنێتەوە، کە سەبارەت ڕۆمان هاتوونەتە ئاراوە. ئەمجا بۆی هەیە ئەگەر بەهرەدار بێ، بەپشت بەستن بەو خەرمانە زانیارییەی لە کۆمەڵناسی و هونەری گەمەکردن بەوشەو تەکنیک و دەروونزانی، تادەگاتە سینەماو هونەرەکانی دی، کە هەیەتی، بەدڵەڕاوکێوە بەنیازی ڕۆمان نووسین قەڵەم بەدەستەوە بگرێ.

کەچی شاعیری سەردەم، بەخورجی بەتاڵ و حەتاڵەوە هاتووەتە سەفەری حەوت شەو حەوت ڕۆژەی شیعر. بەو نەفەسەی نامە بۆ هاوڕێیەکی دەنووسێ، هەر بەو ئاسانییە هەفتانە چەند شیعرێک دەنووسێ.! داخۆ شاعیری نوێ، تاچەند شارەزای هونەری شیعرە لەکۆنەوە تادەگاتە ئێستا ؟ چەند پەی بەو هونەرانە بردووە، کە هێشتا وەک زاراوە بەکوردی نەکراون و هونەری شیعری کلاسیکیان پێکهێناوە؟ وەک: توریە، رجوع، لف و نشری مرتب، لف و نشری مشوش، ایهام التناسب، مقابلە، عکس، طباق، ارصاد، تفریغ، حسن التعلیل، حل، تلمیح، براعة الاستهلال، عقد، تضمین، انسجام، اکتفاء، تطریز، مواربە، لزوم مالا یلزم، قلب، سجع، جۆرەکانی جناس... هتد. داخۆ شاعیری نوێ لەوانەی مەبەستمانە، تاچەند شارەزای بەحرەکانی شیعری عارەبین، کە شاعیرانی کورد تاسەردەمی گۆران و دواتریش پەیڕەویان کردووە، وەک: بسیط، متقارب، رجز، رمل، سریع طویل، مدید، مقتضب، کامل، متدارک... هتد. ڕاستییەکەی



ئەوەیە، شیعر لەم سەروبەندەدا بووەتەماڵی پیاوی بێددان و لەلای ئەمان هیچ پاشخان و زانیارییەکی پێویست نییە. لەکاتێکدا شاعیرانی دیکەی دەوروبەرمان، کەسانی پڕ بەمانای زاراوەی ڕۆشنبیریی، ڕۆشنبیرن. ئۆپەرێت و شانۆی شیعر دەنووسن. لەسەر هونەری شیعر ڕای تایبەتیی خۆیان هەیە. دەخوێننەوە. زمانی بیانی دەزانن و بەرهەمی ئەدەبی و غەیری ئەدەبیی لێوە وەردەگێڕن و بەردەوام خەریکی خۆپێگەیاندنن. بەڵام لەلای ئێمە وەک فوئاد میسری دەڵێ: (ژیانیان لەسەر سێ مێز تەواودەبێ. مێزی فەرمانگە، مێزی دۆمینەی چایخانە، مێزی نادی، کەچی لافی ڕۆشنبیریی لێدەدەن!!)

بریا توێژەرەوەیەک سەردانی نامەخانە گشتییەکانی کوردستانی دەکرد و دەکەوتە سۆراخ. تاکو بزانێ داخۆ شاعیران مانگانە چەند جار ئامادەدەبن و چەند کتێب دەخوازن؟.. شتێکی بەڵگەنەویستە، شیعر لە ئاسانترینی ژانرە ئەدەبییەکانە، بۆیە ئەم برادەرانە پێیدەوێرن و دنیایان پڕ لە قاووقیژ کردووە، ئەگەر ئەوان خزمەتیان مەبەستە، بابێن لێکۆڵینەوە لەسەر زانستەکان بنووسن. بالەسەر کەلەپوورو مێژوو بنووسن، کە هێشتا زەویی بەیارن. یان هەرهیچ نەبێ بالەسەر خودی شیعر بنووسن!.. سەبارەت لێشاوی شیعر نووسەرێک وتی: (ئەگەر کوردستان بوو بەدەوڵەت، ئەوا وەک هەناردە ـ صادرات ـ شیعر بەوڵاتان دەفرۆشێ!) شیعر بووەتە پیشەی خەڵکی نەکردەو بێکار. دڵنیام هەندێ لەو برادەرانەی، کەفتەکاری چایخانەکانن، ئەگەر بهاتایەو کارێکیان دەستبکەوتایە، یان لەدەست بهاتایە، ئەوا شیعریان نەدەنووسی.. میللەتێکی وەک کوردیش چەند شاعیرێکی بەسە. بەڵام پێویستیی بەکەسانی زۆر هەیە، لەبوارەکانی دیکەی مەعریفەتدا کاری بۆبکەن.. کۆلکە شاعیر بەتەواوی نووسەریان بێ خود کردووە. هەندێ لەوانەی دەپەڕنە هەندەران، چونکە لەکوردستان بێکار بوون و هەر خۆیان لستووەتەوە، لەوێش لەبری ئەوەی بەکارێکی

سوودبەخشەوە خەریک بن. لەبریی ئەوەی خۆیان فێری زمانە بیانییەکان بکەن، یان خولیای زانست بکەوێتە مێشکیان، کاتێکت زانی بەدیوانێک وڕێنە شیعرەوە دەگەڕێنەوە!.. داخۆ ئەم دیاردەیەش جەخت لەسەر ئەوە ناکات، کە شیعرنووسین ئاسانترین کارە؟!.. نکوولی لەوە ناکرێ، کە شیعری زیندوو، شیعرێک داهێنانی تێدابێ، نووسینی هێندە گرانە، لەتاقەتی هەموو خوێندەوارێکدا نییە.. بەڵام ئەم نموونەیە دەگمەنە.

ئەوی جێی سەرنجە لەم بەشەی کوردستاندا بەردەوام ژمارەی شاعیر ڕوو لە هەڵکشانە. خودی شیعریش کاڵایەکی بێ بازاڕە. خستنەڕووی (عرض) زۆرەو خواست (طلب) لەسەری کەمە. ئەم دۆخە ئەگەر لە ئەورووپا بووایە ئەوا هیچ دەزگەیەکی وەشان (دار النشر) دیوانە شیعری بڵاو نەدەکردەوە. چونکە زیانی لێدەکەوێ و دوای لەچاپدانی ژمارەیەک دیوانە شیعر مایەپووچ دەبێ. دیارە ئەدەبیش لە دنیای نوێدا چەشنی سینەما، لەدواجاردا دەبێتەوە بەکاڵا بەدوای قازانجدا وێڵە. هەربۆیە لەئەورووپا، ئەوە دەزگەی چاپە، کە بڕیار لەسەر ئاستی کتێبێک دەدا و یەکێکی دیکە ڕەفز دەکا. ئەو کەسەی دەزگەیەکی بەنامێ کتێبێکی بۆچاپ بکات، ئەوە لەخۆیدا بەهەند گرتن و داننانە بەتوانایدا.. بەلای ئێمەوە ئەم زۆری و بۆرییەی شیعر بۆئەم هۆیانە دەگەڕێتەوە:

یەکەم: بەلای ئەو بەڕێزانەوە، شیعری نوێ پێویستیی بەرۆشنبیرییەکی ئەوتۆ نییە. ماڵی بێ ددانە و هەموو کۆلکە خوێندەوارێک پێیدەوێرێ.

دووەم: ڕەخنەگر بەژمارە کەمن و بەهەتەربوونەوە شوێن پێی شیعریان هەڵنەگرتووە. یان لەوانەیە ئەوانیش هەستیان پێکردبێ، کە شیعر هونەرێکی بێ ئایندەیە، بۆیە نایانەوێ وێنەی ئەو تەرزە شاعیرانە ڕەنج بەخەسار بن. ئەگەرچی هەندێکیان لەڕوودا دادەمێنن و هەندێکیش پرکێشیی ئەوەناکەن حەقیقەتە تاڵەکەیان بەڕوودا بدەن.



سێیەم: ئێستا شیعر لە ڕۆژنامە سیاسییەکاندا جێی خۆی کردووەتەوە. لەکن ڕۆژنامەکانیش، (سانسۆری هونەریی) بوونی نییە و ئەوان وەک سیاسەت سەرنجی شیعر دەدەن. ژمارەیان لەلا مەبەستە نەک چۆنێتی!!.. ئەگینا شوێنی ڕاستەقینەی (زۆربەی هەرەزۆری) شیعری ئەم ڕۆژگارە، کە لە (قلی بلی) منداڵان دەچن، پۆستەی خوێنەرانە!

پێدەچێ ئێمەی کورد هەر لە ئەزەلەوە شیعرمان بەسووک و ئاسان زانیبێ، بۆیە نەخوێندەوار وەک: (وەلی دێوانە)و نابینا وەک: (مەلا حەمدوون) شیعریان وتووە.. زۆربەی ئەم تەرزە شاعیرەی باسیان دەکەین، ڕەنگە جگە لە شیعرۆکەی خۆیان هیچی دیکەیان نەخوێندبێتەوە و بیریشیان لە خۆپێگەیاندن نەکردبێتەوە، بۆیە هەتا تەمەن تەنگیان پێ هەڵنەچنێ و کەوڵەکە ئاونەبیات، بەخۆیان نازانن، کە کڵاوی شیعریان لەسەرنراوە. یان شیعر کڵاوی لەسەرناون!!

# تکایە دەست بەشیعرەوە بگرن!

ڕەنگە تایبەتمەندیی ڕووناکبیریمان لە سەدەی بیستەمدا (شیعر) بووبێ، بەوبەڵگەیەی پانتاییەکی بەرفراوانیی لەژیانی ڕووناکبیریدا داگیرکردووە. ئەم دیاردەیەش بێ مەلامەت نییە. وەک هۆکاری ئەم دیاردەیە زۆرم نووسیوە. لێرەدا دەمەوێ چەند هۆکارێکی دیکە بدرکێنم، دەتوانین بڵێین : لەڕووی سۆز و هەڵچوونەوە، تاکی کورد هەستیارە (حساس). زوو هەڵدەچی و هەستەکانی، لە خۆشەویستی و قین و تووڕەبوون و... بەئاسانی دەورووژێن و لەزۆر دەرفەتدا بەشیعر گوزارە لەو هەڵچوون و وروژاندنە دەکا. دەکرێ بڵێین بۆ سەرکردن و بەتاڵکردنەوەی ئەو هەستە پەنگ خواردووانەی ناخی، شیعر وەک دووکەڵکێشە. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو کردە و کۆششەدا، شیعری کورد نەیتوانیوە سنوور ببەزێنێ و ببێتە جیهانی. ڕاستە ئێمە شاعیری (لۆکال)ی بەنامێمان هەن وەک: مەلای جزیری، خانی، نالی، گۆران. بەڵام هیچ کام لەمانە لەودیوی کوردستانەوە ناسراو نین. سەبارەت شیعری نوێی کورد ئەوە هەر هیچ. ئەو دەنگۆیەی کەدەڵێن گوایە فلان شاعیری نوێ، لەفلانە وڵات ناسراوە، لەڕیکلام بەولاوە هیچی دیکە نییە! بۆچی ئەوروپاییەکان شیعری خۆیان دەخوێننەوە هەتا کاتی زێڕینیان لەگەڵ شیعری کوردیدا بەسەربەرن؟ وردتر بدوێین ئەوروپاییەکان تەنانەت یەک شاعیری کوردیش ناناسن!

بەسەرێکی تر، وەها دیارە جەنگ و جەنگی ناوخۆ و شەڕوشۆڕ و پارتیزانی بۆ زۆربوونی شیعر هۆکار و پاڵنەری کاریگەربن. لەجەنگدا هەست و سۆزەکان زێتر دەجووڵێن و سەر دەردێنن وەک لەسەردەمی ئاشتی. کوردیش هەردەم شەڕ بەردەرگەی پێگرتووە و هەمیشە هەستی مەزلوومییەت ئابلوقەی داوە. لەسەردەمی جەنگدا گیانی تۆڵەسەندنەوە



چەکەرە دەکا. ڕقەکان ئەستوورتر دەبن. دەستەو تاقمە ئیتنییە جیاوازەکان لەجاران زیاتر بەتەنگ یەکەوە دەبن و بەهانای یەکەوە دەچن . ئەو هەستە متبووانەی پێشتر لەنەستدا خۆیان حەشار دابوو، بواریان بۆ دەڕەخسێ بورووژێن و سەردەربێنن. باشترین ڕێگەش بۆ بەتاڵکردنەوەیان شیعرە، کە سۆز بەهەموو جۆرەکانێوە بەشێکی گرنگی پێکدێنێ. لە سەروبەندی شۆڕشی چواردەی تەموزدا، بێ پێشینە، هەر بابا بوو هەڵیدەکردە سەر مێزێک و بەهەڵبەستێکی (نظم) حەماسی، هەم هەستە بەقین بارگاوییەکانی خۆی، کە ماوەیەک بووە گینگڵی پێوەداوە بەتاڵ دەکردەوە و هەم ئەو خەڵکە داخ لەدڵە، لەسیستمی پاشایەتی پڕەشی دەورووژاند. کوردیش لە مێژووی نوێی خۆیدا سەدەیەکی خشتە لە شۆڕش و جەنگ و هەڵچووندایە. ئەگەر سەرنجی ڕۆژنامەکانی سەردەمی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود بدەی ئەم ڕاستییەت بۆ ڕوون دەبێتەوە. بەم دواییە بەهۆی ئەم دوو جەنگەی کەنداوەوە لەوڵاتی عێراق هەزاران شیعر بەشێوەزاری جلفەو بەزمانی ستاندارد بڵاوبوونەوەو ناویان لێنرا شیعری قادسییە. وادیارە لە جەنگدا لەپاڵ زۆربوونی کەلاوە و ئاوارەو کوژراو و بێ سەرپەرشتانا، هاوکات شیعریش پەرەدەسێنێ. (ئیبنو سەللام- إبن سلام)یش دەڵێ: (شیعر بەجەنگ زۆر دەبێ. ئەو نەتەوانەی بەشەڕنایەن، شیعریان کەمە.) ئەم ڕایەی ئیبنو سەللام ڕاستیی تێدایە. جەنگی تەروادە، داستانی (ئۆدێسە و ئەلیادە) ی لێکەوتەوە، کە تاکو ئێستاش زیندوون و سرووش بەنووسەران و هونەرمەندانی دنیا دەبەخشن و بۆکاری نوێ ئامادە دەکرێن کارەساتەکانی جەنگ (ماڵئاوا ئەی چەک)ی هەمەنگوای و (جەنگ و ئاشتی) تۆلستۆیان لێکەوتەوە. کەچی ئەو هەموو جەنگە، بەڕەواو ناڕەوایانەوە بەدرێژایی سەدەی بیستەم تووشی کورد هاتن، بەزۆری شیعرۆکەیان لێ لەدایک بوو؛ شاکارێکیان بەشاعیران نەنووسی.. بگرە جۆرە شاعیرێکی هێنایە ئاراوە، لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا بێ وێنەیە.

ئەویش شاعیری جەنگی ناوخۆیە. شاعیر پەیدا بوو، بێ ئەوەی شەرم لە مێژووی میللەتەکەی بکات هات شیعری بۆ پاڵەوانانی جەنگی ناوخۆ نووسی!! وەک چۆن بەهۆی جەنگەوە پارەی قەڵب ئەوەندە زۆربوو، جێی بەدراوە ڕەسەنەکە لەق کرد و شاردییەوە. شیعری ڕەسەنی کوردیش وەهای بەسەرهات.

پێم وایە هیچ میللەتێک هێندەی کورد سەری نەکردووەتە شیعر وتن و هۆگری نەبووە. کەم دایک هەیە سەرپێیی شیعری بۆ کۆرپەکەی نەوتبێ. شیعری سۆزئامێز، کاتێ لەبێشکەدا کۆرپەکەی ڕاژەندووەو بەدەم گۆرانییەوە وتوونی. یان کاتێ دەست و پێی جگەرگۆشەکەی گەرم بووەو تووشی چورتمێک هاتووە. خۆ ئەگەر ڕۆڵەکەی لەنەبەردێکدا گیانی لەدەست دابێ، ئەوا ڕەنگە چەندین شیعری بەسەردا هەڵدابێ و کڵوکۆی دەروونی بەشیعر دامرکاندبێتەوە. کەم هەرزەکار هەیە ڕۆژێ لەڕۆژان شیعری بۆ دڵدارەکەی نەوتبێ. بەتایبەتی دڵدارەکانی وڵاتی ئێمە مەگەر بەدەگمەن دەنا نامرادبوون. ژن هەن کاروپیشەیان ئەمەسە، لەپرسەدا، شیعر بەسەر مردوو یان شەهیددا هەڵدەدەن و دەیلاوێننەوە. ژنی دیکەش هەن هەر پرسەیەک سووسەبکەن سەری دەدەن، هەر بۆئەوەی لەوێ بۆمردوو، یان بۆ شەهیدی خۆیان با ساڵانێکیشی بەسەردا ڕابوردبێ بلاوێننەوە.. ئەو دەرفەتە دەقۆزنەوە بۆئەوەی ساتێ بەئازادی دەنگی لێ هەڵبڕن و بەشیعری سۆزئامێزەوە، بەدەم گریان و بانگ هەڵدانەوە بەسەر مێرخاسیی مردووەکانیاندا هەڵبدەن. سەردولکەبێژیش هەرئەمە کارو کردەوەی بووە.

بۆ خۆم کەم (شێت)م دیوە شیعر نەڵێ. دیوانە شیعری دەستنووسیشم بەشێت دیوە!.. پێدەچێ ڕەگێکی شێتی لە هەندێ شاعیریشدا هەبێ. بیرمە لە شارۆچکەی قەرەداخ قوتابیی سەرەتایی بووم، شێتێکیان بەکۆڵەکەی چایخانەیەکەوە بەستبووەوە، لە گوندێکی نزیکەوە هێنابوویان و بۆ لای شێخێکیان دەبرد تاکو چاکی بکاتەوە و چاوەڕوانی هاتنی



پاسەکەیان دەکرد.. شێتەکە کوڕێکی هەرزەکاری جوانخاس بوو. خەڵک و خوا دەیانگوت عەشق شێتی کردووە. ئەو شیعرەی دەیوت نەیدەوتەوە. تاکە دێڕێکیم لەیاد ماوە:

شەتەی شەتاوان، بۆی عەتری شەوبۆ
شەماڵ هاوردی، بۆی هەناسەی تۆ

ئێستاش شێتەکانی سلێمانی گەلێکیان شیعر دەڵێن. بڕوام وایە لەسەروبەندی مەدرەسە و حوجرەی فەقێیاندا فەقێ نەبووە شیعری نەوتبێ. ئەی کەواتە کێ مایەوە شیعر نەڵێ؟! گیو موکریانی لە فەرهەنگی مەهاباد)دا، ل/٧٦٨ نووسیویێتی: (هەڵبەست و هۆنراوەکانی کورد لە پێش ئیسلامدا، زۆرترین ئاوێستا و دینکورد بەهەڵبەست بووەو بەدەنگی خۆش و بڵند خوێنراونەتەوە.) هەر ڕێزدار گیو موکریانی، لەپێشدەستیی فەرهەنگی مەهاباد دا، ل/٣ ئیماژە بەو بەرهەمانە دەدات، کە خۆی لە ماوەی (٥٠) ساڵدا ڕۆیناون. لە خاڵی پێنجەمدا نووسیویێتی: (... بەسەرهات و هەڵبەستی (٣٠٠٠) بوێژانی کۆن و تازە بەوێنەی(٣٠٠) کەسێکیانەوەی تێدا تۆمار کراوە. داخەکەم ئەم دوانزە بەرگانەش هێشتا هیچیان چاپ نەکراون.)

ئێوە سەرنج بدەن: (سێ هەزار شاعیر؟!).. بۆیە بڕواناکەم میللەت هەبێ ئەوەندی کورد خەریکی شیعر بووبێ!.. ئەمە بۆخۆی دیاردەیەکە شیاوی تێڕامان و لێکۆڵینەوەیە. ئەم سێ هەزارە ئەگەر بهاتایەو مێژوویان نووسیبا یان هیچ نەبێ بیرەوەریی خۆیان تۆمار کردبا، ئێمە ئێستا خاوەنی مێژوویەکی ئەستوور بووین!. ئەگەر هەریەکەو تەنیا دوو حیکایەتی میللییان تۆمار کردبا، ئێستا خاوەنی گەنجینەیەکی بەنرخی کەلەپوور بووین!.. ئەی باشە ئەگەر بهاتایەو هەر یەکەو (دە) پەندیان بنووسیایەتەوە، ؟!.. ئەی ئەگەر ئەم سێ هەزار بەڕێزە لەبریی شیعر بیریان لە فەلسەفە و زانست بکردایەتەوە؟!

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، زوو دەرکی بەم پەتای شیعرە کردووە. لە کتێبی: بانگەوازێک بۆ ڕووناکبیرانی کورد، ١٩٨٥، ل/٦٦دا، نووسیویێتی: (دەبێ ددان بەوەدا بنێین، کە بواری کلتووری ئەم سەردەمەمان زۆر هاتووەتەوە یەک، لەباریدا نییە لە شیعر و چیرۆک و وەرگێڕانی نووسینی ئەدەبی بەدەر، هیچی دیکە بەخۆ بگرێ. ئەوەیش نە لەگەڵ خواست و ئارەزووی ئەم چەرخەدا هەڵدەکاو نە دەشتوانێ پێ بەپێ و شان بەشانی بڕوات بەڕێوە.) دواتر بەتایبەت لە لاپەڕە (١٥٩)دا، بەوردی زیانی ئەم پەتای شیعرو چیرۆکەی ڕوون کردووەتەوە...

ڕەنگە بڵێین: شاعیر شاعیرەو مێژوونووسیش مێژوونووس، هەر کەسەو لەبواری خۆیدا مامۆستایە. یان وەک پەندەکە دەڵێ: نان بۆ نانەواو گۆشت بۆقەساب. پێم وایە بۆچوونی وەها لەگەڵ ڕەوتی ئەم سەردەمەدا نایەتەوە. چونکە مەرجە ڕووناکبیر ڕۆشنبیرییەکی فرەلایەنی هەبێ و شارەزای چەند بوارێک بێ. زۆر بوار هەن گەلێک لە شیعر کەڵکیان زیاترە و پێویستیشیان بەشارەزایی ئەوتۆ نییە. لە دنیای ئەمڕۆدا، کەم ڕووناکبیر هەن خۆیان بەتەنیا ڕشتەیەکی ئەدەبی یان زانستییەوە گرێدابێ. بگرە زۆربەیان پەل دەهاون و لە چەند بوارێکدا کاردەکەن. لەم دواییەدا کتێبێکی بەنرخ بەناوی: (بزاڤە هونەرییەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم) لە نووسینی: ئێدوارد لوسی سمپ، لەلایەن فەخری خەلیل، لە ئینگلیزییەوە کراوە بەعارەبی. نووسەرەکەی شاعیرێکی ئینگلیزە و خاوەنی چوار دیوانە. هەروەسا ڕۆمان نووسێکی ناسراویشە. جگەلەوە نووسەری(سیرە)یەو ڕەخنەگریشە. هەروەها فەرهەنگێکی لەمەڕ زاراوەکانی ڕەخنەی هونەریش ڕۆناوە. کەچی لەلای خۆمان بەسەدان و پتریش خەریکی شیعرۆکە نووسین و بێجگە لە شیعریلە هیچی دیکە نازانن.

ئەمڕۆ لەدنیای پێشکەوتوودا شیعر باری کەوتووە. چونکە مامەڵە لەگەڵ



هەڵچوون و سۆزدا دەکا. بەباڵی خەیاڵ و هەندێ جار واهیمە، لە زەوینەی واقیع دوور دەکەوێتەوە. وەڵامی پرسیارەکانی مرۆڤی سەردەم ناداتەوە. باوەڕم نییە لە پاریسدا، کە دەکرێ پێی بڵێین پایتەختی ڕۆشنبیریی جیهان، شاعیرێک هەبێ بتوانێ لەکۆڕێکدا، دووسەد گوێگر لەخۆی کۆبکاتەوە. کەچی ڕۆمانەکان بەهەزاران دانە چاپ دەکرێن و خەڵک بەردەوام ڕۆمان دەخوێنێتەوە. هەروەها بەدەوام دەچنە سەیری شانۆ و دیتنی فیلم، چونکە ئەم هونەرانە زیاتر مامەڵە لەگەڵ هۆش و ئاوەزی مرۆڤدا دەکەن. هەڵوێستی پاڵەوانەکان مرۆڤانەن. نموونەشیان لەنێوکۆمەڵدا هەن و لەسەر مەسەلە هەڵایساوەکان قسەو ڕایان هەیە. هەندێ جاران خەڵک خۆیان لەهەڵوێست و ئاکارو بەسەرهاتیاندا دەبیننەوە. بەزمانی ڕیاڵ و سەردەم، بابەتییانە لەکێشەکان دەدوێن. تەواو بەپێچەوانەی شیعرەوە، کە سۆز دەبزوێنێ و بەزمانێکی خەیاڵاوی دەدوێ.. شیعر ئەمڕۆ بووەتە هونەری چڤاکە خێڵەکییە لە شارستانییەت بەجێماوەکان. بۆیە زۆربوونی ژمارەی شاعیر لەهەر وڵاتێک نیشانەی دواکەوتنێتی. ئەم شاعیرانەی لای خۆمان کەمتر خەریکی خۆپێگەیاندنن و ئاستی ڕووناکبیرییان زۆر نزمە.. جگەلە شیعرۆکە و میعرۆکە هیچی دیکە پێنازانن و ناخوێننەوە. هەر کەسێ بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەب و هونەری هەر ڕۆژنامەیەک بێ، ئەمان لای خۆیانەوە بەگەورەترین ڕۆشنبیری لەقەڵەم دەدەن. لەکاتێکدا مەرایی کردن کاری شاعیر نییە و شاعیری ڕاستەقینە ئازاترین مرۆڤی چڤاکەکەیە!!

ڕەنگە بێکاریی پاڵنەر و هۆیەکی کاریگەر بێ بۆ خوودانە شیعر. ئەگینا بۆ میللەتێکی چەند ملیۆنی وەک کوردستانی باشوور دە پانزە شاعیرێ سەرو زیادە. کەچی بۆ میللەتێکی دواکەوتووی وەک ئێمە هەزاران توێژەرەوە، لە دەیان بواردا، هێشتا هەرکەمە.

ئەگەر سەرنجێکی (پۆستەی خوێنەران)ی هاوکاری و گۆڤارەکانی بەیان و کاروان و ڕەنگین بدەین، ژمارەی وامان بەرچاوەکەوێ وەڵامی دەیان لاوی داوەتەوە، کە شیعریان بۆناردوون. ئەم دیاردەیەش لەخۆیدا بەڵگەیە بۆ بەئاسان ڕوانینە شیعر؛ بۆیە بەو ڕادەیە هانای بۆدەبەن.. پێدەچێ لەلای خۆمان، هەر لەسەرەتاوە منداڵ لەسەر شیعر وتن ڕابێت. دەنا بۆچی دەبێ دوو ژمارەی (هەنگ) ژمارە (١٣،١٤) هەریەکە و هەشت شیعریان تێدابێ و هەر جارە و (٣) لاپەڕە بۆ شیعر تەرخان بێ، لە کاتێکدا سەرجەمی گۆڤارەکە (١٦) لاپەڕەیە!!

ئێوە بەوردیی سەرنجی ئەم دیاردەیە بدەن. هەمانە تەمەنێکە سەرقاڵی شیعر نووسینە و بەحسابی خۆی چەندین دیوانی هەیە. کەچی تاکو نهۆ ڕووناکبیرێک، ڕەخنەگرێک، دانی خێری بەبەرهەمێکیدا نەناوە. تەنانەت ڕۆژێ لە ڕۆژان خوێندەوارێک نەهاتووە بەدوو دێڕان پێی بڵێ: تۆ شاعیری. کەچی کۆڵنەدەرانە هەر بەردەوامە و دوای وەهم کەوتووە. یان تاکو ئێستا نەیتوانیوە شیعر بۆ هونەرێکی دیکە بخاتە کار. وەک شانۆی شیعر یان ئۆپەرێت، یاخود هیچ نەبێ وەک: (ئیسماعیل خورماڵی و محەمەد ئەحمەد) بتوانێ شیعری گۆرانی بنووسێ. ، کەسێک تەمەنێکی لەگەڵ شیعردا بردبێتەسەر، خوێنەر چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکات. لەو بوارەدا تێوریزە (تنظیر) بکات. کەچی شاعیر هەن ڕستەیەکی جوانیان لەمەڕ شیعرو هونەری شیعر پێ نییە!.. لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدا: ئایە لاوەکان زیاتر ڕوو لە زانست بکەن باشتر نییە؟. کورد لە هەر ڕشتەیەکدا کەموکووڕیی هەبێ، شیعری ئەوەندە زۆرە لەسەرێوە دێ لەپێیەوە دەڕوا. شیعر هەیە و شیعرۆکەیش هەیە..

سلێمانی/ مەی ١٩٩٧



## ڕۆژنامە شیعر

ڕۆژنامە بەرهەمی کۆمەڵگەی نوێی پیشەسازییە. لەدوای داهێنانی ئامێری چاپەوە ئیدی هەواڵ و زانیارییەکانی لە موڵکی پادشا و میر و کەسێتییە ئاینییەکانەوە، کردە موڵکی گشتی. ڕۆژنامە هەروەک بەناوە ئینگلیزییەکەیدا دەردەکەوێ، هەواڵنامەیە.

لەمێژە هەواڵ وەک کالا (سلعة) سەیرکراوە، بەمەرجێک نوێترین بێ. ڕۆژنامەیش وەک بەناوەکەیدا دیارە ئەو هەواڵنامەیەیە، کە ڕۆژانە دەردەچێ. دەنا ئەگەر ڕۆژانە دەرنەچێ، فریای هەواڵی نوێی گەرماوگەرم ناکەوێ. هیچ کالایەکیش بەوێنەی کۆنە هەواڵ بێ بازاڕ نییە.. بەسەرێکی تر ئەو هەواڵە گرنگە، کەبەلای زۆربەی هاووڵاتیانەوە گرنگ بێ و خەڵک هەڵوەدای بن. لەپێشدا هەواڵەکانی وڵاتی خۆمان، ئەمجا دەوروبەرو دوور، بەپێی پێوەندییان بەخۆمانەوە. ڕۆژنامە بەکۆمەڵ (جملە) هەواڵ لە ئاژانسەکانەوە دێنێ و بەتاک (مفرد) لەلاپەڕەکانی خۆیەوە پێشانی بینەرانی خۆی دەدات و سا غیان دەکاتەوە.

بەستنی کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە. دەرچوونی دیوانی شاعیرێکی هەڵکەوتوو، هەواڵێکی ڕۆشنبیرییە. چونکە نێوەندێکی ڕووناکبیریی هەیە چاوەڕوانە و بەدوای نوێترین بەرهەمی نووسەراندا دەگەڕێ. هەروەک چۆن هەواڵی پیشاندانی شانۆگەرییەک، یان کردنەوەی پێشانگەیەکی کتێب، هونەری شێوەکار، یاخود گرێدانی سیمینارێک دەبنە هەواڵ. مرۆڤ بوونەوەرێکە، بەسروشت وا هەڵکەوتووە خۆی لە ڕووداوەکان هەڵدەقورتێنی و گەرەکیە بزانێ لە دەوروبەریدا چی ڕوودەدا. بۆ بیستنی هەواڵەکان گوێی سووکە. هەرکە سەرەداوی هەواڵێکی دەسگیربوو ، ئیدی شوێن پێی هەڵدەگرێ و دەیەوێ بەدوورو درێژی بیزانێ و بەشوێنیدا بچێ.

ڕۆژنامە ئەم ئاكارەی مرۆڤی قۆستووەتەوە. هەواڵی كردووە بەكاڵاو پێیدەفرۆشێ. گرنگیی هەواڵ بەڕادەیەكە، هەندێ كەس كات و ساتی پەخشی دەنگوباسی زۆربەی ڕادیۆ گرنگەكانی دنیا دەزانن و گوێیان لێدەگرن. له وڵاتانی پێشەسازیدا، گرنگیی هەواڵ بەوەدا دیارە، له ڕۆژێكدا، كاتێ (ئێوارە هەواڵ) دەرچوو، ئیدی (بەیانییە هەواڵ) واته ڕۆژنامەی بەیانی كۆن دەبێ.

خەڵكی لای خۆمان بەو مەبەستە ڕۆژنامە دەكڕن و بەشداریی(إشتراك) تێدا دەكەن، تاكو ئاگاداری نوێترین هەواڵەكانی جەنگی ناوخۆ و ڕێكەوتنەكان بن. ئەمەیە كاری ڕۆژنامە لەپاڵ بڵاڤكردنی چەردەیەك زانیاریی هەمەجۆر و پەخشی ئاگاداری و ڕیكلامەكان بۆ بژێوی و درێژە پێدانی ڕۆژنامەكە.

باوڕناكەم، خەڵكی بۆئەوە ڕۆژنامە بكڕن، تاكو بزانن داخۆ شیعری فڵانە شاعیر و فیسارە شاعیری تێدایە یان نا؟.. نەخێر چونكە وەك لەبەراییدا قسەمان لەسەركرد. كاری ڕۆژنامە بڵاوكردنەوەی شیعر نییە. ڕۆژنامە بۆی هەیە لەشێوەی هەواڵدا، بڵاوبوونەوە و لەچاپدانی دیوانی شاعیرێكی ناسراو باس بكا. ئەم كارەیش دەبێتە هەواڵێ ڕۆشنبیریی. دەنا بڵاوكردنەوەی شیعر، بەتایبەتی ئەم لێشاوی شیعری بێپێزەی ئەمڕۆ، لەئاستی ڕۆژنامەكە دادەبەزێنێ. چونكە گرنگیی بەكارێك، بابەتێك داوە ئیشی ئەو نییەو لەكرۆكی ئەرك و فرمانەكانی خۆی لایداوە.. بگرە بێ(مادە)یی و دەستكورتیی ڕۆژنامەكەیش دەگەیێنێ. ئێوە سەرنج بدەن، بێجگە لە ڕۆژنامەكانی ئەم ناوچەیەی خۆمان، كوا ڕۆژنامەی وڵاتانی پێشكەوتوو،(بە لاپەڕە) شیعر بڵاودەكاتەوە؟ كاری وەها، بۆ ڕۆژنامەكە و هەم بۆ خودی شاعیرەكەیش خراپ دەكەوێتەوە. چونكە ڕۆژنامە شیعر لەفارگۆنی دواوە بڵاودەكاتەوە و سواری دەكا. وەك كاڵایەكی بەسەرچووی



لێدێ. لەكاتێكدا شیعر، دەبێ له گۆڤاری تایبەت بەشیعر، یان لەگۆڤارێكی ڕۆشنبیریی ، ئەدەبیدا بڵاوبكرێتەوە، كە جێگەی دروست و شیاوی خۆیەتی. بەڵێ جێی لایق و گونجاو بۆ شیعر هەر وەك بۆ ژانرەكانی دیكەی ئەدەب گۆڤاری ئەدەبە.. خۆ شیعر وتاری سیاسەت و ڕاپۆرتەهەواڵ نییە، تاكو لە ڕۆژنامەیەكی سیاسیدا، كە ئۆرگانی حیزبێكە، بڵاوبكرێتەوە؟ شیعر پشت بەهەست و سۆز دەبەستێ. چی لەگەڵ ڕاپۆرت و چیرۆكە هەواڵ و ڕیكلامدا كۆیدەكاتەوە؟!

**شیعر له ڕۆژنامەدا، بۆ؟**

یەكەم: كاتێ كەسێك، دەستەیەك، كۆمپانیایەك، دەیانەوێ ڕۆژنامەیەك دەربكەن، ئەوا بەر لەهەر شتێك، ستافێك لەخاوەن ئیمتیازەوە هەتا دەگاتە پەیامنێر و وێنەگر پێكدێنن. ستافێكی وەها بتوانێ بەبێ كەم و كووڕی ڕۆژنامەكە هەڵسووڕێنێ. بێئەوەی پێویستی بەوەبێ لەدەرەوەی ڕۆژنامەكەوە یارمەتیی (جدی) بدرێ. بۆنموونە: ئەگەر ڕۆژنامەیەك ویستی گرنگیی بەهەواڵی شانۆ بدا. ئەوا پسپۆڕێك بەكرێ دەگرێ و ساڵانە یان مانگانە (ئەوەندە) ستوونی لەمەڕ شانۆ لێدەوێ. داوای لێدەكا لەسەر ئەو شانۆییانە بنووسێ كە لە وڵاتەكەدا پیشان دەدرێن. دیارە ڕۆژنامە (ئەگەرچی ئەوانەی لای ئێمە بەزۆری، نیو هەفتەنامە، هەفتەنامە، دوو هەفتەنامە، مانگنامەن و هەندێ جاریش كەس نازانێ كەی دەردەچن.) بەژمارە و ئاستی ستوونەكانی هەڵدەسەنگێنرێ و حسابی بۆ دەكرێ، كە كۆمەڵێك جۆگەن و لە ئەنجامدا ڕووباری ڕۆژنامەكە پێكدێنن.. بەڵام لەناو ئێمەی كورددا ئاوا نەكەوتووەتەوە.. تاكو ئەمڕۆش، بەدەگمەن ڕێكەوتووە ڕۆژنامەنووسی (پسپۆڕ) جڵەوی ڕۆژنامە بگرێتە دەست. بگرە هەمیشە جڵەو بەدەست ئارەزوومەند بووگە، یان (حیزب) تەعینی كردووە. ژمارەو توانایان ئەوەندە نەبووە بێ كەم و كووڕی

ڕۆژنامەکەی خۆیان بەڕێوە ببەن. بگرە بەزۆریی هەر ئەو دووانە بەڕێوەیان بردووە، کە سەرنووسەر و سکرتێری نووسین بوون و خۆیان هەموو شتێک بووگن. وەک ڕۆژنامەی (کوردستان١٨٩٨)، کە میقداد مەدحەت و عەدولڕەحمان بەدرخان بوون.. لە دۆخێکی وەهادا، خۆیان هەر ئەوەندەیان پێکراوە. (وتەی ژمارە)، کە ڕاو بۆچوونی ڕۆژنامەکەیە، لەگەڵ چەند وتارێکی دیکە بنووسن. ئیدی داوایان لە خەڵک کردووە خۆبەخشانە، هاوکارییان بکەن. جەماوەریش، کە هاوکاریی ڕۆژنامەکانی ڕابوردوویان کردووە، زیاتر بەشیعر، چیرۆک و بابەتی فۆلکلۆر، لە پەندو بەیت و حیکایەتیان بۆ ناردوون!. دیارە ئەمانەی دوایی، ئەگەر هەواڵیش بن هی ئەمڕۆکە نین و پەیوەندییان بەڕۆژنامەوە نییە. ئەگەر بڵاویش بکرێنەوە، ئەوا جێگەی گونجاوی خۆیان گۆڤاری کەلەپوورە.. بەم شێوەیە شیعر بۆئەوە بووە لە بێ مادەییدا، بۆشایی پێ پڕبکرێتەوە. واتە لەدەست کورتیی ڕۆژنامەکەوە بووە، کە بۆ خوێنەرانی شیعری کردووەتە دیاریی دەستی. نەک لەبەر ڕۆڵی گرنگی شیعر و خۆشەویستیی بۆ هونەری شیعر.

دووەم: لە کوردستاندا درەنگ گۆڤاری تایبەت بەئەدەب و ڕۆشنبیریی سەری هەڵداوە. دیارە شیعریش لقێکی ئەدەب پێکدێنێ. واتە گۆڤاری تایبەت لەئارادا نەبووە، تاکو شاعیرەکان بەرهەمی خۆیانی بۆ بنێرن . بۆیە بەناچاریی شیعریان بۆ ئەو ڕۆژنامانە ناردووە، کەلەو سەردەمەدا دەرچوون. ئیدی لەوەدوایش بڵاوبوونەوەی شیعر لە ڕۆژنامەدا بووە بەباو. دەنا لە دنیای پێشکەوتوودا، لە ڕۆژنامەدا شیعر نایەتە بڵاوکردن. کەچی لە کوردستان وەها نەکەوتووەتەوە. هەر بۆ نموونە: (ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢ ـ ١٩٢٣)، کە بەچوار لاپەڕەی گچکە دەرچووە، لە ژمارە: (٣ی ربیع الاخر ـ ی ساڵی ١٣٤١)دا، عارف صائب و علی کمال و ڕەفیق حلمی، نیوەی ڕۆژنامەکەیان بەشیعر پڕکردووەتەوە. جێگەی باسە شیعرەکەی ڕەفیق حلمی بەزمانی تورکییە.



زۆربەی ئەو زاتانەی بەپیشەی ڕۆژنامەوانییەوە خەریک بوون، وەک: عەلادین سەجادی، شێخ نوری شێخ ساڵح، گۆران، پیرەمێرد، کاکەی فەلاح، کامەران... هتد، ئەدیب و شاعیر بوون. بۆیە سیفەتی ئەدەبییان تێدا زاڵ بووە تا ڕۆژنامەوانی. هەر لەم سۆنگەیەشەوە، گرنگییان بەشیعر داوەو بەرهەمی خۆیان بووبێ یاخۆ هی شاعیرانی دی بڵاویان کردووەتەوە.

کەواتە بڵاوبوونەوەی شیعر (بەو زۆری و بۆرییە)، لە تەمەنی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، بۆئەوە ناگەڕێتەوە، کە بوونی شیعر لەڕۆژنامەدا (فەرز)و پێویستە. چونکە ڕۆژنامە شیعرنامە نییە، بگرە هەواڵنامەیە. مێژووی ئەم وڵاتەو جیهانە لە ڕۆژێکدا.

لەکۆتاییدا دەڵێم: لەم سەردەمەدا، کە گۆڤاری تایبەت بەئەدەب و ڕووناکبیریی هەیە، کارێکی نادروست و سەیرە، ڕۆژنامە لاپەڕەیەک یان زیاتری بۆ پەخشی(شیعرۆکە و میعرۆکە) تەرخان بکات، کە مێژوو هیچ حسابێکی بۆناکات. میللەتی زیندوویش ڕۆژنامەکانی خۆی بەشیعرۆکە و میعرۆکە پڕناکاتەوە، چونکە لەکات و شوێن بەفیڕۆدان بەولاوە هیچی دیکەی لێ نابەستێتەوە.

## کەرەکتەرەکانی - تیرۆژ- و هەڵسوکەوتیان

**سەرەتا:**

تیرۆژ، یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی نووسەری لاو حەمە کەریم عارف ـ هـ. ساڵی ١٩٧٩، لە چاپخانەی (ڕاپەڕین)ی شاری سلێمانی بەقەبارەی (نیو بەتاڵ) چاپ بووە . بریتییە لە(١٤) پارچەی ئەدەبی و چیرۆکی زۆر کورت (أقصوصة)، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦ ـ ١٩٧٨دا، نووسراون و هەندێکیان لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە.

سەرەتا، کاتێ دەست دەدەیتە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیان تووشی جۆرە دۆش دامانێک دەبی و نازانی چۆن مامەڵەیان لەتەکدا بکەی؟ ئایا وەک پارچە پەخشان، خاطرە، یان کورتە چیرۆک، یاخو د وەک چیرۆکی زۆر کورت مامەڵەیان لەتەکدا بکەی؟

کورتترینیان نزیکەی (٢٠٠) وشەیە و درێژترینیان لە دەوروپشتی (٨٠٠) وشەدایە. جێی باسە بەو (١٤) چیرۆکە (٥٩) لاپەڕەی بچووکیان داگیر کردووە کە هەر یەکەو شتێ لە (٤) لاپەڕە پتریان بەردەکەوێ. شارەزایانی ئەمڕۆی هونەری کورتە چیرۆک، هاتوون سنووریان بۆ کورتە چیرۆک و چیرۆکی زۆر کورت داناوە و هەندێ جاران بەدوو هونەری جیاوازیشیان لەقەڵەم داوە.. (چیرۆکی زۆر کورت قەبارەی لە نێوان پێنجسەد هەتا هەزار و پێنج سەد وشەدایە.. گونجاوترینیان بۆ بڵاوکردنەوە، ئەوەیانە کە خۆی لە دەوروبەری هەزار و پێنج سەد وشە دەدا.. بەپێچەوانەی ئەم کورتییەوە ، کورتە چیرۆک-ی ئاسایی، کە بەزۆریی لە نێوان پێنج تاشەش هەزاروشەدا سنووری بۆ دیاری کراوە...)[١]

ئەگەرچی ژانرەکانی ئەدەب بەژمارە و ڕاستە ناپێورێن، ئەوەندە هەیە چونکە هونەرەکە لە بنەڕەتدا ئەوروپاییە، بۆیە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی هەمیشە



بۆ هەموو زانیارییەکی نوێی لەم بابەتە چاومان لەدەستی ئەوانەو گوێ لە ڕا و فەرمایشتەکانیان دەگرین. بەپێی ئەم سەرچاوەیە بێ، هیچ کام لەم (١٤) پارچە ئەدەبییانەی تیرۆژ ناچنە خانەی کورتە چیرۆکەوە.. نەک هەر ئەوەندە، بگرە لەو چواردەیە تەنیا چواریان بەچیرۆکی زۆر کورت حسابن. کە ئەمانەن: (هەستێکی لەبارچوو، پرشنگ، دەستاڕ، ڤێللا). ئەوانەی مانەوە لە پێنجسەد وشە کەمترن، بۆیە بەپێی ئەم سەرچاوەیە بێ، دەچنە خانەی پارچە پەخشان یاخود (خاطرە)وە. ڕاستت دەوێ بەدوو سێ لاپەڕەی بچووک نووسەر ناتوانێ ڕەهەندەکانی کەسێتییەکە ڕوون بکاتەوە و ڕووداوێکی لەدەور بئاڵێنێ و ملانێیەک دروست بکات؛ وەهابێ کار لە خوێنەر بکات و بۆناو ئەو جیهانە تایبەتییەی، کە خولقاندوویەتی بهێنێ، بەمەرجێ کاریکی وەها بکات شتێ لە مێشکی خوێنەردا جێبهێڵێ و تاماوەیاک لەدەفتەری یادەکانیدا بن بنێتەوە.

لەم ڕووەوە، ئەگەر ئاوڕێک لەسەرەتاکانی چیرۆکی خۆماڵی بدەینەوە، هەست دەکەین، کە نووسەرە بەراییەکان هاتوون لەسەر پێودانگی ئەوروپاییەکان هەنگاویان ناوە. چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل سائیب ئەگەرچی تەواویشی نەکردووە. (٤٦) لاپەڕەی گەورەیە، لەو قەبارەیەی چاپخانە کوردییەکان ناوی(بەتاڵ)یان لێناوە و هەزاران وشەیە. هەروەها (في القطار)ی محمد تیمور، کە بەیەکەم کورتە چیرۆکی هونەریی عارەب دادەنرێ و ساڵی ١٩١٧ بڵاوبووەتەوە، (٦) لاپەڕەی قەبارەی جەریدەیە و لە هەزار وشە پترە.[٢]

بەهەر حاڵ، نووسەری هێژا حەمەکەریم عارف، لە پێشەکیی کتێبەکەیدا (چپەیەک)، بۆ دەربڕینی ڕاو سەرنج؛ خوێنەری کردووەتە سەرپشک. لێرەوە ئەوە بەدیار دەکەوێ گوێ لە ڕای خەڵکی دەوروبەری بگرێ تاکو بتوانێ بەرەو پێشەوە هەنگاوی سەرکەوتووتر هەڵگرێ.

### بۆچی خەڵکی چیرۆک دەخوێننەوە؟

خەڵکی بۆیە چیرۆک دەخوێننەوە، تاکو چێژی لێوەربگرن.. تاکو ئەو چەند ساتەی دەرفەتیان هەیەو بێکارن بەفیڕۆ نەچێ. بەڵام (چێژ وەرگرتن) هەروا دستەواژەیەکی بێگیان و مردوو نییە. مانای زۆر هەڵدەگرێ و لق و پۆی لێدەبێتەوە.

مرۆڤ گیاندارێکە، سەر بەزۆر کۆڵانی تەنگەبەر و دەرنەچوودا دەکا. حەزی لێیە لە زۆر شت ئاگادار بێ و لە زۆر بوارێک بدا. حەزی لێیە بزانی خەڵکی لەودیو دیواری ماڵەکانیانەوە چۆن چۆنیی دەژین و کێشەکانیان چییە؟ داخۆ ئەوانیش وەک خۆی دەخۆن و دەخۆنەوە و گۆرانی دەڵێن یان جیاوازن؟ داخۆ خەڵکی دیدو ڕوانینیان بۆ ژیان کوتومت وەک هی ئەم وەهایە یاخود جیاوازن و جیاوازییەکان لەچدایە؟ هەروەسا مرۆڤ هەردەم بەرەو پێگەیشتن و کامڵ بوون، بەپلیکانەی ژیان و تەمەندا هەڵدەکشێ و دەیەوێ لە خەڵکی دیکەوە فێرببێ و دەرس وەربگرێ. دەرس لە ئەزموونەکانیان. ئەقڵ لە خەسارەکانیان فێربێت. مرۆڤی خوێندەوار بۆیە سەر بەسەر چیرۆکی بیانیدا دادەژەنێ، تاکو لە لایەنەکانی ژیانی هەندەران بەخۆشەویستی و شەڕو ئاشتییانەوە شارەزابێ.. دیارە ئەو بۆی نالوێ، لە نزیکەوە، بەشێوەیەکی زیندوو خەبەرداری ژیانی خەڵکی هەندەران بێ، بەو هەموو شار و دێ و کیشوەرە جیاوازانەوە، بەو هەموو نەتەوە جۆراوجۆرانەوە. ناشتوانێ لە دەرگەی هەموو کۆڵان و باخچە و پارکێک بدا. ناتوانێ سەربە هەموو ماڵە لۆرد و سۆزانی و کرێکارێکدا بکا. بەڵام بەهۆی چیرۆکەوە. لە ڕێگەی کەسێتییەکانی نێو چیرۆکەکانەوە دەتوانێ لەنزیکەوە بیانناسێ و شەڕە کەوچکیشیان لەگەڵدا بکا. تەنانەت لەبیرکردنەوەو نهێنییەکانی ناخیشیان شارەزابێ.

کەوابوو خوێنەر زۆر زانیاری نوێ لە چیرۆکەوە فێردەبێ.. بەم پێیە



ئاستی ڕووناکبیریشی شتێک پێ بەرزدەبێتەوە.. ڕەنگە مرۆڤی وەهایش هەبن لاسایی کەسێتییەکانی نێو ئەو چیرۆکانە بکەنەوە، کە دەبنە مایەی هەژاندنیان. شوێن پێیان هەڵبگرن و وەک ئەوان بجووڵێنەوە. لێرەدا ئەرکی چیرۆکنووس بۆ هەڵبژاردنی کارەکتەری نموونەیی و جووڵاندنی لەکات و شوێنی نموونەییدا دەردەکەوێ.

### هەڵسوکەوتی کەسێتییەکانی تیرۆژ:

لە (هەستێکی ورووژاو)دا، گزنگ خان لە دڵەوە (ئازاد)ی فەرمانبەری خۆشدەوێ. ئازادیش بڕیاری داوە ژن نەهێنێ. چونکە: (پێشبینیم ئەوەیە کە ٥ساڵی دیکە دەمرم.. منێ کە ٥ ساڵی تر بمرم.. بۆچی ئافرەتێک بکەم بەدایکی منداڵ و بیاندەمە دەستی زەبرو زەنگی ڕۆژگارەوە.)(٣) ئێمە وەک خوێنەر لەوە زیاتر، کە ئازاد وەک فەرمانبەرێکی خەمبارو نەرم و نیان دەناسین، ئیتر هیچی دیکە لە بارەی ژیانییەوە ئاگادار نین. یان ڕاستتر وایە بڵێین: نووسەر ئەوەندە ڕۆشنایی نەخستووەتە سەر وردەکاریی ژیانی هەتا لەهەموو ڕەهەندەکانی شارەزایی پەیدا بکەین و زیاتر ئاشنای بین.. دەبوایە بمانزانیبا بە چ نەخۆشییەک گرفتارە.. دەبێ ئەوەشمان لەیاد بێ کە (هەستێکی ورووژاو) بەحسابە ئەوروپاییەکە لەچیرۆکی زۆر کورتیش کورتترە. بۆیە لەوردەکاریی ژیانی ئازاد و گزنگ خان ئەوەندە نازانین تاکو بۆ دواڕۆژ شتێکمان لەلا بەجێبمێنێ. ئەوەندە هەیە ئازاد کەسێکی بەویژدانە نایەوێ دەستی گزنگ خان ببڕێ و دوای پێنج ساڵان ببێتە بێوەژن و بیکات بەژێر خەمی ژمارەیەک منداڵی بێ سەرپەرشتەوە، بۆیە ئارەزووەکانی خۆی خەفە دەکات نایەوێ چێژ لەو پێنج ساڵەی تەمەنی وەربگرێ، کە لەژیاندا ماوێتی مادام لەسەر حسابی ئایندەی ژنێک و چەند منداڵێک تەواو دەبێ.

ئەم حاڵەتە لە(پرسیارێکی تامەزرۆ)شدا دووبارە دەبێتەوە. دیسان

هیچی ئەوتۆ لە ڕەهەندەکانی کەسێتییەکە نازانین. ئەوەندە هەیە، پاڵەوانی ئەم چیرۆکەیش لەژێر باری خەمدا پرزەی بڕاوە. پرسیارەکانی بۆ وەڵام نادرێتەوە.. (ژان پرسیارێکی زیتەو وێڵی دووی وەڵامێکی لەبیرکراوە.)[٤] ئەم کابرایە بەتەنگ ئیلتیزامەوە نییە. دەسگیرانەکەی، کە زۆری خۆشدەوێ، ناوەستێ لەسەری تاکو بۆی بێتە ژوان.. خۆی دەداتە دەست شەقامەکان. ژیان بەبێهوودە دەزانێ.. چیرۆکەکە تەوا دەبێ و ئەم وەڵامەکەی دەستگیر نابێ.

وا چاوەڕوان دەکرێ شەخسییەتی سەرەکی چیرۆک سێ ڕەهەندی هەبێ: ناوەوە یاخود سایکۆلۆجی، دەرەکی، هەروەها ڕەهەندی کۆمەڵایەتی.. باشە واگریمان بەهۆی شپرزەیی و خۆدانەدەست تەنیایی و وێڵ بوونی سەر شەقامەکان، زانیمان کەسێکی شپرزەو نامۆیە.. ئەدی چۆن بزانین سەر بەکام چین و توێژی کۆمەڵە و کارو پیشەی چییە؟.. گرنگە کەسی یەکەمی چیرۆک ئەو سێ لایەنەی لەبیر نەکرێ، دەنا دەبێتە کەسێکی وەهمی. زوو لەبەرچاوی خوێنەر کاڵ دەبێتەوە و تاپۆکەی نایەتەوە بەر خەیاڵی. دەبێ ئەوەیش بڵێم هەندێ جاران بۆ تیشک هاویشتنە سەر باری سایکۆلۆجیی کارەکتەرەکان، سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. (چیرۆکنووسی هاوچەرخ لەدیوی ناوەوە وێنەی کەسانی چیرۆکەکەی دەکێشێ. لەڕێگەی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت و ئەزموونیان لەسەر ئەو بارو دۆخەی دەوروخولی داون. لەشێوەی ئاخاوتنیانەوە، هەروەها لەڕێی جووڵەی لەشیانەوە، وەک ڕەوت و ڕۆین و هێماکردن بەدەست و زەردەخەنەو پێکەنین...)[٥]

لەم ڕووەوە حەمەکەریم تاڕادەیەکی باش بۆ وێناکردنی کەسێتی کابرای شێتی لەمەڕ چیرۆکی (شێتخانە) سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.. چ گفتوگۆ و چ هەڵسوکەوتی کابرای شێت لەجێی خۆیاندان. لەم ڕووەوە دەتوانم بڵێم: هەرچەندە سەرچاوە سایکۆلۆجییەکان کەس ناکەن بەنووسەر، وەلی



خوێندنەوەیان، بەتایبەت بۆ چیرۆکنووس پێویستە. (هیچ نووسراوێک لەسەر سایکۆلۆجیای ئەدەب لەتوانایدا نییە پەرە بە بەهرەی شاعیر، ڕۆماننووس، کورتە چیرۆک نووس یاخود نووسەری شانۆیدا. لەتواناشیدا نابێ جێگەی ئەو زانیارییانە بگرێتەوە، کە ڕاستەوخۆ لە ژیانەوە وەریاندەگرێ. بەڵام دەبێتە هۆی تێگەیشتنی ڕوونتر لەگرێ و حاڵەتە دەروونییەکان.)[٦] کارەکتەری چیرۆکی (گۆڕ)یش نازانرێ کێیەو چکارەیە. مەگەر بەوەدا بزانرێ، پیاوەکە جگەرەکێشە و ڕووداوەکە لەدوای خواردنەوە دەگێڕێتەوە. ئەگینا نووسەر هیچ ڕەهەندێکی کەسێتییەکە ڕوون ناکاتەوە. بەڵام ئەگەر ئەم چیرۆکە بۆ زمانێکی بیانی وەرگێڕدرا ئەوا لێ تێگەیشتنی سەختتر دەبێ. چونکە لە ئەوروپا، ئافرەت هەم جگەرە دەکێشن و هەم دەشخۆنەوە. ئەو بەئەلبوومەکەیدا دەگەڕێ و یادی ناسیاوێکی دەکاتەوە، چۆن نراوەتە گۆڕ!.. ئەوەندە هەیە، ئەم کارەکتەرە خۆی ڕووداوی لەگۆڕنانەکە نایگێڕێتەوە، بگرە ئەمیش لەزمانی خەڵکی دیکەوە دەیگێڕێتەوە. (بۆیان گێڕامەوە، هێنایتیانە دەرەوە، پێتیان وت، چاڵێکمان بۆهەڵکەنە...)[٧]

ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێ ئەوەیە: دراما بەگێڕانەوە (سرد) پێکنایە. بگرە پێویستە دەستووری شانۆیی کارەکتەرەکان خۆیان دراماکە یاری بکەن. واتە پێویست بوو لەخودی چیرۆکەکەدا لەگۆڕنانەکە ڕوویبدایە. باشتر بوو ئێمەی خوێنەر لەدێڕەکانی چیرۆکەکەوە کارەکتەرەکە بەزیندوویی ببینین.. هەڵسوکەوتی.. هەڵچوونەکانی.. دایەلۆگ و بەگژداچوونی.. نەک لەسەر زمانی یەکێکی دیکەوە بۆمانی بگێڕێتەوە..

بۆمەسەلەی وێناکردنی کارەکتەرەکان، گەلێ جاران نەیکردووە (ناو)یان لێبنێ. بگرە هەندێ جاران بێناون. دیارە (ناو) زۆر شتمان پێدەڵێ. بڕێ جاران بەشێک لەباری کۆمەڵایەتیی کەسێتییەکەمان پێدەڵێ.. (کارزان،

کاروان، شۆخان، نامۆ، ڕێبوار) ناوی نوێن. ئەوە دەگەیێنێ: کارەکتەرەکان بەتەمەن لاون، بەڕەگەز کوردن. هەروەها نێرن یاخود مێ. ئەگەری ئەوەیش هەیە شارستانی و خوێندەواریش بن!.. کەچی (فەتاح، ڕۆستەم، عەباس) بەزۆریی ئەوە دەگەیێنن، کە بەتەمەن گەورەن، گوند نشینن، ڕەنگە نەخوێندەواریش بن.. هەندێ جاران (ناو) لەوەیش پتر ماهییەتی کەسێتی دەناسێنێ؛ بەتایبەتی ئەگەر سیفەتێکی درایە پاڵ وەک: کوێخا عەلی، مەلا قادر، حاجی وەتمان، سەید ئەحمەد..

کەسانی چیرۆکی (لوێچێ ئەشکی سوێر، زام و ژان و ئاگر، پرسیارێکی تامەزرۆ، ئێ چییە، گۆڕ، شێتخانە) بێ ناون.. لە چیرۆکی (ئەو و هەنگاو و شەقام)دا، (ئەو)ی کردووە بەکارەکتەری سەرەکی.. (ئەو) بڕوای وایە، کە (ئادەمزاد لەبەردەم ژانا هەڵنایەت.. لەوانەیە تاوێری خەم بەسەریدا بکەوێ بیرووخێنێ، بەڵام بۆ هەمیشەیی ڕاونانرێ.)[٨]. ئەم دایەلۆگە لەبیرۆکەی ڕۆمانی (پیرەمێرد و دەریا)ی هەمەنگوای دەچێ، کە دەڵێ: (مرۆڤ تێکدەشکێنرێ بەڵام نابەزێنرێ).

دەبوایە کارەکتەری چیرۆکی ناوبراو لە بری (ئەو) کەسێکی خاوەن (ناو)بووایە، تاکو ئێمەش دوای سێبەرەکەی نەکەوین و شوێن پێی خۆی هەڵبگرین.. (ئەو) خەمێکی گەورەی وابەکۆڵەوە. دەیەوێ دەسباری کۆڵێک بکا، تازەکی لەپشتی ئەسپ داکەوتووە. تەنیا باڵەو ئەم ئەرکەی بۆ ئەنجام نادرێ.. بەدوای ئەو هۆکارانەدا دەگەڕێ، کە خەمیان کردە میوانی و تاڕادەیەکیش دەستنیشانیان دەکا. دەیەوێ هەنگاو بنێ و بارەکە لەئەسپەکە بێتەوە. لەلای خۆیەوە ڕەنگی بۆدەڕێژێ. مەرجی کاروانچی و سەرقەتار دیاری دەکات.. ئەم کارەکتەرە ئەرێنییە، مرۆڤێکی وشیارە. لایەنی چاکەی لەوەدایە، بڕوای بەهێزی مرۆڤایەتی هەیە. ئەو ڕاستییانەی، دەرکی پێکردووە، لەلای خۆی نایانهێڵێتەوە، بگرە



بەدەوروپشتی خۆی ڕادەگەیێنێ. کەسێکە تۆوی خێر دەچێنێ.. کەوابوو دوو تایبەتمەندیی ئەرێنی هەیە.

ئەم بەکارهێنانی (ڕاناو)ە، لەشوێنی دیکەشدا سەرهەڵدەداتەوە. ئەوەتا لە(ڤێللا)دا، کارەکتەرەکە لە ژیانی ئەو ڤێللا شەش نهۆمییە بێزارە. پرۆژەیەکی نهێنیی لەلایەو ئاشکرای ناکا.. ئەم نهێنی ڕاگرتنە وا لەخوێنەر دەکات تاسەی بکا و لێی بەپەلەبێ، تاکو هەرچی زووترە شتێکی لێ هەڵبکرێنێ.. لە ڕێگە زۆڵێک دەدۆزێتەوە.. لەکۆتاییدا پرۆژە نهێنییەکەی دەدرکێنێ، کە بریتییە لە ئاشکراکردنی هەر شەش نهۆمی ڤێللاکە: نهۆمی یەکەم (من)ی تێدایە.. دووەم (تۆ).. سێیەم (ئەو).. چوارەم (ئێمە).. پێنجەم (ئێوە).. شەشەم (ئەوان).. هەموو دەستەیەکیش چون یەک؛ بەڕستەی ئاڵۆز ناسدەکرێن. واتە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە. کارەکەیش نهێنییەکی ئەوتۆی تێدا نەبوو شیاوی باس بێ. واتە نەگەیشتینە ڕاستییەکی ئەوتۆ کە پێشتر لەلامان پەنهان بووبێ. بەگشتیی هیچی وەهامان لەلا بەجێناهێڵێ قووڵ و پڕمانابێ و لەیادماندا بمێنێ. بۆ نموونە دوا نهۆمدا، کە(ئەوان)ی تێدا نیشتەجێن ، وەک هەواڵێک، کە خەڵکی پێشتر بیستوویانە پێمان دەڵێ: (پلان نامەی کامپ دیڤدیش هاتە مۆرکردن.)[٩]

دەبێ ئەوەیش بڵێم: نووسەر چیرۆکێکی زۆر کورتی بارکردووە. دەکرێ بڵێم باری نۆڤلێتێکی لێناوە. بۆیە لەژێریا دەرناچێ. ئەو هەموو دەستەو تاقمەی لەو ڤێللا شەش نهۆمییەدان، چۆن چیرۆکێکی زۆر کورت دەرەقەتیان دێ؟.. چیرۆکی زۆرکورت، دەکرێ ڕووداوێکی کورت، یان هەر ڕووداوێک، لە ماوەیەکی کورت و لە شوێنێکی دیاریکراودا وێنابکا. پێدەچی کورتە چیرۆک بەجۆرەکانیەوە نەیتوانیبێ سێ یەکێتییەکەی لەمەڕ (یۆنان): یەکێتیی کات و شوێن و ڕوودا و ڕەتبکاتەوە. بەزۆریی..(ئەم

چیرۆکە زۆر کورتە کات لە نێوان سەعاتێک تا ڕۆژێکدا دەبا، کەم ڕێدەکەوێ بگاتە هەفتەیەک. تەنها ڕووداوێکیش لەخۆ دەگرێ، بەمەرجێ گەورەو چڕ نەبێ و لق و پۆی زۆری لێنەبێتەوە. پێچەوانەی کورتە چیرۆک کە مەودای جوولەی بڕێ زیاترە...)[١٠]

ئەوی ڕاستی بێ، بەکارهێنانی (ڕاناو) لەبریی (ناو) وەها دەکات کارەکتەرەکان بێ نموود دەربکەون. وەکو تریش گوێ نەدانە بەدەوری مرۆڤ و وەک سێبەر و تارمایی سەیرکردنێتی.. هەمووشمان لەوە دڵنیایین، کە یەکێک لەو شتانەی مرۆڤ شانازیی پێوە دەکا و حەزی لێیە زوو زوو گوێی لێبێ و باس بکرێ ناوی خۆیەتی. مرۆڤ ناوی خۆی بەلاوە خۆشەویستە و مۆزیکی تێدایە.. خەڵکی هەردەم حەزدەکەن بەناوی خۆیانەوە بانگ بکرێن..

لە چیرۆکی (تۆڵە و هەستێکی نارەسەن)دا، کابرایەکی داوێن پیس پارەیەکی زۆری لە ئافرەتێکدا خەرج کردووەو شەو دەچێتە گیانی.. ئەم جۆرە بابەتە بەزۆریی هەرزەکار دەورووژێنێ و چاوەڕوان دەکرێ خوێنەری زۆری هەبێ. کەچی لەبەر هەندێ ڕستەی ئاڵۆز پێچەوانە کەوتووەتەوەو خوێنەری لە خۆی دوورخستووەتەوە.. گرنگیی مامەڵەکردن لەتەک ئەو ڕووداوەدا لەوەدایە، داخۆ چی پاڵی بەو ئافرەتە ناوە لەڕێی ڕاست لابدا؟ ئایا نووسەر توانیوێتی لە پەناوە لەو (هۆکار)انە خەبەردارمان بکا؟ گەڕان بەدوای هۆکارەکاندا گرنگە.. دەنا ئەنجام هەموو لایەکمان دەیزانین..

نووسەر لەهەندێ جێدا ویستوویەتی وێنەی شیعر بۆ جوانکاریی دەقەکە دروست بکات. بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕستەکان ئاڵۆزن و خوێنەر تێیان ناگا، ناتوانین بڵێین سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. یان ڕەنگە مانای فەلسەفییان لەپشتەوەبێ. ئەم دایەلۆگەیش دیسان بەدحاڵیبوون لەلای خوێنەر دروست دەکا: – چەندساڵە ئەکتەری؟



– هێشتا لەدایک نەبووبووم.

– چەند دەورت بینیوە؟

– ٩ + ٣٠ + ٢٧ + ٣٦٥

– کۆی هەمووی دەکاتە چەند؟

– ... هیچ[١١]

لە دەستاردا، دەڵێ: (سەری گرۆڵەی وشەی هەنگاوی گرت بەدەستەوە.)[١٢] وێنەیەکی دیکەی ئاڵۆزە و مانایەکی ماقوڵ بەدەستەوە نادات. چونکە سەری گرۆڵەی وشەی هەنگاو، دەکاتە پیتی (هێ)!.. ئێ ئەوا گرتیشی بەدەستەوە، چی لێدەکا؟!.. پێم وایە ئەم جۆرە یاریکردنە بەوشە بێسوودە. هەم سەر لەخوێنەر تێکدەداو هەم خزمەتی دەقەکەیش ناکا..

ڕاستییەکەی، ئەم جۆرە داڕشتنانە، وەک شەپۆلێک لە سەرەتای حەفتاکاندا بڵاو بووەوەو تەنییەوە.. بەڵام دوای ئەوەی، کە زانییان بێهوودە و بێسوودە؛ ئەوانەی دایانهێنابوو هەر خۆشیان لێی پاشگەز بوونەوە. وەکوتر لەم جۆرە ڕستانە لەکن گەورە نووسەرانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەرچاو ناکەون.

هەندێ جاران قووڵبوونەوە لەخەمەکانی خوددا و نەبەستنەوەیان بەخەمی گشتییەوە، وەها لە بەرهەمی نووسەرێ دەکا، تەنیا خۆی چێژی لێببینێ ئەمە جگەلەوەی بەڕوونی هزری نووسەر بەبەرهەمەکەیەوە ڕەنگ ناداتەوە. هەندێ جاران وتووێژو ڕستەی ئاڵۆز لەهزری ئاڵۆزی نووسەرەکەوە سەر هەڵدەدەن. (ڕاستە هزرو گفتوگۆ دوو -کردەوە-ی جودان.. بەڵام پەیوەندیشیان لە نێواندا زۆرە.. بۆیە بیرکردنەوەی چەوت ، دەبێتە هۆی گفتوگۆی چەوت.. پێچەوانەی ئەمەیش هەر دروستە.)[١٣] پرسیارەکە لێرەدایە: لەکاتێکدا کەسێکی وەک (حەمەکەریم) بتوانێت بەزمانێکی

شیعریی پوخت و ڕەوان بنووسێ، ئیدی بۆ پەنابەرێتە بەر زمانێکی شپرزەو وێنەی شیعریی سەقەت؟

ئەگەر چیرۆک وێنەگرتی واقیع و هەوڵدان بێ بۆگۆڕینی؛ ئەوا حەمەکەریم ویستوویەتی واقیع لەڕێی ئەم وەسف و وێنەو دایەلۆگانەوە چڕبکاتەوە. بەڵام (هەندێ جار) بەتەواوی بۆی نەڕەخساوە.. چونکە وشەکان مانا بەدەستەوە نادەن. کەچی ئەگەر ویستبێتی، ئەوا بەزمانێکی بالاو شیعریی، ڕووداوەکانی بەرجەستەکردووە. باسەرنجی ئەم ڕستەو دەربڕینانە بدەین: (ئامانج لە تەنیشتییەوە ڕاکشا، هالاوی هەناسەی تێکەڵ بوویان گەرمییەکی تاسەشکێنی بەجێگاو بان و سەرپای ژوورەکە بەخشی، قومریی سرکی مەمک کەوتە سەرچڵێ پەنجە.. شیلەی گوڵی لێو تک تک دەچۆڕایە ناو دەم و گیانی هەنگی ئارەزووەوە... )[١٤]

هەندێ جاران کارەکتەرەکان نامۆن.. وەک تەنیاباڵ و بێ داڵدە دەجووڵێنەوە. ئەوەی دەیانەوێ بۆیان ناچێتە سەرو ئۆخەی لە ژیانی خۆیان ناکەن. بەئاوات ناگەن و لەدەوروبەر بێزارن و دنیا بەدڵی ئەوان نییە. با ئەوان دەنگیش هەڵبڕن، بەڵام دڵسۆزێ نییە دەنگیان ببیستێ و بێتە کۆمەکیان. نووسەر توانیوێتی ئەم دیاردەیە بەبەرجەستەیی بخاتە بەرچاو.. کارەکتەری (نوشتە) لەبەری ڕەنجی خۆی ناخوا.. پەیامەکەیشی بۆ کوڕەکانی جێدێڵێ.. (ئازاد)ی کارەکتەری لەمەڕ (هەستێکی ورووژاو) هیچ دڵی بەدنیا خۆش نییە. ئەو پێشبینیی وایە لەپێنج ساڵی ئایندەدا دەمرێ. بۆیە دەستی تێناچێ و دڵی نایهێنێ تان و پۆی هێلانە بۆژیانی جووتەیی بچنێ و دەستی لەدنیا شۆردووە. منداڵەکەی لەمەڕ (لوێچێ ئەشکی سوێر)، غەریبی دایکی دەکا. بیری باوەشی گەرمی، بیری دەست بەسەردا هێنان و شۆردنی بەدەستی دایکی خۆی دەکا. بەڵام بەئاوات ناگا .(چاوی نەسروتن لەگەڵ نامۆییدا، کەوتنە ڕاوکردنی خەو، بیر کۆچەرە، هاودەم شەوێکی سامناکە، مەنزڵگای خەم و جێ ژوانی تاسەکانە.)[١٥]



ئەم هەستی نامۆییە وای کردووە بەشێکی کارەکتەرەکان لەدڵەڕاوکێدا بژین و خەویان لێ بزڕێ و لەگەڵ خۆیاندا بدوێن. ئەم دیاردەیەش نیشانەی تووشبوونی دڵەڕاوکێیە. لەچیرۆکی (ئێ چییە؟)دا، لەوەدایە لێی تەشەنە بکا و دووچاری (شێتی) ببێ.. کابرا شانۆیی نووسە.. (هەموو شتێک لەبەر چاوی پەشمە، هەست بەنامۆیی دەکا، بۆشاییەکی سەیر و قورس لوولی داوە.. چوارچێوە و سنوورەکان خڕ داخراون، دیسانەوە، باوەشی کردەوە بەبێدەنگییەکەیدا)[١٦]. کەسێکی سرک و سڵۆکە... دەیەوێ جانتاکەی هەموو جیهان بگرێ و بۆی ناچێتە سەر. لەگەڵ خۆیدا دەدوێ.. ئەمەیش نیشانەی دڵەڕاوکێیە.. ژیانی تەنیایی و تێکەڵ نەبوونی بەخەڵک، دەردی گرانتر دەکا و شەو لەلای ئەم جۆرە کەسانە ئەوەندە درێژە، نابڕێتەوە.. ڕۆژنامەنووسێکی لێ پەیدادەبێ و دەبێتە مشت و مڕیان. ئەم هەڵدێ. کاتێک بۆکلیلی جانتاکەی دەگەڕێ، بۆی دەردەکەوێ کابرای ڕۆژنامەنووس کەس نییە خۆی نەبێ. واتە خۆی لێبووە بەدوو کەس و لەوەدایە دووچاری کەرتبوونی کەسێتی (انفصام الشخصية) ببێ.

فرۆید دەڵێ، دڵەڕاوکێ (القلق) لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا لەدایک دەبێ، کاتێ لەتاریکایی منداڵدانەوە، لەو شوێنە ئارام و مسۆگەرەوە، پێ دەنێتە ژیانەوە.. یەکەمین هەناسەو یەکەمین گریانی، لە ئەنجامی دڵەڕاوکێی ئەو جێ گۆڕکێیەوەیە.. پاشان بەهۆی دوورکەوتنەوە لەدایکی تووشی دێ.. ئەمجا منی باڵا (أنا الأعلى) دووچاری دەکا، کاتێ لەقۆناغی نەوجەوانییدایە (مێردمنداڵی) دەسەڵاتی باوک تووشی دەکا.. ئەمجا ترس و گومان پەیداکردن لەپیاوەتیی خۆی و گومان لە دەزگەکانی زاووزێی خۆی، دەیخەنە دنیای دوودڵییەوە.. هەر بۆیەکا بەلای فرۆیدەوە ئافرەت کەمتر تووشی دڵەڕاوکێ دەبێ.. فرۆید ئەم دۆخە بە(لبیدۆ)وە، واتە بەوزەی سێکسییەوە دەبەستێتەوە. بەڵام نکوولی لەوەیش ناکات، کە (دڵەڕاوکێ لە بنەڕەتدا، بۆ دۆخی پەیدابوونی مەترسی، وەک پەرچەکردار

(رد الفعل) پەیدا بووە. جارێکی دیکەیش هەر کەمەترسی پەیدابووەوە، ئەویش سەرهەڵدەداتەوە.)[١٧]

ئەم ترس و ڕاڕاییییە وای لەپاڵەوانی چیرۆکەکان کردووە، بۆخۆیان یەک لایەنە بدوێن. لە (پرشنگ)دا کەسی یەکەمی چیرۆکەکە، خۆیەتی دەپرسێ و هەر خۆیشی وەڵام دەداتەوە..(کار لەکار ترازاوە، دەبێت هەر بڕۆم، بواری گەڕانەوەم لێ تەنراوە). دوای ماوەیەک وەڵام دەداتەوە: (وادیارە ئەم کۆڵانە تاریکانە، دەبێت لەبری قیر..)[١٨]

شارەزایانی چیرۆک وەهای بۆدەچن، دایەلۆگ جگەلەوەی خوێنەر لەباری دەروون و ئاستی هوشیاری و ڕۆشنبیریی پاڵەوانەکان، ئاگادار دەکا؛ بۆ بەرزکردنەوەی پلەی دراماش لەکاتی یەکلایی کردنەوەی کێشەکاندا ڕۆڵی گرنگی هەیە.. کاتێ قسەکان یەک لایەنە بوون، ئەوا دایەلۆگ دروست نابێ. چونکە دایەلۆگ، بەو گفتوگۆیە دەڵێن، کە لە نێوان دوو کەس یان زیاتردا بەڕێوەدەچێ.. بۆیە، ئەگەر قسەکە هی تاکە کەسێک بوو، ئەوا تەنیا لەناخی کارەکتەرەکە خۆیدا دەمێنێتەوە.. بەڵام ئەگەر مۆنۆلۆگ بێ، زیاتر لەجێیە. چونکە ئەو حەلە ڕۆڵی گرنگ لەشیتەڵ کردنەوەی دەروونی کارەکتەرەکاندا دەبینێ. ئەم قسەکردنە یەکلایەنییە، لە (دەستاڕ) و (گۆڕ)یشدا دووبارە بووەتەوە.

ڕاستییەک بەکەسێتییەکانی (تیرۆژ)ەوە، ئاشکرایە ، ئەویش ئەوەیە: ئەم کارەکتەرانە بەهەموو هەڵچوون و بەگژداچوون و خۆخواردنەوە و وەڕس بوون و تەنیابالّی و نامۆیی و دوورەپەرێزی و دڵداری و خواست و ئاواتێکیانەوە، خەڵکی ئەم وڵاتەن.. کوردن.. خۆماڵێن. نووسەر دەتوانێ بەزمانێکی کوردیی پاک بدوێ و وێنەی شیعری دروست بکات و گەلێ جاریش ڕستەکانی چڕو پڕمانابن. وشەی لەگەلێ ناوچە و هەرێمەوە هێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەر هەست بەوەناکات داخۆ خەڵکی کام



ناوچەیانە. ئەوەندە دەزانێ، نووسەرێکی کوردە و ئەمەیش گشتگرییەکی داوەتێ و لەقاوغی تەنگی ناوچەگەریی دووری خستووەتەوە. بەهیوای بەرەوپێش چوون و بەرهەمی سەرکەوتووتر.

تێبینی: ئەم باسە لەژمارە (٧)ی گۆڤاری (کاروان)ی ساڵی (١٩٨٣) و بەناوی ڕێزدار (ڕزگار عبدالواحد)ەوە، بڵاوبووەتەوە؛ ئەو حەلە قوتابیی زانکۆی موسڵ بوو. ئێستا لە وڵاتی دانیمارک دەژی. هۆیەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو سەردەمە من و ژمارەیەکی دیکەی نووسەرانی سلێمانی، دژی ئەو هەڵوێستەی دەوڵەت وەستاینەوە، کاتێ بەبڕیارێک (یەکێتی نووسەرانی کورد)ی هەڵوەشاندەوە و ئامادەش نەبووین بچینە یەکێتییە کارۆتۆنییەکەی ڕژێمەوە، بۆیە بۆ ماوەی (سێ ساڵ) لەلایەن گۆڤارو ڕۆژنامە ڕەسمییەکانی دەوڵەتەوە: (بەیان، هاوکاری، کاروان) بایکۆت کراین و لەو بڵاڤۆکانەدا هیچمان بۆ بڵاو نەکرایەوە. دیارە ئێستاشی لەگەڵدا بێ بەرپرسانی (کاروان)ی ئەوسا نەیانزانیوە ئەو ناوە ئەزم.

سەر چاوە:


١- فن الأقصوصة، ترجمة: كاظم سعدالدين، ٩٧٨ا، ص/ ٧ .

٢- بۆ ئەم کورتە چیرۆکە بڕوانە: القصة القصيرة، د. الطاهر احمد مكي، ١٩٧٧، ص/٩٨ - ١٠٣ .

٣- تیرۆژ، حەمەکەریم عارف، ١٩٧٩، ل/٤ .

٤- تیرۆژ، ل/ ١٥ .

٥- فن كتابة القصة. حسين القباني، ط٣، ١٩٧٢، ص/ ٧٠ .

٦- الأدب وقضايا العصر، ترجمة: عادل العامل، دار الرشيد للنشر،١٩٨٢، ص/٤٧.

٧- تیرۆژ، ل/٢٩ .

٨- تیرۆژ، ل/٣٦ .

٩- تیرۆژ، ل/٥٧ .

١٠- فن الأقصوصة، ص/٧ .

١١- تیرۆژ، ل/١٩ .
١٢- تیرۆژ، ل/٤٨ .
١٣- التفكير المستقيم والتفكير الأعوج. روبرت هى. تاولس، ترجمة: حسن سعيد الكرمى، ص/٩ .
١٤- تیرۆژ، ل/٢٤ .
١٥- تیرۆژ، ل/٧ .
١٦- تیرۆژ، ل/١٧ .
١٧- القلق، سيجمند فرويد، ترجمة: الدكتور محمد عثمان نجاتى، ط٢، ١٩٦٢، ص/١٣٣ .
١٨- تیرۆژ، ل/٤٠ .



## ڕەهەندەکانی چیرچیرۆک

یەکەم کەسێ ناوی چیرۆکی زۆر کورتی (قصة قصيرة جداً)ی لەزمانی کوردیدا هێنابێ و زاراوەی بۆ ڕۆنابێ، زانا شێخ محەمەدی خاڵە. لە فەرهەنگەکەیدا (فەرهەنگی خاڵ) زاراوەی (چیرچیرۆک)ی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە. دواتر زاراوەی دیکەی وەک کورتیلە چیرۆک وهی تریش هاتوونەتە ئاراوە. مێژووی ئەم زاراوەیەی خاڵ بۆ بەر لەداهاتن و پەڕینەوەی ئەم هونەرە بەرەو خۆرهەڵات دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی لەزاری هەورامیدا وشەی (ڕاز)یش بەواتای چیرۆکی زۆر کورت دێ.. یێک لەباری خۆم (ڕۆژنامە چیرۆک)م بەلاوە پەسەندەو بەکارم هێناوە. چونکە هەر لەسەرەتاوە ڕۆژنامە بەتایبەتی و بڵاڤۆکەکانی دی وەک ژانرێک، کە بەشی خۆی خوێنەری هەیە باوەشیان بۆکردەوە. خوێنەر دکارێ لەنێو کافیتیریا و ترەین و میترۆ و پاسەکاندا، کاتی لەگەڵدا بەسەربەرێ و چێژی لێ ببینێ. لەبەر ئەوەی زۆر جێ ناگرێ، ڕۆژنامەکان دەتوانن بۆشاییەکانی خۆیانی پێ پڕبکەنەوە. بۆیە ڕەنگە هەر ئەوانیش بەتایبەتی لای خۆمان، کورتی و درێژییان دیاری کردبێ و سنووریان بۆکێشابێ.

ئەگەرچی دروست نییە، بەڕاستە ، یاخود بەژمارەی وشە حساب لەگەڵ ژانرێکی ئەدەبیدا بکەین. بەڵام وارۆیشتووە، کورتە چیرۆک، لە ١٥٠٠ وشە پترە. واتە ئەگەر لەوە کەمتر بوو ئەوا دەچێتە خانەی (ڕۆژنامە چیرۆک)ەوە. ئەگەرچی هەندێ ڕای دیکەی جیاوازیش لەسەر قەبارەی کورتە چیرۆک هەن. لێرەوە دەردەکەوێ، کە بەشی زۆری ئەو بابەتە ئەدەبییانەی بەنێوی چیرۆکەوە نووسراون و بڵاوبوونەتەوە، وەک زانا خاڵ دەڵێ (چیرچیرۆک)ن. تەنانەت ئەگەر بەم حسابە بێ، هەندێ چیرۆکنووسمان هەن، لەدنیای چیرۆکدا ناو و دەنگیان هەیەو وەکیدی تاکو

نهۆ یەک کورتە چیرۆکیشیان نییە!. جێی باسە (لەخەوما)ی جەمیل سائیب، کە لانی کەم یەکەم هەوڵی نووسینی کورتە چیرۆکە بەکرمانجیی باشوور نووسرابێ، ڕەنگە دەوروبەری ٥٠٠٠ وشەبێ.

وەکوتر لەڕووی مێژووەوە کورتیلە چیرۆک تەمەنێکی درێژی نییە. ڕەنگە هەڵقولاوی سەردەمی خێرایی و بواری ڕۆژنامە بێ. هەرچی چۆنێک بێ، ئەگەرچی بۆخۆشم چەند تاقیکردنەوەیەکم لەم بوارەدا هەیە، بەڵام پێم وایە، لەو ڕووەوە کە پشت بە(زەربە)ی کۆتایی دەبەستێ، لەڕووی فۆرمەوە لە نوکتەوە نزیکترە تا هونەری چیرۆک . بەڵام ڕەنگە نوکتە بەو حسابەی هونەرێکی میللییەو خاوەنەکەی نادیارە، بچێتە خانەی فۆلکلۆرەوە. زۆرێکیش لە چیرچیرۆکەکان سیمایەکی گاڵتەئامێزو ڕەگەزی کۆمیدیایان تێدایە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەم تەرزە چیرۆکە پشت بەڕستەی چڕو بروسکەیی دەبەستێ و تا ئەوپەڕی توانا خۆی لە درێژدادڕی و (إطناب)دەپارێزێ. یان دەکرێ بڵێین وەک شیعر پێویستیی بەڕەوانبێژیی هەیە و باس لە چەند گرتەیەک (لقطە)، یان ساتێکی ژیانی تاکە پاڵەوانێک دەکات. لەم ڕووەوە، بەوەدا کە لەتاکە (فیگەر)ێک زیاتر لەخۆیدا جێناکاتەوە، لە پۆستەر دەچێ.

ئەوی ڕاستی بێ، بڵاوبوونەوەی ئەم ژانرە نوێیە هاوکاتە لەگەڵ بەعارەبی کردنی (هەڵچوونەکان )ی ژنە نووسەری فەرەنسایی (ناتالی ساروت)و لەوساوە بەرەو خۆرهەڵات پەڕیوەتەوە. لای خۆمان، دەم لەهەمان ئەو کێشەو گرفتانەوە دەدا، کە ساڵانێکە کورتە چیرۆک پێوەی خجڵە، بەڵام زۆر بەچڕی و کورتی. چونکە بواری ڕێ گومکێ و مانۆڕی تێدا نییە.. هەروەها نووسەر ناتوانێ هونەرەکانی دیکەی چیرۆکی تێدا بخاتەکار. وەک ژیانی ئەمرۆ ریتمی خێرایە و ناتوانێ بۆناخی پاڵەوانەکەی شۆڕببێتەوە..



ئەوەندە هەیە مرۆڤ ناتوانێ بەبابەتەکانی نێو (هەڵچوونەکان)ی ساروت بڵێ هەموویان چیرۆکن ، چونکە تێیاندایە فیگەرێکی بێ گیانی کردووەتە بابەت، لەکاتێکدا هونەری چیرۆک بەزۆریی لەدەوری ئینسان و لانی کەم گیاندار دەخولێتەوە. بەڵام کاتێ لەم تەرزە (ڕاز)ە ورد دەبیتەوە، کۆمەڵێک پرست لەلا دروست دەبێ:

داخۆ ئەم تەرزە چیرۆکە دوارۆژی ڕووناکی هەیە و بەزیندوویی دەمێنێتەوە؟! بۆ وەڵامی ئەم پرسە دەڵێم: من تاکو ئێستا بەرچاوم نەکەوتووە توێژەرەوەیەک بێت و لایەکی لێبکاتەوە. لەسەر لایەنەکانی بکۆڵێتەوە و نووسەرانی ئەم تەرزە نووسینە بەسەربکاتەوە.

ئەوانەیان، کە لەسنووری چەند ڕستەیەکدان، هیچ هەستێک لەلای خوێنەر جێناهێڵن. چونکە ئەوەندە کورتن ، هێشتا دەستیان پێنەکردووە کۆتاییان هاتووە. کام توێژەر دێ ڕەنجی خۆی لەگەڵ ژانرێکی وەهادا ، کە لەچەند دێڕێک پێکهاتووە بەفیڕۆ بدا؟.. لەکاتێکدا بەدەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی بەپێز لەسەر هونەری کورتە چیرۆک و کۆمەڵە چیرۆکەکان نووسراون.

داخۆ دەکرێ وەک کورتە چیرۆک، ئەم جۆرە ئەدەبەیش بۆ سیناریۆی کورتە فیلم، یاخود دەقی کورتە شانۆیی (ئامادە) بکرێ؟ دیسانەوە وەڵام بەنەرییە!.. باشە نووسەر دەتوانێ لەڕێگەی ئەم هونەرەوە (ئەگەر هونەر بێ) دەست ڕەنگینیی خۆی بنوێنێ؟ جێی خۆی لەدنیای بەرینی ئەدەبدا بکاتەوە؟ دیسانەوە وەڵام بەنەخێرە!.. چونکە نەفەس کورتیی ژانرەکە بەپاڵەوان و ڕووداوەوە بۆخۆیان بواری ئەوەت پێنادەن لق و پۆی لێبکەیتەوە و کارەکتەری دیکەی بۆزیاد بکەی و درامایەکی لێ بەرهەم بێنی. ئەوەش لەولاوە بوەستێ؛ کە ئەم ژانرە ئەوەندە پێویستی بەتەکنیک نابێ. چنینێکی ئەوتۆی نییە تاکو ئامادەکار بینای تری لەسەر بکا.

وەکوتر ناشچێتە ژێر پەیڕەوەکانی چیرۆکی موپاسانییەوە تاکو سەرەتاو گرێ و پەرەپێدان و لەکۆتاییدا کردنەوەی گرێ، یاخود چرکەساتی ڕۆشنکردنەوەی هەبێ. ئەم ڕەگەزانەی تاکو ئێستاش لەکاری دراماییدا پەیڕەو دەکرێن. کە حاڵ وابوو پاڵەوانی ئەم جۆرە ژانرە زیاتر وەک تارمایی دەردەکەوێ و ڕەهەندو جەمسەرەکانی بەڕوونی هەست پێناکرێن. چونکە بەو چەند ڕستەیە چۆن دەکرێ جەمسەرەکانی کارەکتەر بەباشی ڕوون بکرێتەوە؟ ئەوەیش لەولاوە بوەستێ، کاریگەریی ئەم تەرزە چیرۆکە لەسەر خوێنەر زۆر کەمە. هەر دوای خوێندنەوەی بەپاڵەوان و ڕووداوەوە بیردەچێتەوە. ڕەنگە هۆیەکەشی ئەوەبێ زیاتر لەژانرێکی کۆسمۆپۆلیتی بێ شوناس و نیشتیمان دەچێ. چونکە بەهۆی نەفەس کورتییەکەیەوە گرنگیی بە(شوێنکات) نادا. بگرە گەلێ جار شوێنکات نادیارەو لەباریشیدا نییە سیفەتی نەتەوایەتی بگرێتەخۆ، کە یەکێکە لەخاسییەتەکانی هونەر بەگشتی.

کاتێ لە زۆربەی ئەو بەرهەمانە ورد دەبیتەوە پێدەچێ نووسەری چیرچیرۆک هاتبێ لەپێشدا ڕەنگی ڕشتبێ و قاڵبی بۆکارەکەی داڕشتبێ، ئەوجا دەستی بەنووسینی دەقەکە کردبێ. بۆیە دەبینی وەک کارێکی پەستراوەی لەقاڵب دراو دێتە بەرچاو. نەکارەکتەر و نەڕووداو ناکرێ بەچەند وشەیەک گوزارشتیان لێبکەین، مەگەر خودی ئەو چەردە وشەیە خۆیان لەئاکامدا ببنەوە بەڕووداو یان ئەگەر بکرێ بڵێین لەوانەیە دواجار فۆرم ببێت بەڕووداویش. نووسەر ناتوانێ بەچەند وشەیەک کەسێتییەکی جیاواز دروست بکات. ڕاستییەکەی ئەوانەی بەتایبەت خۆیان بەم تەرزە نووسینەوە خەریک کردووە، دەکرێ بڵێین پاژێکی بچووک لەچیرۆک دەخەنە بەر دیدەی خوێنەر نەک چیرۆکی تەواو. وەک ئەوەی لەدرەختێکدا تەنیا گەڵاکانی بخەیتەڕوو. ئەمجا دێن ناونیشانێکی گەورە و بریقەداری بۆ دادەڕێژن، کە گەلێ جاران زێدەڕۆیی تێدایە و کاڵا لەقەد باڵا نییە. یان



وەک پەندە کوردییەکە دەڵێ: ناوی زل و دێی وێران.

یێک لەباری خۆم کاتێک چیرۆکێک دەخوێنمەوە؛ مەبەستمە بزانم نووسەرەکەی چ ناوێکی بۆ پاڵەوانەکان هەڵبژاردووە؟ لە کام چین و توێژی کۆمەڵن؟ باری دەروونی و ژیاری و لەش و لاریان چۆنە؟ لەکوێی ڕووداو یان ڕووداوەکانەوە دەستی پێکردووە؟ چەندی کەرەسەی هونەریی پێیە و کامانەن؟ چۆنی کۆتایی پێهێناوە؟ چ فەلسەفەیەکی تێدایە؟ داخۆ ئەگەر لەدیوی ناوەوە و لەدیوی دەرەوە سەرنجی بدەی مانای چون یەکە؟ مەبەستم لەوەیە داخۆ ڕەمزو ئاماژەی تێدایە؟ زمانەکەی نوێیە یاخود (هەبوو نەبوو)ی لەمەڕ فۆلکلۆرە؟ چەندی وێنەی شیعریی تێدایە؟ بابەتەکەی کۆن و سواوە یان نوێیە؟ خاوەنی دەنگ و ڕەنگ و شێوازی خۆیەتی یان سێبەرو دەنگدانەوەی کەسانی پێش خۆیەتی؟ زۆر پرسی دیکەیش.. لێرەوە دێمەوە سەر ڕۆژنامە چیرۆک و دەڵێم: ئەوەی خۆی بەم تەرزە ئەدەبەوە خەریک بکات، ناتوانێ وەڵامی ئەو حەمکە پرسەی، ورووژاندمن، بداتەوە.. هەمیشە لە تەنکاودا مەلەدەکا و لە هیچ کام لەو لایەنانەدا توانی قووڵبوونەوەی نییە. بۆیە ئەم ژانرە ئەگەر هونەریش بێ، ئەوا هونەری کورت بڕی و نەفەس کورتییە.. باوەڕناکەم نووسەرەکەی هیچی پێببڕێ و هیچی وا بۆ مێژوو بەجێبێڵێ و ببێتە خاوەنی ئەدەبێکی زیندوو.

تێبینی: ئەم باسە وەڵامی پرسیارێکی (پاشکۆی برایەتی، ژمارە ٢٢٩٩/١٨ ی، ڕۆژی ٢٧,٠٣,١٩٩٧) بوو. بەڵام جارێکی دی پێیداچوومەتەوە و لێم زیادکردووە.

## قاز و قازی

## مەرگی تاقانەی دووەم

## دەقێکی بەرباد!

مەرگی تاقانەی دووەم (م. ت. د.) چیرۆکێکی (بەختیار عەلی)یە، لە ١٤٦ لاپەڕەی مامناوەندیدا، ١٩٩٧، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، لە چاپخانەی (میدیا - ستۆکهۆڵم) بەچاپی گەیاندووە. نووسەرەکەی بە(ڕۆمان) بەخوێنەری دەناسێنێ.. لای ئێمە زۆربەی نووسەرانی بواری پەخشان، سەرەتا بەکورتەچیرۆک هاتوونەتە مەیدان و دوای ئەزموونێکی بەرچاو، ئەوسا پرکێشیی نووسینی نۆڤلێت و ڕۆمانیان کردووە. بۆیە هەر دەستپێکێکی لەم بابەتە جورئەتی لەپشتەوەیە و ڕەنگە لەنێوەندە ئەدەبییەکەدا پرس و گەنگەشە بهێنێتە ئاراوە. لەم نووسینەدا زیاتر دەست لەسەر زمان دادەگرم. بۆ ناساندنی کتێبەکە، خراپ نییە ئەگەر سەرێکیش بەلای تەکنیک و کورتەی کارەکەدا لاربکەمەوە.

**کورتەی کارەکە:**

دوای دووسەد ساڵ لەکوژرانی ئەمیر شەرەفەددین، ئیدی گەردەلوولەکە هەڵدەکا. ئەم گەردەلوولە بەشوێن (ئەشرەف)دا هەڵدەکات، کە کوڕی دووەمی داپیرەیەو باوکی مەعلومی نییە و (بیژییە). بەڵام (سەعیدی سوڵتان بەگ) کوڕی گەورەیەتی؛ بەخۆی و تانجییەکانیەوە، لە خزمەتی سەرهەنگدایە، کە ڕەمزی دەسەڵاتی سیاسییە. سەعید دوای لەدایکبوونی ئەشرەف، کۆشکی جێهێشتووە. ئەم جووتە برایە دوژمنن.. (داپیرە) دوای ئەوەی لەمێردەکەی هەڵدێ، لەم شارە دەگیرسێتەوە. دەوڵەتێکی زۆری هەیە. گەڕاوەتەوە، پاکیزە و منداڵە بێنەواکان داڵدەبدا. دەستووری (حکایة موت معلن)ی مارکیز، لە ناونیشانەکەیەوە دیارە چی دەقەومێ و



لەسەر زاری حیکایەتخوانێکەوە پرۆسەی کوشتنەکە دەگێڕێتەوە. ئەشرەف بەکردەوە دوژمنی دەسەڵاتە. سەعیدیش لەگەڵ دەسەڵاتدایەو لەم ملانێیەدا هیچ کامیان بەتەنێ نین.

**تەکنیکی کارەکە:**

بەر لەم کارە، لە زۆر چیرۆکی دیکەی کوردیداو بەسەرکەوتوویی فەنتازیا خراوەتەکار. ڕەنگە ئەم کارە درێژترینیان بێ، کەلکی لە فەنتازیا وەرگرتبێ. ئەوەندە هەیە، لە سەرەتاوە تۆڕێکی ئەفسوونی، تێکەڵ بەزێدەڕۆیی(هەرلە پەپوولەکەی سەر ڕوومەتی داپیرەوە بگرە تا بەباڵندە و گەردەلوول و...) ڕووداوە سەرەکییەکەی لە ئامێز گرتووە. بڕێ جاران لە هەوڵی ئەوەدایە بەڕابوردووەوە گرێی بدا؛ وەک پێمان بڵێ: هەر وابووە و هەر وایش دەبێ. ڕووداوێکی سەرەکی هەیە، ئەویش مەرگی ئەشرەفە. ئیدی هەموو ئەوانی دیکە، ئەم کارەساتە دەخەنە ژێر گەردبێن و ڕووناکییەوە.

حیکایەتخوانەکان(حخ)، هەریەکەو لە گۆشەیەکەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. سەرەتا پاکیزەیەکە، بەشێوازی (هەقایەت) خوێنەر بۆ نێو کارەساتەکە دێنێ. شێوازی (حخ)ێکی سەرەتای سەدەی بیستەمی نێو قاوەخانەیەکی هەیە. ڕاستەوخۆ پەلمان دەگرێ: (ڕەنگە بەشێک لە نهێنی گەردەلوولی چیرۆکەکەی ئێمە لەناو نهێنی مردنی ئەشرەفدا بێت، یاخود لەوانەیە بەپێچەوانەوە نهێنی مردنی ئەو لەناو نهێنی ئەم گەردەلولەدا بێت.)ل/٦-

ئەگەرچی پێمان دەڵێ: ئەوە من نیم بگرە چیرۆکبێژ، پاکیزەیەکە لەوانەی لای داپیرە؛ بەڵام هەر زوو پێدەزانین، کە پاکیزەکان تێکەڵاویی جیهانی (نێر)یان لێ قەدەغەیەو هەڵسوکەوتیان لەژێر چاودێریدایە و ناتوانن بۆ ڕابوردووی داپیرە بگەڕێنەوە. نەتەمەنیان ڕێگەی ئەوەیان پێدەدا و نە

ئەزمـوونی تەنگەبەری ژیانیـان. بۆیە لەپشت هەر ڕسـتـەیەکـەوە نووسـەر بەزەقی ئامادەبوونی هەیە. خوێنەر با نەشارەزایش بێ، هێشتا هەر ناتوانێ قەناعەت بەوە پەیدا بکا، کە ئەم پاکیزەیە تەنانەت شارەزای خەونەکانی داپیرەیشە . ئەو گەردەلوولەیش لەسەرەتاوە هەڵدەکا و تاکۆتایی چیرۆکەکە دەوامی هەیە، فیگەرێکە لە جوانکاریی سینەما (جمالیات السینما) و سینەماکاران بۆ گوزارشت لە تووڕەبوون بەکاری دێنن. چیرۆکنووسانی کوردیش پێشتر بەکاریانهێناوە. بەڵام لەم چیرۆکەدا لەکات و شوێنی خۆیدا نییە . دەبووایە لەو دەمانەدا هەڵبکردایە، کە شاڵاو دەباتە سەر سەرهەنگ.

ئایا فانتازیا هاشەو هووشەیە؟ داخۆ هەر کردەوەیەک واقیعی بەزاندو کەوتە سەراوردییەوە بەفەنتازیا حسابە؟.. نەخێر فانتازیا نە درۆی شاخدارەو نە هاشەو هووشە.. چونکە (درۆ) دژ بەڕاستییە و دەیەوێ لەڕەگەوە هەڵیتەکێنێ. یان هیچ نەبێ چاوی ئەو خەڵکە خۆڵباران بکا و ڕاستیی بشارێتەوە، یاخود لەکەداری بکا. بەڵام ئەفسانە نەدرۆی مەبەستە و نەدەیەوێ زیان بەمەردم بگەیێنێ. بگرە بەپێچەوانەوە، دەیەوێ بەڕاستییەکان بگا و پەردە لە ڕووی نادیار و شاردراوەکان هەڵبداتەوە. پەنایش ناباتە بەر فێڵ و فریو، بگرە ڕەتیاندەکاتەوە.. ئێستا با خوێنەری وریا سەرپشک بێ؛ ئەم ڕستەو دەربڕینانە سەربەکام لان، هاشەوهووشەن، یان فەنتازیا؟

* (ئەو چەقۆیانەی دەردەپەڕین و لە دووری دوو سەد مەترەوە دڵیان دەپێکا). ل/٤٣-
* (هەموو بەندیخانە دایە پرمەی گریان، هەندێکمان شەوو ڕۆژێک ژیرنەبوونەوە). ل/٧٩-
* (کە یەکەم گوللەمان تەقاند هەزارەها باڵندەی خەوتوو لەبێدەنگی



بەردینی ئەو دارستانەدا هەڵفڕین). ل/١٠٩- (هەزارەها باڵندە و کاتیش شەوە!!)
* خورشید... (هەموو جارێک سەدەها پلان و فێڵ و بیرکردنەوەی هەڵدەوەشانەوە). ل/١١٧-

**حیکایەتخوانەکان:**

هەتا کۆتایی چیرۆکەکە (١٢) جار حیکایەتخوان (راوی) دەگۆڕدرێ:

١- پاکیزەیەکە ناوی نەهاتووە. ئاواتی خواستووە ئەشرەف ببێتە مێردی. پێکەوە لەگەڵ (شلێر) ناوێکدا، لە ژوورێکی کۆشکدا دەژین.

٢- لە (ل ١٩)وە دەستپێدەکات. پیاوێکی پاسەوانەو چەکی لەشانە. بەڵام بەشداری تاوانەکە نییە. لەم پرسەدا شاهیدە.

٣- لە(ل٢٩)وە.. سێ بەدمەستن. دوو کوڕ و (حەیدەر)ی باوکیان. یەکێکیان بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە.

٤- لە (ل ٣٥)وە.. حخ، کیژێکە و دەڵێ: (من سەعیدی سولتان بەگم لە هەموو پیاوێکی دیکەی دنیا خۆشتردەویست.) لەبەر ئەوەی جوان بووە، لەکاتی کەرنیڤالەکەدا بۆ خزمەتی میوانیان بردووە.

٥- لە (ل ٤٥)ەوە.. حخ، کوڕێکە لەو بێنەوایانەی داپیرە داڵدەی داون. دەڵێ: (سەعیدی سولتان بەگ پارەی دەداینێ جلی بۆ دەکڕین و ژنی بۆدەهێناین.) ل/٤٧- کەواتە دەستنێژی سەعیدە و ئەو شەوە لەگەڵ (٢٠٠) کەسی دیکەدا بەشداری تاوانەکەیە.

٦- لە (ل ٥٣)وە دەست پێ دەکات.. حخ، سەندووقە پێپسی بۆمەیدانی گەورەی کەرنیڤالەکەی شەو بارکردووە. بۆ ئەوەی تاوانەکە بشارێتەوە، لەگەڵ سەدانی دیکەدا دەیگرن و بەپانکەدا هەڵیدەواسن. لە کۆتاییدا وەهای نیشانداوە، لەگەڵ سەرهەنگدایە.

٧- له(ل ٧١)ەوه.. قەیره کچێکه، کچی مونیرەی سۆزانییه. بەزمانی گوتاری سیاسی و وەک بەرپرسێکی سەربازیی کاڵفام دەدوێ. ئاگاداری گەلێک نهێنییه و زیندانییش کراوه.

٨- له (ل ٨٢)ەوه.. حخ، له پاکیزەکانه و ئەشرەف ماچی کردووه. وەها دەدوێ وەک کوناوکون بەشوێن لاشەی ئەشرەفەوه بووبێ.

٩- له (ل ١٠٧)ەوه.. خورشیدی جادووباز دەیگێڕێتەوه. چاوێکی شووشەیەو داینەمۆی کار و پلانه. له پشت ئەشرەفەوەیه. کلیلی نهێنییەکانی لەلایه.

١٠- له(ل ١١١)ەوه.. حخ، خراپ له خورشیدی جادووباز دەدوێ. گوایه نهێنیی ژیانی خورشید دەزانێ. خوێنەر نازانێ چکارەیه. ئەوەنده هەیه ئاگاداری دەنگوباسی مەیدانی ماست و نێودارستان و ئوتێل و مریشک فرۆشەکانه.

١١- له (ل ١٢٥)ەوه.. له پاکیزەکانه و لەنێو کۆشکدایه. شۆردن و کفن و ناشتنی ئەشرەف بۆ دایکی ئەشرەف دەگێڕێتەوه.

١٢- له (ل ١٣٠)ەوه.. پاکیزەیەکه، بە(کۆ) دەدوێ. بۆمان دەگێڕێتەوه چۆن خورشیدی جادووباز، له کاتی کارەساتەکەدا هاتووەته نێو کۆشکەوه. حخ، لەبەڕێکردنی تەرمەکەدا تا گۆڕستان بەشدارەو کەوتووەته نێو بۆسەی جەندرمەوه.

دەکرێ پاکیزه هەبێ دوو جاران بەشداریی گێڕانەوەی کردبێ. کێ چووزانێ؟!... خۆ نووسەر ناوی (حخ)ەکانی نەداوه. گێڕانەوەی فرەدەنگی نەک هەر لەچیرۆکی درێژ و ڕۆماندا، بگره له دەیان ساڵ لەمەوبەرەوه، لەکورته چیرۆکیشدا پەیڕەوکراوه و شتێکی نوێ نییه. لەم ڕووەوه ئەم سەرنجانه دەخەمەڕوو:

١- هەموو (حخ)ەکان، چیرۆکەکه بۆ داپیره دەگێڕنەوه.. (حخ)ی هەشتەم



باسی شکاندنی دەرگەو پەنجەرەکان و پیسبوونی کۆشک، بەهۆی قەرەباڵغیی پرسەکەوه بۆ خودی داپیره دەگێڕێتەوه. له کاتێکدا داپیره زرپ و زیندوو، لەوێ ئامادەبوو!!

(حخ)ێکی دیکه پاکیزەیەکه، له(ل ١٢٥)دا، بەدرێژی باسی شۆردن و کفن کردنی ئەشرەف و هاتنی سەعیدو تانجییەکانی، لەو ڕۆژه ڕەشەدا بۆ داپیره دەگێڕێتەوه، لەکاتێکدا داپیره خۆی لەماڵەوه ئاگاداره و بگره خۆی خاوەن پرسەکەیه!!.. ئەگەر حخ، بۆ یەکێکی بگێڕایەتەوه، لەدۆخەکه بێئاگابێ، ئەوا لێمان وەردەگرت. بۆیه هەموو گێڕانەوەیەکی لەم بابەته زیاده و لەڕووی نەشارەزایی له هونەرەکەدا سەریانهەڵداوه.

٢- دەکرا بەئاماژەیەک، وەک: ژماره، پیت، ئەستێره.. هتد، گێڕانەوەکان لەیەک جیابکاتەوه و سەر له خۆی و له خوێنەریش تێکنەدا. یان بۆ هەر گێڕانەوەیەک ناونیشانێکی لاوەکی هەبووایه.

٣- دەکرا (حخ)ەکان ناویان هەبووایه. دیاره (ناو) هەندێ جاران ماناو مەبەستی تایبەت لەخۆیدا هەڵدەگرێ و خوێنەریش لەو تێکەڵ و پێکەڵییه ڕزگاری دەبێ.

٤- بەزۆری بەکۆ (ئێمه) دەئاخڤن.

٥- دوای ڕەتبوونی ساڵانێک ڕووداوەکه دەگێڕنەوه.

٦- هەموو (حخ)ەکان، بەسەرهاتەکه بۆ (داپیره) دەگێڕنەوه، کەچی داپیرەیش (ناو)ی نییه، ئەگەرچی کەسێتییەکی گرنگی چیرۆکەکەیه. (ئەشرەف)ی کوڕیشی هەر بەداپیره بانگی دەکا!!

٧- گێڕانەوه (سرد)، لەگەڵ دایەلۆگ و مۆنۆلۆگ.. ئێستا و گەڕانەوه، تێکەڵ بەیەکبوون. دەکرا بەئاسانی جیابکرێنەوه. دۆو دۆشاو تێکەڵکردن خوێنەری پێ چەواشه دەبێ.. ڕەنگه گێلەخوێنەر و نەشارەزای پێ بخەڵەتێ و بەکارێکی گرنگی بزانێ. بەڵام ئەنجام

بەنەشارەزایی بۆ نووسەرەکەی لە قەڵەم دەدرێ.

٨- بەئەنقەست ویستوویەتی گێلە خوێنەر بفریوێنێ، بۆ ئەوەی بەکارێکی گرنگ و لەتێگەیشتن نەهاتوو پێیان بفرۆشێ. دەنا گێڕانەوەی چیرۆکێکی درێژ، کە بریتی بێ لە ١٤٦ لاپەڕەی مامناوەندی (١٢) حیکایەتخوانی بۆچییە؟!.. لە چ زەمانێکدا ئاڵۆزیی نیشانەی سەرکەوتن بووە؟!

٨- ئەگەرچی (حخ)ەکان، باری کۆمەڵایەتییان جیاوازە، کەچی بەزۆریی هوشیارییان لە ئاستێکدایە. قسەکانیان بەڕادەیەک لەیەکەوە نزیکن، وەک یەک کەس خاوەنیان بێ وەهایە. لێرەوە کەسێتی نووسەر لەپشت پاڵەوان و (حخ)ەکانەوە بەزەقی بەدیاردەکەوێ و ناتوانێ خۆی بشارێتەوە. (حخ)ی دووەم، کە پاسەوانە، دەڵێ: (نا، داپیرە، تاریکستانەکانی شەو نەبێت، کوا ڕووناکی توانای بینینی ئەو جۆرە دەموچاوەی هەیە؟) ل/ ٢٠

سێیەم بەردەوام سەرخۆشە.. زانست پێمان دەڵێ: بەدمەست وەک کەسانی ئاسایی نادوێن. زەینیان بەباشی کارناکا. بگرە وەک شێت هەستیارن (حساس) و بەگورجی هەڵدەچن. لەنگەریان تێکدەچێ. هەرکاتێ ڕێژەی ئەلکول لەخوێندا سەرکەوت. ئەوا ئەو کەسە دووچاری لەبیرچوونەوەی کاتی دێ. چونکە ئەلکول زانیارییەکانی مێشک دەسڕێتەوە. هەندێ جاران دووچاری ڕەنگکوێریی کاتیش دەبێ. بەکورتی لەم چیرۆکەدا بەدمەست بۆ حیکایەت گێڕانەوە دەست نادا. سەرنج بدەن ئەم بەدمەستە لەبری ئەوەی قسە بگلێنێ و بیبزرکێنێ، چۆن دەدوێ. حەیدەر پێیوایە: (مرۆڤ بۆئەوەی لە ئاژەڵ نەچێت، دەبێ ددانی نەبێت.) ل/ ٣١-- ئەم سەرخۆشانە پێیان وایە: (مەرج نییە حەقیقەت لەبەردەم خواوە بگەڕێتەوە بەردەم دادگا.) ل/ ٣٤-



لەسەر زاری(حخ)ی پێنجەمەوە هاتووە: (لەوە دەچوو چرپەی دەنگێکی کز کە نەیتوانیوە لەمپەرەکانی بیرچوونەوە ببڕێت و خۆی بگەیێنێتە خولگەکانی حەقیقەت.) ل/ ٥٢- (حخ)ی هەشتەم، کە لە پاکیزەکانە ئاوەها دەدوێ: (هەرچەندە زۆر زەحمەتە باوەڕ بەنیەتەکانی عەقڵ بکەین لە دەسەڵاتیاندا بەسەر هوروژمی هار و بێ ئامانی ئارەزووەکانی لەشدا...هتد) ل/ ٨٤-

هەمان (حخ) لەجێیەکی دیکەدا دەپرسێ: (بۆ دەبێت من ببمە قوربانی یەکێک کە ئەو خۆی قوربانی نارێکییەکانی ئەم گەردوونەیە؟) ل/ ٨٨-

٩- هەر هەموویان زمانی کوردی نازانن!!.. ئەم باسەیان بۆدواتر هەڵدەگرین و بەدەیان بەڵگە و نموونە ڕوونی دەکەینەوە!!

**شوێن و زمانی ڕووداو:**

نووسەر نەیتوانیوە شوێن و جوانکارییەکانی شوێن لەپاڵ زمانەکەدا بۆ پەرەسەندنی ڕووداو بخاتە کار. خەڵکی سلێمانی وەک کەسانی ئەم چیرۆکە نادوێن و هەڵسوکەوت ناکەن. کوان ئەو سەدان دەستەواژەو پەند و خوازە جوانانەی خەڵکی (سلێمانی)یان پێدەناسرێ؟ لە کوێن هێما و ئاماژە، کە تەواوکەری زمانن؟ ئەگەرچی زمانی پڕ لەئاماژەی زیرەکانەو کورت و پوخت و کوردی پەتی و ڕستەو دەستەواژەی تایبەت و گیانی نوکتەو جورئەت، بەئاخاوتنی خەڵکی سلێمانییەوە دیارن، کەچی لەم چیرۆکەدا هیچی وەهامان بەرچاوناکەوێ!.. تۆ لەوەی گەڕێ، کە مەرج نییە بەسەرهاتەکانی ڕۆمان و چیرۆک ڕوویاندابێ. بگرە چاکتر وایە واقیعی نەبن و ئەمایان بابەتێکی دیکەیەو ئێرە جێی شرۆڤەکردنی نییە. لێ چونکە نووسەر بەوەی هەندێ شوێن و یادگارمان لەسلێمانی پێدەڵێ، دەیەوێ بڵێ: کارێکی وەها لە(سلێمانی) ڕوویداوە، یانژی بۆی هەیە ڕووبدا.. بەڵام ئەگەر خوێنەر ئەو شوێن و یادگارانە بەهی هەر شارێکی

دیکە بگۆڕێ، هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ:

مەیدانی دارە سووتاوەکە ل/١٨-- مزگەوتی گەورە ل/١٩-- دەبۆکە ل/١٩-- داواکاری پیر حەمید قەزاز ل/٢١-- لەبەردەم قەیسەرییەکە پێچمان کردەوە. ل/٢٥-- ئەو پیاوەی کە دەیویست هێڵی شەمەندەفەر بۆئەم شارە ڕابکێشێت. ل/٤١-- کە شاعیرێکی پیر ساڵانە، ڕۆژانی نەورۆز لە قەراغ شار سازیدەکرد. ل/٤٥-- باخچەی گشتی.. ژێر پردەکە.. چوخمەکە ل/١١٠-- حەوزە وشکەکە ل/١١٣-

**غەفلەت و ناکۆکییەکان:**

١- (حخ)ی چوارەم کیژۆڵەیەکی جوانە، بردوویانە تا پێشخزمەتی میوانانی کەرنیڤاڵەکەبێ. سەبارەت (سەعید) لە (لاپەڕە ٣٧)دا، دەڵێ: (پیاوێکی بەدبەخت و ترساو بوو.) لە (لاپەرە ٣٨)دا، پێیدەڵێ: (توند و بەجورئەت بوو.) جارێکی دی لە(لاپەڕە ٤١)دا ، وەها باسی دەکات: (سەعیدی سوڵتان بەگ لەلام تەنیا نێرێکی چاونەترس بوو.) ئایا دەبێ پیاوێک لە هەمان کاتدا، ترسنۆکیش و ئازایش بێ؟! ٢- وەک (حخ)ی پێنجەم خۆی دەیگێڕێتەوە، ئەگەر ئەشرەف سەدەها بوتڵی بۆشیان لەسەریدا شکاندبێ و تانجییەکان بەددان لە سەد لاوە لەشیان هەلاهەلا کردبێ و ڕیخۆڵەکانی بووبن بەهەویرو دەیان قامچی لەیەک کاتدا شریقەیان لێ هەڵساندبێ، ئیدی چۆن دەڵێ: (پرسیاری زۆر لەپشت نیگاکانییەوە دەبینرا..) ل/٥٥-

٣- بۆچی سەعید کۆشکی جێهێشت؟ لە چی کەم بوو؟ لەچی وەڕس بوو؟ ئایا ئەم هۆکارانە، خوێنەری وریایان پێقایل دەبێ؟ (سەعید کۆشکی بەجێهێشت، ئەو کۆشکەی کە لە ڕقدا پێیدەگوت کۆشکی خوژە خوژی میزی پاکیزەکان.) ل/٨٥- لەگەڵ کوژرانی ئەشرەفدا، کاتێ سەردانی کۆشک دەکاتەوە بەدایکی دەڵێ: (هەرگیز ناگەڕێمەوە بۆئەو ڕۆژانەی



شووشە شەرابەکانی منت لە کون و کەلەبەرەکاندا دەردەهێناو بەتووڕەییەوە دەتشکاندن.) ل/١٣٠-

٤- (حخ)، دوای ئەوەی لەلاپەڕە (١١٤ ، ١١٥)دا ، باسی گفتوگۆی نێوان ئەشرەف و خورشیدی جادووباز دەکاو دەقی گفتوگۆکەشیان دەنووسێ، لەکۆتایی لاپەڕە (١١٥)دا، دەڵێ: (نا داپیرە، هەرگیز یەکتریان نەدیبوو.) هەر دوای (١٤) دێڕ لە لاپەڕە (١١٦)دا، هەمان (حخ) دەڵێ: (لەو بەیانییەدا کە لەگەڵ ئەشرەفدا یەکتریان بینی..)

٥- (حخ)ی هەشتەم لە لاپەڕە (٨٢)دا، دەڵێ: (کە بیست ساڵ لەمەوبەر ئەشرەف لەدایک بوو.. سەرهەنگ بەدریش تاکە پیاوێک بوو بتوانێت ئەو مەترسییە گەورانە لەو خاتوونە دوور بخاتەوە.) واتە ئەگەر (سەرهەنگ بەدری) ئەو ڕۆژەیش تەعین بووبێ، کە داپیرە یەکەم جار سەردانی کردووە، هێشتا هەر (٢٠) ساڵە فەرمانڕەوای شارە. لە عێراق و هەموو وڵاتانی دەوروبەرماندا، پارێزگار، بەڕێوەبەری پۆلیس و هەموو بەرپرسە ئیدارییە گەورەکان، ٢٠ ساڵ لەشارێک نامێننەوە. بەشەرتێ ٢٠ ساڵ لەمەوبەریش هەر(بەدری) پلەی سەرهەنگ بووە!! تۆبڵێی بەسەرهەنگی لەدایک نەبووبێ؟!!

**زمانی چیرۆکەکە:**

زمان سەرەڕای ئەوەی کۆڵەکەیەکە، بونیادی نەتەوەی ڕاگرتووە، هۆی سەقامگیربوون و دامەزراندنی هەر نەتەوەیەکیشە. ڕۆژێ لە ڕۆژان لەم بارەیەوە لە (ئەلبێر کامۆ)یان پرسی ئەویش لەوەڵامدا وتی: (بەڵێ نیشتمانم هەیە، ئەویش زمانی فەرەنسییە.) فەلسەفەت، بڕوات، پەیامەکەت، شیعر و چیرۆک و ڕۆمانەکەت، هەردەبێ بەهۆی زمانەوە بیانگەیێنی. توێژینەوە مەیدانییەکان سەلماندوویانە، ئەوی زمانی زگماکی خۆی بەباشی نەزانێ، بەباشی فێری زمانی بیانیش نابێ. نووسەر کار

لەناو زماندا دەکا. داخۆ ئەوەی شارەزای زمان نەبێ، دەکرێ شاکاری ئەدەبی لەسەر دەستیدا لەدایک ببێ؟ زمان توانایەکی بێسنووری بۆدەربڕین هەیە. کوردی، زمانی گەلێکی شوانکارەبووە. تەمەنێکی درێژ گەرمیان و کوێستانی کردووە. دواتر بەشێوەیەکی سەرەتایی کەوتووەتە سەر کشت و کاڵ. کوردی مێژوویەکی درێژ تەنیا زمانی گفتوگۆ بووە. بەڵام بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٧١ بەدواوە، گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە. هەزاران زاراوەی نوێی لێکەوتووەتەوە. ئێستا وێرای ئەدەب. هزرو فەلسەفەو کیمیک و فیزیک و دەروونزانی و گەلێ زانستی دیکەی پێدەنووسرێ.. دەکرێ لەیەک سەردەمدا دەیان نووسەر پێیبنووسن و بەوشێوەیەی دەیانەوێ بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، بەڕادەیەک بەرهەمی کەسیان لەوی دیکەیان نەچێت و شێواز، لێکیان جیابکاتەوە. بەڵام لەهەموو دۆخێکدا فرمان هەر فرمانە و ناو هەر ناوە. نووسەر بۆی نییە زمان بشێوێنی، بگرە هەر خۆیانن زمان دەوڵەمەند دەکەن.

خۆ زمان هەر بەتەنیا ڕایەڵێک یان هێڵێکی گەرم نییە بۆگەیاندن، لە نێوان بەرەی مرۆڤدا. بگرە بەهۆیەوە هەین و بیردەکەینەوە، خەون دەبینین، خۆشەویستی بۆیەک دەردەبڕین، ڕکمان لەیەک دەبێتەوە. شەڕ دەنێینەوە. بگرە جەنگ بەوشە دەستپێدەکا، پاشان نۆرەی تفاقەکانی دیکەی بەرگری و بەرەنگاریی دێ. هەر بەهۆی وشەوەیە دەگەینە ڕێکەوتن و ئاشتی. چەندین ڕێکەوتننامەی ئاشتی و ئابووری و سیاسی لەدوا ساتەکانی گفتوگۆدا، لەسەر چەند وشەیەک چەقیان بەستووە ، هەڵوەشاونەتەوە و نەگەیشتوونەتە ئەنجام. چونکە فێڵ و فریویش هەر بەوشە ئەنجام دەدرێن!! وشە نەتەنیا چەند پیتێکی لێکدراوی بێگیانە، بگرە خاوەنی مانا و وزەیە. سۆز دەبزوێنێ. ڕک و کینە دەخاتەوە و هێزێکی ئەفسوونیی هەیە. بگرە هەر وشەیە دەشبێتە ئەفسانە. دەکرێ بەمشتێ وشە ئاپۆرایەک بڕژێنیتە سەر شەقامەکان و هەرایەک بنێیتەوە ئەوسەری دیارنەبێ. هەر



بەمشتێ وشەیش دکاری جەماوەرێکی ڕاساو بنێریتەوە ماڵ و ئاو بەئاگری هەرایەکدا بکەی. سەرکردەکان، پیاوە ئاینییەکان بەوشە جەماوەر دەجووڵێنن. ئێمە میللەتێکین لەبەر زۆرهۆ، تاکو ئێستایش وشەی وتراوی ڕاستەوخۆ زیاتر کارمان تێدەکا، هەتا نووسراوی سەرکاغەز. وشە ئەگەر دەستەو یەخە و بەرامبەر بوو، وزە و ئەفسوونی زیاترە و جووڵێنەرترە. بۆیە کاریگەریشی پترە. پیاوانی ئاین و سیاسەت، سوودی زۆریان لەم تایبەتمەندییەی زمان بینیوە. چونکە ئەگەر بەرەوڕوو بوو ئەوا ئاماژە و زمانی جەستەیشی تێکەڵ دەبێ. پاتەکردنەوەی بڕگەی گرنگ و جەختکردن لەسەر زاراوە و گۆڕینی تۆنەکانی دەنگ، ئاستی کاریگەریی زمان سەردەخەن. وشە هەیە کوفرە و هەیە ئیمان. هەیە لە هەموو جێیەک دەوترێ و هەیە لەزۆر جێ قەدەغەیە. هەیە شەڕە و هەیە سێکسە و هەشیانە ڕووی هەموو مەجلیسێکی نییە!. هەیە قەستی سەرە. یێک لەباری ئەدەب، دکارم بێژم، زمان ئەو سەنگ و تەرازووەیە دەقی پێدەنرخێنرێ. چونکە هەر زمانە مالانێ و جوانکاری و هزرو هەست و سۆزەکانی لە خۆیدا هەڵگرتووە. کاتشوێن، هەر بەزمان گوزارشتیان لێدەکرێ. هەر لەسۆنگەی زمانەوەیە دەقێک بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ و دەقێکی دی بەرەو داڕزان ڕۆدەچێ!! باشە کورد، ئەگەر زمانەکەت لێسەندەوە چی بۆ دەمێنێتەوە؟ لای کورد گەورەترین پایەیەک بونیادی نەتەوەکەی ڕاگرتبێ، زمانەکەیەتی. خۆ زمانی ئێمە عارەبی و عیبری نییە، دینی تایبەت بەنەتەوەی خۆمان هەبێ هەڵمانسێنێتەوە و پشتڕاستمان بکا. ئێمە ئایە و مایەمان زمانەکەیە. بۆیە دووژمنان، هەتا توانیویانە لێیان قەدەغە کردووین.

هێز و جوانیی دەق لە هەڵبژاردن و ڕیزکردنی وشەکاندایە و بارگاوی کردنیانە بەمانا. (هیثم الحاج علي) لە کتێبەکەیدا (التجريب في القصة القصيرة. يوليو ٢٠٠٠ ، الهيئة المصرية لقصور الثقافة) بەڕۆماننووسی ناسراوی عارەب ئەدوارد ئەلخەڕاط دەڵێ: (بێجگە لەزمان خاوەنی هیچی

دیکه نییه.) ئێمه لێرەدا لەبەرامبەر دەقێکی ڕەنگ پەڕیوداین.. خۆ وشەیش وەک ڕەنگەکانی کن هونەرمەندی شێوەکارە. ئەگەر لەشوێنی خۆیاندا بەکار نەهێنران، نادرەوشێنەوە. نازانم نووسەری م. ت. د. لە هەڵبژاردن و ڕیزکردنی وشەکاندا فێڵی لەقامووس کردووە یاخود لەمانای وشەکان. ؟!. یان خیانەتی لە زمان کردووە، کە هەموو چنینە ئەدەبییەکە پێکدێنێ؟!

لەم کارەدا پاشاگەردانیی زمان لەو سۆنگەیەوە سەرچاوە دەگرێ، نووسەر دەسەڵاتی بەسەردا ناشکێ و نەشارەزای ڕێزمانەکەیەتی.. ئەو نووسەرانەی بەچیرۆک و ڕۆمان نووسینەوە خجڵن، یان خوێندوویانە یاخود بەسەلیقە دەیزانن و لەپاڵ سەلیقەکەشدا کۆششیان تێدا کردووە.

(دە) یان (ئە)؟

هەندێ جاران فرمانەکان بە(دە) دەنووسێ و هەنێ جاریش بە(ئە).. جاری وایش هەیە، بەهیچ کامیان. ئەم غەفڵەتەیش لەحەفتاکاندا ئەوانە تێیدەکەوتن، کە تازە کوورە و کەم ئەزموون بوون: لەلاپەڕەی هەشتەمدا دەنووسێ: (دەیگوت، دەزانێ، دەگەڕایەوە، دەگوڕا، دەکرد، دەبینێت) بەڵام لەزۆر شوێنی دیکەدا ئەم دەستووره پەیڕەو ناکات و بادەداتەوە سەر (ئە):

(وەڵامی نە ئەدایەوە)ل /٤٨-- (ئەبایە چیرۆکێکم بڕستایە) ل/٦٧-- (ئەسڕی) ل/٩٦-- (ئەهات) ل/١٢٩- (چی رووئەدات) ل/ ١٤٠-- جاری وایش هەیە لەیەک دێڕدا، جارێک (دە) و جارێک (ئە)ی بەکارهێناوە: (دەپژمین و پەپوولە لەدەمیان دێتە دەرێ، ئەپژمین مراوی بچووک لەگەروویانەوە دێتە دەرێ) ل/٦١-

لێشاوی (کە) زیادەکان:

ئەگەر کۆیان بکەیتەوە ڕەنگبێ لاپەڕەیەک (کە)ی، بەهەڵە، یاخود لەزیادە بەکارهێنابێ!!.. جاری واش هەیە لەبری (هەڵوێست، کۆما،



وێرگول) یان هەر بۆئەوەی (خاڵ) دانەنێ و ڕستەکانی پێ تەریب بدا بەکاری هێناوە. پێدەچێ وەهای بۆچووبێ: هەتا ڕستە درێژتربێ، هونەریتریشە. بۆیە بەهۆی (کە)وە چەندی پێکرابێ ڕستەی سەقەتی تەریبداوە . جێی باسە نموونەکان بەسەدانن؛ خۆناکرێ هەموویانی بۆ بنووسمەوە.. ئەگەر هەموو هەڵەکانی بۆ ڕاست بکەمەوە دەبێ کتێبێکی لەسەربنووسم شەش حەوت ئەوەندەی چیرۆکەکەی خۆی بێ. چونکە ڕستەی واهەیە هێندەی ژمارەی وشەکانی هەڵەی تێدایە. ئەوەیش پووش لە کا بژاردنە!!.. ئەم ڕستانەی والەخوارەوە ڕیزیان دەکەم پێویستییان بە(کە) نییە. پێشم وایە خوێنەرێک قۆناغی سەرەتایی بەکوردی تەواکردبێ هەست بەوە دەکا، هەندێ ڕستە، بێجگە لە(کە)، لەچەند لایەکی تریشەوە وێرانە، بەڵام من ناچارم وەک خۆیان بیاننووسمەوە:

١- (پیاوی غەمگین بوون (کە) بەوە دەچوو یەکەم جاریان بێت لە تاریکییەوە بێنەدەرێ) ل/٩٨-

٢- (پێموابوو (کە) شێت بووە.) ل/ ١١٠-

٣- (دەمزانی (کە) چیدیکە کەس ناتوانێت هەڵەیەک ڕاست بکاتەوە کە ژیان و زەمان، پیسی و پاکی مرۆڤ، چنیبووی.) ل/١٣٣-

**قاز و قازیی!!**

ئەگەرچی ڕێنووسێکی یەکگرتووی وەها لەئاراد نییە ، هەمووڵایە لەسەری کۆک بن؛ بەڵام ڕێنووس نەیشبووەتە کۆسپ لەڕێگەی گەیاندنی مانادا. لەوەیش گەڕێ جاری واهەیە ئەم برادەرە ڕستەیەکی وەک (یەک وشە) نووسیوە. یان زۆر وشە هەن بەیەک (و) دەنووسرێن و ئەم بەدووان نووسیونی. یان بەپێچەوانەوە.. هەن بەدوو(ی) دەنووسرێن و ئەو بەیەکێک نووسیونی. بەڵام هەندێ جاران لای ئەم برادەرە بووەتە مایەی گۆڕینی (واتا)و لاسەنگ بوونی ڕستەکان. بەدەست خۆی نییە،

زەردەخەنەیش دەخەنە سەر لێوی خوێنەر. چونکە نووسەر (قاز و قازیی، یار و یاریی، قاپ و قاپیی، کەنارو کەناریی، خاڵ و خاڵیی، تووڵ و توڵە)ی تێکەڵاو کردووە و جیاوازیی نەکردوون!!

*(پەلە کورت و کورەکانی).. ل/١٢- مەبەستی کوورە، واتە چەماوە، بەڵام (کوڕ)ی نووسیوە!!

* (قاپی کۆشک) ل/٨٤- مەبەستی دەرگەیە، بەڵام (دەفر)ی بۆ دەرچووە!!

*(قازی خاڵ) ل/٥٨- مەبەستی (جەنابی قاچی) بووە، بەڵام (قاز)ی بۆ دەچووە!!

* (کەناری چکۆلانەی خاوەن ئوتێلەکە) ل/١٠٨- مەبەستی باڵندەی (کەناریی)یە. بەڵام بە(کەنار) شکاوەتەوە. واتە: (لێوار، ڕۆخ)

* (گۆنێیەکی خاڵی کۆن) ل/١٣٨- مەبەستی(بەتاڵ)ە بەڵام بە(خاڵ) واتە بەبرای دایک دەخوێنرێتەوە!!

* (چوارچێوەی خاڵی وێنەکانی ئەشرەف لەژێر پێماندا شکا.) دیسان (خاڵی) مەبەستی بەتاڵە بەڵام نەیزانیوە بینووسێ!!

* (ئەو توڵانەی بەدەست و پلێکی نائارام و نارازیەوە لەیەکدی هەڵدەکێشا.) ل/ ١١٣- دیارە مەبەستی پێ (تووڵ)ی سەبەتەیە، بەڵام بە(گوجیلە سەگ ، توتکە سەگ) دەربڕیوە!!

*(زانست یاری منداڵانی قوتابخانەیە.) ل/١١٥- هیچ دڵداری و خۆشەویستییەک لەئارادا نییە. مەعێن مەبەستی لە (وازی)یە!!



**تاک و کۆ:**

قوتابییانی کوردستانی باشوور لەقۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا، نەک هەر لە زمانی خۆیاندا، بگرە لە زمانەکانی عارەبی و ئینگلیزیشدا فێری تاک و کۆ دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر لەوانەی بەزمانی کوردی دەنووسن، جاروبار دەکەونە هەڵەوە. بەڵام بەڕادەی (م. ت. د.)و وەها بەلێشاو لە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبیدا بەرچاوم نەکەوتووە. چیرۆک و ڕۆمانە کوردییەکانیش لەبەر دەستدان و خوێنەر ئەگەر مەیلی لێبێ دەتوانێ بچێتەوە سەریان.. پێویستە ئەوەیش بەخوێنەر بڵێم: کاتێ هەڵەکانی (تاکو کۆ) دەستنیشان دەکەم، مانای ئەوەنییە، ئیدی ئەو ڕستانە هەڵەی دیکەیان تێدا نەماوە! نەخێر.. بەڵام چیبکەم هەر ئەوەندە فریادەکەوم.. وا لەخوارەوە (دەیان) هەڵەی بۆ ڕاست دەکەمەوە:

١- لە دیمەنی ئەو هەموو پارچە کاغەز و نایلۆنە دڕاو و زەرفە بەتاڵ و گەڵا زەردانە سەرمان سوڕما کە گەردەلوولەکە (هێنابوویە) ژووری. ل/٧- (هێنابوونییە)

٢- هەتا ئەو جێگایانەش کە نەدەبایە (لێیبداو) بەگران دەستی (دەگەیشتێ). ل/١٠- (لێیانبداو، دەگەیشتنێ)

٣- موقەبای توڕدراوی سەر عارەبانەم کۆکردەوەو (ئاگرمداو). ل/١٩- (ئاگرمدان و)

٤- لاگیرەو لیرە ڕەشادیەکانی سەریشی کە تەنیا لەکاتی خەوتندا (دایدەگرت دەبریسکایەوە.) ل/١٠- (دایدەگرتن ، دەبریسکانەوە)

٥- ئەو عەترانەی لەسەر ڕەفەی تایبەتی و ڕازاوە لە سووچی ژوورەکاندا ڕیزکرابوون و یادگاری ئەو سەردەمە (بوو.) ل/١٠- (بوون)

٦- هەندێک (لەخۆیەوە سەرچۆپیدەگر ت.) ل/٢١- (لەخۆیانەوە، سەرچۆپییان)

٧- هەندێک (شمشێری) پێبوو. ل/٢١ (شمشێریان)

٨- ئەسپەکان (شاخی) هەبوو. ل/٢١ (شاخیان)

٩- ئەو بەرچنانەی دەنگی ویزە ویزی کوشندەی زەردەواڵە (پیرەکانی) لێدەهات. ل/٢٦- (پیرەکانیان)

١٠- لە بوومەلەرزەی (ساڵەکانی) سیدا. ل/٢٦- (ساڵی) چونکە ساڵی (سی) یەک ساڵە.

١١- هەموو ڕاستییەکانی دی یەکە یەکە ئاشکرا (ببێت.) ل/٢٨- (ببن)

١٢- گەردەلوولەکان گڵۆپی ئەو (شەقامانەی) شکاندبوو. ل/٢٨- (شەقامانەیان)

١٣- دەبایە ئێمە جڵەوی ئەسپەکانیان بگرین (بیبەینە) تەویلەکانەوە. ل/٣٩- (بیانبەینە)

١٤- لە پشتی ئەو دۆلابانەوە ئیشی لەگەڵدا دەکردم کە دوایی دەرکەوت (پڕبووە) لە گوللەو.. ل/٣٩- (پڕبوون)

١٥- ڕووتییەکانمان تێکەڵی یەکتر (دەبوو.) ل/٤٢- (دەبوون)

١٦- لەو سندوقە بیبسیانەی کە لە مێژ بوو (ئامادەمکردبوو) تا لەبەیانی ئەو تۆفانە ڕەشەدا (باریبکەم.) ل/٥٤- (ئامادەمکردبوون ، باریان بکەم)

١٧- ئەو ژوورە نهێنینیانەی... خۆی تیا (دەشاردەوە.) ل/٥٥- (دەشاردنەوە)

١٨- ئەو دۆلابانەی (پڕبوو) لەو دەرمانانەی شەوانە ئاوێتەی تایبەتی (لێدەگرتەوەو) شلەی ئەهریمەنانەی (لێدروستدەکرد.) ل/٥٥- (پڕبوون، لێدەگرتنەوە، لێدروست دەکردن)

١٩- با ئاوێنە سیحراوییەکان بهێنین و تۆزێک فەساڵی (خۆتی) تیاببینیت. ل/٦١- (خۆتیان)



٢٠- ئەو قامچیانە بهێنن کە بەسەری مارێکی ڕاستەقینە (کۆتایی) دێت. ل/٦٠- (کۆتاییان)

٢١- پێنووسەکانی لەزێڕبوون تا وشەی زێڕینی (بداتێ.) ل/٦٥- (بدەنێ)

٢٢- زرینگەی ئەو فەخفووریانەی کەدانت بۆ مریشکەکانت تیا (دادەنا.) ل/٦٦- (دادەنان)

٢٣- ئەو کارەساتانەی کە(دێتە) ڕێگای مرۆڤ. ل/٦٦- (دێنە)

٢٤- هەموو ڕێگاکان ئەو بەرەو مەرگ (دەبات.) ل/٦٦- (دەبەن)

٢٥- عەمبارەکانی گەنمی خاڵیدەکردەوەو (دەیدایەوە) بەکرێ. ل/٧٨- (دەیدانەوە)

٢٦- گوڵەباخەکانی هەژاری وەکو گوڵەباخەکانی دیکە (نییە.) ل/٧٩- (نین)

٢٧- ژوورەکانی هەژاری بەژووری ئاسایی (ناچێت.) ل/٧٩- (ناچن)

٢٨- ژێر پێڵوەکانی کە ژمارەی ساڵەکانی تەمەنی (گەردوونی) تیانووسراوە، ل/ ٩٠/ (گەردوونیان)

٢٩- ئەو پارچە کاغەزانەم دەبینی کە جار جار سروەیەکی هێمن و فێنک هەڵیدەکردو لەناو هەوای ژوورەکەدا (یارییپێدەکرد) ئینجا (بەریدەدایەوە.) ل/٩٢- (یاریی پێدەکردن ، بەریدەدانەوە)

٣٠- ئەو پاپوجانەی (هەڵمانگرتووە، ) ل/٩٨- (هەڵمانگرتوون)

٣١- ئەو گوڵانەی کە گەڵاکانیمان (لێڵادا) بینیمان دەگرین. ل/١٠١- (لێڵادان)

٣٢- بەسەر ئەو تۆپە دارینانەدا کە وێنەی (بورجەکانی) لەسەر ڕەسمکرابوو. ل/١٠٢- (بورجەکانیان)

٣٣- یەکە یەکە نامەکانمان لەناو پەڕی ڕیشۆڵە کوژراوەکاندا دەرهێناو (خوێندمانەوە.) ل/١٠٤- (خوێندماننەوە)

٣٤- ئەو پیاوانەی ڕەنگی هەتاوی زەویەکی تریان گرتبوو. بەنیگای بزێوو ڕوومەتە (سوتاوەکەیانەوە.) ل/ ١٠٥- (سوتاوەکانیانەوە)

٣٥- بێئەوەی کەس بزانێت رووداوەکان دوای ئەو چۆن (پەرەدەسێنێ.) ل/١٠٩- (پەرەدەسێنن)

٣٦- ئەو کوچانەی ئەو (پیا) دەڕوات. ل/١١٤- (پیایاندا)

٣٧- هەزارەها مریشکی سپی کە یەکەمجار بوو(دەهاتە) ئەو شارە، بەترێلەی گەورەو لەقەفەزی بچووک و تەسکدا (دەیانهێناو) لەسەر شۆستەکان (دایاندەگرت.) ل/١١٥- (دەهاتنە ، دەیانهێنان و ، دایاندەگرتن)

٣٨- هەستمکرد هەنگاوەکانم نەختێک (خاودەبێتەوە) ل/ ١٢٠- (خاودەنبەوە)

٣٩- هەموو مەنجەڵەکانیان شکاندو (توڕیاندایە) زێرابەکانەوە. ل/١١٩- (تووڕیاندانە)

٤٠- تاهەموو ئەو نامەو کاغەز و نهێنیانەی کە مەرگی (ئەشرەف) لەبەردەم مەترسیدا جێهێشتووە کۆیکاتەوە. ل/١٢٤- (ئەشرەفیان)

٤١- قفڵی ئەو جانتایانەی دەشکاند کە ئەشرەف بەسووکی و بەتاڵی (دەیبردە) دەرێ و بەپڕی و سەنگینی (دەیهێنایەوە). ل/١٢٤- (دەیبردنە ، دەیهێنانەوە)

٤٢-دەست بەسەر نهێنیەکاندا بگرێت و (بیسووتێنێت). ل/١٢٤- (بیانسووتێنێت)

٤٣- ئەو هاوارانە دەنگی ئەو باڵندانەیە کە شەوانە بەناو خەونەکانیا (دەفڕێت.) ل/١٣١- (دەفڕن)



٤٤- ئەو هاوارانە لەکوێوە (دێت؟) ل/١٣٢- (دێن)

٤٥- وێنەکانی ئەشرەف لەژێر پێمانا (شکا.) ل/١٣٨- (شکان)

٤٦- ئەو ژێرپیالآنەی دزی کە وێنەی شا و (شابانووی) تیابوو. ل/١٣٩- (شابانوویان)

٤٧- هاوڕێکانی خۆشمان (لێبووبوو) بەئەو. ل/١٤٢، (لێبووبوون)

٤٨- سێبەرەکانمان (لێبووبوو) بەئەو. ل/١٤٣- (لێبووبوون)

**دەیان هەڵەی دیکە:**

ئەو پاڵەوانانەی خاوەنی ئەم دایەلۆگانەن و ئەوانەی وەک (حخ) چیرۆکەکە دەگێڕنەوە. قسەی گەورە گەورە دەکەن. جاروبار زمان لەوێنەی شیعری و وتەی پەندئامێزو فەلسەفەوە دەدەن. چاوەڕوانیی ئەوەیان لێدەکرێ خوێندەوار و بەئاگابن. کەچی وەکیدی دەکەونە غەفڵەتی وەهاوە لە نەخوێندەوار دەوەشێتەوە. کەی باوی ئەوە ماوە خەڵک بە(فیلم) بڵێن (فلیم) ل/٥٦ و ١١٩-- کوا نووسەری ئەوندە نەشارەزا هەیە سیفەتی (نەشمیلانە) ل/٥٨ و (نازەنین) ل/١٢٢، بداتە پاڵ پیاو؟! یان بە(ناڵبەند) بڵێ (ناڵچی) ل/ ٥٠- ؟!

ئەم هەڵە زەقانەی تاکو نهۆ چیرۆکنووسانی کورد نەیانکردووە، ئەنجام لەسەر بنووسی (م. ت. د.) دەکەون و ناتوانێ پاساویان بۆ بهێنێتەوە. والەخوارەوە دەیان هەڵەی بۆ ڕاست دەکەمەوە، بەو ئومێدەی لەئایندەدا سوودیان لێ ببینێ. با خوێنەر لەوەیش ئاگاداربێ ، کە هەندێ ڕستە بەجارێ وێرانن و فریاناکەوم چی هەڵەیان تێدایە ڕاستیان بکەمەوە. دڵنیام ئەوانەتان نەختانێک کوردی دەزانن، ئەم حەقیقەتەتان لەکن ڕوونە!

١- پۆنگیان خواردبووەوە. ل/٩- (پەنگیان)

٢- پۆپەژمینەکانیان.. ل/٩- (پۆپەشمینەکانیان)

٣- مەچەکە پڕ بازنەکانی بەجۆرێکی دڵگیر و سەیر (خرمەیان) دەهات. ل/١١- (خرنگەیان یاخود خرینگەیان)

٤- وامـــاندەزانی ئەو (هەوارە) لەو قـــاپە مس و چینیـــە بللوریانەوە بەرزدەبێتەوە.. ل/١٥- (هاوارە)

٥- دزەکان بۆ(شەوکوت) ڕێگایان کەوتە ئێرە. ل/١٦- (شەوکوتی)

٦- ئەگریجە ڕەشەکەیان پێقرتاندبوو. ل/٢٠- (ئەگریجە) بۆ مێ بەکاردێ و (ئەشرەف) نێرە!!

٧- دەیانقرووساند. ل/٢٣- (دەیانقرووسکاند)

٨- ئەنگوستیکەی کچە بێوەژنەکەم دزیبوو. ل/٣٠- (ئەگەر کچە، چۆن بێوەژنە؟! ئەگەر بێوەژنە چۆن کچە؟!)

٩- هەموو جەستەی لە خوێندا هەڵکشابێت. ل/٣٢- (هەڵکشان، واتە سەرکەوتن و بەرزبوونەوە، پێچەوانەی داکشانە.. هەڵکێشرابێ، ڕاستە)

١٠- کۆترە شینکیەکان. ل/٣٤- (شینکی ڕەنگی خۆڵەمێشییە. هەروەها ڕەنگی شاڵ و شەپکە.. شینکە، بۆ کۆتر بەکار دێ)

١١- ئوتۆمۆبیلی بوکەکانی هەمووی سووتاند. ل/٤١- (هەموو، ڕاستەو (ی) زیادە.

١٢- نەعلەت. ل/٤٧- (لەعنەت ڕاستەو بەکوردی دەبێتە نەفرەت)

١٣- قاچکە کێوی. ل/٥٦- (قارچ، قارچک کارگ، کوارگ)

١٤-کەڵپەی تانژیەکانی لەسەربوو. ل/٥٦- (کەڵبەی)

١٥- ووستیان فرمبدەنە زێرابەکانەوە. ل/٥٨- (ویستیان)

١٦- سەری پلێتەی چراکەی لەزێر بوو. ل/٦٥- (سەری پلێتە ناکرێ لەزێر بێ، چونکە چراکە ناسووتێ. پێدەچێ مەبەستی سەرو کلاوەکەی بێ)



١٧- فیسقەگوللەیەکی. ل/٧١- (فیسقەگولە، بەیەک لام. ئەو باڵندەیە، لەبەر بچووکیی وەهای پێدەڵێن. واتە: گولەکە)

١٨- خەڵکی چیتر دەڵێن. ل/٧٧- (ڕستەیەک چیتری تێدابێ دەبێ نەرێ، نەفی بێ.)

١٩- خوژە خوژی میز.. ل/٨٥- (خوشە خوشی)

٢٠- زەردەچەویان لێدابێ. ل/٨٨- (زەردەچەوەیان)

٢١- ئەو قرتێلە زەردانەی.. ل/٩٨- (قردێلە)

٢٢- سەروپێچی.. ل/٩٨- (سەروپێچ، واتە: سەروبەست، بەتایبەتی ژنانە.. بەرامبەر مێزەرو شاشکی پیاوان.. بەڵام ئەو مەبەستی لەو کەسانەیە، کە سەروپێخانەیان هەیە!!)

٢٣- جارەجارێک.. ل/٩٦- جارەناجارێک ، جارناجارێک، جاروبار، جاربەجار، جارجارێک)

٢٤- دەنگی باڕەش. ل/٩٩- (گڤەی)

٢٥- یەکی مەساسەیەکیان خستووە دەمیان و... ل/٩٩- (خستووەتە)

٢٦- دووکانی شاگرد ل/ ١٠٣- (؟!) (داهێنانێکی نوێیە!!.. بەڵام باسی نەکردووە چی دەفرۆشێ؟!)

٢٧- ڕاکشابوو. ل/١٠٥- (ڕاکشان، بۆ زیندوو دەبێ و ئەشرەف گیانی سپاردووە!!)

٢٨- وەک جوجکێکی.. ل/١٢- (جووچکێکی)

٢٩- لەناو ئەو حەشاماتە سەراسیم و ترساوەدا. ل/١٢١(سەراسیمە)

٣٠- ئەوانەی تەرمەکایان بەدەستەوە بوو. ل/١٤٢- (خۆ تەرم تەزبیح نییە؟!.. دەکرێ بڵێ: ئەوانەی تەرمەکەیان پێبوو.. یاخود: ئەوانەی تەرمەکایان هەڵگرتبوو.)

٣١- بەچۆغەی بێ شەرواڵەوە.. ل١٤٤- (بێ ڕانکەوە.. دەوترێ: ڕانک و چۆغە. شەرواڵ و مرادخانی، شەرواڵ و ستارخانی، کەواو سەڵتە)

٣٢- لە دۆڵابچە بچکۆلەکانیدا.. ل/١٥- (پاشگری (چە) ی وشەی دۆڵاب، بۆ بچووک کردنەوەیە، ئیدی ، بچکۆلە زیادەیە.)

٣٣- پیکابێکی بار..ل/٩٦- ئەدی پیکاب بۆچییە؟!)

٣٤- لەسەر دوو کورسی درێژ و ڕەق (مونیرەی) دادەناو فێریدەکرد لەدادگا چی بڵێت. ل/٧٥- (بۆچی لەسەر دوو کورسی، خۆ مونیرە یەک کەسە؟!)

٣٥- ئەوانەی لە تەنوورەکەدا نانیان دەکرد. ل/٩٠- (لە تەنووردا نان دەبرژێ!!.. کەس ناتوانێ لەتەنووردا نان بکات!!)

٣٦- نازانم بۆئەو بەیانییە کە تکەی ئاوەکە (بەنێو مەمکما) تێدەپەڕی. ل/٩٠-(خۆ ئاو تێزاب، یان تەزووی کارەبا نییە!!.. دەکرێ بنووسێ: بەنێوان مەمکەکانمدا تێدەپەڕی.)

٣٧- بەدەم لەخۆدانەوە تەشیان دەرست. ل/١٠٢- (ئەو ئافرەتەی تەشی برێسێ هەردوو دەستی دەگیرێ، ئیدی چۆن لەخۆی دەدا؟!.. فانتازیا وەها نابێ!.. ئەم ڕستەیە، قسە خۆشەکەمان بیردەخاتەوە، کە دەڵێ: هەبوو نەبوو، پیاوێک هەبوو سەری نەبوو، ڕۆژی هۆقەیەک بنێشتی دەجوو!)

٣٨- تەقەی دەکرد و وەک فیێی لێهاتبێ پێدەکەنی. ل/١١٠- (فێ لە نیشانەکانی نەخۆشیی پەرکەمە. فێ لێهاتوو، دەکەوێ و کەفدەچەڕێنێ. خۆنەویستانە دەجوولێ و پەل دەکوتێ. هەرگیز لەو کاتەدا پێناکەنێ. ئەوەی پەرکەمی لەگەڵدابێ هەر دەم دڵتەنگە و هەست بەکەمسەری دەکا.)



**وشە زیادەکان:**

(م. ت. د.) ڕۆمان نییە و بەناهەق لەسەر بەرگەکەی نووسیوە ڕۆمان. ئەگەر نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوو کرا، یاخود بەزمانی سینەما، ئەگەر مۆنتێرێکی شارەزا مۆنتاژی کرد، ئەوا دەمێنێتەوە سەر کورتە چیرۆکێکی دە دوانزە لاپەڕەیی. لێکچوون و دووبارەبوونەوە بەگێڕانەوەی (حخ)ەکانەوە دیارە. زۆربەی ڕستەکان بەزیادەوشە (حشو) ئاخنراون. ئەم نەخۆشییە بونیادی چیرۆکەکەی هەڵئاوساندووە . سەرنج بدە چۆن هەر لەسەرەتاوە بەناوەخن (حشو) دەست پێ دەکا: «بۆ یەکەم جار دوای دوو سەدە لەوەی ئەمیر شەرەفەدین لەناو گێژەنێکی چڕ لەگەڵای زەرددا بەدەستی پیاوانی سوڵتان کوژرا و گوتیان خودا هەڵیکێشاوەتەوە بۆ ئاسمان.» ل/٦- دوای ئەوەی چیرۆکەکە دەخوێنیتەوە دەزانی، کوشتنی (ئەمیر شەرەفەدین) و ئەگەری هەڵکێشانی بۆ ئاسمان، هیچ پەیوەندییەکیان بەم چیرۆکەوە نەبوو. بگرە زێدەبوون. ڕەنگە بڵێم: چاوبەستیش بوون. لەم ڕووەوە، دەکرێ دیسانەوە دەیان نموونە بخەینە ڕوو:

١- ئافرەتێکی پیرە بەتەمەن بوو. ل/٩- (پیر و بەتەمەن هاوواتان، بۆیە یەکێکیان زیادە.)

٢- شانەیەکی تەختەدار.. ل/١١- (یان تەختە یاخود دار)

٣- (دەنگی) قاپقاپەکانی تراق.. تراق..تراق.. تراق لەسەر جێگاکەی دەنگیدایەوە. ل/٨- (دەنگی، زیادەیە.)

٤- بەڵام لەو بەیانییەدا (تەنها) کۆتریش چییە نەمدی. ل/١٩- (تەنها)

٥- ئەگەرچی برینی (تیغی) هیچ خەنجەرێک.. ل/٢١- (خەنجەر خۆی تیغە، بۆیە (تیغی) زیادە.)

٦- بەدەنگێکی بێگەرد و بێگرێ و ڕوون. ل/٣٣-

٧- له (سەر) هاوارەکانی ئەشرەف بەئاگا هاتینەوە. ل/٣٥- (سەر)

٨- هەرگیز حەرفی له دەم نەهاتە دەرێ، هەرگیز ڕووی نەکرد بەمەلاوە، هەرگیز قسەیەکی لەگەڵدا نەکردم. ل/٤٨- (ڕستەی کۆتایی زیادە.)

٩- باخچەیەکی بچووکمان هەبوو. ل/٤٩- (وشەی باخچە. بەپاشگری چە، بچووک کراوەتەوە. بۆیە بچووک زیادەیە.)

١١- چرپەی دەنگێکی کز.. ل/٥٢- (چرپە بۆخۆی دەنگێکی کزە.. کەواتە: دەنگێکی کز زیادە.)

١٢- بەستەڵەکی بەستوو. ل/٧٢- (؟!)

١٣- نا ئێمە بەس تەنها بۆمان هەبوو بگرین. ل/٩٤- (بەس و تەنها، یەکێکیان زیادە.)

١٤- بەخۆی و چەقۆکەیەوە خۆی گەیاندبووە. ل/٩٤- (خۆی و، زیادەیە.)

١٥- ئەوە (دەنگی) خورشیدی جادوباز بوو کە بەدەنگی شاهیدێکی گەورە قسەیدەکرد. ل/١٣٠-

١٦- له(سەر)هاوارێکی سامناک خەبەرمان بووەوە. ل/٩٣-

١٧- تا(یەک) یەکتری لەخەیاڵی خۆیان دەربکەن. ل/١٠٤-

١٨- لەناکاو هەرەسی پایەیەک کردیە تۆپەڵێک ئێسک و خوێنی (تۆپەڵ بوو لەناویەکدا.)ل/١١٤-

١٩- له پەنجەرەکەوە سەیری دونیای شەوەزەنگ و(تاریکی) کەلاوەکانی دەوروبەری دەکرد. ل/١٣١-

٢٠- (هەرگیز ئیدی) لەو ڕۆژەوە تامردن سەیری سەعیدی نەکرد. ل/١٣٦-



**کاروانی هەڵە بەردەوامە:**

ئەم ڕستانە، هەریەکەو دوو یان پتریان هەڵە تێدایە. هەشیانە بەزێدە وشە ئاخنراون. وا لای خوارەوە هەم ڕاستیان دەکەمەوە، هەم هەڵەو زیادەکانیش دەستنیشان دەکەم:

١- کەجیاوازیان نەدەکرد له نێوان ئەولاشەیەدا کە هەڵیانگرتووەو هەر بارێکی قورسی دیکەدا. ل/٨٩- (کە جیاوازیان له نێوان ئەو لاشەیەی هەڵیانگرتووە و هەر بارێکی قورسی دیکەدا نەدەکرد.) (جیاوازیان، لاشەیەدا)

٢- کوڕی ئەو ناڵچییە بوو کە باوکی ناڵی بۆئەسپەکانی سەرهەنگ دروستدەکرد. ل/٥٠- (کوڕی ئەو ناڵبەندەبوو، کە ئەسپەکانی سەرهەنگی ناڵ دەکرد.) (ناڵچییە ، باوکی، ناڵی، بۆ، دروستدەکرد)

چوار سەرنج:

یەکەم: ناڵچی نییە ناڵبەندە.

دووەم: ناڵبەندەکە باپیری ئەحمەد نییە باوکێتی.

سێیەم: ناڵبەند ناڵ و بزمار دروست ناکا، بگرە ولاخ ناڵ دەکا.

چوارەم: ناڵ و بزمار له کارخانە دروست دەکرێن.

٣- بەبەتانی نووستنە شەوانەکانی خۆی لەدەشت و دەرە ساردو دوورەکاندا داپۆشی و شاردیەوە. ل/٩٧-(بەبەتانیی نوستنی شەوانی خۆی لەدەشت و دەرە ساردو دوورەکاندا، داپۆشی و شاردییەوە.) (بەتانی، نووستنە، شەوانەکانی، شاردیەوە)

٤- خێڵێکمان لەو پیاو و ژنانە بینی کە لەو هەرێمانەوە هاتبوون کە هەرگیز باران تیا خۆشناکاتەوە. ل/١٠٠-(خێڵێکمان بینی، لەو هەرێمانەوە هاتبوون، کە هەرگیز باران تیایاندا خۆشناکاتەوە.) (لەو

پیاو و ژنانە، کە، تیا)
٥- بەو سیما غەمگینی و نیگا ناسکانەیەوە ئەهات و نیگایەکی ئەو لاشەیە دەکرد. ل/١٢٠- (بەو سیما غەمگین و نیگا ناسکانەیەوە دەهات و نیگایەکی ئەو لاشەیەی دەکرد.) (غەمگین، دەهات، لاشەیە)
٦- نەدەنگی قورسکەی یەکتریان دەگەیشتێ و نەدەیانتوانی سەعید بدۆزنەوە. ل/١٤٠- (نە قروسکەیان دەگەیشتە یەک و نەدەیانتوانی سەعید بدۆزنەوە.)
٧- بەقۆناغە دەمانچەکان سی و دوو ددانیان شکانبوو. ل/٥٣- (بە دەسکی دەمانچەکان سی و دوو ددانەیان شکاندبوو.)

سێ سەرنج:
یەکەم: دەمانچە قۆنداخی نییە. دەسک یاخود مشتووی هەیە، هەندێ جار کلکیشی پێدەڵێن.
دووەم: قۆناغ نییە (قۆنداخ یان قۆناخ) ڕاستە.
سێیەم: ئەم ڕستەیە وەهای نیشان دەدا ئەشرەف لە(٣٢) ددان پتری هەبووبێ!!

**ڕستە بێ ماناکان:**

مەرجی ڕستە ئەوەیە مانا ببەخشێ. سەرەڕای هەڵەی داڕشتن؛ ئەم ڕستەو دەربڕینانەی لای خوارەوە هیچ واتایەک نابەخشن. سەیرەکە لێرەدایە، لەم سەردەمی جیهانگیری و زانیارییەدا؛ خەڵکی وەها پاشڤەڕۆ مابن خۆیان بەشتی بێ ماناوە خەریک کردبێ و دەقێکی مۆرانە لێدراویان لێبووبێ بەڕۆمان. بەڵام لەوە ئەنتیکەتر ئەوانەن کە ئەم وڕێنەی گرانەتادارە بەئەدەب بزانن. ئێستایش با بەچرای ڕۆنگەرچەکەوە لەم دەربڕینە شپڕێوانەدا،



لەدووی مانا بگەڕێین!!
١- تا ئەو رۆژەش کە دایکم مرد نەمدەزانی کەئەو شەوە چەندێ بەدەستە رەشەکانی بەمەمک و بەرۆکی مونیرەدا بەداربووە. ل/٧٤-
٢- هاواری ئەو شازادەی مردوانەیان دەگووتەوە کە لەو بەیانی مردنەدا بانگی هەڵدابوو. ل/٨٦-
٣- باسی ئەو منارە زیویانەی ئەسفەهانی بۆکرد کە رۆژێک پڕبوون لەو هەورانەی پشیلە و کەناری مەلەیان تیادەکرد.

**میزاجی کوردەواری:**

ئەم دەربڕین و گوزارشتانەی خوارەوە لە میزاجی کوردەوارییەوە دوورن. ئەوەتا هەندێ وشەی بەکارهێناوە بێئەوەی مانایان بزانێ. پێدەچێ وەک پێویست تێکەڵی کۆمەڵ نەبووبێ و شارەزای گفتوگۆ و هەڵسوکەوتی خەڵک نەبێ. لەکاتێکدا کەس هێندەی چیرۆکنووس پێویستی بەوردەکاری و نهێنییەکانی ژیان نییە. لێرەدا زۆر وشە دەبینی، لە جێی خۆیاندا بەکاری نەهێناون. دەربڕینیش هەن ئەوەندە کرچ وکاڵن، بەرهەمی ئەو مێردمنداڵانەت بیردێننەوە، کە تازەکی دەست دەدەنە قەڵەم و بەدەم گڕوگاڵی نۆبەرەی نووسینەوە، کاغەز ڕەشدەکەنەوە.
١- بەکێلۆن و قفڵی گەورە ئەڵقەڕیزی نەدەکرد. ل/١٨- (مانای ئەڵقەڕیز نازانێ.)
٢- کەنیزەکەکانی خاتوو سەلواش کە لە باغچە کاکی بەکاکیەکاندا گوڵیان دەچنی و چەپک چەپکیان دەکرد. ل/١٩- (مانای کاکی بەکاکی نازانێ)
٣- ئەو گوڵانەی بێئەوەی کەسمان بزانین بۆنی پیاوکوژەکانی ئەشرەفیان لەو ناوەدا بڵاو دەکردەوە. ل/١٠٢- (ئەشرەف خۆی کوژراوە. پیاوکوژیشی ڕانەگرتووە. دەبوایە بیگوتایە: بۆنی بکوژانی...)

٤- ئەو کیژە نانی ئێوارانی داپیرەی پڕدەکرد لەخوێ. ل/١٢- (بەنانی ئێواران دەڵێن شێو.)

٥- دەتوت لەتەنیشت پارچەیەک گووەوە وەستاوە. ل/٥٩- (بۆ ئەو شتە پیسە پارچە بەکار نایەت!! دەبووایە لەڕووت بەگولاو بێ بیوتایە: پنتک، سل، تەپ...)

٦- ئەو سەر پڕ لەتەمەیەدا. ل/٣٢- (دەبووایە بیگوتایە: ... پڕلەتەممەدا.)

ئەم ڕستەو دەربڕینانە عارەبین:

١- ئەو کوڕی ناو خەونەکانمان بوو. ل/١٣- (فتى الأحلام)

٢- پایە ئەلەکتریکەکان. ل/٧٥- (أعمدة الكهرباء)

٣- قژیان وەکو (ذیل الحصان) لەدواوە بەستبوو، ل/١٣٠- (ذیل الحصان هەر -پۆنی تەیڵ-ی ئینگلیزییە و عارەبەکان وەریانگێڕاوە!)

٤- کفن و جومجومە سپیەکانیانەوە. ل/١٣٢- (کاژەڵە و کاسەسەرمان هەیە، ئیدی بۆ جومجومە؟!)

٥- وە ئێستاش دوای هەموو کارەساتەکانی ئەم وڵاتە. ل/٣٦- (وە – ی عارەبی بۆگرێدانی دوو ڕستە یان دوو وشە بەکارهێناوە.. دەکرێ یەک – و – بەکاربهێنێ. بەڵام ئەم ڕستانە پێویستییان بەهیچ کامیان نییە! ئەوەندە هەیە نووسەر بەعارەبی بیردەکاتەوە!)

٦- وە لەژێر تیشکی مۆمێکی چکۆلەدا. ل/٤٩- (وە)

٧- وە نازانم ئەم دەرگایە. ل/٥٠- (وە)

٨- وە دواتر وەک هەموو دەزانین... ل/١٠٠- (وە)

٩- وە چ کوڕێک بەئەندازەی عاشقێکی .. ل/١٠٤/ (وە)

١٠- وە خورشیدی گێڕابووەوە بۆ لای ئەو. ل/١١٦- (وە)



**کرد و دەکات:**

پێم وایە هیچ فرمانێک وێنەی (کرد) بێهێز نییە. ئەمە هەر لەلای ئەم نووسەرە بەڕێزە وەها نییە، بگرە لەکن زۆربەمان وەها کەوتووەتەوە، ئەو ڕستانەی بە(کرد و دەکات) کۆتاییبیان دێ پێدەچێ لەکۆڵ خۆ کرابێتنەوە. چونکە گەلێ جاران، ئەگەر مەبەستمان بێ، لە (کرد) جوانترو گونجاوترمان هەیە:

١- کلاویان (کردە) سەرو زوڵمیان لێکرد. ل/٣٠- (کلاویان لەسەرناو...)

٢- زەماوەندێکی شاهانە (بکەین.) ل/٣٦- (بگێڕین)

٣- شیوەنێکی شێتانەیان لەسەر (دەکرد.) ل/١٠٣- (دەگێڕا)

٤- شمشاڵی بۆ حوشترە خەواڵوو خەمگینەکان (لێدەدا.)ل/١٣٩- (دەژەند)

**ئەنجام:**

م. ت. د. چیرۆکێکی درێژە، ئەگەر مۆنتاج کرا دەمێنێتەوە کورتە چیرۆکێکی دە دوانزە لاپەڕەیی. بەزمانێکی بەربادی پڕ لە هەڵەو (هەرگیز و چیدی) نووسراوەو چەوتی لەڕاستی زۆرترە. نووسەرەکەی بەعارەبی بیردەکاتەوەو بەسەد نق و جڕ دەیەوێ بەو کوردییە هەلاهەلایە بنووسێ، بۆیە بۆن و بەرامەی کوردەواریی لێنایە. بەهۆی فەنتازیاوە یان (ڕیالیزمی ئەفسوونیی)، کە مێژووی بۆ نیو سەدەیەک لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و لە لاتین ئەمریکاوە سەری هەڵداوە. دەیەوێ براکوژیی نێوان تاقانەی یەکەم و دووەم، کە هەر هابیل و قابیلەکەی کۆنترین ئەفسانەی گەردوونە، لای خوێنەر بکاتە چیرۆکێکی سەرنجکێش. هەمیشە هێڵێک لە نێوان زێدەڕۆیی و ئەفسانەدا یاخود فەنتازیادا هەیە. پێموایە بەوەی، نەیتوانیوە

وەک هونەر بیخاتەکار یان بەهونەری بکات، یاخود وەک پێداویستییەکی هونەری بەکاری بهێنێ، ئەو هێڵەی بەزاندووە. بۆیە وەک زێدەڕۆیی کەوتووەتەوە و درامایەک ناخولقێنێ.

لەڕێی ئەم دەقەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە مەرج نییە ئەوەی ڕووناکبیر بوو بتوانێ ئەدەبی سەرکەوتوو، جا ڕۆمان بێ یان هەر ژانرێکی دی بنووسێ. بەکارهێنانی تاژی وەک هێما لەجێی خۆیدا نییە. تانجی ڕاوی کەروێشکی پێدەکرێ نەک مرۆڤ. تاژی پەلاماری مرۆڤ نادا چ جای ئەوەی هەلا هەلاشی بکا.. سەعید سەگی ڕابگرتایە لەو سەدان تاژییە دەها باشتر بوو. لە تانجی دڕترو بەکارترە، ئەگەرچی تاژی بەلۆقترە. سەگ ڕاوی بەرازیش دەکا. بەرلەوەی بەچاپی بگەیێنێ، ئەم چیرۆکەی پیشانی زۆرکەس داوە. وەک باوە، ڕەنگە هەر یەکەو دوای خوێندنەوەی چەردەیەک سەرنجی بۆ نووسیبێ، ئەمجا ئەم کارەی لێدەرچووە. ئەگەرچی لای خۆمەوە ئاماژەم بەزۆر هەڵەو غەفڵەت داوە وەلێ ئەوانە نموونەی خەروارێکن. ئەم نووسینە دەستی گرتم و دەمتوانی لەم ماوەیەدا چیرۆکێک بنووسم. بەڵام ویستم وێنەی منداڵەکەی (بەرگە نوێکەی پاشای هۆ. سی. ئەنەس) کە پێش دارو دەستەی شاو میللەتەکەیش کەوت و هاواری لێهەڵسا: (پاشا ڕووت و قووتە!) منیش پێش هەمووان ئەم ڕاستییە بدرکێنم: (م. ت. د. چاپی ستۆکهۆڵم ١٩٩٧ ئەوە نییە کە مۆنتکارلۆ باسی دەکات!!) پێم وایە بەم ڕاستگۆییە خزمەتی زمان و ئەدەبی میللەتەکمم کردووەو لەگەڵ نووسەری ئەم کتێبەشدا ڕاستگۆ بووم.

دەبا ئەدەب بەپاکی بمێنێتەوە. بەمەرەی سیاسەت نەچی. تاقم تاقمێنەو ماستاو و ڕیکلامی درۆ و باندی پیاهەڵدان نەیلەوتێنن. دوابەوشەی ئەم نووسینە لە دەروونێکەوە سەری هەڵداوە ، لێوانلێوی خۆشەویستییە بۆ نووسەرانی سەرئازادی کورد. لەپێشدا نووسەری (م.ت.د.) و یەک وشە چییە درۆم لەگەڵدا نەکردووە. ئەو کەسەیش گلەیی هەیە، با لەپێشدا وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: ئایا تاکو نهۆ، هیچ چیرۆک یان ڕۆمانێکت بەرچاو کەوتووە چارەکی چارەکی م. ت. د. هەڵەو غەفڵەتی تێدابووبێ؟

تێبینی: یەکێ لەپێناسەکانی ڕۆشنبیر ئاوایە: ئەو کەسەیە هەردەم ڕەخنە دەگرێ.. بەم حسابە بێ دەبوایە نووسەری ئەم کتێبە، کە خۆی بەڕۆشنبیر دەزانێ؛ سینگی فراوان بوایە . ئەو، کە ڕەخنە لە جڤاک و سیستمەکان دەگرێ. دەبوایە کاتێ ڕەخنەشیان لە بەرهەمێکی خۆی گرت، وەک ڕووناکبیر قەبووڵی بووایە. بگرە دەبوایە سوپاسی کردبام. چونکە (ئەگەر لەڕووی بێ) جارێکی دیکە لەچاپی بداتەوە ئەوا باشتر وایە لەبەر ڕۆشنایی ئەم نووسینە بەسەرلەبەری کتێبەکەیدا بچێتەوە و ئاماژەیش بەم ڕەنجەی من بدا .. کەچی بەو قەرەنەی، یەکسەر دوای بڵاوبوونەوەی ئەم نووسینە، هاتووە بەپەلەپڕووزێ بەرهەمەکانی دۆزیومەتەوەو پەڕە پەڕە بەشوێن هەڵەکانمدا گەڕاوە!!.. بەڵێ بەم قەرەنە ئەو بەم شێوەیە لە ڕەخنەی ئەدەبی گەیشتووە: (إن نقدت الناس نقدوك وإن تركتهم تركوك.) کە پێودانگێکی تۆزلێنیشتووی سەردەمی جاهیلییە و ئەمە ماناکەیەتی: ئەگەر ڕەخنەت لە خەڵکی گرت ئەوا ڕەخنەت لێدەگرنەوە، ئەگەر وازیشت لێهێنان ئەوا وازت لێدێنن!!

کۆپنهاگن، دیسەمبەری ١٩٩٩ - دیسەمبەری ٢٠٠٤

# هەشت حیکایەت

## لە دۆڵی میزۆپۆتامیاوە

وادیارە ئەدەبی گاڵتەوگەپ (ساتیر) مێژوویەکی دێرینی هەیە. کۆنترین مێژووی بۆ بەر لە زایین و سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە. ئەم دەقە گاڵتەئامێزانە، کە بەزۆریی لەسەر زاری گیاندارانەوە، وەک حیکایەتەکانی کەلیلەو دیمنە و هەندێک لە دەقەکانی هەزار و یەک شەوە، یان وەک حیکایەتەکانی (ئیسۆپ) ڕۆنراون. دەتوانین بڵێین، لەپاڵ دەیانی دیکەدا، پێش هەموو ئەوانە کەوتوون، کە ناومان هێنان . ئەم دەقانە لەسەر تاتە گڵینەکانی (الواح طينية) سوڵتان تەپەی ناوچەی (حران) دۆزراونەتەوە.

حیکایەتی گاڵتەجاڕیی لەم جۆرە، زیاتر لە دەقە سۆمەرییەکاندا بەرچاودەکەون تاکو بابلییەکان. واتە مێژوویان گەلێک کۆنە و بگرە کۆنترین ئەدەبی زارەکی دنیان، کە لەسەر تاتی گڵین تۆمارکرابن. ئەم ساتیرە حیکایەتانە بەشیعر هۆنراونەتەوە و بەنووسینی مێخی لەسەر تاتەکان نووسراون. زۆر کورتن و بەئاسانی لەبەردەکرێن و دەماودەم دەگوێزرێنەوە. جگەلە دەقی (جیمیل نینورتا)، کە درێژترینیانە و بریتییە لە (١٦٠) بەیت، لەگەڵ پاشبەندێکی (١٣) دێڕی. پاڵەوانی حیکایەتەکە خەڵکی (نەفەر) ی دۆڵی میزۆپۆتامیایە. واتە شوێن و سەردەم دیاریکراون. دەقەکەش جگە لە(حران)، لە (نینەڤا)، واتە لە نامەخانە بەناوبانگەکەی (ئاشوور بانیپاڵ)یشدا دۆزراوەتەوە.. ئەم حیکایەتانە ڕەخنەی گاڵتەئامێز لە دەوروبەر دەگرن. لە کۆمیدیای ڕەشەوە نزیکترن. بەکورتییەکەیاندا، کە بریتین لە چەند دێڕێک؛ (چیرۆکی زۆرکورت)ی ئەم سەردەمەمان بیردەخەنەوە. لە هەر یەکێکیاندا(تیمە)یەک هەیە، کە کێشەیەک دەخاتە ڕوو. سەرەتاو کۆتایی هەیە.. ئەوەندە هەیە



ئەمان بەشیعر نووسراون و مۆرکی ساتیریان بەسەردا زاڵە. ئەم دەقانە وێڕای ئەوەی بزە دەخەنە سەر لێو مامەڵە لەگەڵ ئاوەزی گوێگر یاخود خوێنەردا دەکەن. دیارە بەلای سۆمەری و بابلی و ئاشوورییەکانەوە بەهای تایبەتییان هەبووە بۆیە بەڕێزەوە پارێزراون و تۆمارکراون. دەقی جیمیل نینورتا، ناوی ئەو کەسەیشی لەسەرە، کە بەخەتی مێخی ڕەنووسی کردووە. پاڵەوانەکانیش مرۆڤن. ئەمە بۆخۆی بازدانێکە لە دنیای حیکایەتدا، لەسەر زمانی گیاندارانەوە (فەیبلە) بۆ مرۆڤی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی سۆمەریی و بەو ئاشکراییە ڕەخنەی ساتیر ئامێز لەدۆخی جڤاکی بگرێ و سەرکۆنەی فەرمانڕەوا بکا و بیکاتە بابەتی ساتیر. لە دەمامک و ڕەمزەوە بۆ ڕەخنەی ڕاستەوخۆ لە پیاوانی دەسەڵات. وەلێ حیکایەتی (کاهین و شێر) هاوبەشە لە نێوان گیاندارو مرۆڤدا.

دەقەکانی جیمیل نینورتا و نامەیەک لە مەیموونەوە، باس لەو جیاوازییە جڤاکییانە دەکەن کە لە کۆمەڵگەی بابلی و سۆمەریدا هەبوون، بەتایبەتی لە شارەکانی (ئور و ئەریدو) دا. باس لە هەژاری و بێدەرەتانی ڕەشە خەڵکەکە دەکەن.. بەرواوردن لە نێوان بانگەهشت و گالیسکەی زێڕی کۆشکەکان و برسێتی و بێدهامەتیی خەڵکی هەژاردا. دەقەکان لەپاڵ لاقرتێدا ڕەخنەیش دەگرن و بۆ ڕەخساندنی دۆخێکی پێکەنیناوی، پشت بەزێدەڕۆیی دەبەستن.

دیارە (ژمارە)، بەتایبەت لە سەردەمە کۆنەکاندا هێماو مانای ئەفسانەییان لەخۆیدا هەڵگرتووە. لە حیکایەتی (جیمیل، نینورتا)دا، پاڵەوان سوورە لەسەر ئەوەی (سێ) جاران تۆڵە لەفەمانڕەوای شار بسێنێ . بەو مانایەی ئەگەر سێ جاران تۆڵەی سەندەوە، ئەوا گومانی تێدا نامێنێ ئەم وریا و زیرەکترە تا فەرمانڕەواو ئیدی بۆی نییە لافی بەسەردا لێبدا.

پاڵەوانی حیکایەتی میللی وەک لە چارەی نووسرابێ، هەمیشە لە کۆتاییدا بەسەر هەموو کۆسپەکاندا سەردەکەوێ و گرەوەکە چەند سەختیش بێ دەیباتەوە. (جیمیل)یش، بەو هەژارییەی خۆیەوە، دەتوانی هەم پاشا و هەم فەرمانڕەوای شار بفریوێنێ و بەسەریاندا زاڵ ببێ.. زیرەکیی لای هەژاران هەیە، بەرامبەر گالیسکەی زێڕ و ئاهەنگ و هێز لەلای پاشاو فەرمانڕەوایان. بەڵام ئەنجام زیرەکی گرەو دەباتەوە.

ئەم کورتە حیکایەتانە لەسەر زاری گیاندارانەوەن بەڵام مەبەستیان مرۆڤە، بەو نیازەی دەرسیان لێ وەربگیرێ . ماوە بڵێین: بەبۆچوونی هەندێ لەمێژوونووسان سۆمەرییەکان (سامی) نین، بگرە لە چیاکانەوە بەرەو دەشتاییەکانی میزۆپۆتامیادا کۆچیان کردووە و نیشتەجێ بوون.

### مشک و گۆڕهەڵکەنە

جارێک، گۆڕهەڵکەنەیەک مشکێکی ڕاونا. مشک ویستی خۆی لێ بزر بکا. خۆی بەکونی مارێکدا کرد. ئەو لەپڕ بەرەورووی ئەم مەترسییە نوێیە بووەوە. لێی پاڕایەوە و بەمارەکەی وت: (جەنابی مارەوان؛ لەگەڵ ڕێز و سڵاودا منی بۆلای تۆ ناردووە! )

### سەگ و گۆڕهەڵکەنە

جارێکیان سەگێک کەوتە دووی گۆڕهەڵکەنەیەک. ئەویش هەڵات و خۆی بەبۆرییەکی ئاودا کرد. سەگەکەیش شوێنی کەوت و خۆی بەنێو بۆرییەکەدا کرد. تێیدا بەگیر وەستاو گۆڕهەڵکەنەکەش لە چنگی ڕزگاری بوو.

### مێشوولە و فیل

جارێک، مێشوولەیەک لەسەر پشتی فیلێک نیشتەوە. فیلەکەیش دەڕۆیی. مێشوولەکە پێیوت: (داخۆ بارم قورس نەکردووی؟.. ئەگەر



ماندووم کردووی ئەوا هەرکە گەیشتینە دەم ئاوێک دادەبەزم! )

فیلەکە وەڵامی دایەوە: (تۆ کێیت؟.. هەستم نەکردووە تۆ لەسەر پشتم بی. کاتی دابەزینیش هەر هەستی پێناکەم!)

### ڕێوی و دەریا

کەرەتێکیان، ڕێوی مێزی کردە دەریاوە. سەیری دەریای کردو بەسەرسووڕمان و لەخۆباییی بوونەوە وتی: (بڵێی هەموو ئەم دەریا گەورەیە میزی من بێت؟)

### ئەسپ و گوێدرێژ

لەو دەمەدا، کە ئەسپێک بەسەر کەرێکەوە بوو؛ چاکی دەکرد، بەگوێیدا چرپاند: (بگرە جوانوویەکی خۆشبەزی وەک منت ببێ. نەهێڵی وەک کەر لەژێر باری قورسدا بناڵێنێ.)

### کاهین و شێر

کاهینێک کاتێ لە دەشتەوە بۆ شار دەگەڕایەوە، شێرێکی دی. تۆقی و ترس نیشتە دڵی. هەرچۆنێ بوو لە شێرەکە ڕزگاری بوو، گەیشتەوە شار.. لەدەروازەی شاردا، پەیکەری شێرێکی بینی ڕاسابوو. کاهین شاڵاوی بۆبرد، سەروپووەتەڵاکی کوتایەوە و وتی: (ئەوە براکەت لەو دەشتە خەریکی چیبوو؟)

### نامەیەک لە مەیوونەوە بۆ دایکی

بۆ دایکی بەڕێزم (لودی لودی)..

ئەگەر هەواڵی جگەرگۆشەی خۆت (ئوکو، دل، بی) دەپرسی، ئەوا بزانە، کە (ئور) شاری خۆشی و کەیف و سەفایە. (ئەریدو) یش شاری هەرزانییە. لەگەڵ ئەوەشدا من لەپشت هۆڵی مۆزیکەوە پاشەرۆک دەخۆم،

نەبادا لەبرسانا ڕەق هەڵێم و بمرم.. تامی نان و شەرابم نەکردووە. فریامکەوە، بەپەلە لەلای خووەتەوە کەسێکم بەشوێندا بنێرە!

### گەدایەک لە (نەفەر)ەوە

پوختەی حیکایەتەکە:

جیمیل ـ نینورتا، هەژارێک بوو لە (نەفەر) دەژیا. برسێتی زەیفی لێسەندبوو. ئەو هیچی دەست نەدەکەوت بیخوا. لەبرسانا ئەقڵ و هۆشی نەما. جلوبەرگەکەی فرۆشت و بزنێکی پێکڕی تاکو گۆشتەکەی بخوا. بەڵام بیری گۆڕی. چونکە ئەگەر بەتەنیا بیخواردایە ئەوا خزم و دۆستانی لێی دەڕەنجان. ملی بزنەی گرت و بردی بۆماڵی فەرمانڕەوای شار، تاکو وەک دیاری پێشکەشی بکا؛ سا بگرە فەرمانڕەوا خەڵاتی بکا. ئەو بەڕووی گەشەوە بۆ لای فەرمانڕەوا چوو. بەدەستی چەپی ملی بزنەی گرتبوو، بەدەستی ڕاستیشی سەلامی لێکرد و وتی: (خواوەند ئەنلیل فەرمانڕەوامان بپارێزێ. خواوەند ئەدەد و نوسکو، خێرو بەرەکەتی بەسەردا برژێنن.)

بەڵام گەدا بەدبەخت بوو. فەرمانڕەوا لێی تووڕەبوو، پێیگوت: (تۆ بووی بەو پیاوەی بەرتیل بەمن بدەی؟!)

گەدا چەند باسی کلۆڵی خۆی بۆکرد، بێ سوود بوو. بەتیزپێکردنەوە گوتی: (تۆ شایانی ئێسقانی بزنەکەی!) فەرمانڕەوا شەرابێکی خراپی پێ داو لەکۆشک قاوی دا.. لە دەم دەروازەی کۆشک بەدەرگەوانەکەی وت: (بەگەورەت بڵێ: لە بەرامبەر ئەم خراپەیەی لەگەڵیدا کردم سێ جاران تۆڵەی لێدەکەمەوە!) کاتێ فەرمانڕەوا قسەی (جیمیل)ی بیستەوە، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە هەر پێکەنی. جیمیل یەکسەر ڕووەو کۆشکی پاشا ملی نا.. سڵاوی لێکرد و وتی:

(گەورەم ئەی سەرچاوەی هێزی دەست و پێوەند. ئەی ئەو کەسەی



فریشتەکان دەیپارێزن. لێتان دەپاڕێمەوە تەنیا گالیسکەیەکم بدەنێ. مۆڵەتیشم بدەنێ تەنیا ڕۆژێک هەرچیم ئارەزووکرد بەدڵی خۆم بیکەم. لە بەرامبەردا (مەن)ێک زێڕتان دەدەمێ!)

پادشا بێئەوەی لەنیازی دڵی بپرسێ و پێشەکی داوای کرێی لێبکا، فەرمانی دا، لەو جۆرەی پیاوە گەورەکان سواری دەبن گالیسکەیەکی بدەنێ.. هەروەها فەرمانیشی دا، دەستێ جلوبەرگی نایابیشی بۆ ئامادەبکەن. جیمیل سواری گالیسکە بوو، فەرمانڕەوای نەفەر خۆت بگرەو هاتم.. لەوێندەرێ فەرمانڕەوا بۆخۆی هاتە پێشوازی و ناوونیشانی لێپرسی. جیمیل وتی:

(پادشا منی ناردووە. زێڕم پێیە بۆ پەرستگەی ئەنلیلی خوداوەند.)

فەرمانڕەوا ڕێزی لێناو بانگەهشتی کرد. شەو درەنگانێ فەرمانڕەوا شەکەت بوو، بەڵام جیمیل هەر قسەی بۆدەکرد، تا خەو بردییەوە. لە بێدەنگیی شەودا جلکەکانی خۆی شڕوورِ کرد. سەندووقەکەی کردەوەو هاواری لەفەرمانڕەواکرد تاکو لەخەو ڕابێ. بەچاوی خۆی بینی سەندووقەکە کراوەتەوە و زێڕەکەی ناویشی دزراوە. ئەمجا پەلاماری فەرمانڕەوای دا. ئەویش لێی پاڕایەوە تاکو نەیکوژێ. زێڕەکەی بۆ قەرەبوو کرد و جلکی نایابیشی دایە تاکو بیپۆشێ.. کاتێ لە دەروازەی کۆشک ئەودیوبوو، بەدەرگەوانی وت:

(بەگەورەت بڵێ: جارێکم هەق لێکردەوە، هێشتا دووجارم قەرداره!)

کاتێ فەرمانڕەوا ئەم هەواڵەی پێگەیشت، بەدرێژایی ڕۆژ پێکەنی. ئەمجا جیمیل سەری خۆی تاشی و بەرگی حەکیمیی پۆشی. ژمارەیەک نوژداری دوای خۆی خست و بەدەرگەوانی وت:

(حەکیمێکی شارەزام. لەشاری (ئیبسن)ەوە هاتووم. هەموو دەردێک تیمار دەکەم! )

جیمیل هاتە سەردانی فەرمانڕەوا. ئەویش هەموو برین و ئاوساوییەکانی لەشی پیشان دا. جیمیل پێیگوت:

(لە شوێنێکی چەپەک و تاریکدا نەبێ ناتوانم تیمارت بکەم!)

بەم شێوەیە، لەژوورێکی تاریکدا بۆی کەوتە تەنکاوەوە. پێنج مێخی لەزەوی داچەقاند و فەرمانڕەوای بەستەوە، بەلێدان تێیکەوت. پاشان لەدەروازەی کۆشکەوە بۆی دەرچوو. بەدەرگەوانیشی گوتبوو: (خواوەند گەورەت بپارێزێ. پێیبلێ: دوو جارم تۆڵە لێسەندووەتەوە. ئێستا تەنیا جارێکم قەردارە!)

جیمیل نینورتا، بۆجاری سێیەم سڵی کردەوە. خۆی دەرنەخست. پیاوێکی بەکرێ گرت و پێیگوت:

(برۆ بەر دەروازەی کۆشکی فەرمانڕەوا و بەهەموو دەنگت هاوار بکە، بلێ: من خاوەنی ئەو بزنەم، کە فەرمانڕەوا لەکۆشکی خۆی قاوی دا.)

بەڵام جیمیل، لەبن پردێک خۆی شاردەوە. فەرمانڕەوایش کاتێ هاوار هاواری کابرای بیست، لە کۆشک دەرکەوت. هەموو دەست و پێوەند، بەژنانی کۆشکیشەوە دەرکەوتن و شوێنی پیاوەکە کەوتن..وەلێ فەرمانڕەوا بەهۆی ئازاری جەستەیەوە بەجێما. لەپڕێکدا جیمیل لە حەشارگەکەی دەرپەڕی و پەلاماری دا. شلکوتی مەرگی کردو پێیگوت: (ئیدی تەواو... سێ جاران تۆڵەی خۆم لێسەندیتەوە!) فەرمانڕەواشیان بەنیوەگیانی گواستەوە.

پەراوێزەکان:

* بۆ سەرچاوەی دەقەکان بڕوانە: مقدمة في أدب العراق القديم، طه باقر، دار الحرية، بغداد، ١٩٧٦، ص ١٨٠-١٨٦.
* سۆمەر و ئەکەد: مێژوویان بۆ هەزارەی سێیەمی (پ. ز) دەگەڕێتەوە. لە دەشتە نیشتەنی کردەکانی میزۆپۆتامیادا سەریان هەڵداوە.



* سوڵتان تەپە: یەکێکە لەگردەکانی ناوچەی (حران). دەوڵەمەندە بەشوێنەوار، باکووری ڕووباری (بلیخ) و باشووری (تورکیا) کەوتووە.
* نامەخانەی ئاشوور بانیپاڵ: نامەخانەکە لە کۆشکەکەی پاشا خۆیدابوو لە (نەینەوا یان نینەڤا)، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا دۆزرایەوە. ئاشوور بانیپاڵ کوڕی (ئەسەرحەدۆن) و، لە نێوان (٦٦٨-٦٢٧ی پ.ز)دا. فەرمانڕەوای وڵاتی ئاشوور بووە.
* ئەریدو: شارێکی مێژوویی میزۆپۆتامیایە، ئێستا، کەلاوەکانی، پێیدەوترێ (إبن شەرین)، ٢٥ کم باشووری ڕۆژئاوای (ئور) کەوتووە، کە یەکێکە لەو پێنج شارە سۆمەرییەی بەر لە(تۆفان) ئاوەدان بوون.
* نەفەر: شارێکە پەرستگەی خواوەند (ئەنلیل) ی لێیە.
* ئەنلیل: یەکێکە لە سێ خواوەندە مەزنەکە (ئانۆ، ئەنلیل، ئەیا) خواوەندی (با) و گەرداوە لەکن بابلییەکان. مێردی ژنە خواوەند (نەنلیل)ە.
* ئەدەد: خواوەندی بارانە.
* نوسکو: نمایندەی خواوەند ئەنلیلە.
* مارەوان: ئەو کەسەی بەهۆی مۆزیکەوە مار دێنێتە سەما.
* گۆڕهەڵکەنە: گیاندارێکی دەست و پێ کورتی کلک درێژە. هیندەی پشیلەیەک دەبێت و کەمێک باریکترە. مشک و مار دەخوا.

## پاژێک لە ئەوروپا

### نەرێیانە کورد بەعارەب دەناسێنێ!

(قطعة من أوروبا، پاژێک لە ئەوروپا)، دوا ڕۆمانی ژنە ڕۆماننووسی میسری (رضوی عاشور)ە، کە ٣١ ی دیسەمبەری ٢٠٠٢ لە نووسینی بووەتەوە و یەکسەر لە ٢٠٠٣دا، دەزگەی وەشانی (دار الشروق)ی وڵاتی میسر بۆی چاپ و بڵاوکردووەتەوە. ئەم خانمە ئەگەرچی لەڕیزی نووسەرە چالاک و ناسراوەکاندایە و وێڕای عارەبی بەزمانی ئینگلیزیش بەرهەمی چاپکراوی هەیە، کەچی بەهۆی ساڵانێکی زۆری دوورەپەرێزیی و دابڕانی باشووری کوردستانەوە، لەکنەمە نەناسراوە.. بەهەرحاڵ، پاژێک لە ئەوروپا، ڕۆمانێکی مێژووییە لە (٣١٢) لاپەڕەدا، یەک لەباری عارەب؛ بەتایبەکاری میسر و فەلەستین، هاتووە هەرچی ڕووداوی چارەنووسساز و یەکلاییکەرەوە هەن و لەم دووسەد ساڵەی دواییدا ڕوویانداوە، تا بەکاتی نووسینی ڕۆمانەکە دەگات، بەڕووداوی یانزەی سێپتەمبەریشەوە، هەموویانی هێناوەتە بەرباس و خواس و ڕۆشناییان دەخاتە سەر و بیری نەوەی نوێیان دەخاتەوە، تاکو بۆخۆیان دەماخ بسووتێنن، بێن پارچەکانی مێژووی هەلار بوویان لەیەک بدەنەوە. تاکو بزانن ئەم بارودۆخە ناجۆرەی وا ئێستا تێیکەوتوون؛ لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ و لەپای چی حاڵیان بەم حاڵە شڕە گەیشتووە؟ (ڕەزوا عاشوور)، لەم کارەیدا بەمێژوو پشت ئەستوورە و لەکۆتایی ڕۆمانەکەیدا سەرچاوەکانی ڕیزکردووە. لەپاژی هەشتەم و سیازدەهەمدا کەڵکی لە دەقەکانی (هاملێت و شالیر)ی شەکسپیر وەرگرتووە و ئاماژەشی پێداون. سەبارەت هاملێت، لەو دیمەنە کەڵکی بینیوە، کاتێ شەوانە تارمایی پاشا، بەپۆشاکی جەنگەوە، لەسەر دیواری کۆشکەوە دەردەکەوێ و سەرنجی تریفەی مانگ دەدا. تا لەوەڵامی



شازادە هاملێتدا دەڵێ: (... بزانە ئەی لاوی خانەدان، ئەو مارەی بەباوکتییەوە دا و حەیاتی مەحف کردەوە ئێستە تاجی مەملەکەتەکەی بابتی لەسەرە. ئەوبوو لە شیرین خەودا ژەهری ڕۆکردە گوێمەوە؛ ژەهر گورج بەلەشمدا تەنییەوە، خوێنە ڕاستییەکە مەیی، وەک شیر بەشیرێتی خۆی نەمایەوە، بووە پەنیر و تۆێژێک سەر پێستە نەرمەکەم کەوت و هەموو لەشمی تەنییەوە، بۆنێکی ناخۆشی لێوەدەهات.)

لێرەدا خاتو ڕەزوا دەیەوێ بڵێ: ئەوەی بەسەر عارەبدا هاتووە، پیاوخراپانیماڵخۆ لێی بەرپرسن تا بیانی. دواتر لەلاپەڕە (٩٣)دا، کارەکتەری ڕۆمان، بەخۆیدا دێتەوە و دەڵێ: (من لەکوێ و هاملێت لەکوێ؟ خۆمن شازادەیەک نیم لە قەڵایەکی سەربەتەمی نەرویجدا بژیم. کەسیش باوکمی نەکوشتووە. باوکم لەبانکی ئەهلی، فەرمانبەرێکی یەخە سپی بوو.)

ئەوی ڕاستی بێ شانۆیی (هاملێت) هیچ پەیوەندیی بەوڵاتی نەرویجەوە نییە. قەڵای (کرۆنبورگ)، کە بە قەڵای هاملێت ناوبانگی ڕۆیشتووە، تاکو نهۆ بەپێوەیە و کەوتووەتە دەڤەری (هەلسینگیور)ی باکووری کۆبنهاونی پایتەختی وڵاتی دانیمارکەوە. لەسەر کەناری دەریایە و بەرامبەر سویدە. کۆشکێکی شاهانەیە و کاتی خۆی کۆنترۆڵی ئەو تەنگەیەی کردووە، کە دەکەوێتە نێوان سوید و دانیمارکەوە. تاکو نهۆش وەکو شوێنێکی گەشت و گوزاریی بەناوبانگ، ساڵانە هەزاران گەڕیدە ڕووی تێدەکەن. (تۆپ)ە کۆنەکانی ئەوسا، کە هەم ئەم قەڵایەیان پاراستووە و هەم تەنگەکەیان کۆنترۆڵ کردووە، هێشتا هەر ڕوویان لە شاری (هەلسەنبور)ی سویدە، کە لەوێدا دەریاکە هاتووەتەوە یەک و لە بەرامبەرەوە چاوت لە ماڵەکانی سویدە.. لە قەڵاکەدا، کەڤاڵێک بۆ شەکسپیر کێشراوەو بەرێزەوە گۆشەیەکی بۆ تەرخان کراوە. ئەگەر ڕۆژێک

ڕێت بکەوێتە قەلاّی هاملێت، ئەوا گایدەکان بۆتی دەگێڕنەوە، کە شەکسپیر و تیپەکەی چەندین جار هاتوونەتە ئێرە و لەگۆڕەپانی گەورەو وڕاقی کۆشکدا شانۆیی هاملێتیان پێشکەش بینەرانی کردووە.

لەم ڕۆمانە مێژووییەیدا (ڕەزواخان) هەر لە(چەرچڵ)ی کۆنە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و(ڕۆزفلّت)ی کۆنە سەرۆکی ئەمریکاوە بگرە تا عەبدولناسر و چەندین کەسێتیی کۆنی میسر، تا کەسێتییەکانی ئەم سەردەمەی وەک: بوشی باوک و بوشی کوڕ، شارون.. بەتایبەت ئەوانەی ڕۆڵی بەرچاویان لە بەهێزکردنی بزووتنەوەی زایۆنیزم و بنیاتنان و پتەوکردنی پایەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلدا گێڕاوە، ناویان هاتووە.

بۆگێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتانە و گۆڕینیان لەزمانی مێژووەوە بۆزمانی ڕۆمان، پەنای بۆ زۆر فێڵی گێڕانەوە بردووە.. ڕۆمانێکی فرەدەنگە، سوودی لە (هەزارو یەکشەوە) بینیوە و (شهرزاد)ی لەوێوە هێناوە و ڕۆڵی نەوەی پیاوە حیکایەتخوانەکە دەبینێ و تاسەر لەگەڵیدایە. دوای مەرگی، ئەو دێت و بەئامێری کۆمپیوتەر دەستنووسەکەی، کە بریتییە لەپێکەوە گرێدانی بەسەرهاتە مێژووییە کرنگەکان، چاپ دەکا و پاشان وەک ڕۆمان بلاّوی دەکاتەوە. هەروەها (ناظر، بینەر)ێکی هێناوە، کە لەڕاستیدا مێژووە. بەئەمانەتەوە، دوور لەدەست تێوەردان و تەمتومانی سیاسەت، ڕووداوەکان پاتەدەکاتەوە. (ڕەزوا)ش، وەک (هەموو) ژنە ڕۆماننووسەکانی ئەم چاخەی عارەب، ئەگەرچی تیمەی ڕۆمانەکەی شتێکی دیکەیە، وەلێ لەیادی بووە، (پیاوی عارەب) پاشڤەڕۆ وێنە بکێشێ.. لەپاژی حەڤدەهەمدا هاتووە: ژن هەمیشە لەپ یاوەکەی خانەگومانە. زوو زوو پێکدێنەوە چونکە زوو زوو بەشەڕ دێن. (یەکێک لە کچەکانم لێیپرسیم: ڕاستە بابە، بەدایکی عەبدوڵلات وتووە گەسکی کارەباییە؟!)

پاژێک لە ئەوروپا، بریتییە لە سەرەتایەک و بیست بەش (فصل).



لەبەشی یەکەمدا (خدێوی) مێردمنداڵە، بۆچارەسەری نەخۆشیی چاو دەینێرنە ولاّتی نەمسا(ئۆتریش). پاشان لە ئامۆژگەیەکی (فەرەنسا) دەخوێنێ.. لەو سەروبەندەدا پایتەختی فەرەنسا پێشکەوتنێکی مەزنی تەلار سازیی بەخۆیەوە بینیوە، کە (ئۆسمان) لێی بەرپرس بووە و هەر خۆشی بووە نەخشەی بۆ شارەوانیی پاریسی نوێ کێشاوە. ئەم تەلارە جوانانە کار لە خدێوی دەکەن. وەختێ دەگەڕێتەوە ولاّت و هەر بەڕاستیش دەبێتە خدێوی میسر. هەوڵی لاساییکردنەوەیان دەدا. لەم گەشتەیدا سەردانی پاریس، لەندەن و پاشان (ئەستانە) دەکا و (باب العالی) نازناوی (خدێوی میسر)ی پێدەبەخشێ. کاتێ دەگەڕێتەوە وەزارەتێکی نوێ پێکدێنێ. (وەزیری ئەشغال) ڕادەسپێرێ لەسەر تەرز و شێوەی پاریس، نەخشە بۆ قاهیرەی نوێ بکێشێ.. لەم ڕۆمانەدا نێوی هەموو پرد و ئوتێل و کۆشک و شەقام و سینەماو شوێنە گەشت و گوزارییە بەنێوبانگەکانی قاهیرە هاتوون. لاساییکردنەوەی ئەوروپا و سەرسام بوون بەئەوروپاوە بەشێکە لە بابەتی ڕۆمانەکە ناوی ڕۆمانەکەیش (پاژێ لە ئەوروپا) هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێ و مەبەستی پێ شاری قاهیرەیە.

وەک لە بەشی نۆزدەهەمدا هاتووە. زۆربەی تەلارە گرنگەکانی وەک: مەڵبەندی بازرگانی جیهانی، کە دەکەوێتە سەر ڕۆخی ڕووباری نیل، نزیک بەچاپخانەی کۆن. هەروەها خانەی بەڵگەنامەو کتێب، کە پاژێکە لە ئەمەریکا، ئەمەریکاش پاژێکە لە ئەوروپا.. هەروابێتەوە: ئوتێلی هیلتۆن، تەلاری (الأتحاد الأشتراکی)ی کۆن و تەلاری تەلەڤزیۆن و ... بۆیە دیاردەیەکی سەیر نییە ئەگەر ناوی زۆربەی ئوتێل و کۆمپانیا بەناوبانگەکان بیانی بن. وەک: شبرد، گاردن سیتی، هیلتۆن، مێریدیان، جاتینۆ، شیکوریل، ئوریکۆ، شملا، شالون، بن زایون، جروبی... هتد. کەچی ناوی (ژەنراڵ ئەللینبی) ی داگیرکەر دەعارەبێنن بۆ (الله نبی) واتە (خودا و پێغەمبەر).. بۆیە کاتێ ژەنراڵی ناوبراو واژۆی هەر بەیاننامەیەک

دەکا، وەک بانگهێشت سەبارەت خۆناونووس کردن بۆ خزمەتی سەربازی لەڕیزی تیپەکانی سوپاکەیدا، وەک (تیپی هەجانە)، دەسبەجێ جووتیاران لەژێر کاریگەریی ناوەکەیدا بەپیر بانگەوازەکەوە دەچن و خۆیان ناونووس دەکەن.. حیکایەتخوان دەڵێ: لەسەردەمی فەرمانڕەوایی نەوەی ئەم زاتەدا، کە دەکاتە(خاوەن شکۆ فاروق، پادشای وڵات) لەدایک بووم. وەختێ گەیشتمە سونعی پانزەساڵی، سروودی شاهانە باوی نەمابوو. چونکە (خاوەن شکۆ)یان سواری هەمان پاپۆڕی (محروسە) کرد، کە کاتی خۆی باپیری پێ ڕەوانەی مەنفاکرابوو.

لەپاژی دووەمدا باس لەپیلانی ئاگرتێبەردانی قاهیرە دەکا (٢٨ی یەنایەری ١٩٥٢)، لە سەردەمێکدا، کە حیزبی (وەفد) لەسەرکار بوو. بابی حیکایەتخوان سوورە لەسەرئەوەی، کە ئاگرتێبەردانی قاهیرە بەفیتی ئینگلیز و کۆشک بووە. کارەکە لەخۆیدا پیلانێک بووە بۆ ڕزگاربوون لە (نوحاس پاشا)ی سەرەک وەزیران، کەسەر بەحیزبی وەفد بووە. لەکۆتایی ڕۆمانەکەشدا، بەسووتاندنی(قوللەکانی) تاوەرەکانی بازرگانیی (نیویورک)ی بەراورد دەکات و پێیوایە ئەم دوو ڕووداوە جیاوازییان نییە چونکە ئاگر هەر ئاگرە، جیاوازیی لە قەبارەی ئاگرەکاندا جێی باس نییە.

لەچەند جێیەکی دیکەیشدا دەگەڕێتەوە سەر ئەم ئاگرەی قاهیرە. لەپاژی پانزەهەمدا بۆنموونە بە(شەممەی ڕەش) ناوی دێنێ و لێرەدا، ناڕاستەوخۆ زایۆنییەکان و موساد بەئاگرتێبەردانی دامەزراوەکانی جوولەکە تاوانبار دەکا، گوایە بەو مەبەستە بووە میسر جێبێڵن و بەرەو ئیسرائیل کۆچبکەن. گوایە ڕووداوی لەم جۆرە لە پەرستەگەکان و لە شاری بەغدایش ڕوویانداوە.

بەمۆلەق وەستان لە نێوان خەون و واقیعدا، بەتایبەت لەپاژی چواردەهەم و پانزەهەمدا، گرنگیی پێدراوەو پاتە دەبێتەوە. ئەو دۆخەی کاتێ مرۆڤ



بەدەم خەوەوە دەڕوات و هەندێ کاریش ئەنجام دەدا، کەچی بۆسبەی ناچێتەوە ژێر کردەوەکانی شەوی خۆی، بەهەند گرتووە.. گرنگیی زۆری بەشاری (قودس) و بەو هەوڵ و تەقەللایانەی جوولەکە داوە، کە بەنیازی دەست بەسەرداگرتن و دزەکردنە نێو فەلەستینەوە لەلایەن ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی جوولەکەوە لەئارادا بووە. بەتایبەت پەردە لەڕووی ئەو چالاکییە زۆرەی، کە لە خودی قاهیرە و ئەسکەندەرییەدا هەیانبووە، لادەدا.. دیارە ئەم هەمیشە بەبەڵگەوە دەدوێ. ڕەنگە هەندێ لەو بەڵگانە تاکو نهۆش لای زۆرێک ڕووناکبیری عارەبیش نەزانراو بن.

لەپاژی سیانزەهەمدا، (لاپەڕە ٤١ و ٤٢)، ئەم زانیارییەمان دەداتێ: سەربازێکی نیوزلەندی بەناوی (لویس ئیزاک سالک)ەوە، لە پێشەنگی ئەو هێزەی بەریتانیادا بووە، کە ساڵی ١٩١٧ چووەتە (قودس) ەوە. ئەو یەکەم کەس بووە (ئاڵای یەهودی)ی لەگەڵ خۆیدا بردووە و لەوێ لەسەر شوورەکانی قودس بەرزی کردووەتەوە. ئەو ئاڵایە تەواو وەک ئەمەی ئێستا نەبووە. نیوەی سەرەوەی شین و نیوەی خوارەوەی سپی بووە و لە ناوەڕاستدا ئەستێرەی داود هەبووە. ئەم سەربازە یەکاندەردوو، هەر گەیشتووەتە شار بەرزی کردووەتەوە و بەرلەوەی هێزەکانی بەریتانیا بێنە ناوەوە و دایبگرن، ئاڵاکە بۆماوەی بیست خولەک شەکاوەتەوە. ئەم ئاڵایەی کە سەربازە نیوزلاندییەکە لە میسرەوە گەیاندییە فەلەستین و لەسەر شوورەی قودس (١١)ی دیسەمبەری ١٩١٧، هەڵی کرد، دەستکردی (مورینو شیکۆریل) و (ئەلیعازر سوتسکین)ی بەرگدرووی ئەسکەندەرییە نشینی جوولەکە بوو. دەیەوێ بڵێ: دیسانەوە دەست پێشخەرییەکە لە تەرەفی میسرەوە یان لەماڵی خۆمانەوە بوو.. لەم ڕۆمانە مێژووییەدا، بەردەوام زانیاریی نوێ لەچاوەڕوانیی خوێنەردایە. زانیاریی وەها، کە خوێنەری پێ ئەوق دەبێ؛ ناچاری تێڕامانی دەکا و ستەمە لەیادیشیان بکا.. لەپاژی چوارەمدا، (بنجامین) لەنامەیەکدا ئەو نهێنییەمان

بۆئاشکرا دەکا، کە هەموو ئەو پشکانەی (أسەم) خدێوی لە (کەناڵی سویس) دا هەیبوون، ئەم توانیوێتی بەبڕی چوار ملیۆن پاوەن بۆ بەریتانیایان بکڕێتەوە!

لەپاژی پێنجەمدا ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە، کە: چوار ڕۆژ پێش ئەوەی (پەیمانی بلفۆڕ) لەجێی خۆی ڕابگەیێنرێ. ٣٠٠٠ جوولەکە لەشاری ئەسکەندەرییەی میسر، لە ئاهەنگێکدا، پشتیوانیی خۆیان بۆ پەیمانی ناوبراو دەربڕیوە!!

لێرە بەدواوە دێینە سەر ئەو پاژەی بەکوردەوە پەیوەستە. ئەوی ڕاستی بێ، تێهەڵکێش، یان تێوەگلاندنی کورد بەکێشەی عارەب بەگشتی و فەلەستین بەتایبەتی و ئەو نەهامەتییانەی پێشتر کەمێ ڕووناکیم خستە سەر هەندێکیان، ڕێک لەلاپەڕە ١٣٤ ەوە دەستپێدەکا. جا بۆئەوەی خوێنەر بەرچاوی ڕوون بێ، پێم باشە، ئەو بەشە بەئەمانەتەوە وەربگێڕم و پاشان قسەی لەسەربکەم، کە بێ کەم و زیاد ئەمەی لای خوارەوەیە:

لەپاکەتی دووەمدا نامەیەک هەیە، لە (ئیدی)ەوە هاتووە، هاوپێچ هەندێ کاغەزی چاپکراوی لەگەڵدایە. ئیدی دەڵێ: ئەمە دەقی ئینگلیزیی ئەو گفتوگۆیەیە، کە بەزمانی عیبری، لەڕۆژنامەی (یدیعوت ئەحرونوت)ی ٣١ی مایۆی ٢٠٠٢دا بڵاوبووەتەوە. گفتوگۆیەکە لەگەڵ کەسێکدایە، بە(کوردی) ناسراوە. ئەو لە چلەکانی تەمەنیدایە. نازانم داخۆ باوکی لەپەنجاکاندا، پێشتر یان دواتر، لە عێراق یان لە سوریاوە کۆچی کردووە. مەبەستم لەوەیە نووسراوەکە ئاماژەی پێنادا. یەکەمجار ئەوەت بۆ کورت دەکەمەوە، کە لەسەرەتای گفتوگۆکەدا هاتووە: کوردێکی مایەپووچ (مفلس) و قەردار، پیشەکەی لەدەست داوەو بەتۆمەتی دزیی دەستگیرکراوە. ژنەکەیشی هەروەها کارەکەی لەدەست داوە. چوار منداڵی هەن. یەکێکیان ئۆتومبیل شێلاوێتی و سەری بەسەختی بەرکەوتووە. وەک



چۆن داوا لەوانی دی دەکەن، ئاوا لە (کوردی)ش داوا دەکەن وەک سەربازی یەدەک ساڵانە ٣٠ ڕۆژ لەسوپادا خزمەت بکا. لەکاتی خزمەتدا بەهۆی ئاکارییەوە چەند چار زیندانیی کراوە، چونکە ئەو ئەرکەی بەسەریدا دەدەن ڕەتیدەکاتەوە و جێبەجێی ناکا. لەکاتی کارەکەیا یاریی کاغەز دەکا و دەخواتەوە. ئەگەر بێزاربوو ئەوا کارەکەی جێدێڵێ و دەچێتە سەیری تۆپانێ یان دەگەڕێتەوە ماڵ، جا ئەفسەری بەرپرس ڕەزامەندیی لەسەربێ یان لەسەر نەبێ ئەو دەڕوا.

کوردی، خۆی ئەو ناوەی هەڵبژاردووە و سووریشە لەسەری و نابێ بەهیچ ناوێکی دیکە بانگ بکرێ. واپێدەچێ بەبنەچە کوردبێ. ئەو لەسۆنگەیەکی دیکەیشەوە، خۆی بەم بنەچەیەوە بەستووەتەوە و جەختیشی لەسەردەکا. لەبەڵگەنامەی لەدایکبوون و نامە ڕەسمییەکانیدا (موشێ نەسیم) ی ناوە، لێرەدا سەرباری کوردی وشەی (بیگار)یشی بۆزیاد کردووە، تاکو ببێتە (موشێ نەسیم بیگار) . ئەمەیشی بەو مەبەستەیە، جەختی لەسەربکا، کە بەڕاستی هەواداری تیپی تۆپی پێی بیگارە، کە تیپێکە سەر بەلاوانی حیزبی (لیکود)ە. ناوی سێیەمی کوردی، ئەوە بوو، کە پێشهاتەکان لێیان ناو، لەڕیزی گومناوەکانەوە بۆ ئاستی خەڵکە ناسراوەکان بەرزیان کردەوە، ئەوانەی جێدەستیان دیارە و ئێزگەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بانگەهشتیان دەکەن و ڕۆژنامەکان لەسەریان دەنووسن. ئەو (کوردی ورچەکە)یە. (ورچ)یش ئەو نێوەیە سەربازە ئیسرائیلییەکان لەجۆرێک بیلدۆزەری زەبەللاحیان ناوە و وەکیدی بە(دی ناین) ناسراوە. بیلدۆزەرێکە کێشەکەی بەبێ تفاقی سەربازیی لە ٤٨ تەن زیاترە، بەتفاقە سەربازییەکانەوە دەگاتە نزیکەی ٦٠ تەن. ئەگەرچی کوردی پێشتر لەم چەشنە بیلدۆزەرەی لێنەخوڕیوە کەچی بۆ ماوەی ٧٥ سەعاتی بەردەوام بێ ئەوەی بخەوێ لێیخوڕی و بەسەرکەوتوویی ئەرکەکەی ڕاپەڕاند. ئەمەش دەقی ئەو قسانەیە کوردی لەو چاوپێکەوتنەدا وتوونی:

(ئەوەی مایەی پێکەنین بێ ئەوەیە، من نەمدەزانی ئەم جۆرە بیلدۆزەرانە بخەمەکار. پێشتر لەو جۆرەم نەدرابووە دەست. بەڵام تکام لێکردن مۆڵەتم بدەنێ فێربیم. بەرلەوەی بچین بۆ شکیم (نابلس) داوام لەلاوان کرد تا فێرم بکەن. دوو سەعات لەگەڵم دانیشتن. فێریان کردم چۆن بۆ پێشەوە لێبخورِم و چۆن بینیشێنمە سەر زەوی. هیچ کێشەیەکم نەبوو. پێموتن: تەواو. لاکەون و ماوەم بدەنێ کاربکەم. ئیدی ئەوەبوو، کە لە (جنین) ڕووی دا. پێشتر ماڵم نەڕووخاندبوو. تەنانەت دیوارێکیش. لەگەڵ برادەرێکدا، کە خەڵکی یەمەنە، سەرکەوتینە بان بیلدۆزەرەکە. وازم لێهێنا ماوەی سەعاتێک کار بکا، ئەمجا پێموت: چاکە، تێگەیشتم. بەڵام ئەوەی کاری ڕاستەقینە بێ، لەو ڕۆژەوە دەستپێدەکا، کاتێ لە کۆڵانێکی کەمپی جنین دا ١٣ سەربازیان کوشت. (...) وەختێ گەیشتینە کەمپەکە بیلدۆزەری (دی ناین) چاوەڕوان بوون. لە شکیم (نابلس)ەوە، گوێزرامەوە. من و کاکی یەمەنیی برادەرم، بیلدۆزەرە گەورەکەمان برد. یەکەم ئیشم ئەوەبوو ئاڵای تیپی (بیگار)م بەسەر بیلدۆزەرەکەوە هەڵکرد. پێشتر ئامادەم کردبوو. ویستم ژنەکەم بمناسێتەوە. بەژن و مناڵەکانم وتبوو: لە تەلەڤزیۆنەوە بیلدۆزەرەکەم دەبینن. هەرکاتێ ئاڵای بیگارتان بینی بزانن ئەوە خۆمم. بێ کەم و زیاد وەها دەرچوو. دەزانم ڕەنگە لای هەندێ وەک جۆرێ لەشێتی بکەوێتەوە، بەڵام بەلای منەوە هەڵکردنی ئەو ئاڵایە وەک نان خواردن کارێکی تەواو ئاساییە. تۆ سەیری ئەم ملوانکەیەی گەردنم بکە، هەرگیز دایناکەنم، منداڵەکانیش دایناکەنن. بۆ هەر کوێ بچم ئاڵای بیگار هەڵدەگرم. سەیری ئۆتومبیلەکەم بکە، هەمووی بەئاڵای بیگار داپۆشراوە. من ئەوەم. هەمیشە دەچمە تەماشای یارییەکانی بیگار، دیزداشەیەک بەڕەنگەکانی تیپی بیگار لەبەردەکەم لە (کاستل) تەپڵێک لەکوردەکان دەکرِم. جارێکیان پاڵەوانێتیمان بەدەست هێنابوو، بەدرێژایی ڕێ بەتەپڵەکەمەوە چووبوومە سەر ئۆتومبیلەکەم، هەتا قودس...



من شێتی بیگارم و هیچ ڕێگەیەکی دی پێنازانم تاکو ئەم کارانەی پێ ڕوونبکەمەوە. ئەو دوای خێزانەکەم گرنگترین شتە لە ژیانمدا. ئەو تاکە شتە ڕەنگە بتوانێ بمکوژێ، بەڵام ئەوە بۆ شەش مانگ دەچێ نەمتوانیوە ئامادەی یارییەکانی بیگار ببم. گرژیی خەریکە دەمکوژێ. ترسم لێنیشتووە تووشی نەخۆشی دڵ ببم. هەندێ جاران بەدەوری (تیدی)دا، (یاریگەی سەرەکی قودس)پیاسە دەکەم. بلیتیشم پێیەو ناتوانم بچمە ژوورەوە. لەکاتی یەکێک لەیارییەکاندا، دوای ئەوەی گۆڵێکیان کرد من بوورامەوە. لە کاریگەریی ئەم دۆخە تێدەگەم بەڵام ئەوە حاڵەکەیە. لەم دۆخە ڕزگارم نابێ. خۆئەگەر لە یارییەکدا بیگار بیدۆڕێنێ، ئەوا لەماڵەوە کەس ناوێرێ قسەم لەگەڵدا بکا. ئێستا تێدەگەی بۆچی لە جنین ئاڵای بیگارم بەسەر بیلدۆزەرەکەوە هەڵکردبوو. یەکێکیان پێیوتم، فەرماندەکەم دەیەوێ ئاڵاکە داگرم. ئەمەیان مەحاڵە. ئەگەر بەدەستم بووایە ئاڵاکەم بەسەر مزگەوتی خێوەتگەکەیشەوە هەڵدەکرد. ویستم ئەفسەرەکەی کارم لەگەڵدا دەکرد قایل بکەم وازم لێبێنێ سەرکەوم و ئاڵاکە هەڵکەم، بەڵام نەیهێشت و وتی گوللەیەکت پێدەکەوێ. هەوڵم دا. سەربازەکان پێیان وتم: (ئەوە بیگارت لەگەڵ خۆت هێناوە! ) وەڵامم دایەوە: (یاریگەیەکی گەورە لێرەدا چێدەکەم، نیگەران مەبن). لە ڕادوێوە ویستیان بە(موشێ ی ورچ) بانگم بکەن بەڵام من جەختم لەسەر (کوردی)کرد. بەسەربازانی جۆلانم وت: من کوردیم بەهەر ناوێکی دیکەوە بانگم بکەن وەڵام نادەمەوە. کوردیی ورچەکە، بەم شێوەیە لەدایک بوو. ئا ئەمەیە ناوەکەم، من ڕکۆ و لاملم (عیناد).

لە سەردەمی سەربازیی یەدەکدا لەسەر واژۆکەم (ئیمزا) ڕاهاتبوون (موشێ نەسیم بیگار قودس). تاماوەیاک داوایان لێدەکردم واز لەم کارە بێنم، بەڵام لەدواییدا گوێیان پێنەدا.

لەو هەناسەیەدا، کە بیلدۆزەرەکەم بەنێو کەمپەکەدا کرد شتێ لەسەرمدا درەوشایەوە، تووشی شێتی بووم. بەو شێوەیە زانیم، تەنانەت کراسیشم لەبەردا نییە، نیوە ڕووت بووم. دەزانی چۆنم بەرگە گرت و توانیم ٧٥ سەعات بیلدۆزەرەکە جێنەهێڵم و بەهۆی شەکەتییەوە تووشی هیچ کێشەیەک نەهاتم؛ چونکە بەدرێژایی کاتەکە ویسکیم دەخواردەوە. بەدرێژایی ماوەکە لە بیلدۆزەرەکەمدا ویسکیم پێبوو. پێشەکی بوتڵەکانم خستبوونە نێو جانتاکەمەوە. ئەوانی دی جلوبەرگیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، بەڵام من دەمزانی لەوێندەرێ چی چاوەڕوانم دەکا، بۆیە ویسکی و شتێکیشم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرت بیخۆم. پۆشاک؟! پێویست ناکا، خاولییەک سەرو زیادە، بەهەر حاڵ، نەمتوانی لەبیلدۆزەرەکە دابەزم، دەرگەت بکردایەتەوە گوللەیەکت بۆ دەهات(...)

مانای (کردنەوەی ڕێگە)م لێدەپرسی؟ دەکاتە لەبەین بردنی خانووەکان، سڕینەوەیان، لە هەردوو بەری ڕێ. هیچ ڕێگەچارەیەکی دی نییە چونکە بیلدۆزەرەکە، لە کۆڵانەکانیان گەورەترە. بەڵام من بۆ پۆزش هێنانەوە یان شتێکی لەم بابەتە ناگەڕێم. دەربەستی وێرانکردنی ماڵەکانیان نیم چونکە ئەو کارە ژیانی سەربازەکانمان دەپارێزێ. من لەو جێیەدا کارم کرد، کە سەربازەکانیان تێدا سەربڕی. حەقیقەتی ئەوەی ڕووی دا بەتەواوی نەیانگوت. ئەوان کونیان کردبووە دیوارەکان و لوولەی تفەنگەکانیان لێوە دەرهێنابوو. ئەوەی لە تەقەمەنی ڕزگاری ببوایە، مەترسی ئەوەی لەسەربوو لەو کونانەوە تەقەی لێبکەن.

بەزەییم بەکەسیاندا نەدەهاتەوە. هەرکامیان بگری دەمسڕیەوە تاکو سەربازەکانمان بەرەوڕووی مەترسی نەبنەوە. من ئەمەم پێوتن(...) بۆیە هیچ بەلامەوە گرنگ نەبوو چەندم ماڵ کاول کردووە، زۆرم کاول کرد. لەکۆتاییدا یاریگەیەکم چێکرد لەیاریگەی تیدی دەچێ.



سەختە؟ تۆ هەر دەبێ بەگاڵتەت بێ. ویستم هەموو شتێک کاول بکەم. بەهۆی ڕادیۆوە لە ئەفسەرەکە پاڕامەوە وازم لێبێنێ هەموو شتێ کاول و سەروبن بکەم، هەموو شتێ تەختی زەوی بکەم، لەو سۆنگەیەوە نا، کە من ئارەزوومە بکوژم. تەنیا ماڵەکان. ئەوانەی بەئاڵای سپییەوە لە ماڵەکانیان دەردەهاتن و خانووەکانیانمان دەڕووخاند، زیانمان بەخۆیان نەدەگەیاند. تەنها ئەوانەمان دەکوتا، کە دەیانویست شەڕبکەن.

کەس فەرمانی ڕووخاندنی ڕەت نەدەکردەوە. ڕووی نەدا. کاتێ داوام لێدەکرا ماڵێک بڕووخێنم هەلم دەقۆزتەوە بۆئەوەی خانووی دیکەش بڕووخێنم، لەبەر ئەوەنا گوایە بمەوێ کاری وەها بکەم، بگرە لەبەرئەوەی ڕێدەکەوت چەند ماڵێک ڕێگربن لە نێوان ئێمەو ئەو ماڵەدا، هیچ چارەیاکی دی نەبوو. ڕێگەیان لێگرتبووین(...)

ماوەی سێ ڕۆژ هەر دەمڕووخاند و دەمڕووخاند. هەموو ناوچەکە. ئەو خانووەی تەقەیان لێوە کردبا دەمخست، بۆ ڕووخاندنیشی گەرەک بوو چەند خانوویەکی دی بڕووخێنم. بەبڵندگۆ ئاگادارمان کردبوونەوە خانووەکانیان جێنەهێڵن تادەگەمە سەریان. بەڵام مۆڵەتی کەسم نەدا. چاوەڕوانیم نەکرد. دەستێکم نەدەوەشاند و چاوەڕوان بم. بەهەموو هێزمەوە خانووەکەم دەخست بۆئەوەی زۆرترین ژمارە بڕووخێنم.. ڕەنگە هەبن بتوانن کۆنترۆڵی خۆیان بکەن، یان خۆیان وەها دەڵێن، گاڵتە دەکەن؟ هەرکەسێ لەوێ بووبێ و سەربازەکانمانی لەماڵەکاندا دیبێ دەیزانی کەوا کەوتوونەتە بۆسەوە. من بیرم لە ڕزگارکردنیان دەکردەوە. فەلەستینییەکانم بەلاوە گرنگ نەبوون. بابڕۆن بۆ دۆژ (جەنم). خۆمن بەبێ هۆ کاولم نەدەکرد. ئەمانە هەموو فەرمان بوون.

خەڵکانێکی زۆر لەنێو ماڵەکاندا بوون. لەو ماڵانە دەهاتنە دەرەوە، کەکارمان تێدا دەکردن. کەسم نەدی لەژێر گوێزانی بیلدۆزەرەکەمدا بمرێ.

هیچ خانوویەکم نەدی بەسەر دانیشتوانیدا برووخێ و ئەوان لەناویا زیندووبن. ئەگەر رووشیدابێ گرنگیی پێنادەم. من دڵنیام خەڵک هەبوون لەناو خانووەکانیاندا مردن، بینین زەحمەت بوو، نزیکە بڵێم بینین نەبوو، چونکە تەپوتۆز شوێنەکەی پڕکردبوو. بەشەو کاری زۆرمان کرد. هەر کاتێک خانوویەک بکەوتایە پێیدەگەشامەوە، چونکە دەزانم ئەوان دەربەستی مردن نین، بەڵام بەتەنگ خانووەکانیانەوەن. کاتێ خانوویەک دەهەرڤێنی ئەوا تۆ چل پەنجا سەر خێزانی چەند نەوەیەک دەنێیتە ژێرگڵ. ئەوەی لەلام بووەتە کەسەر ئەوەیە، نەمکرد سەرتاپای کەمپەکە برووخێنم.

بۆ چرکەساتێکیش نەوەستام. کاتێ ماوەی دوو سەعات مۆڵەتیان داین پشوو بدەین. من سووربووم لەسەر ئەوەی بەردەوام بم. بوارێکی پەرینەوەم بۆ خانوویەکی چوار نهۆمی خۆشکرد. جارێکیان بەگۆشەیەکی تیژ بەلای ڕاستدا لاربوومەوە و دیوارێکی تەواو هەرەسی هێنا، لەهیکڕا گوێم لێیان بوو لەرادیۆوە هاواریان کرد: (کوردی حسابمان بۆبکە، ئێمە لێرەین!) دەرکەوت کوڕانی خۆمان لە ژوورەوە بوون و بیریان چووبوو پێم بڵێن. من قایل و خەنیببووم، ئەوەی دەمکرد چێژم لێ وەردەگرت. یادمە خەریک بووم دیواری خانوویەکی چوار نهۆمیم دەڕووخاند و دیواری تاین هەرەسی هێنایە بان بیلدۆزەرەکەمدا. برادەرێکم هاواری لێکردم بکشێمەوە، بەڵام وازم لێهێنا دیوارەکە بەسەرماندا برووخێ. ئێمە لەهەردوولای تەلارەکەمان دەدا و دەمانویست ڕێگەیەکی پێدا ڕاکێشین. ئەگەر کارەکەمان پێنەکرایە ئەوا داوامان لەتانکێک دەکرد بەگوللەتۆپێک فریامان کەوێ. نەمدەتوانی بوەستم. ئارەزووم لێبوو کاربکەم و کاربکەم. لەوێ ئەفسەرێکی تیپی جۆلان هەبوو لەڕێگەی ڕادیۆوە فەرمانی بۆ دەردەکردین، بەوەی سووربووم لەسەر کارو داوای ئەرکی زیاترم دەکرد شێتم کردبوو(...)

برادەری عارەبم زۆرن. دەڵێم : ئەگەر پیاوێ هیچی نەکردبێ دەستی



بۆمەبەن. ئەگەر خراپەشی کرد ئەوا هەڵیواسن، ئەمە بۆچوونمە، تەنانەت ژنی دووگیانیش ئەگەر تیرۆریستی لە پشتەوەبوو ئەوا بێبەزەییانە تیرەبارانی کەن. کاتێ لە جنین بووم ئاوهام بیردەکردەوە. گوێڕایەڵی کەس نیم، هیچم بەلاوە گرنگ نییە. تەنیا گرنگیی بەیارمەتیدانی سەربازەکانمان دەدەم. چێژی زۆرترم وەردەگرت ئەگەر بهاتایەو وازیان لێبهێنامایە هەموو خێوەتگەکە برووخێنم. بەزەییم لەلا نییە(...) ڕاستە لەڕۆژانی دواییدا ئێمە خێوەتگەکەمان شکاند. بەڵێ، کارەکە پاساوی هەبوو. سەربازەکانیان کوشتبووین، دەرفەتیشیان لە بەردەمدابوو بۆ خۆبەدەستەوەدان. لەوەی کردمان، کەسمان بێزاریمان دەرنەبڕی. نەهەر تەنیا من. کێ دەتوانێ دەم بکاتەوە؟ ئەگەر کەسێک پڕکێشی ئەوەی بکردایە لەژێر گوێزانی بیلدۆزەرەکەمدا دەمناشت. ئا لەم سۆنگەیەوە پێم باش بوو، کە هیندەی یاریگەیەکی سەد مەتر بەسەد مەترمان تەختی زەوی کرد. یەک لەباری خۆم یاریگەیەکی تۆپی پێمان بۆ چێکردن دەکارن یاریی تێدا بکەن. ئائەمە بوو دیاریمان بۆ خێوەتگەکە. ئەمە لەکوشتنیان باشترە. ئیدی ئارام دەبن. جنین ناگەڕێتەوە دۆخی جارانی).

لێرەدا گفتوگۆی (موشێ نەسیم کوردی) کۆتایی دێ. ئەو کەوانانەی نێوانیان بەخاڵ پڕکراونەتەوە، کاری من نییەو مۆنتاجی نووسەر خۆیەتی.. لەپاژەکانی پانزەو نۆزدەهەمدا، بروسکەیی، بەڕستەیەک کوردی و بیلدۆزەرە شەست تەنییەکەی ناویان دێتەوە و بیرخوێنەریان دەخاتەوە. جێی باسە گفوگۆکە ڕاستەقینەیە. بەوپێیە هەرڤاندنی خێوەتگەکەیش ڕووداوێکی ڕاسەقینەیە. وەک خوێندتانەوە، قسەکانی کوردی سەرپێین. پتر لە مۆنۆلۆگ دەچن و هەندێ جاران بریتین لە تۆپەڵێک قسەی نەبەکام. بگرە کوردی هەندێ جار ڕای ناکۆک و دژبەیەک دەردەبڕێ.. یان دەکرێ بڵێن نووسەر هاتووە لەسەر شێوازی شەپۆلی هۆش دەقی گفتوگەکەی دارشتووەتەوە. بەزۆربی، لایەنی خاڵبەندی وەک پێویست و لەشوێنی

خۆیدا پەیڕەو نەکردووە. ئەوەندە هەیە ڕستەو دەستەواژە نەبەکامەکان ڕووناکی دەخەنە سەر ناخی وێرانی موشێ ی کورد و پەردە لەڕووی پرۆبلیمە دەروونییەکانی هەڵدەماڵن.

پرۆبلیمەکان وردە وردە بەدیار دەکەون. لەگۆڕینی (ناو)ی خۆیەوە دەستپێدەکەن. دیارە ئەو ناوی خۆی بەدڵ نییە بۆیە دەیگۆڕێ. کەسێکیش لەناوی خۆی دڕدۆنگ بێ؛ مانای وایە لەکەسێتیی خۆی ناڕازییە. چونکە (ناو) هەردەم ئاشناترین وشەیە لەلای تاک و نمایندەی کەسێتیی تاکە.

کوردی کەسێکی (مایەپووچ)ە، بەومانایەی بەدرێژایی چل و ئەوەندە ساڵەی تەمەنی، دەستکەوتێکی مادی و مەعنەویی ئەوتۆی پەیدانەکردووە، بتوانێ ئاماژەی پێبدا و شانازیی پێوەبکا. لەناو کۆمەڵدا ئەو پلەو پایەیەی نییە پەنجەنوما بکرێ. بگرە لەکەدارە و بەتۆمەتی دزیی دەستگیر کراوە. چەند جارێک پیشەکەی لەدەست داوە.. بەوەدا، کە قەردارە، مانای وایە ناتوانێ بەتەواوی بژێویی خۆی و خێزانی دابین بکا. بۆ بژێوی پەنا دەباتە بەر ڕێی چەوت، کە دزی و قومارە. ئەرکی سەرشانی ڕاناپەڕێنێ و لەکاتی دەوامدا بێپرس کارەکەی جێدێڵێ. کاتێ دەگەڕێتەوە ماڵیشەوە بەرەوڕووی منداڵێکی دەبێتەوە، کە ئوتومبیل شێلاوێتی و زیانی زۆری پێگەیاندووە. دیارە ئەم دۆخە، ڕۆژانەیە و هیچ چارێکی نییە؛ بگرە ئەوەندەی دیکە بەرەو نیگەرانی پاڵی پێوەدەنێ. پێدەچێ ئەم دۆخە ناهەموارەی تێیکەوتووە، بووبێ بەمەراقێکی گەورەو لەناخیدا بۆ ڕۆژێکی وەهای هەڵگرتبێ . هەر ئەم مەراقەش دنەی دابێ ڕک وکینەی پیشخواردووی بەماڵەکانی کەمپی جنین بەتاڵ بکاتەوە و تۆڵەی نەهامەتییەکانی خۆی بەم جۆرە، لەخەڵک بکاتەوە. دەنا ئەوێک، کە ئیلتیزام بەکارەکەیەوە ناکات و هەر دەمێ ئارەزووی لێبوو دەوام جێدێڵێ؛ چی وای لێکرد بێ ئەوەی بخەوێ و پشوو بدات ٧٥ سەعات لەسەر



ڕووخاندنی ماڵەکانی خێوەتگەی جنین بەردەوام بێ؟! موشێ پاڵەوانێکە گیانی بنیاتنانی تێدا نەبووە، بەڵام لە ڕووخاندندا بەوزەیەکی ئەفسانەیی بارگاوییە. ئەو لەژێر مەترسیی بەردەوامی (قەناسە)ی بەرگریکەرانی کەمپەکەدا ئامادەیە ٧٥ سەعاتی بەردەوام کاربکا. ئامادەیە بەچەند سەعاتێک فێری بەکارهێنانی ئەو بیلدۆزەرە شەست تەنییە ببێ. چونکە بیلدۆزەرەکە بۆ ڕووخاندنە، خۆی بەدەمییەوە دەچێ و تکایان لێدەکات فێری بکەن. کەچی بۆکاری خێر هیچی لە دەست نایە. ناتوانێ حەوت سەعات دەوامی ئاسایی بەرێتەسەر.

بەسەرێکی دی، ئەتوارەکانی موشێ جێی لەسەر ڕاوەستانن. ئەو کەسێکی سینگهەڵکێش و خۆدەرخەرە. ئاڵای بیگار بەسەر بیلدۆزەرەکەوە هەڵدەکا تاکو دنیا چاوی لێوەبێ کاتێ ئەو ماڵەکان دەڕووخێنێ. هاوکات لەگەڵ وێرانکاریدا نیوە ڕووت، ویسکی دەخواتەوە. سەرنج بدەن لەبری کەش و هەوای ئاهەنگ یاخود هێمن و دیمەنی جوانی سروشت، ئەو لە چ کەش و دۆخێکدا چێژ لە خواردنەوە دەبینێ؟.. زیادەڕۆیی بەهەموو ئاکارەکانی موشێوە دیارن . ئەو، کە هەواداری تیپی بیگارە، تەپڵی بۆ لێدەدا، بۆ هەرکوێ بچێ ئاڵای بیگاری پێیە، ئوتومبیلەکەی بەئاڵای بیگار دادەپۆشێ، دیزداشەکەی لە ڕەنگەکانی بیگارە.. ئەگەر بیگار بیدۆڕێنێ ئیدی باری دەروونیی بەجارێ وێران دەبێ و لەماڵەوە کەس ناوێرێ قسەی لەگەڵدا بکات. تەنانەت ئەو کە مووساییە دەخوازێ ئاڵای بیگار لەسەر مزگەوتی خێوەتگەکەش هەڵبکات. ئەو خێوەتگەیەی، کە ئەم دەخوازێ دواماڵی بڕووخێنێ. خۆی ددانی پێدادەنێ، کە ڕکۆ و لاملە و جاروبار تووشی شێتی دێ. بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە. ئەم بەئاڵای بیگارەوە، کە ئاڵای تیپێکی سەربە لاوانی لیکودە ماڵەکان دەڕووخێنێ و پێیخۆشە دانیشتوانی کەمپەکە بەئاڵای سپییەوە لە ماڵەکانیان دەربێن، کە ئاڵای خۆبەدەستەوەدانە. ئەم هێزێکی زەبەلاحی وێرانکارە دەیەوێ هەموو شتێ

تەختی زەوی بکا. ئەم کەسی دەربەست و مەبەست نییە. گوێ بەهیچ نادا. وەلای (گوێڕایەڵی) تەنیا بۆ سەربازەکان هەیە.

دوای خوێندنەوی ڕۆمانی پاژێ لە ئەوروپا، ئەم پرس و وردە تێبینییانەم لەلا دروست بوون: دانیشتوانی ئیسرائیل لەنزیکەی شەست وڵاتەوە هاتوون. بەوڵاتە عارەبی و ئیسلامییەکانیشەوە. شتێکی ڕوون و بەڵگەنەویستە، کە هەموویان، بەو مووساییەوە، کە وەختی خۆی لەیەمەنەوە کۆچی کردووە و نەیزانیوە (پیجامە) چییە و نەخوێندەواریش بووە، تادەگاتە ئەوانەی لە وڵاتی سۆڤیەتی کۆن و ئەڵمانیاو فەرەنساوە کۆچیان کردووە و بەشێکیان زانا و ئەندازیار و نوژدار و... هتد بوون. ئەمانە هەر هەموویان دڵسۆزی وڵاتەکەیانن و ئامادەن لەپێناویدا قوربانی بدەن. کەچی لەم ڕۆمانەدا وەها دێتە پێش چاو، کە مووساییە کوردەکان لە هەمووان دڵسۆزترین. دیارە هەتا بەئیسرائیل دڵسۆزترین ئەوا بەعارەب ناحەزتر بەدیاردەکەون. نەک هەر ئەوەندە، بگرە واکەوتووەتەوە، کە موشێ ی کورد لە هەمووان زیاتر گیانی کاولکاریی تێدابێ و بیەوێ زۆرترین زیان بەعارەب و فەلەستین بەتایبەتی بگەیێنێ.

لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەوانی دی، کە لەم ڕۆمانەدا دەردەکەون، ئەگەرچی یەک لەباری عارەب ڕۆڵی نەرێنی دەبینن، وەلێ هیچ نەبێ ڕووناکبیرن، خاوەن ملیۆنن، یان لەپلەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی و فەرمیدان.. کەچی ئەوەیش پلەو پایەی فەرمی و کۆمەڵایەتیی کوردەکەیە، کە خوێندتانەوە؛ لەکاتێکدا کورد چ وەک ئاکار و ئاستی ژیاری و چ وەک ڕووناکبیریی هیچی لە دەرو دراوسێی کەمتر نییە.

چیرۆکنووس یان ڕۆماننووس، کاتێ کەسێک دێنێ و لە بەرهەمەکەیدا ڕۆڵی دەداتێ، دەیخاتەکار و شوێنی دەکەوێ و پەرەی پێدەدا، ئیدی ئەو تاکە لەوە دەردەچی بەتاقی تەنیا گوزارشت لە خۆی بکا. ناشێ ئاکار و



وتاری بەتەنیا ڕەنگدانەوەی خودی خۆی بن. بگرە ئەو تاکە هێندە بەرفراوانە لانی کەم گوزارشت لە دنیابینی، سایکۆلۆجیاو هەڵوێست و هزری توێژێکی کۆمەڵایەتی دەکا. بەوەدا، کە پاژێک لە ئەوروپا هێندە بەلای مەسەلە کۆمەڵایەتییەکەدا ناچێ و پرسە نەتەوایەتییەکەی بەهەند گرتووە و فەلەستین تەوەری ڕۆمانەکەیە؛ دەکرێ خوێنەری عارەب وەهای بخوێنێتەوە، گوایە کورد بەگشتی، بەو پرسەی ئەوان ناحەزن. ئەم ڕۆمانەیش بەعارەبی نووسراوە و موخاتەبەی ئەقڵی عارەب دەکا. خوێنەری کوردیش بۆی هەیە بپرسێ: لەجیهانی عارەبیدا بەسەدان مرۆڤی کورد هەن، ئەو سوود و خزمەتەی بەنەتەوەی عارەبیان گەیاندووە سەدیەکی ئەوەیان بۆکورد نەکردووە. ڕەزواخان بۆ لایەکی بەخێری لەو هەموو زاناو زمانزان و سەرکردە کوردانە نەکردووەتەوە، کە هەموو تواناو ژیانیان بۆ عارەب تەرخان کرد؟.. دڵنیام هەر لاوێکی عارەب ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوە ڕکی لە هەموو کورد دەبێتەوە.. ئەو هەڤپەیڤینەی لە ڕۆژنامەی ناوبراودا لەگەڵ موشێ نەسیمی کورددا کراوە، ڕاستەو دەست هەڵبەست نییە. بەڵام ئەگەر بشفرێ، لەگفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانی تێناپەڕێنێ و دوای پێنج و دوو ڕۆژێک وەک هەموو چاوپێکەوتن و ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاجێکی ڕۆژنامە بیردەچێتەوە. بەڵام کاتێ نووسەر دێت لە ڕۆژنامەیەکەوە موشێ ی کورد دەگوێزێتەوە و دەیکاتە یەکێک لە پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکەی، ئەوە مانای وایە بەبەرجەستەیی و نەمریی دەیهێڵێتەوە. وێڕای ئەوە، کاریگەریی لەسەر هزر و زەینی خوێنەر دەها زیاد دەبێ. دیارە ئەگەری وەرگێڕان و بەفیلم و شانۆکردنیشی لە ئارادایە. بۆیە پێچەوانەی گفتوگۆ ڕۆژنامەوانییەکە، بەتێپەڕینی زەمانیش کاریگەریی هەر دەمێنێ.

ڕەزواخان بەوەی هاتووە هەڤپەیڤینی لەڕۆژنامەوە گواستووەتەوە بۆ ناو ڕۆمانەکەی، مانای وایە بەرگێکی نوێی بەبەردا کردووە. لەزمانی ساکار و مردووی ڕۆژنامەوە، گۆڕیویەتی بۆزمانێکی باڵاتر، ئەویش زمانی ئەدەبە.

کارەکتەرەکەیش بەوەی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خوێنەریشدا ڕاستگۆیە و ئەو هەموو ناکۆکی و گرێ و گۆڵانەی لەخۆیدا کۆکردووەتەوە و هێزێکی کاولکاریی مەزنیش لەخۆی و بیلدۆزەرەکەیدا هەیە و کەسێکی کەم وێنەیە؛ دیارە بەم هەموو سیفەتانەوە ژبیر ناکرێ و لەزەینی خوێنەردا بەزیندوویی دەمێنێتەوە.. هەر ئەم سیفەتانەشە وەهایان کردووە موشێ نەسیمی کورد بەبەراورد لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکەی ڕۆمانەکەدا، کە بەزۆریی سەرکۆمار و سەرۆکی پارت و ڕێکخراو و خاوەن ملیۆنن، زیندووترین کارەکتەری ڕۆمانەکەبێ. بەدیوەکەی دیکەدا خوێنەری عارەب بۆی هەیە لەچاو و دیدی ئەم پاڵەوانەوە، کورد ببینێ و موشێ نەسیم بەو هەموو گرێ و گۆڵەوە وەک نموونەیەک بۆ هەموو کورد بناسێ.

دیاردەیەکی سەرسووڕمێنە، ئەگەرچی کورد و عارەب لە ئەزەلەوە دراوسێن. بەم دواییە بەهۆی ئیسلامەتییەوە بوونەتە هاوئۆلیش، کەچی لە سەرانسەری دنیادا تەنیا عارەب نازانێ وشەی (کورد) بنووسێ!!. ڕەزواخانی لەمەڕ (پاژێ لە ئەوروپا)ش لەم دەستوورە لاینەداوە. وەک هەموو عارەبێک پێماندەڵێ: (کرد، کردی).. ئەرێ بەڕاست چیمان (کرد)ووە؟

* بڕوانە ڕۆمانی: قطعة من أوروبا، رضوى عاشور، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣، دار الشروق، القاهرة.

رضوى عاشور، ژنە ڕۆماننووسێکی میسرییە، لێکۆڵینەوە و کورتەچیرۆکیش دەنووسێ. وێڕای زمانەکەی خۆی بەئینگلیزیش بەرهەمی هەیە، بەڵام زیاتر بەڕۆمانی مێژوویی ناسراوە. تاکو ئێستا ئەم کتێبانەی چاپکردووە:

* الطريق الى الخيمة الأولى: توێژینەوەی کارەکانی غەسان کەنفانی، بیروت، ١٩٧٧.
* جبران وبليك: بەزمانی ئینگلیزییە، قاهیرە، ١٩٧٨ .
* التابع ينهض: ڕۆمانێکە لەسەر خۆرئاوای ئەفریقا، بیروت، ١٩٨٠ .



* الرحلة: بیرەوەرییەکانی قوتابییەکی میسری لە ئەمریکا، بیروت، ١٩٨٣ .
* حجر دافئ: ڕۆمان، قاهیرە، ١٩٨٥ .
* خديجه و سوسن: قاهیرە، ١٩٨٧ .
* رأيت النخل: کۆمەڵە چیرۆک، قاهیرە، ١٩٨٧ .
* سراج: ڕۆمان، قاهیرە، ١٩٩٢ .
* مريمة والرحيل: ڕۆمان، قاهیرە، ١٩٩٥ .
* أطياف: ڕۆمان، قاهیرە، ١٩٩٩ .
* تقارير السيدة راء: کۆمەڵە چیرۆک، قاهیرە، ٢٠٠١ .
* صيادو الذاكرة: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، بیروت، ٢٠٠١ .

تکایە بۆ بەشی دووەمی کتێبەکە.........

## له سەرچاوەکانی دیجلەوە

ئەمەی سەرەوە ناونیشانی ئەو ڕۆمانە ڕووسییە ٢٠٢ لاپەڕەییەیە، کە ساڵی ١٩٢٩، لەلایەن (ئیس. ڤی. ڤیگین)ەوە، بەزمانی ڕووسی و لەوڵاتی خۆی چاپ و بڵاوبووەتەوە. ساڵی ٢٠٠٣ (د. محمد البندر)ی نیشتەجێی دانیمارک وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عارەبی و (خانەی وەشانی سەرگۆن) لە وڵاتی سوید، چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. (شەمعون دنحۆ)ی بەرپرسی خانەی وەشانی سەرگۆن، لەو پێشەکییە چوار لاپەڕەییەدا، کە بۆی هۆنیوەتەوە، سەبارەت ڕۆمانەکە دەڵی: (... ڕۆشنایی دەخاتە سەر گەلێ لایەنی گرنگی مێژووی سریان و ئەرمەن و ئێزیدی و کوردان... بەڵگەیەکی دەگمەن و گرنگە لەمەڕ قۆناغێکی هەستیاری مێژووی عێراقی نوێ... ڕووداوەکان لەناوچەیەکی هەستیار و ستراتیجیدا بەڕێوەدەچن، کە لە سێگۆشەیەک دەچێ، دەکەوێتە نیوان گۆلی وان لەتورکیا و گۆلی ورمێ لە ئازربایجانی ئێران و ناوچەکانی باکوری عێراقی هاوسنووری چیاکانی هەکاری. ئەم دەڤەرانە چ وەک مێژوو چ وەک دانیشتوان تاکو جەنگی جیهانیی یەکەم سەر بەعێراق بوون.... ) هەروها دنحۆ نووسیویەتی: (ئەم سێگۆشەیە لەڕووی مێژووییەوە و بەپێی سەرچاوە عارەبی و سریانییەکان بەهەرێمی جەزیرە ناسراوە و بەرەو ڕۆژئاوا تاسەر ڕووباری فورات لە سوریا درێژ دەبێتەوە. لەباشوورەوە شارە عێراقییە ناسراوەکانی وەک ئەربیل و نوەدرا (دهۆک) و موسڵ و کەرکووک و تکریت دەگرێتەوە... تا ئەم دواییانەش سریان و ئێزیدی و ئەرمەن و عارەب، زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچەیەیان پێک دەهێنا. پاشان تورکمانیش خرایە سەر نەتەوەکانی جەزیرە، کە لە کەرکووکدا جێگیربوون و چەند سەدەیەکە لەوێ زۆرینەیان پێکهێناوە. بێجگە لەوەدی ناوچەی ئەربیل و دەوروبەری موسڵ.... ). دواتر دنحۆ لەسەری دەڕوا: (کوردەکان



دوای بەرپاکردنی جەنگ و کوشتاری خوێناوی، کە بۆ ساڵانێکی زۆر درێژەی کێشا و بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ عوسمانلی و هەندێ جاران فارسدا ئەمجا توانییان زۆرێک لە هەرێمی نێوان جووتزێ و سوریا بخەنە ژێر هەژموون و دەستەڵاتی خۆیانەوە و بەسەر دانیشتوانی ڕەسەنی بەرزاییەکانی نێوان جووتزێدا، کە ناموسڵمان بوون، وەک سریانە ئاشووری و کلدانی و ئەرمەن و ئێزدییەکان؛ زاڵ بن و لە بەینیان ببەن.... ئامەد (دیاربەکر) تا سەرەتای سەدەی نۆزدهەمیش شارێکی زۆرینە عیسایی سریان بوو. دواتر کوردێنرا، تاکو ئەمڕۆ ببێتە پایەتەختی کوردستانی باکور.... شاری وان- ی زۆرینە ئەرمەنی، بەهۆی مەیلی تورک بۆ ڕیشەکێشکردنی سریان و ئەرمەن و دەرکردنیان لە نیشتمانی خۆیان، بوو بە شاریکی کوردنشین.... پرۆسەی کورداندن، بەپاڵپشتی تورکی عوسمانلی پاتە بووەوە و هەموو شارە سریانییەکانی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیای وەک: ڕوها (ئورفە)، میافارقین، سێرت و بەشی باشووری چیاکانی هەکاریی گرتەوە. ئەم هاوکێشەیە لە شارەکانی جەزیرەشدا، کە دەکەونە باکووری عێراقەوە وەک ئەربیل، نوهەدرا (دهۆک)و دەوروبەری موسڵ، دووبارە بووەوە.... تالاونۆشینی ژنە عیسایی، کە بەپاساوی هیچوپووچ ئەتک کردنیان حەڵاڵ کراوە و ناچار بەئاین گۆڕین دەکرێن، هیچ پێوەندییەکی بەئاینی ئیسلامەوە نییە. بەداخێکی زۆرەوە، فڕاندنی کیژۆڵە سریانیی نابالِق و ئەتک کردنیان و بەزۆری زۆردارەکی خواستنیان، ئێستاشی لەگەڵدابێ لەکن هەندێ لەکوردان، خدەیەکی جوان و لەبەردڵانە. بەتایبەت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (کوردستانی باکوور) و ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی هەردوو ئیدارەی کوردیی ئێستادا.... ) لەکۆتاییدا سوپاسی وەرگێڕ دەکات و پێی وایە ئەم کارەی لە خزمەتی مێژووی وڵاتی نێوان جووتزێدایە. وەک دیتان، دنحۆ، نان و پیازێکی زۆری بەم ڕۆمانەوە خواردووە و هاتووە دەستووری ناحەزانی کورد، کۆمەڵێ

خورافە و درۆی شاخداری بەدەم جوگرافیا و مێژووەوە هەڵبەستووە و ئێزدیشی لەکورد دابڕیوە، لەکاتێکدا خودی ڕۆمانەکە ئێزیدی بەکورد دەزانێ... پێم وایە ڕاکانی بەرپرسی دەزگەی وەشانی سەرگۆن ئەوەناهێنن وەڵام بدرێنەوە و سەری خۆمانی پێوە بیەشێنین. منیش ئەو چەردە نموونەیەم تەنیا بۆ زانیاری و بەرچاوڕوونیی خوێنەر هێنایەوە.

ئەمجا بەناونیشانی (پێشەکی و سوپاس)، د. محەمەد بەندەری وەرگێڕ، باس لەو کۆسپانە دەکا، لە تافی وەرگێڕانی دەقەکەدا هاتوونەتە ڕێی... هەروەها ئەم پێی وایە: (بەشی هەرە زۆری ئەدەبی سیاسی و جوگرافیا و مێژووی بەزمانی ڕووسی نووسراوی لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی نزیک و ملانێی ناوەکی و دەرەکیی دەوڵەتی عوسمانلی، بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا نووسراوە، تاکو ئێستاش بەندکراوی ڕەفە بەرزەکانن و تۆزی فەرامۆشییان لی نیشتووە. کاتی ئەوەش هاتووە توێژەرەکان دەماخ بسووتێنن و کاری بکەن ئەم ئەدەبە دەوڵەمەندە بخەنە بەردەست خوێنەرانی عارەبەوە... ) سوپاسی هەموو ئەوانەیش دەکا، لەم کاری وەرگێڕانەدا کۆمەکیان کردووە. ئەم پێشەکییە دوو لاپەڕەییە، مێژووی هاوینی ٢٠٠٢ ی پێوەیە. ئەوەی وەرگێڕ لەمەڕ عارەب دەیلێ یەک لەباری کوردانیش هەر ڕاستە. یەکێ لەو دەقانەی لە فۆرمی ڕۆماندا، لەسەر کورد نووسراوە، ئەم کارەی (ئیس. ڤی. فیگینە)، کەوا بەنیازم لێرەدا بەخوێنەری کوردی بناسێنم و لەسەری بدوێم. ئەگەرچی ڕەخنەی توند لە کورد دەگرێ، بەڵام لەجێیە کورد ئاگاداری ئەوەبێ بەزمانی ڕووسی ڕۆمانی لەسەر نووسراوە و سەرکردەکانیش پاڵەوانی ڕۆمانەکەن. دەبوایە ئەوانەی لە سۆڤیەتی کۆن خویندوویانە و ڕووسیزانن، هەر زوو وەریان بگێڕایەتە سەر زمانی کوردی و زۆریشی لەسەر بنووسرایە. لێرەدا پرسەکە بەرەوڕووی هەموو ئەوانە دەکەمەوە، کە بۆ خوێندن ساڵانێکیان لەوێ بەسەربرد!

ئەمجا پێڕستی پاژەکانی ڕۆمان و دواتر پێڕستی وێنە فۆتۆگرافییەکانی



دی، کە ڕەش و سپین، وەلێ مینا وێنەی دیجیتەڵی ئەم سەردەمە ڕوونن. وێنەی گوند و پرد و سەرخێل و جەنگاوەرانی کوردی موسڵمان و ئێزیدی و پەرستگەی کریستیانەکانن. لەهەموویان دیارتر وێنەی مارشەمعوون بنیامین و سوورمەخانی خۆیشکی و مەلیک ئیسماعیل و حسێن بەگی سەرخێڵی کوتوور و دەستەیەک جەنگاوەرانی یاوەریەتی، لەتەک وێنەی جیهانگیرئاغای سەرخێڵی ئێزدییان [لەوانەیە: هەرکییان- ڕاست بێ. دەزگای ئاراس]. ئەم وێنانە ڕاستگۆیی پتر بە کارەکە دەبەخشن و دەوڵەمەندیشی دەکەن. واتە کارەکە برێتییە لە ژمارەیەکی زۆر کورتە دەقی پێوەندیداری لێکدراو، کە دەشی هەر یەکەیان پاژێکی ئەم ڕۆمانە ڕووسییە بۆ عارەبی وەرگێڕدراوە پێک بێن. ڕۆمانی پشت بەدیکۆمێنتی وێنەی فۆتۆگراف بەستوو، کە تەواو بەنووسەری کورد نامۆیە. لە کنەمە ڕۆمان بۆ خۆی نوێیە چجای ئەم تەرحەیان کە ڕەنگە هەبن هەتا بەچاوی خۆیان وێنەکان نەبینن و دەقەکە نەخویننەوە بڕوانەهێنن! ئەم ڕۆمانە بەهەوڵی سەرخۆبوون و ملانێی نێوان خێڵە زۆر و زەوەند و پەرش و بڵاوە هاوسنوورەکانی کورد و ئەرمەن و ئاشوورییەکانی ژێر سایەی دوامای دەوڵەتی عوسمانلیی بەپیاوەنەخۆشەکە ناسراومان بەتایبەتی ئاشنادەکا. هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە دواوە و بەوردی باس لە مێژووی دێرینی ئەم سێ نەتەوەیە: کورد و ئاشووری ئەرمەن دەکا و دەم لە ئەتنۆگرافیای ئەم نەتەوانەشەوە دەدا. زۆربەی ناوەکان بەرلەوەی ببنە پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە لە واقیعدا هەبوون. زۆرمان، بەتایبەت ئەوانەمان شتێ ئاگاداری مێژووین بیستوومانن و داهێنراوی خەیاڵی ڕۆماننووس نین. هەندێکیان بەهۆی فۆتۆگرافەوە بەجۆرێک بەدیکۆمێنت کراون بواریان بۆ گومان لە واقیعییەتی ڕۆمانەکە نەهێشتووەتەوە. دەشێ ئەم کارە لە خانەی ڕۆمانی مێژووییدا بپۆلێنین، کە تائێستاش لە برەودایە و بەردەوام ڕۆمانی مێژوویی دەنووسرێ.

**پوختەی ڕۆمانەکە:**

قەرەدەشت، گوندێکی ئەرمەنی نشینی نزیک شاری وانە و بنەماڵەی فرامیان، چەندین سەدەیە لەم گوندەدا دەژین و دەمرن. ئێوارە وەختەیەک لەو دەمەدا ڕان دەگەڕێتەوە دێ، قەرەدەشت دەکەوێتە بەر هێرشی لە ناکاوی سوارەی چەکداری خێڵێکی کورد. باب و دایکی (فرامیان)ی کوڕێژگەی دوازدە ساڵان، وەک زۆرێک لە خەڵکی گوند لەو تاڵانییەدا بەسەر و ماڵەوە تێدادەچن. (ئەشخن)ی چاوشینی هەشت ساڵانی خوشکیشی، مینا مێگەلی گوند، لەو شاڵاوەدا بەتاڵان دەچێ و دەفڕێندرێ. سەردەم سەردەمی عوسمانلییە و چونکە ئەرمەن غەیرەدینن (پاشای وان) بەدەنگیانەوە ناچێ. ئەمریکاییبیەکانی لە شاری وان دەژین، بەهانای گوندی کارەساتبارەوە دێن. کوژراوەکان دەنێژن و بریندارەکان بۆ تیمارخانەکەی خۆیان لەشاری وان دەگوێزنەوە. دواتر فرامیانی لێقەوماو دەگوێزنەوە هەتیوخانەی میشەنری (التبشيرييە)، کە لە پاڵ بانگەشەی ئاینیدا منداڵانی بێ سەرپەرشت بەخێو دەکات و پێیان دەخوێنێ. فرامیان منداڵێکی وریایە. لە پاڵ خوێندنی ئینجیلدا فێری زمانی ئینگلیزی دەبێ. چونکە لە هەموو هاوڕێکانی وریاترە، بۆ خوێندنی زانکۆ لەسەر ئەرکی هەمان میشەنری (الارسالية التبشيرية) دەنێردرێتە ئەمریکا. لەوێ فرامیان دەبێتە نوژدار. جیبی باسە کورد، دوکتۆر ڕینۆڵدزی بەرپرسی ئەم دەزگەیە ڕووت دەکەنەوە و بەر خەنجەریشی دەدەن، کە گەلێ لقی لە شارەکانی ئەرزروم، ماردین، بەتلیس، خەربووت و زیاد لە سەد شوێنی دیکە، بەدرێژاییی ئەرمینیای تورکیا و کوردستان و هەتا شاری ورمێ لە وڵاتی فارسدا هەیە. باب العالي، کە ناتوانێ کەتنکەران دەستگیربکا، وەک قەرەبوو دوو هەزار لیرەی زێڕی دەدەنێ و ئەویش بەم زێڕە کەنیسەیەکی دیکەی گەورە بنیات دەنێ...



دوای دوو ساڵان نوژداری، فرامیان بڕی پارە گلێر دەکاتەوە و نیسانی ١٩١٤ لە سەروبەندی جەنگی یەکەمدا دەگەڕێتەوە نیشتمانی خۆی. لە میوانخانەیەکی وان دادەبەزێ و بەهۆی (ساک)ی ئەرمەنییەوە، کە خاوەنی ئوتێلەکەیە دەنگوباسی قەرەدەشت دەزانێ و سووسەی (ئەشخن)ی خوشکی دەکا و پێ دەزانێ، کە کورد ئەویان لە چیا شاردووەتەوە. چەند ئەرمەنەکان هەوڵیان داوە بەزەبری پارە ئەشخن ئازاد بکەن بەڵام بێ هوودە بووە، کورد هەوڵیان لەگەڵدا داوە بەتۆپزی بە ئیسلامی بکەن، بەڵام ئەو ملی نەداوە و پێ دەچێ وەک کویلە بەپارەدارێکیان فرۆشتبێ. فرامیان بەڵێنی خەڵات بەهەندێ کورد و ئەرمەن دەدا ئەگەر بێتو زانیاریی لەسەر شوێنی ئەشخن بدەنێ... لە بارەگای مێشەنری لە شاری وان هەموو شتێک وەک ئەوسایە. ئەوەندەهەیە ڕینۆڵدز مردووە و (براون) لە جێیەتی. لە یەکەم بینینەوە بەخاتوو (کیت)ی ژنی براون سەرسام دەبێ... سەبارەت بە بەشداریی فرامیان لەگەشتی داهاتوودا بۆ ناوچەی (ئاشوورییە ئازادیخواکان)، کە دەکەوێتە نێوان چیاسەختەکانی کوردستانەوە، کیت خۆشحاڵیی خۆی پێشان دەدا. ئەوان دەبێ بگەنە بارەگای مارشەمعوون، کە پەتریرکی ئاشوورییەکانە و لە گوندی قوجانس نیشتەجێیە. ڕێگەش پڕمەترسییە، چونکە بەناوچەی کوردە خێڵەکییەکاندا ڕەت دەبێ. لەم گەشتەدا، کە فرامیان بەشدارە، سەرکیسی ئاشووری و ئەبرامی ئەرمەنیشیان بەکرێ گرتووە تاکو یاوەریان بن. هەردوولایان بەباشی زمانی کوردی دەزانن و قسەی پێ دەکەن. لێرەدا بەدرێژێ باس لە سیماڵ و هۆبەساتی خێڵە کوردەکانی ناوچەی هەکاری و کەسێتی عومەربەگی سەرخێڵیان دەکا، کە بەنیازە کچی سمکۆی شکاک بۆ ئیبراهیمی کوڕی بخوازێ. سمایل ئاغای شکاک لە کوتووری سەر سنووری نێوان تورکیا و ئێران نیشتەجێیە. لەو دەمەدا، کە ئەمان دەگەن، عومەر بەگی سەرخێڵی هەکاری نامەیەکی لە (بەکر سامی بەگی شەرکەسی)ی والی وانەوە پێ

دەگا. لێرەدا حیکایەتی لە سێدارەدانی جەعفەربەگی برای سمکۆ لە تەورێز دێتە ئاراوە. عومەر بەگ دوو ژنی هەن و بە نیازی سێیەمە، کە ئەشخنی خوشکی دوکتۆر فرامیانە. ئەو بەنیازە دوای ئەوەی ئەشخن دەبێتە کناچڵەیەکی موسوڵمان، بیکاتە ژنی سێیەمی. بەڵام نە ئەشخن دەبێتە موسوڵمان و نە ژنەکانی عومەربەگیش ئەم کارەیان پێ خۆشە. بگرە لە هەوڵی ئەوەدان مل نەدا و پێیان باشە ئەشخن، کە تەمەنی لەدەوروبەری بیست ساڵاندایە بەم زووانە بگەڕێتەوە ناو کەس و کاری و عومەراغای مێردیشیان بەمراز نەگا. ئەوی ڕاستێ بێ تاکو ئێستا هیچ ڕۆمانێکم بەرچاو نەکەوتووە هێندەی ئەمەی بەردەستم زانیاریی لە خۆیدا کۆکردبێتەوە. (ڤیگین)ی ڕۆماننووس ئەگەرچی برێ جاران ناهەقیی لێ کردووین، بەڵام شارەزای مێژووی کورد و ئەرمەن و کلدۆئاشوورە. وێڕای کولتوور و ئاکار و جوگرافیای وڵاتەکانیان، کە پاشر تا ئەوەندەی بەکوردەوە پەیوەست بێ ڕۆشناییی دەخەینە سەر. فرامیان وەک نوژدارێکی کارا، لە هەموو جێیەک بەهانای دەردەدارانەوە دێ.

بەبۆنەی زەماوەندی ئیبراهیمی کوڕی عومەربەگەوە، جیهانگیرئاغای ئێزیدیش لەوێندەر میوانە و چاوڕوانی ئەوەن عادیلەخانمی ژنی سمکۆی شکاک بۆ خۆی بووک، واتە کچەکەی لەگەڵ خۆیدا بێنی. سەرکیسی یاوەری کاروانەکەی فرامیانیش لە ڕێی جیهانگیرئاغاوە دەزانێ، کە ئەشخن لەکن عومەربەگە. لە ڕاستیدا عەمەربەگ ئەشخنی لە ماڵی مستەفای مسکێنی خۆیدا دیوە و دڵی پێدا چووە. مستەفاش بێ بەرامبەر پێشکەشی بەئاغای خۆی کردووە. هەر بەو بۆنەیەوە، بەمەبەستی مارەبڕین مەلاش دەگات و مەراسیمەکان لە ڕەشماڵی تایبەت بەزەماوەندا بەڕێوە دەچن. ئەمان وەهایان بیستووە، عومەربەگ ئەشخنی بەسی لێرە کڕیوەتەوە، بۆیە فرامیان سی لیرە دەداتە سەرکیس بەو نیازەی دووبارە لێیان بکڕێتەوە؛ بەڵام کاری لەم جۆرە سەرناگرێ. کێ ڕایەکی دەکەوێ



تەکلیفی لەم جۆرە لە عومەربەگ بکا، کە بۆ خۆی دەوڵەمەندترین سەرخێڵی ناوچەکەیە و وەکی دی ساڵانێکە بەتەمایە بیکاتە ئیسلام و بیخوازێ؟ هەر لەم دەمەدا بەهۆی جیهانگیر ئاغاوە پێ دەزانێ، کە عومەربەگ بەنیازە ئەشخن بنێریتە لای مەلا لە (باشقەلا) تاکو لە نزیکەوە لەگەڵیدا خەریک بێت لە دینی خۆی وەری گێڕی و بیکاتە موسوڵمان. لێرەوە جیهانگیرئاغا لەو بڕوایەدایە دەکرێ بەو سی لیرەیە دەمی مەلا چەور بکرێ و ئەشخن ئازاد بکات و لە باشقەڵاوە ڕەوانەی لای مارشەمعوون لە (قوجانس) بکرێ. ئیدی بەهاوئاهەنگی لەگەڵ جیهانگیرئاغادا نەخشەکە سەردەگرێ. شەو سەرکیس دەتوانێ ئەشخن بێنێتە ژێر ڕەشماڵەکەیان و بەدیداری فرامیانی برای شادبێ و ئاگاداری نەخشەکەیش بێ. ئەوان شەوەکی و بی ماڵئاواییی خێوەتگەکە جێ دێڵن، بۆیە دەبنە جێی گومان. کەپێیان دەزانن دەستەیەک سواریان دوادەخەن و تەقەیان لێ دەکەن و لەو بەینەدا فرامیان زامدار دەبێ، وەلێ دەستگیر ناکرێ و دەگەنە کن مارشەمعوون، کە سەرکردەی ڕووحی و زەمانیی ئاشوورییەکان هو خێڵە ئاشوورییەکان گوێڕایەڵی ئەون. لێرە ملانێی نێوان کەنیسە جیاجیاکان هەست پێ دەکرێ، کە لە هەوڵی ئەوەدان ئاشوورییە نەستوورییەکان لەلایەن کەنیسەی ڕووسییەوە بکرێنە ئەرسۆدۆکس، یاخۆ لەلایەن ئەوانی دیکەوە بکرێنە کاتۆلیک یان پرۆتستانت و لەم پێناوەشدا پارەیەکی بێ حسابیان لەبەردەستە. بەسەرێکی دی نەخشەکە سەردەگرێ و ئەشخن لەژێر باڵی شەودا بە یاوەریی سەرکیس و سلێمانی ئێزیدی دەگاتە قوجانس. مەلاش لە عومەربەگ دەگێڕێتەوە، گوایە ئەشخن بەنەخۆشیی گرانەتا مردووە. ئەشخن نهێنیی جموجووڵی کوردان ئاشکرا دەکا. کورد بەنیازی سەربەخۆیین، (عەبدولڕەزاق بەدرخان) بووەتە ناوێکی لەسەرزار و گۆڕانێ بەبالایدا دەڵێن و کوردەکان بەکەسێتییەکی بەڕوومەت و بەسوڵتانی چاوەڕوانکراوی خۆیانی دەزانن. مارشەمعوون لە تورکیا پڕە و

بەنیازی سەرفرازیی ئاشوورییەکانە و گوێ لە بیرورای نەتەوەیی و گیانی تۆڵەی ئەشخن دەگرێ. کاروان نیازی ورمێیان هەیە. ئاشوورییەکان ترسی زۆریان لە شالاوی خێڵی (ئۆرەمارییەکان) بەسەرۆکایەتیی (سیتۆ) هەیە. هەموو لەو بڕوایەدان، کە جەنگ لەنیوان ڕووسیا و عوسمانلیدا لە ئان سەعاتدایە و دەبی ڕووبدا و خوێنێکی زۆریشی تێدا دەڕژێ. لەو دەمەدا ئەشخن بەپۆشاکی پیاوانەوە دەتوانێ ناوچە کوردییەکان، کە قەڵەمڕەوی سمکۆیە ببڕێ و بگاتە ورمێ. لەوێ لە ڕێگەی پارتێکی نەتەوەییی ئەرمەنییەوە بەناوی (تاشناق)، بەشداریی چالاکیی سیاسی بکا. لەناو ئەرمەنی ئەو سەردەمەشدا دوو ڕەوتی سیاسی چالاکن. ڕەوتێکیان بڕوای بەتوانای چینی کرێکارە کە بتوانێ ئەرمەن لە چەوساندنەوە ڕزگار بکا و ئەوی دی نەتەوەییی توندڕۆیە. ئەنجام، ئاشوورییەکان لەژێر فشاری سوپای تورک و هێزی خێڵە کوردەکاندا، بەدەم شەڕی خوێناوییەوە بەرەو ورمی پاشەکشە دەکەن. ڕۆمانەکەش بەکوشتنی عەمەر بەگی سەرخێڵی هەکاریی، کە لە دەوروبەری جۆڵەمێرگدا هەواری هەڵداوە کۆتاییی دێ.

کورد لەدیدی ئەم ڕۆمانەوە:

## ترش و تالانی:

لە دیدی ئەم ڕۆمانەوە کورد میللەتێکن وێڕای چێوداری، لە ژیاندا پشتیان بە ڕاووڕووت و ترش و تالانی بەستووە و هەردەم ترسیان ناوەتە دڵی نەتەوە و خێڵە بیانییەکانی هاوسنووری خۆیانەوە. بەتایبەت ئەوانەیان، کە ناموسڵمان بوون. خێڵەکوردەکان ترش و تالانییان پێ ئاسانترە تا کشتوکاڵ و ڕەنێوهێنانی بەروبوومی زەوی. کشتوکاڵ پێویستیی بەخاکی بەپیت و کێلان و ئاوداشتن و پەینکردن و کاری ڕۆژانە و ئارامگرتن هەیە. بۆ ئەوەی بەشی نانەکەیان گەنم دەست بکەوێ دەبێ نزیکەی شەش مانگان چاوەڕوان بن هەتا گەنم دیتەبەرهەم. وەکی دی



بۆیان هەیە لە هەڵمەتێکی چەند سەعاتیدا و بێ ئارەق ڕشتن، بەشی گوزەرانی زستانەکە پەیدابکەن. هەر بۆیە زۆرینەی ئەو ڕووبەرە زەویوزارەی ئەوانی لەسەر دەژین هێمان بە بەیاری ماوەتەوە و مێرگ و پاوەن و لەوەڕگەیە. لە لاپەڕە ١٤دا هاتووە: «باب و دایکی فرامیان بەهۆی کاری تاقەت پڕووکێن و شالاوی کوردەکانەوە زوو پیربوون. کوردەکان بەناو دەربەندی چیاکانی دەوروبەریاندا بەچاوی هەڵۆوە لە دووی نێچیری ئاسان دەگەڕان».

لە لاپەڕە ١٥دا هاتووە: «لەپڕ لە چیا نزیکەکانەوە، لە زەوییەوە پەڵەهەورێک تۆز چون گەرداوێکی ڕەش هەڵسا، لەناویەوە پۆلێ سواری کوردی چەکدار سەریان هەڵدا و شێتانە خۆیان کوتایە کۆڵانەکانی قەرەدەشتەوە و بەسەر چەند پۆلێکدا دابەش بوون. بازن چۆن بەدەوری مەچەکدا دێتەوە ئاوەها ئابلووقەی گوندیان دا. پۆلێکیان بەرەو مێگەلەکانی تازەکی لە چیاوە دەگەڕانەوە چوون و، جارێکی دی بەرەو چیاکانیان ڕەتاندن. ئەوانی دی هەر بەسەر پشتی ئەسپەکانیانەوە کەوتنە گوللەبارانی دێ... ». لە لاپەڕە ٢١ یشدا باس لە ڕووتکردنەوەی دوکتۆر ڕینۆڵدز و برادەرە مێشەنرییەکانی دەکا. کاتێ بەناوچەی کوردەکاندا ڕەت دەبن، بەر شالاوی ڕێگر دەکەون و تەنانەت جلکی بەریشیان لەبەر دادەکەنن و بەر خەنجەریشیان دەدەن. لە لاپەڕە ٣٥دا، ترش و تالانی دەبێتە جێی باس و خواسی پاڵەوانانی ئەم ڕۆمانە. کاتێ دوکتۆر فرامیان لە عەلیاغای هەکاری، کە بۆ چارەسەی نەخۆشی هاتووەتە لای دەپرسێ:

– بۆچی کشت کاڵ ناکەن؟

– عەلیاغا لەوەڵامدا دەڵی: ئیمە کەرەسەی کێلانی زەویمان نییە. پیشەمان ڕاووڕووتە!

– بۆچی داوا لەحکوومەتی تورکیا ناکەن، زەویی کشتوکاڵیتان بداتێ؟

– ئەوە گۆرانییەکی کۆنە دوکتۆری بەڕێز. ئەوا زەویشیان داینێ، ئێمە دەبێ ئاوی بدەین و پەینی بکەین. ئێمە بۆ ئەم جۆرە پیشانە نەخولقاوین، لەکاتێکدا لەهەڵمەتێکی سەرکەوتوودا بۆ سەر دێیەک دەتوانین بەشی نان و بژێویی هەموو زستانەکە پەیدابکەین.

– بەڵام لەوانەیە لەو هەڵمەتەدا بکوژرێن؟

– مرۆڤ بەگوللەیەک بکوژرێ گەلی باشترە لەوەی لەسەر جێ بمرێ.

هەروها لەدیالۆگی نێوان گۆرگیس و فرامیاندا (ل ١٧٦) هاتووە: «کوردەکانی ئەم ناوچەیە گورگی ڕاستین. بەدوای هەر نێچیرێکدا بێ، شەوو رۆژ چیاکان تەی دەکن. ئەوان گوێ نادەنە هیچ شتێ. ئەگەر تورکەکان بۆ سەرکوتیان هاتن ئەوا هەڵدێنە نێو سنووری فارسەوە». بەکورتی بەلای ڤیگینەوە ترش و تاڵانی سەرچاوەی یەکەمی ژیانی خێڵەکوردە.

**گیانی تۆڵە:**

ڤیگین پێ یوایە گیانی تۆڵەسەندنەوە لەنیو خێڵە کوردەکاندا ڕەگ و ریشەی زۆر بەهێزی هەیە و لە تامیان دەرکردووە. لەم ڕووەوە لێ خوشبوونیان نییە. یان گیانی لێ بوردنیان (تۆلەرانس) تێدا بەدی ناکرێ. بەڵام ئەو پێی وایە ئەم دیاردەیە بەسوودی خێڵە کوردەکان شکاوەتەوە. چونکە بووەتە هۆی ئەوەی کوشتنی تاک لە ناویاندا بەدەگمەن ڕوو بدا. تۆڵەسەندنەوە پاشماوەی نەریتێکی یەکجار کۆنە. ئەگەر کەسێ نەیتوانی ڕاستەوخۆ تۆڵە لە دوژمنەکەی بکاتەوە، ئەوا دەستی تۆڵە بۆ کەسوکاری دوژمنەکەی درێژ دەکات و تۆڵە دەتەنێتەوە و دەبێ بە جەنگ و تۆڵەسەندنەوەی خێڵەکی. هەر کێشەیەکی نێوان دوو کورد، کە سەر بەدوو خێڵی جیاوازبن بۆی هەیە ببێتە جەنگێکی توندوتیژی نێوان خێڵەکانیان (ل ٦٨). لەمەڕ گیانی تۆڵەسەندنەوە ئەم ڕووداوەی لای خوارەوە بەنموونە



دینێتەوە (ل ١٧٦ ١٧٨)، کەهەتا بلێیی دلڕەقانە و نامرۆڤانەیە:

ئەم ڕووداوە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێ نەپەڕیوە. (سیتۆ) ناوێک سەرۆکی کوردەکانی ئۆرەمارە. کەسێکی زیرەک و بەسروشت مینا پڵنگە. ئێستا تەمەنی سەرو پەنجایە. هاوڕێیەکی زۆر نزیکی هەبوو (بیورۆ)ی ناوبوو. ئەویش هەر بەخوێنڕێژ ناوبانگی ڕۆیشتبوو. ڕۆژێکیان بیورۆ لە چیا خەریکی ڕاوی بزنەکێوی دەبێ. لەو دەمەدا برایەکی سیتۆ بەسواری ئەسپێکی ڕەسەنەوە و بەتفەنگێکی رووسییەوە پەیدا دەبێ. ئەمیش وەک هەموو کوردێک خەونیان پێوە دەبینێ. بیورۆ کەوکوژی لە پەنا بەردێکدا بۆی دادەنێشێ. بەگوللەیەک دەیکوژێ و پاشان سەری دەبڕێ. ئەسپ و تفەنگەکەی دەبات و ئێران خۆت بگرەو هاتم. سیتۆ ماوەی حەوت ساڵان بەدوایەوە دەبێ بێ ئەوەی بتوانی فرسەتی لێ بێنێ. ئیدی وای پێ باش دەبێ بۆ ماوەیەک واز لە دوژمنایەتی و ڕاودوونانی بێنێ. بەیاوەرێکیدا نامەیەکی بۆ دەنێرێ، تێیدا دەنووسێ، کە بیورۆ سوارچاکە نەگاڵتە و نموونەی وەک خۆی لەم ڕۆژگارەدا کەمە. دەیەوێ مەسلەتی هەتاهەتاییی لەگەڵدا چێ بکا و لەوتاوانەشی کوردوویەتی خۆش ببێ و دەخوازێ خزمایەتی لەگەڵدا بکا و کچەکەی خۆشی بداتێ. بەڵام بیورۆ بڕوای بەم بەڵێنە نەهێنا. وەلێ دوای دوو ساڵان بەهۆی ناسیاوەوە پەیمانەکەی بۆ دووبارە کردەوە. بیورۆ بیری لێ کردەوە، مادام کچە تاکو ئێستا شووی نەکردووە، دیارە سیتۆی دوژمنی بەڕاستێتی کاتێ باسی لێ خۆشبوون و مەسلەت دەکا. بۆیە ئاگاداری کردەوە ئەگەر بەڕاستێتی با کچەکەی بۆ بنێرێ تاکو ئەمیش بەپێی شەرع و یاسا مارەی بکا و بیخوازێ. سیتۆ ئەریێ دا و بیورۆ و ژنەی شۆخ بەهێمنی پێکەوە دەژیان. سێ ساڵان بەسەر زەماوەندا ڕابورد. خزمان ویستیان لەگەڵ یەکدا دایانبنێن تاکو هیچ لە نێوانیاندا نەمێنێ. ل ەشوێنێکێ دیاریکراودا و بەئامادەبوونی ژمارەیەکی هاوسان لە پیاوانی هەردوولا و بێ چەک دانیشتنیان گرێ دا. لەوە بەدواوە

جاروبار یەکودوویان دەبینی. چوار ساڵی دی تێ پەڕی. لەم ماوەیەدا بیورۆ بووە خاوەنی سێ زارۆ. سیتۆ بەکچەزاکانی بەختیار بوو. دیاری زۆریشی پێشکەش دەکردن. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ تەنیا شەوێکیش بیورۆ لەماڵی خەزووریدا نەنوست.

ڕۆژێ بەرێکەوت لەکاتی ڕاووشکاردا لەو چیایە بەیەک گەیشتن و تا ئێوارە پێکەوەبوون. بیورۆ خولکی سیتۆ دەکات بۆ ماڵی خۆیان و بەردەوام قسەی خۆش دەکەن و نیازپاکی بۆ یەکدی پیشان دەدەن. کچەیش بەدیتنی بابی شاد دەبێ و خوانیان بۆ دەڕازێنێتەوە. بۆ دڵنیایی، بیورۆ تفەنگەکەی خەزووری دەباتە ژوورێکی دی. جێی نوستنیشی لە شوێنێکدا بۆ ڕادەخا، شەو نەتوانێ دەستی بگاتە چەکەکەی. دوای شەکەتی ڕۆژێک ڕاو، بیورۆ خپ خەوی لێ دەکەوێ. بەڵام سیتۆ خۆی بەنوستوو پێشان دەدا، دەنا خەو ناچێتە چاوی. لە بەرەبەیاندا وەک مار بەرەو جێی نوستنی بیورۆ دەخوشێ و لە باخەڵیدا خەنجەرێکی کوردیی چەماوە دەکێشی و بەیەک خەنجەر سەری لە لەشی جیا دەکاتەوە. ئەمجا خۆی دەکوتێتە ژووری نوستنی کچەکەی و سەری مێردەکەی فڕێ دەداتە بەرپێی و دەڵێ:

بیگرە دیڵە سەگ. گوایە نەتزانی بۆچی تۆم لێ مارەکرد؟ لەبری ئەوەی تۆڵە لەدوژمنەکەم بسێنی، ژمارەیەک چەپەڵیشت لێ خستەوە. من شازدە ساڵە چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەم. لەم ماوەیەدا تەنیا ترسی ئەوەم هەبوو بمرم و نەتوانم تۆڵە بسێنم. دوای ئەم کارەساتە ئیدی تۆ کچی من نیت. ئەم زارۆیانەش حاشا نەوەی من نین بگرە دوژمنمن. ئیدی پەلاماری منداڵەکان دەدا و لەبەرچاوی دایکی هەموویان سەردەبڕێ. وەلێ دوای ساڵێک، ژنە شووی بەدەوڵەمەندێکی خێڵی تەترووش کرد. ئێستا سیتۆ بۆ خۆی سەرگەورەی ناوچەی چیاکانی ئۆرەمارە و هەموویان گوێڕایەڵین و کوردەکان وەک ئاگر لێی دەترسن.



**ڕەوشی ژن لەکن خێڵە کوردەکان:**

ڤیگین پێی وایە لە خێزانی کوردەواریدا باوک سەروەرە و خاوەنی دەستەڵاتی ڕەهایە. فرەژنیش بەتایبەت لەلای سەرخێڵەکاندا دیاردەیەکی باوە.

ژنی کورد بی پرسی مێردەکەی ناتوانێ هیچ کارێک بکا. ئەگەر ژنێک ناپاکیی لە مێردەکەیدا کرد، کولتووری خێڵ ڕێی پێ داوە گوێ یان لووتی ببڕێ (ل٦٦). لە شاییدا کچان ئامێری دەف و بلوێریان پێیە و بەشداریی سەما دەکەن، کە لەکن کوردەکان چۆپیی پێ دەڵێن (ل٨٦). لەلای کوردانیش وەک لای ئەرمەن بووک تا ساڵانێکی دوور و درێژ بۆی نییە قسە لەگەڵ خەزوور و خەسوویدا بکا. ژنان بەجیا لە پیاوان نان دەخۆن (ل١٥٢). ئەو کچەی مێرد دەکا، بەرلەوەی ماڵەبابی جێ بێڵێ دەبێ بەدەوری ئاگردانەکەیاندا (کوانوو) بسووڕێتەوە. ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە، ئاگاداریان دەکاتەوە ،کە ئەو ماڵئاوایی لە ماڵەباوانی دەکا (ل ٦٧). لە ڕاستیدا ئەم کولتوورە وەفای کچەکە بۆ ماڵەبابی پێشان دەدا. وێڕای ئەوەیش ئاگر لەکن کوردان ڕێزی تایبەتی هەیە. ئافرەتی هیچ کام لە گەلانی موسوڵمان هێندەی ئافرەتی کورد ئازادییان پێ نەدراوە، کاتێ دەیانبینی ژنان و کچانیان سەر بەبێ سەرپۆش(حجاب) لە ماڵ دەردێن (ل ٦٩). لەم ڕۆمانەدا عادیلە خانمی ژنی سمکۆی شکاک (سمایل خان) خۆی کچەکەی بەبووکی لە کاتوورەوە بۆلای زاوا، کە ئیبراهیمی کوڕی عومەربەگی هەکارییە، هێناوە. لێرەش لەکن خێوەتگە، عومەربەگ خۆی و ژنەکانی لە پێشوازیدان و چاوەڕوانن مەلا، کە لەڕێگەی دوورەوە دێ بگاتەجێ و مارەی ببڕێ. مەراسیمەکە لەگەڵ گەڕی سەمای (چۆپی) کچانی دەفژەن و شمشاڵژەندا بەڕێوە دەچێ و دەبێتە جێی سەرنجی مێوانە ئەمریکاییەکان. سەبارەت بووکیش، بەتانیدا دێتە خوار... تەمەنی چوارە

پازدە ساڵانە. ژنانی عومەربەگ بێ ئەوەی شەرم بکەن بەدەم قاقای پێکەنینەوە و بەشادی سەبارەت ڕاووشکار پرسیار لە خانمی کیت دەکەن و باسی بەڕێوەچونی شادی و زەماوەند دەکەن، کە بڕیارە بکەوێتە سبەی. بووکیش کیژۆڵەیەکە، ل ەسیمایدا زبری و توندی بەدیار دەکەوی. تەمەنی لە چواردە پازدە ساڵان تێ نەپەڕبوە. ئەبرۆی کەوانی لەبان جووتی چاوی گەورە و جوان لەسەر دوو کوڵمەی چون گوڵ، کە زیاتر لەهەناری پڕ دەچن. ئاسایی و بەتەواوی ئاسانی وەک هەر بەتەنگیشەوە نەبێ هەڵسوکەوت دەکا؛ ئەگەرچی زۆر بەدەگمەن زاوای دیوە و تا ئەم سەعاتەش یەک وشە گفتوگۆیان لە نێواندا نەبووە... بەڵام لەکاتی مارەبڕیندا هەمووڵایەک بێدەنگن و کەس فزەی لێوە نایە. لە ڕۆژی بووک گواستنەوەشدا، لەدەم سەرچاوەی ئاودا دوو ڕەشماڵ بۆ عادیلەخانم و کچەکەی تەرخان کراون. بەفەرمانی عومەربەگ، لە بەیانییەوە بەچەپکەگوڵ و گەڵای گێلاس ڕەشماڵەکانیان ڕازێنراونەتەوە. لەگەڵ خۆرکەوتندا تەدارەکی زەماوەند ئامادەیە و میوان لە هەموو قوژبنێکەوە، لەبەرەوە دەگەنەجێ. نووسەر گۆرانییەکی شایی وەک خۆی ڕەنووس کردووە. گۆرانییەکە باس لە چاوی ڕەش و باڵای بەرز و سەر کۆڵمەی بووکێ دەکا، کە لە سوورەگوڵ دەچێ و جارێکی دی بەخۆخی دەچوێنێ و باس لە خۆشەویستیی بووکێ بۆ زاوا دەکا، وێرای باسی هێز و ئازایەتی. ئەم ڕۆمانە پۆشاکی ژنانەی کوردەواریش ناپەڕێنێ و بەتانیدا دێتە خوار. دەڵێ: ئاوەڵکراس لە شاڵ چێ دەکەن و لەشەرواڵی پیاوانە دەچێ. ژنان کڵاو لەسەردەنێن و کوفییەی پێ دەڵێن. کونە لووتیشیان بەخەزێمی زێر و بەمت و مووروی فەیرۆز دەڕازێننەوە.



**پێناسەی کورد لای ڤیگین:**

دەسپێک وتم، من هێشتا ڕۆمانم نەخوێندووەتەوە ئەوەندە ئەمەی بەردەستم زانیاریی تێدا بێ. باس لە جوگرافیا و مێژوو، کولتوور و ئاینی هەموو ئەو گەلانە دەکا، کە ڕۆڵەکانیان بوونەتە پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە. دەربارەی لایەنی هێز و لاوازیشیان قسەی هەیە. ئێمە هەقمان بەسەر ئاشووری و ئەرمەنەوە نییە. بەشوێن ئەوەدا دەچین داخۆ بەگشتی چۆن کەسێتیی کورد هەڵدەسەنگێنێ. بەلای ڤیگینەوە کورد بەگشتی گەلێکی بەهێزە. ڕۆڵەکانی سوارچاکن. هەڵوەدای ئەسپی ڕەسەن و تفەنگی باشن و لە مردن کۆناکەنەوە و ترسیان ناوەتە دڵی گەلانی دراوسێیانەوە، کە بەشێوەیەک سنوورەکانیان بەیەکدا چوون، مەحاڵە بتوانین بەئاسانی لێکیان جودا بکەینەوە و بزانین فڵانە ناوچە و شار هی کیها نەتەوەیانە؟ کورد بەچیاکانەوە هەن و جوانن و بووەتە مایەی مانەوەیان. دەنا ئەگەر لە چیاکان داگەڕان و لە پادەشتەکاندا نیشتەجێ بوون ئەوا ئاکار و ڕەوشیان بەجاری دەگۆڕێ و دەبنە کشتیاری خراپ. ئەم ڕایەی ڤیگین ئێستاشی لەگەڵدابێ ڕاست و دروستە. کوردی عێراق بۆنموونە هەرەخراپترینی جووتیارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین. هەروەسا پێی وایە بێ بەزەیی و تۆڵەستێنن. سەبارەت کورد، چەند جارێ زاراوەی (کوردە بەدڕندەبووەکان (الآكراد المتوحشون) یان هەر بەدڕندەبووەکان دووبارە دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان بەموسوڵمانی ڕاست دەزانن و بەرگریی لێ دەکەن. ئەوان بۆیە دەوڵەتی عوسمانلی، یان تورکیایان خۆش ناوی چونکە غەدریان لەب نەماڵەی (عەبباسییەکان) کردووە و ئەوان بۆ سەڵتەنەت لەپێشترن و شیاوی ئەوەن سەرداری موسوڵمانان بن. بەڵام ئەگەر بەوردی ئەم بۆچوونەی کورد لێک بدەیتەوە دەگەیتە ئەو ڕاستییەی، کە ئێمەی کورد ئێستاشی لەگەڵدابێ کەمسەریی نەتەوەیی (الشعور بالنقص القومي) وا بەقووڵی

ڕەگی لەناخماندا داکوتاوە لەچاو نەتەوەکانی دیکەدا بەتایبەتی نەتەوەی عارەب خۆمان بەگزگل دەزانین. دەنا دەبووایە کورد خۆی بەشایانی سەرکردایەتی و جڵەوکێشی دنیای ئیسلام بزانیایە. خۆی لەهەموو گەلێک بە لەپێشتر بزانیایە. ئەدی سەڵاحەدین ساڵ بەو عەیام سوڵتانی دادپەروەری بێ ڕکابەری دنیای ئیسلام نەبوو؟ خۆ ئەگەر سەڵاحەدینی کورد نەبووایە ئێستا مووسایییەکان گەڕابوونەوە خەیبەر و پاپا لە شامەوە نزای دەکرد. کورد چونکە لە عارەبی، بەتایبەتی ئەو عارەبییەی وا قورئانی پێ نووسراوە ناحاڵییە، ئێستاشی لەگەڵدابێ وادەزانێ عارەبی، کە وەک عارەب خۆیان دەڵێن ١٠٪ ی عارەب دەزانن قسەی پێ بکەن، بەو پاساوەی قورئانی پێ نووسراوە پیرۆزە. لە کاتێکدا خودی ئیسلام وەهای نەگوتووە. نەلە خودی قورئان و نەلە فەرموودەکانی محەمەددا، نەوتراوە زمانی عارەبی پیرۆزە (مقدس)... چونکە کاتێ لەم دنیا بەرینەدا زمانێ بەپیرۆز ڕادەگیرێ (تقدیس)، ئەوە ڕێک مانای ئەوەیە سووکایەتی بەزمانەکانی دیکە دەکەیت و ئەو جۆرە بیروڕایانەش ڕێک دەچنە خانەی ڕاسیزمەوە. بەندە چەندین وتارم لە گۆڤارە عارەبییەکانی باکووری ئەفریقادا خوێندووەتەوە، کە لەلایەن ڕووناکبیرانی عارەبەوە نووسراون. باسی ئەوە دەکەن، کە عارەبی زمانی بیابانە و لەگەڵ شارستانییەتدا ناڕوا و گەشەناسێنێ و زمانی سەردەمی ئینتەرنیت وجیهانگیری نییە و هۆی سەرەکیی دواکەوتنی میللەتی عارەبە و هەندێکیان، نووسەرانی خۆیان هاندەدەن و جەختیان لێ دەکەن بەزمانی فەرەنسایی بنووسن. هەن داوادەکەن بەزمانی ئەمازیغی (زمانی گەلی بەربەر) بنووسن و پێیان وایە بۆ نووسین، ئەمازیغی دەها لە عارەبی ئاسانتر و لەبارترە. هەر بەڕاستیش نووسەرە باشەکانیان یان بەفەرەنسایی دەنووسن یان ئەوەتا بەزمانی گەلانی عارەب دەنووسن نەک بەزمانی دەسەڵات. وەک شاعیر عەبدوڕەحمان ئەبەنوودی و ئەحمەد فوئاد نەجم، کە زۆرترین خوێنەریان



هەیە. وەک ڕۆماننووسی ناودار تەیب ساڵح کە ڕۆمانی (عرس الزين)ی بەزمانی خەڵک، ئەوەی پێی دەڵێن (عامیە)و لەعێراقدا بە(جلفە) ناوی دەبەن نووسیوە. ئەگەر ئەم کەمسەریی نەتەوەییە لەناوماندا ڕەگی دانەکوتاوە بۆچی تاکو ئەمڕۆش وەک زمانی نەتەوەی زاڵ یان بام ڕاست و ڕەوان بڵێین وەک زمانی داگیرکەر، قوتابیی کورد دەبێ لە دواناوەندییەکاندا هەفتەی شەش وانەی عارەبی بخوێنێ، بەمەرجێ فێریشی نابن و ئەگەر فێریشی بوون، دەمیان سووتاو لەهەر شارێکی عارەبنشیندا قسەیان پێ کرد. ئەوا قاقا پێیان پێ دەکەنن و تەڵفیسیان بەئاوەزیان دی. ئەگەر کاربەدەستانی ئەمڕۆی کورد واقیع بینن و هەر سووریشن لەسەر فێربوونی زمانی عارەبی با ئەو زمانەیان فێربکەن ،کە عارەب خۆی پێی دەدوێ و زمانی جەماوەر و خەڵکە، تا هیچ نەبێ قوتابیی کورد سوود لە ڕەنجی خۆی و لەو دەرسە ببینێ، کەساڵەها دەیخوێنێ. کورد دەبێ ئەو ڕاستییە بزانێ کە هەر لە سنووری وڵاتانی عەرەب دەرچووی ئیدی عارەبی دەبێتە دراوی قەڵب و ناچێ و، لەگەڵ زمانی کوردیدا هیچ جیاوازیی نامێنێ. دەبووایە زمانی عارەبی داخلی بەکەلۆریی نەبوایە مادامەکی لەخوارەوە زمانی کوردی ناخوێنرێ و بۆ بەکەلۆری داخڵ نییە. لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەدەنگدانەوەی کتێبەکەی نووسەری ئیگیپتی(شريف الشوباشي) لەنێو خودی جیهانی عارەبیدا بەناوی: بژی زمانی عارەبی، برمێ سیبەوەیە (لتحيا اللغة العربية، يسقط سيبويه) بدەم، کە بۆ خۆی وەک ڕۆژنامەنووس و نووسەر کەسێکی ڕۆشنبیرە و وەک زمانیش بەباشی زمانەکانی ئینگلیزی و ڕووسی دەزانێ. وەکی دی لە دەوڵەتیشدا خاوەن پلەیە و بریکاری یەکەمی وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئەو وڵاتەیە. بەلای پسپۆڕانی بوارەکەوە وەک بانگەوازی بۆ دەستبەرداربوونی زمانی عارەبی لە گەورەترین وڵاتی عارەبدا، کە ئیگیپتە (مصر) لێک درایەوە. ئەو پێی وایە کە زمانی عارەبی بەدەست فرە

دیالێکتییەوە دەناڵێنێ لە پاشەکشەدایە و لەوە دەترسێ دوای پەنجا سەد ساڵێکی دی لەبەریەک هەڵزڕێ. ئەو پێی وایە ئەو ڕێزمانەی کاتێ خۆی سێبوەیە بۆ زمانی عارەبیی داناوە عەمارەپۆ بووە و بە کەڵکی ئەمڕۆ نایەت. جێی باسە زمانی عارەبی ئێستاشی لەگەڵدابێ پەیڕەوی ئەو ڕێزمانە دەکات کە ١٣٠٠ ساڵ لەمەوبەر سیبەوەیەی فارس نەژاد بۆی ڕۆناوە. ئەو پێی وایە بەبەراورد لەگەڵ دژوارترینی زامانەکانی جیهاندا، کە چینی و یابانییە عارەبی «دە ئەوەندە قورس و خاوەن کێشەیە و زیاتریش» شوباشی وەهای بۆ دەچێ: «بەڵام ئەمڕۆ زمان توخمێک لە توخمەکانی عەقڵی عارەب پێک دێنێ، بۆیە بەڕاشکاوی توخمێکە لە توخمەکانی دواکەوتنی ئەقڵی عارەبی». هەروەها دەڵێ: «زمانی عارەبی لە توانای ئەقڵی عارەب و قەبارەی ئەو کێشانەی ئەمڕۆ لە سەدەی بیست و یەکەمدا بەرەوڕوویان دەبێتەوە بەدەرە. زمانێکی سەختە، ماوە نادات مرۆڤ بەئاسانی بگاتە زانیارییەکان و ئێمە کۆسپ لەبەردەم پەرەپێدان و فریاکەوتنی سەردەمەکەدا دادەنێین.» هەر بۆ نموونە ئەو پێی وایە کە لە زمانی عارەبیدا: «جووت و نوونی ژنان المبنی و نون النسوە دوو شتی زیادەن!!...» ئۆباڵ بەتەختی گەردنم ئەم ڕایەی شوباشی تەواو لەجێیە و لە زمانە زیندووکانی دنیادا شتی وەها نییە. ئەمەش مانای وایە دەبێ بەسەرلەبەری ڕێزمانی عارەبیدا بچنەوە!!... جێی جەخت لەسەرکردنەوەیە لەسەدەی بیست و یەکەمدا هیچ کتێبێکی عارەبی ئەوەندەی ئەم کتێبەی شوباشی لەنێوەندی ڕووناکبیریی عارەبیدا هەرای نەناوەتەوە و هیچ کتێبیکیش ئەمەندەی لەسەر نەنووسراوە. بۆ زانیاریی زیاتر دەکرێ بڕوانێتە ئەو گفتوگۆیەی (سەلما سەعید) لەگەڵ شوباشیدا کردوویەتی و کاتی خۆی لە سایتی ئەرەب ئۆنلایندا بڵاوبووەوە؛ وێڕای دەیان وتاری دیکە و خودی کتێبەکە. من لێرەدا نەموتووە زمانی کوردی لە عارەبی بەڕێزترە. زمانی هیچ میللەتێکیش بەکەم نازانم، بگرە دەق وەک خۆی ڕای



خودی نووسەر و عارەبە ڕۆشینبیرەکانم گواستەوە. بەڵام پێ لەسەر ئەوە دادەگرم، کە زمانی عارەبی هیچ لە زمانی کوردی پیرۆزتر و باڵاتر نییە. بگرە لەسەری دەڕۆم و دەڵێم ئەسڵەن زمانی پیرۆز هەر بوونی نییە. زمان هەر وەک چۆن گەشە دەکات بۆی هەیە لەبەینیش بچێ. کوا ئەو زمانەی یاساکانی حامورابیی پێ نووسرا؟ سەدان زمان هاتن و لەبەینیش چوون و زەویش هەر دەسووڕێتەوە. زمانی دیکەش بەڕێوەن لەبەین بچن. بەڵام بەتەواوی دڵنیاییەوە، کوردی زمانێکی زیندووە و هەر دەمێنێ. ئەوە بۆ خۆی چیرۆکێکی دوور و درێژە و لێرەدا جێی نابێتەوە. لە ئاینی ئیسلامیشدا تەنها خوداوەندی پەروەردگار پیرۆزە.

## ڤیگین چۆن دەڕوانێتە کولتوور و مێژووی کورد؟

ڤیگین دەڵی: کوردان لە ڕووبەرێکی فراواندا بەدرێژاییی سنووری تورکیا و فارس، لە بەغداوە هەتا ئارارات و تا بەپشتی قەفقاس دەگات نیشتەجێن. لە وڵاتی فارس و تورکیا و ڕووسیادا حەشیمەتیان دەگاتە سی ملیۆن. بەڵام سەبارەت ڕەچەڵەکیان ئەمەیان پرسێکی سەرسووڕمێنە. زانایانی ئەورووپا لە ڕێی ئەو ئەفسانە و گێڕانەوە مێژووییانەی ڕۆژهەڵاتی نزیکەوە ماوەیەکی درێژ بەساغ کردنەوەی ڕەچەڵەک و مێژووی کوردەوە سەرقاڵ بوون. بەڵام هەموو گریمانەکان لەو جێیەدا یەکانگیرن، کە بێگومان نەتەوەی کورد ئارین. دەتوانین بێژین هێزە هاوپەیمانە میدیایی و بابلییەکان، کە تەخت و تاراجی ئیمپراتۆرییەتی ئاشوورییان بەسەریەکدا ڕماند؛ بۆ هاتنی کوردەکان لە وڵاتی فارسەوە بۆ وان یارمەتدەر بوو. بەڵام نزیکترین دراوسێیان ئەرمەنە، کە لەو سەروەختەدا تازەکی لە ناوچەی تراقیاوە هاتبوون و دەستیان بەسەر شانشینی ئۆراتۆدا گرتبوو. پاشتر توانییان لە بانە شاخاوییەکانی ئاراراتدا نیشتەجێ بن. بەم پێیە بێ ئەگەرچی ڕچەڵەکی ئەرمەن بەرەو باکووری ڕۆژئاوا کشا و ڕەگی کوردان

بەرەو ڕۆژهەڵات. بەڵام ئەم دوو شەپۆلە پێچەوانەیە لە بەردەم قەڵاکانی چیای تووردا تێکشکان. زمانی کوردان زۆر لەفارسییەوە نزیکە و ئاینیان ئیسلامی سوننەیە. بێ لە ئیسلام دەکرێ ئاینی ئێزیدی و عەلی ئیلاهییەکان، کە لە ئیسلامەوە نزیکن، بەڵام موسوڵمان نین و بڕوایان وایە خوداوەندیتی هەمیشە لەسەر زەمین دەژی و لەبەشەردا خۆی دەنوێنێ. عەلی، زاوای موحەمەدی پێغەمبەر، لەو کەسانەیە، کە ئاکاری خوداوەندێتی و بەشەری لە خۆیدا کۆکردووەتەوە. بەپێی بڕوای ئەوان ئەگەر هاوکاریی عەلی نەبووایە، محەمەد نەدەگەیشتە پایەی پێغەمبەران. ئەوی ڕاستی بێ، ئەگەر لە ڕووی ئاینەوە بیگری، کوردان موسوڵمانگەلێکی باش نەبوون. مەلا و ئاغاکانیان بێجگە لە چەردەیەک نزا و نماز، هیچی دیکەیان لێ نەدەزانێ. بەنق و جڕ و بەدەر لە تێگەیشتنی ناوەڕۆکەکەی قورئانیان دەخوێندەوە. مەلاکان تەواو ملکەچی دەستەڵاتی ئاغاکان بوون و وەک ئامێرێکی گوێڕایەڵ بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان دەهێنان و ئەوانیش بەرگی شەرعییەت و شکۆ و دەسەڵاتیان لەو مەلایانەوە دەپۆشی و وەردەگرت. هەر خێڵێکی کورد شێخ و سەرخێڵی خۆی هەیە. شێخ لافی ئەوەی لێ دەدا گوایە بەڕچەڵەک دەچێتەوە سەر خودی پێغەمبەر. شێخەکان پارێزگارییان لە شەریعەت دەکرد، کە سەر بە جۆرەها ئاینزا بوون، ئاینزاش لەنێو کوردانددا زۆرن. بوونی گیانە شەڕەنگیزەکان (الارواح الشريرة) و جنۆکە بەسەر خەیاڵیاندا زاڵە. کە لە توانایاندا هەیە هەم هاوکاری مرۆڤ بن و هەم زیانیشی پێ بگەیەن. هەر خێڵێک سەرخێڵێکی هەیە، کە سەر بەخێزانیکی پایەبەرزە. یان تایبەتمەندیی لەوەدایە، کە خاوەن سامانە یاخۆ ئازایە، یانژی لەوەدایە کە ڕێزی ڕۆڵەکانی خێڵەکەی دەگرێ. خێڵە کوردە زۆرو زەبەندەکان لەنێو خۆیاندا چڤاکگەلی بچووکیان پێک هێناوە. موختار یان (ڕووسپی) سەرۆکایەتییان دەکا. ئەرکی ڕووسپی ئەوەیە باج کۆبکاتەوە و بەهاوکاریی ڕووسپییەکانی دی کێشەکان چارەسەر بکا. بەڵام



هەرچی (ئۆبە)یە، کۆمبوونێکی کاتییە، لە هەشت تا بیست خێزان پێک دێ. ئەم گرووپە ساڵانە بەر لەوەی بۆ لەوەڕخۆریی بەهارە بەڕێ بکەون چی دەبێ و هەتا پایز، ئەو دەمەی کوردان لە چیاوە بەرەو ناوچەکانی نیشتەجێبوونی زستانەیان دەگەڕێنەوە درێژەی هەیە. سەرۆک ئۆبەکان شوان بەکرێ دەگرن و خەرجییان دەکێشن. ئەندامانی ئۆبە مەڕ و بزنەکانیان دەکەن بەیەک و لەگەڵ ماڵاتی سەرۆکی ئۆبەدا تێکەڵی دەکەن بەمەرجێ بۆ هەر سەد سەر، چوار تا پێنج سەری بدەنێ. ئەم ئۆبەیەش شێوەیەکی زۆر کۆنی شێوەکانی دیموکراسییە لە جڤاکی شێوە کۆمۆنی سەرەتاییدا. هاوکاری و هاوسانی پێشان دەدا، گوایە هەموو ئەندامانی ئەم پێکهاتەیە، بەدەوڵەمەد و هەژاریانەوە لە مافەکانیاندا هاوسانن. یەک لەباری کوردان خاوەنداریێتیی زەوی شتێکە لەسەی ڕانەهاتوون. چونکە ئەوان ژیانی کۆچەری دەگوزەرێنن و هێشتا جێگیر نەبوون، بۆیە زەویوزاری کوردان تاکو نهۆش برێتین لە مێرگ و لەوڕگە...

دەسەڵاتی باب بەسەر ڕۆڵەکانیدا بێ سنوورە. بەڵام ئەو باوکەی کوڕی خۆی بکوژی یان ئەو کوڕەی بابی خۆی بکوژێ هەردوولایان بێزراون. خەڵک خۆیانیان لێ بەدوور دەگرن و لە خێڵ قاویان دەدەن. بەپێی کولتوور هەموو ڕۆڵەکانی خێزان گوێڕایەڵی تەواوی دەسەڵاتی باوکن. لەهەمان کاتدا باب ئەرکی سنووورداری لەسەر شانە. ئەو دەبێ بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خێزان و شەرەفی ڕۆڵەکانی بکا. ئەگەرەکو یەکێ لە کوڕەکانی کەنیشکێکی هەڵگرت (فڕاند)، باب بەو ملک و ماڵەی هەیەتی بەرپرسیارێتی دەگرێتە ئەستۆ. ئەگەر کوڕێکی تاوانی کوشتن یاخۆ دزیی لە دەست قەوما، ئەوا باوک خۆی چارەسەر بۆ کێشەکە دەدۆزێتەوە. لەسەر باوکە ژن بۆ کوڕی بێنێ و مارەیی بووکی بدات و دیاریی پێشکەش بکات. هەروها ئەو کچەکەی بەمێرد دەدا و دیاریی پێ دەبەخشێ. کوڕ لە کچ لەپێشترە و کوڕی گەورە لەوانی دی باڵادەستترە.

سەبارەت پەروەردەی زارۆ دەڵێ: کاتێ منداڵی نێرینە تەمەنی دەگاتە نۆ دە ساڵان، لە بابیەوە تیروکەوانێکی بەدباری پێشکەش دەکرێ. ئەویش بەڕاوی باڵندە مەشقی لەسەر دەکات. کاتێکیش بەخۆدادێ ئەوا خەنجەری چەماوە دەبێتە پارچەیەک لە پۆشاکی نەتەوایەتی.

لە خێزانی کوردەواریدا ئاگردان (کوانوو) ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕەشماڵەوە. لە شێوەی سێگۆشەیەکی پەلەهاوڕێکدایە (متساوي الاضلاع). نابی تفی لێ بکری یان زبڵ و پیسایی تێ فڕێ بدرێ نەبادا ئەو ئاگرە ، کە بەپێی بڕوای میللی لە توخمە پیرۆزەکانە، بلەوتێ. لەهەندێ دۆخی گرنگدا سوێند بەئاگردان دەخۆن. ئەو کوڕەی لە ماڵەباوکی جیادەبێتەوە ئاگردانی تایبەت بەخۆی چێ دەکا. کاتێکێش ئاگری تێدا دەکاتەوە بۆ ئەم مەبەستە پشکۆیەک لە ئاگردانی ماڵەبابی بەکاردەهێنێ. کاتێ منداڵێکی خێزانەکە لە دایک دەبێ، بەدەوری ئاگردانەکەدا دەیگێڕن. هەروەسا ئەو کچەی شوودەکا و خۆی بۆ جێهێشتنی ماڵەباوانی ئامادە دەکا، گەرەکە بۆ پێشاندانی ماڵ چۆڵکردن، بەدەوری ئاگرداندا بگەڕێ... ڤیگین پێی وایە خێڵە کوردەکان بەسەر دوو چیندا دابەش بوون:

١- چینی ئاغاکان، کە سەرخێڵ و سوارەکانیش دەگرێتەوە.

٢- ڕەشە خەڵکەکە (الرعیە)، کە لە ڕاستیدا کۆیلەن و (الأقنان) گوێڕایەڵی تەواویان بۆ چینی ئاغاکان هەیە.

کوردان لە ژیاندا گرنگی بەخۆشگوزەرانی نادەن. هەرگیز مەی ناخۆنەوە، ئەوەی پێوەندیی بەمادە سڕکەرەکانەوە هەبێ ئەوان بەکاری ناهێنن. هەموو بێ جیاوازی سەریان کردووەتە سەر سیگارکێشان. شیر بەزۆری چووەتە نێو خۆراکی ڕۆژانەی کوردانەوە بێجگە لە پەنیر و سەوزە. مەگەر بەدەگمەن دەنا کورد گۆشت ناخۆن، بۆ ئەوەی مێگەلەکەیان کەم نەبێتەوە، ئەوان گۆشتی ئاژەڵی دزیەتییان بەلاوە پەسەندترە.



ڤیگین وای بۆ دەچێ: بارودۆخی ژیان وای لێ کردوون میللەتێک بن بەلای گوماندا بچن و بەشێوەیەکی هاوێردە ئازابن. توانایەکی لەڕادەبەدەریان بۆ ڕوانین و چاودێریی (الرصد والمراقبة) هەیە. ڤیگین بەخێرایی ئاماژە بەڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد دەدات و بەساڵ مێژوویان دیاری دەکا. وەک هەوڵەکانی بەدرخان پاشا و دوورخستنەوەی بۆ کریت. شۆڕشی یەزدانشێری برازای بەدرخان لە هەکاری و بۆتان، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و دوورخستنەوەی بۆ مەککە و گەڕانەوەی عەبدولقادری کوڕی گچکەی. سەبارەت هۆیەکانی بێ هێزیی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دەڵێ: شۆڕش ڕۆنەچووبووە نێو ڕیزەکانی جەماوەری کوردەوە، بگرە دەستکردی سەرکردەکان بوو. جگە لەوەیش، لە واقیعدا، هەر وەک زیاتر لە جارێک لە مێژوودا ڕووی داوە، کورد پڕبەپێستی مانای چەوسانەوە میللەتێکی چەوساوە نەبووە. لەوانە نەبووە سەرانە بەداگیرکەران بدا. کوردان خاوەنی خاکێکی سنووردار نەبوون و سەربەخۆیی سیاسیشیان نەبووە. هەروها لەسەر شێوەیەکی ژیان جێگیر نەبوون. ئەوان جاری لە (یایلاغی) واتە لەپاوەنەکانی هاوین لە چیا، جاری وەک ڕەوەند بوون. هۆکارێکی دیکەش لەئارادایە، ئەویش ئەوەیە بەرەڵڵاییەکی(فوضی) تەواو لەهۆشیاریی کۆمەڵایەتییاندا هەیە. ئەم دیاردەیەش بۆ دووریی جوگرافییایی زۆر و دابەشبوونیان بەسەر جڤاکی خێڵەکیی پەراگەندەدا دەگەڕێتەوە. بەڵام بەرپابوونی شۆڕشی ڕووس وای لەکوردان کرد لە نوێ بیرۆکری سەربەخۆیی لەلایان زیندو ببیتەوە.

لە(ل٧٠)ی ڕۆمانەکەیدا بێ کەم و زیاد دەڵێ: «بیری نەتەوایەتیی کوردیی جوداییخواز، لە لایەن دیپلۆماسییەتی بەریتانیاوە وەک ئامرازێکی لەبار بۆ گورزوەشاندن لە تورک، لە دەڤەری وڵاتی جووتزێ بەکاردێ. ئەم دۆخە کوردستانی تورکیای کردووەتە جومگەیەکی گرنگ بۆ خەبات دژ بەئیمپریالیزمی بەریتانیا، کە لە کۆششدایە بۆ چێکردنی

دەوڵەتێک لەشێوەی تیلماسکێکی سنووریدا (شریط حدودی) کە بتوانێ سەرپەرشتیی کێڵگە نەوتییەکانی دەڤەری موسڵ بکا». دیارە موسڵ، مەبەستی پێی ولایەتی موسڵە، کە کوردستانی باشووری ئێستا دەگرێتەوە.

لەم ڕۆمانەدا وەها بەدیار دەکەوێ کورد بەبێ دیاریی مێوانی خۆی بەڕێ ناکا. عومەربەگی هەکاری و کوڕەکەی (مافوورێکی کوردی) بەدیاری پێشکەش بەخاتوو کیت دەکەن. هەروەها دەڵێ: کوردان لە چیا جیانابنەوە. کورد و چیا پێکەوە تەونێک (نسیج) پێک دێنن. کورد لەسیامالّدا ژیان دەگوزەرێنن و دڵیان قەدپاڵی چیاکانی باکور دەخوازێ، کە بەچڕی گیاوگوڵیان لێ شین دەبێ و لەوەڕ تا ماوەیەکی درێژ دەمێنیتەوە و زەرد هەڵناگەڕێ. کوردان لەچیا بەشادی دەژین. تۆ دەبێ لەناویاندا بژی بۆ ئەوەی تێ بگەی ڕۆڵەکانی چیا لە لەوەڕگە بەرزەکاندا چلۆن بەئازادی دەژین و چێژی لێ دەبینن. لەوێ لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە چریکەی سترانە. تریقەی پێکەنینیان گوێ کاس دەکا. لاوان بەمانگەشەو لەسەر ئاوازی زوڕناو بلوێر ئاهەنگی گۆرانی و سەمای بەکۆمەڵ دەگێڕن. وەک چۆن لە زستاندا کوردان دڵتەگن تا ئەوپەڕی دڵتەنگی، لەهاوینانیشدا، لە تافی کۆچ و گەڕانی چێوداریدا تەواو بەختیار و بەکەیفن. پیشەی شوانی پێگەیەکی شیاوی هەیە. کوڕانی خێزانە هەژارەکان لەو ڕۆژەوە دوو گوێیان دەڕوێ خەریکی ئەم پیشەیەن. سەرەتا کوڕێژگەی مێردمنداڵ بەدەبێتە شوانی بڕگەیەکی کەم و سالآنە دە سەر مەڕ شەرتە شوانی وەردەگرێ. کاتێ گەورە دەبێ و دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێ، هاوینان بیست تا سی سەر مەڕ وەک کرێ وەردەگرێ. لەناویاندا هەڵدەکەوێ بەزیرەکی خۆی پێش هاوەڵەکانی دەکەوێ و هێشتا تەمەنی نەگەیشتووەتە بیست ساڵان دەبێتە خاوەنی ڕانەمەڕی خۆی و لەوانەیە دوور لە خانەوادەکەی بتوانێ ژن بێنی و ببێتە خاوەنی ماڵ و حاڵی خۆی. خۆشترین کات بەسەربردن و ئارەزووش



لەکن کوردان ئەو دەمەیە، کە بەڕاووشکارەوە بەسەری دەبەن بەتایبەت ڕاوی مەڕەکێوی و بزنەکێوی. ئەسپ سواری و سوارچاکیش هەم ئارەزووە و هەم وەرزش.

لە دیدی ئەم ڕۆمانەوە کورد لە مردوو دەترسن. کاتی مەلای باشقەڵا دەمی چەوردەکرێ و پەنامەکی بەهۆی جیهانگیرئاغای ئێزدییەوە، ئەشخن دەنێریتەوە بۆ فرامیانی برای و لە عومەربەگیش دەگێڕیتەوە گوایە ئەشخن بەگرانەتا مردووە، ئەشخن ترسی ئەوەی لێ دەنیشێ عومەرئاغا بڕوانەکات و شوێن پێی هەڵبگرێ. بۆیە ئەم ترسە لە کن مەلا ئاشکرا دەکات. بەڵام مەلا بەئەشخن دەڵێ: «هەواڵم ناردووە، کە تۆ بەگرانەتا مردووی، کوردانیش لە مردوو دەترسێن. بۆیە ترست نەبێ، عومەربەگ نایەت لاشەی کافرێک لەگەڵ خۆیدا بباتەوە.»

### سمکۆی شکاک و عەبدوڕەزاق بەدرخان:

ئەم دوو سەرکردە کوردەش لە پاڵەوانانی ڕۆمانەکەن... دوکتۆر فرامیان، ئەگەر چی دەستنێژی سەنتەری مێشەنریی شاری وانە و دوای لەدەستدانی باب و دایکی لە تالآن و بڕۆی کوردانـدا ئەوان ئەرکی پەروەردە و بەخێوکردنیان گرتەئەستۆ و هەر ئەوانیش بۆ خوێندن ناردیانە ئەمریکا. وەلێ ئەو کەسێکی ئاینی نییە و لەم گەشتەیدا لەگەڵ خانم کیت براونی ئەندامی میشەنریی واندا، دوو مەبەستی هەن. یەکەم: وەک نوژدار بێ جیاوازیی ئۆل و نەتەوە چارەسەری نەخۆش دەکا. دووەم: لە پەیجۆر و سۆراخی ئەشخنی خوشکیدایە. بەربای گوێی کەوتووە ئەشخن زیندووە و لای کوردان دیلە. بەڕێکەوت ئەو دەمەی کاروانەکەیان دەگاتە خێوەتەکانی عومەربەگی گەورە سەرخێڵی هەکاری، بەسەر زەماوەندا دەکەون. بووکیش کیژی سەرداری کورد سمکۆی شکاکە. ئەم زاتە بەسمایل خان و سمایل خانی کوتووریش چەندین جار ناوی دێ. عومەر بەگ خۆی و ژنەکانیشی

بەشانازییەوە بەمیوانەکان ڕادەگەیەن، کە بووکەکەیان کیژی سەرخێڵی شکاکە و بەئیسماعیل ئاغای کوتوور ناسراوە، کوتووریش دەکەوێتە سەر سنووری نێوان تورکیا و وڵاتی فارس. لە (ل ٥٧)دا دەڵێ: ئەم ئیسماعیل ئاغایەی وا نازناوی سمکۆیە ناچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی خانەدان و (نبیل) بەرەچەڵەک پایەبڵند. بەڵام بەزیرەکی و ئازایەتی ناوبانگی ڕۆیشتبوو. لەو سۆنگەیەوە، کەهەڵی دەکوتایە سەر ناوچەکانی دەوروبەر و پێوەندیی بەرووسەوە هەبوو، هەر ئەوانیش پارەو چەکیان دەدایە؛ بووبوو بە مایەی دڵەڕاوکێیەکی زۆر بۆ تورکان... سمایل ئاغای سمکۆ بەچاوێکی سووک دەیڕوانییە تورکان، چونکە تاکو ئێستاش ددانی بەعەبباسییەکاندا دەنا و ئەوانی بەشیاو و خاوەنی خیلافەتی ڕاستەقینە دەزانی. پێی وابوو ئالی عوسمان داگیرکەری خیلافەتن و هێشتا گوێڕایەڵیی ئەو بۆ نەوەکانی عەباس بوو، کە خۆیان لەناوچە سەختەکانی چیای بۆتان قایم کردبوو، بێ ئەوەی دەستی کەسیان بگاتێ. ئەوان تاکو ئەو دەمەیش ئاڵای ڕەشی بنەماڵەکەیان پاراستبوو. عومەربەگیش خەونی بەو ڕۆژەوە دەبینی بتوانێ بەباشی خۆی پڕچەک بکا، تا بتوانێ بەرتەکی پاشاکانی تورک بداتەوە، کە تاڵاوی سووکایەتی پێ کردنیان پێ نۆشیبوو. بۆخۆی، بۆ خوازبێنیی کچی سمایل ئاغا هاتبووە کوتوور. داواشی لەهەوادارانی خۆی کردبوو نهێنیی ئەم سەردانە بپارێزن. چونکە دەیزانی، کە ژەنراڵەکەی والیی وان پێی قووت ناچێ ئەم لەکوردانی وڵاتی فارس نزیک ببێتەوە. وێڕای ئەوەیش عومەربەگ بەوە تاوانبار کرابوو، کە خەریکی هەڵبەستنی پردی پێوەندییە لەگەڵ عەبدوڕەزاقدا، کە لە تەفلیسەوە هاتبوو. ناوبراو کوڕی یەزدانشێری بەناوبانگە، کە لەکاتی جەنگی قرمدا شۆڕشی هەڵگیرساند و دەستی بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا گرت، کە کەوتوونەتەوە نێوان وان و بەغداوە. لە ڕاستیدا عومەر بەگ، عەبدوڕەزاقی لەکوتور بینیبوو. پێکەوە بەقورئان سوێندیان بۆیەک



خواردبوو دۆستی هەتا هەتایی بن. ئەمەیش هیوای ئەوەی بەعومەربەگ بەخشی، کە کوردان بەخێرایی لە کوردستاندا یەک دەگرن تورکانی لێ وەدەردەنێن.

هەر لەم دەمەدا نامەیەکی لەپاشای وانەوە پێ دەگا، کە ئەمە دەقەکەیەتی: «عومەربەگی ئازیز سەرۆکی خێڵی هەکاری لە جۆڵەمێرگ. خوای گەورە بتانپارێزێ. هەندی هەواڵم لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە بەرگوێ کەوتووە، کە بەنیازی کچی سمکۆی کوتووری بەکرێگیراوی کافران بۆ ئیبراهیمی کوڕت بخوازی. هەروها پێوەندیی دۆستانەت لەگەڵ عەبدوڕەزاقی ناپاکدا هەیە. چۆن دڵت هێنای خزمایەتیی کوردێکی کوتووریی ڕچەڵەک نزم بکەی، کە ناگاتە ئاستی گەورەیی و بەخشندەییی تۆ؟ ئەوێک، کە فارسەکان بەبێزارییەوە براکەیان لە تەوریز بەداردا کرد؟ ئایا ئەم کەسە شایانی پلە و مەقامی بەرزی تۆیە؟ ئایا ئەو شیاوی ئەو شەرەفەیە کەتۆ پێی دەبەخشی؟ ئایا بیرت لەوە کردووەتەوە داخۆ لە بابی عالی لە ئەستانە چیت پێ دەڵێن؟ بزانە منت دووچاری چ لەڕوودادامانێک کردووە؟ منی هاوڕێت، کە هەموو هەوڵێکی خۆی خستە کار تاکو نازناوی بەرزت پێ ببەخشن؟ تکات لێ دەکەم ڕای خۆت بگۆڕە و بۆ دانوستان وەرە بۆ لامان. ئاگادارم سوڵتانبەگی ناسراو بەڕاستی دەخوازێ خزمایەتیت لەگەڵدا بکات و خوازیارە کچەکەی لە کوڕەکەت ماره‌بکا. ئەگەر ئەرێت دا ئەوا دیاریی بەنرخ بۆ زاوا و دەزگیرانی دەنێرم.... »

عەمەر بەگی سەرخێڵی هەکاریش ئاوا وەڵامی والی وان دەداتەوە: «بۆ والیی وان بەکر سامی بەگی شەرکەسی بەرەچەڵەک قەوقازی... خوا کوردستان پایەدار کا. ئیبراهیم بەگی کوڕم کچی سەرخێڵی شکاکی ناسراو و بڵندپایە و ئەسڵزادە ئیسماعیل ئاغای کوتووری، ئازاترینی ئازاکان دەخوازێ. برای جەعفەر، ئەو پیاوەی بەچاونەترسی ناسراوە، کە لەلایەن

حاكمی تەورێزەوە نەفرەتی یەزدان لە ناوی؛ خیانەتی لێ كرا. دەشزانم، كە ئیسماعیل بەگ ئەوەندەی سوارچاكی زەبر دەست هەن، ژمارەیان لەو پەزانە زۆرترە، كە باوكت لە سیواس بەبەرتل و دیاری كۆی كردنەوە. بابت لەكن كافران ژەنراڵ بوو، لەسەر دۆستایەتیی ئەوان دەژیا. وەک هەموو ناپاكێک لە قەوقاس هەڵات. ئەگەر ڕاستگۆنیم ئەمە عەرز و ئەمە گەز، فەرموو هەوڵ بدە بەدرۆم بخەیتەوە. ڕێكەوتێكی باشبوو ئیدارەی كوردستانت گرتەدەست، كە یەک لەباری ئێمە خاكێكی پیرۆزە. بەودەستانەی بۆنی لیرەی زێڕیان لێ دی كاروبارەكانی بەڕێوە مەبە. نامەكەتم خوێندەوە، بەڵام بەتەواوی نا، چونكە من ئامادەی زەماوەندی كوڕەكەت نابم، هەروەكو بۆ زەماوەندی كوڕەكەشم بانگهێشتت ناكەم. ئێمە گوێڕایەڵی خۆمان بۆ سوڵتان، خەلیفەی موسوڵمانان، ڕادەگەیەنین. پارێزگاریی سنووری سوڵتان دەكەین و ئامۆژگاری و وشەی حاكمەكانی بەرز ڕادەگرین. بەڵام سەبارەت كردەوە و بێ ئاوەزیی هەندێ كە نیازیان خراپە، ئەوا ڕەشەبای چیاكانمان كەفیلە بەوەی نەهێڵێ هەر گوێشمان لێیان بێ. شكۆمەندی بۆ خوا و پێغەمبەرەكەی. ئەگەر ئارەزووت لێیە بابی عالی لە ئەستانە لە ناوەڕۆكی ئەم نامەیە ئاگادار بكەرەوە و لەوێوە چاوەڕوانی دەست لەكار كێشانەوەت بە.... »

گرووپەكە دەیانەوی لە كوتورەوە، كە ئاسانترین و كورتترین ڕێیە بگەڕێنەوە بۆ وان. ئەمەیش مانای وایە دەبێ بەقەڵەمڕەوی سمكۆدا تێ پەڕن. لێرەدا ترسی ئەوەیان هەیە پیاوەكانی سمكۆ ئەشخن بناسنەوە، كە ئامان تازەكی بەو فێڵەی پێشتر باسمان لێوەكرد، لە دەستی عومەربەگیان دەرهێناوە. لە پاژێكدا بەنێونیشانی (خەونەكانی میری سەرخۆش ل ١٨٧) باس لە عەبدوڕەزاقی سەركردە و ڕەوشی ئەو دەڤەرە و نەخشەی كوردان بۆ سەرفرازی دەگێڕێتەوە. ئەشخن بۆ خۆشی پێی خۆشە بەوێدا تێپەڕن چونكە لەلایەن ئەرمەنە نەتەوەییەكانەوە ڕاسپێردراوە زانیاری



لەمەڕ كورد و ناوچەكە كۆبكاتەوە. بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە جلكی پیاوانەی شەركەسیی پۆشیوە. فرامیان لە قونسوڵی ڕووسەوە لە ورمێ نامەیەكی پێیە بۆ مۆسكۆ. تێیدا باس لەوە دەكا، كە فرامیان ئارەزووی لێیە وەک نوژدارێک لەبەرەكانی جەنگدا كاربكا. لە ڕاستیدا فرامیان ئەم حیكایەتەی هەڵبەستووە. بۆ ئەوەیەتی كاروانەكەیان لە ڕێگە پەلامار نەدرێ و لە وەزنی خێڵەكوردەكان پارێزراو بن... ئەمجا دەڵێ: كاتێ هێزەكانی ڕووس هاتنە وڵاتی فارسەوە سمكۆی دووربین لەوە تێ گەیشت، كەخۆشی بێ و ترشی بێ، دەبێ ئاشنایەتییان بكا. لەبەرامبەر چككردنی ئەو ترش و تاڵانییەی، كە لە وڵاتی فارس دەستی دابوویە دەكرێ بەتاڵانیی ناوچەكانی بن دەستەڵاتی تورک قەرەبووی بكاتەوە. ئەم ئاكارەش وەهای لێ كرد لە دیدی كوردەكانەوە وەک پاڵەوانێكی نەتەوەیی ناو دەربكا، كاتێ ڕاپەڕینی دژ بەتوركان بەرپاكرد. یەک لەباری ڕووس ئەمە وەهای كرد هەر كاتێ جەنگ لەگەڵ توركدا هەڵگیرسا پشتی پێ ببەستن. وەک سەرەتا بۆ دۆستایەتییان، ڕووسەكان چەک و تەقەمەنییان پێ دا. ژمارەیەكی زۆری كوردانیش، كە لە چوارقوڕنەی دنیاوە هاتبوون بەو هیوایەی لە تاڵان و بڕۆ و پەلامارە بوێرانەكاندا دەستكەوتیان هەبێ، دایانە پاڵ هێزی سوارەی سمكۆ. سمكۆش ل دخۆشگوزەرانیدا دەژیا و دارا بوو. ئەگەرچی سامانی سمكۆش لەگەڵگراندا بوو. بەڵام لە دەوڵەمەندیدا نەدەگەیشتە عومەربەگ، كە لە باپیرەوە ژمارەیەكی بەرفەرەی مێگەل و زێڕێكی زۆری بۆ بەجێ مابوو. سمكۆ میسری گۆشتی دەستەبالابوو (متوسط القامە). جووتێ چاوی سەوزی پێوەبوو دڵڕەقی و بڕوابەخۆبوونیكی توند و تیژیان تێدا دەدرەوشانەوە. كەمدوو بوو. هەوڵی دەدا ئەوپەڕی شكۆ و گرنگی، بەتایبەت لەگەڵ كوردەكاندا پیشان بدا. سمكۆ خێوەتگەی لەبان گردێكی بەرز و لە شوێنێكی چۆڵەوانیدا هەڵدابوو، زیاتر لەسەربازگەیەكی جەنگی دەچوو تاكو هۆبە و هۆبەساتی

کاتیی ڕەوەندان. مۆسیک و سەمای کوردان لەوێندەری ڕمبەی دەهات و دەنگی دەدایەوە.

سمکۆ کیت و فرامیانی بەگەرمی و نەرمی پێشوازیی کرد. باشترینی ڕەشماڵەکانی خۆی بۆ تەرخان کردن. پاش ئەوەی فەرمانی قونسوڵی ڕووسی وەرگرت، بەسەری خۆی سوێندی خوارد، کە سەر و ماڵی کاروانەکە تەواو بێ زیان و سەلامەت دەبن. لەم دەمەدا ئەشخن لەگەڵ فرامیان و هێسترەکاندا بوو. فرامیان بەسەریدا دەینەڕاند و داوای لێ دەکرد ئاگاداری وڵاخەکان بێت و چاویان لێ خافڵ نەکا. ئەشخن توانی بە وریاییەوە زانیاری لەمەڕ ژمارەی چەک و ئەسپەکانی سمکۆ کۆ بکاتەوە. لە گفوگۆیەکی نێوان ئەشخن و خورتێکی کورددا (ل ١٨٩) هاتووە:

داخۆ دۆستایەتیی نێوان قونسوڵی ڕووس و سمکۆ بەهێزە؟ ئەشخن ئەو پرسیارەی لەو لاوە کوردە کرد، کە لەگەڵ فرامیاندا دەمەتەقێیان بوو.

چلۆن دۆستایەتییان نەکات؟ ژەنراڵ فرابانۆڤی قونسوڵی ڕووس لە خوی، تفەنگ و فیشەکی پێشکەش کردووە.!

کەواتە کورد پشتیان بەیارمەتیی ڕووس بەستووە؟

ئەوەی یارمەتیمان دەدا خودایە، نەک ڕووس، ئاواتەخوازین لەگەڵ کافراندا نەکەوینە دۆستایەتییەکی قووڵەوە. کوردەکە ئاوا وەڵامی دایەوە.

چاکە، ئەگەر سبەی جەنگ لە نێوان ڕووس و تورکاندا بەرپابوو، ئایا کوردەکان لایەنی تورک دەگرن؟

ئێمە نەئەمیان دەکەین نەئەویان. وەک جاری جاران بۆخۆمان کاردەکەین. ئیمە تورکان تالان دەکەین و ناشیەڵێین ڕووسەکان بی ئارەق دەرچن. پێویستە لەسەرمان بەر لەهەر شتێ بیر لە خۆمان بکەینەوە... کوردەکە ئەمەی بەدڵنیاییەوە وت.

ئەشخن قسەی لەگەڵ هەر کەسێکدا دادەمەزراند، هەستی دەکرد بەهەمان



شتەوە خەون دەبینێ: قینێکی ڕەگاژوو بەرامبەر تورکان و نەفرەت لەڕووسی کافر. تاڕادەیەکی زۆر چاویان بڕیبووە ئەوەی پارێزگاریی تەرزە ژیانێکی ئازاد بکەن، کە وابەستەی هیچ یاسایەکی نەگۆڕ نەبێت.

بۆ ڕۆژی دواتر، کاتی فرامیان و کیت گەیشتنە کوتوور؛ لە تەفلیسەوە (عەبدوڕەزاقی یاوەر)یش گەیشت، یاوەر و نازپێدراوی سوڵتان عەبدولحەمید. نەوەی بەدرخانی بەناوودەنگ، برازای ئەو یەزدانشێرەی لە (جەنگی قرم)دا، توانیی کوردان دژ بەسوڵتانی عوسمانلی یەک بخات. بەهۆی ئەوەی گومانیان لێ پەیداکرد، کار بۆ جیابوونەوەی کوردستان بکات بەرەو ئەفریقا نەفییان کرد. بەڵام دوای چەرمەسەرییەکی زۆر توانی هەڵێ. دوای ڕاگەیاندنی جەنگ لەنێوان ڕووسیا و ئەڵمانیادا دووبارە لە تەفلیس سەری هەڵدایەوە.

لە هزری عەبدوڕەزاقدا بیرۆکەی دەرکردنی تورک لە خاکی کوردستان بەهاوکاریی ڕووسەکان و باڵادەستیی بەسەر هەموو کورداندا بنج و بناغەی داکوتابوو. ئەو خۆی وەک جێنشینی تەختی کوردان جاڕدابوو. بەکردەوەیش دەسەڵاتی زۆری لە کوردستاندا هەبوو. عەبدوڕەزاق لە ناخەوە ڕکی لە ئینگلیز دەبووەوە. ئەم ڕقەیش لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتبوو، لە ڕاپەڕینی پێشوودا پشتیان کردە کورد؛ لە کاتێکدا هەر خۆشیان بوون بۆ هەڵایساندنی ڕاپەڕین کوردیان هان دا. عەبدوڕەزاق کەسێکی باڵابەرزی جەستە بتەوی هەنییە بەرز بوو. جووتێ چاوی دڕندە ئاسای هەبوو، زەدەخەنەیەکی تیژ و تەمەنی لە پەنجا لایدابوو. سەری بەشێوەیەکی زبوی، سپی بوو. بەفەرەنساییەکی ڕەوان دەدوا. زۆر شارەزای کولتووری ئەوروپاییەکان بوو. سمکۆ بەشێوەیەکی تایبەت پێشوازیی لە عەبدوڕەزاق کرد. کوردەکان بۆ پێشاندانی مەزنیی ئەو، دەستیان ماچ دەکرد و دەچەمانەوە. ئەویش تەواو ئاسایی هەڵسوکەوتی دەکرد. سەرلەئێوارە

عەبدورەزاق، فرامیان و کیتی بۆ ڕەشماڵەکەی خۆی بانگهێشتن کرد. مێوەجات و براندیی پێشکەش کردن. سێ قۆڵی، بێ ئەوەی لە ڕەشماڵەکەدا کوردێکی دیکەیان لەنێواندا بێ دانیشتن. عەبدورەزاق، کە زۆر عاشقی کۆنیاک بوو پێکێکی باشی بۆ خۆی تێ کرد. ئیدی سەبارەت پلانەکانی دەستی بەقسان کرد:

«جەنگی نێوان ڕووس و تورک حەتمییە. ئەگەر ئەمڕۆ نەبێ ئەوا سبەی ڕوودەدا. تۆپباران دەنگ دەداتەوە. سوارەی قۆزاق سنووری تورکیا دەبەزێنن. منیش ئاڵای یاخیبوونی کوردان دژ بەتورکان هەڵدەکەم. بەیەکجاری ئەو مەغۆلانە لەکوردستان دەردەپەڕێنم. لە پێناوی بەدیهێنانی خەونی یەکگرتنی کوردان لە ژێر ئاڵای خۆمدا، چەندین ساڵم لە زینداندا بردەسەر. ئێوە تەنیا بیری لێ بکەنەوە، تەنیا لە پێناوی ئاوات و خەونێکدا، نەک لە پێناوی مەسەلەیەکی ڕاستەقینەدا. تازەکی خەونم بەوەوە بینی باپیرانم چ تاوانێکیان کرد لە کاتێکدا چەکیان بەدەستەوە بوو.؟ لەو پێناوەدا خۆم لە مەنفاکاندا دیتەوە. تورک دەبەنگ و گێلن، دەرکیان بەوەنەکرد کە ئەوان یاری بەئاگر دەکەن. ساتەوەختی تۆڵە وا نزیک دەبێتەوە. ڕووسەکان وەک میرێکی سەرداری کوردان ددانم پێدادەنێن. چونکە مافێکی بێ ڕکابەری خۆمە... عەبدورەزاق برێکی زیاتری کۆنیاک خواردەوە و درێژەی بەئاخافتن دا: ڕووسەکان ناتوانن کوردان لە ناوچە دوورەکانی بۆتان و لەدەم لقەکانی ڕوباری دیجلە بجووڵێنن. چونکە بۆخۆشیان نازانن چی بەخاکی ئەوان بکەن، کە بێ سنوورە. مەسەلەی هێنانە ژێرباری کوردان، من سەرەوکاریی دەکەم. کەرستە پێویستەکانی ئەم ئەرکەیش ئەمریکا دەیدا. گوایە بۆچی نایدا؟ کوردستان بەنەوت و سامانی سروشتی دەوڵەمەندە، پێکڕا لەگەڵ ئێوەی ئەرمەندا بەئاشتی دەژین، هەروەک چۆن باپیرانمان بەرلە هاتنی تورک ژیاون. ئیوە دەوڵەتی ئەرمەنیی خۆتان دەبێ. باکوور هەتا وان و بەتلیس



بۆ ئێوە. باشووریش هەتا مووسڵ، بەدیاربەکری پایەتەختەوە بۆ ئێمە. ئایا من زۆردارێکی کوردم؟ عەبدورەزاق بەدەم قاقایەکی بەرزەوە ئەمەی وت.

ئایا ڕووس لەسەر نەخشەکانتان کۆکە؟ فرامیان بەدەم زەردەخەنەوە ئەمەی پرسی.

ئەگەر ڕووسەکانیش وەک ئینگلیز ویستیان فێڵم لێ بکەن، ئەوا هەموو موسوڵمانەکانی قەوقازیان لی ڕاست دەکەمەوە.

ئایا بەڕاستی ئینگلیزەکان فێڵیان لە کورد کرد؟ کیت پرسی.

بەڵێ خاتوون بەڵێ. زیاد لە جار و دوو جار، بگرە هەمیشە. ئەگەرچی تۆ ئەمریکاییت و بەزمانی ئینگلیز دەدوێی. من پێت دەڵێم ،کە من ڕکم لە ئینگلیز دەبێتەوە. بەدوژمنیان دادەنێم، نەک تەنیا بۆ کوردان بگرە بۆ هەموو ڕۆژهەڵات. لەم ڕووەوە لەگەڵ گەلەکەمدا ناکۆک نیم، کە ڕووسیشی خۆش ناوی. ماوەم پێ بدە نموونەیەکت سەبارەت بەفێڵ و فریوی ئینگلیز دەرهەق بەئێمە بدەمێ. لە سەروبەندی جەنگی قرمدا یەزدانشێری مامم لە هەکاری و بۆتان شۆڕشی هەڵگیرساند. ساڵی ١٨٥٥ دەستی بەسەر بەتلیس و موسڵ و هەموو ئەو زەوییانەدا، کە کەوتوونەتە نێوان وان و بەغداوە گرت. هێزەکانی تورکی لە سیرت بەزاند. هەموو سەربازگەکانیشی تێک شکاندن. لەم بارەیەوە تکادەکەم ئاگاداربی، کە ئاشووری و ئەرمەن و گریکییەکانی لە کوردستاندا دەژین لەم شۆڕشەدا و لە ژێر ئاڵای یەزدانشێردا بەشداربوون. کە جار لە دوای جار نێردەی خۆی دەنارده کن ڕووسەکان و هانی دەدان تاکو لەدژی تورکەکان هاوئاهەنگی بنوێنن. بەداخەوە نامەکانی نەگەیشتنە ئەو جێیەی کە دەبوو بگا. بەرلەوەی بەهاری ١٨٥٥ بەسەردابێ کوردان کردەوە سەربازییەکانی خۆیان دەست پێ کردەوە. بەڵام یەزدانشێر، کە متمانەی بەئینگلیز و گفتەکانی قونسوڵی بەریتانی هەبوو، بۆ خۆی چووبووە میوانداری، کەچی لەوێ گرتی و

بەدەستبەستراوی ڕەوانەی قوستەنتەنییەیان کرد. ئیدی ڕاپەڕین بەکۆتا گەیشت و کورد پرسەکەی خۆی دۆڕاند. ئینگلیزەکانیش ئەمەیان زۆر پێخۆش بوو، چونکە ئەوەی زۆری لێ ترسابوون ئەوەبوو دەسەڵاتی ڕووس دزە بکاتە نێو ڕیزەکانی کوردەوە.

خاتوون پیکەکەت پڕکە...

من ئەلکوول ناخۆمەوە ئاغا. لەم ڕووەوە من کوردی ڕاستەقینەم.

عەبدوەڕەزاق هەرچی لەپێکەکەیدابوو بەجارێک نۆشی کرد و قیڕاندی:

تیروپشک ڕاکێشراو زارەکان هەڵدران... با قوستەنتەنییە وەلبێ بۆ دۆژ، بژی کوردستانی سەربەخۆ!

فرامیان باسەکەی گواستەوە سەر سمکۆ:

پێوەندیتان بەسمکۆوە چۆنە؟

سمکۆ کۆیلەی منە و هەر فرمانێکی بەسەردا بدەم ڕای دەپەڕێنێ. ئەو زیاتر بیری هابەلای ترش و تالانیی گەورەوەیە. لە کەللەی ئەو بەدڕندەبووەدا هیچ بیرۆکەیەکی دیکە نییە... مەی وردە وردە کاری لە کەللەی عەبدولڕەزاق دەکرد.

داخۆ خاتوون، ژنانی ئێمەی کوردی دیوە؟ چەند جوانن! کاتی دەسەڵات دەگرمەدەست، کۆشکێکی گەورە چێ دەکەم، ژمارەیەک ژن گلدەدەمەوە. فرمان بەو ژنە بەدڕندەبووانە دەدەم لەسەر شێوازی ئەوروپایی بژین. ژنە فەرەنسایی بانگهێشتن دەکەم، هەروها مەی، ئافرەتە کوردەکانمان دەکەمە ژنەخواوەند. پایەکانی دەسەڵاتێکی بتەو و جێگیر دەکەم، بەجۆرێکی وەها سوڵتان عەبدولحەمید خەونیشی پێوە نەبینیبێ. دەسەڵات بەسەر هەموو کوردستاندا دەگرم. دەست ناهێنمە ڕێی ئەرمەن ئەگەر بوونە خاوەنی ئەرزەروم، وان و یەریوان و تا بەتلیس... ئایا کارەکە لەکن من چوونیەک نییە؟



دوای ئەوەی لەقسەکانی بووەوە، سەری خستە نێوان دەستەکانییەوە و دەستی بەپرخاندن کرد. فرامیان و کیت خیوەتەکەیان جێ هێشت. بێدەنگی هەموولایەکی تەنی. بەدەوری خێوەتگەکەدا سێبەر چون تارمایی دەگەڕان. سەگە برسییەکان دەستیان بەقرووسکاندن کرد.

**دوا وتە:**

ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە ڕووسییە بۆ عارەبی وەرگێڕدراوە لەسەر خاکی کوردستان ڕوودەدا. باس لە سەروبەندی جەنگی یەکەم دەکات، کە سەردەمێکە، کورد تێیدا بزێو بووە. لەوێوە بەناخی مێژووی کۆندا ڕۆدەچێ. گرنگی بەپێوەندیی نێوان کورد و ئەرمەن و ئاشوورییەکان دەدا و ڕۆشنایی دەخاتە سەر کێشە بەیەکدا چووەکانیان. سەرانی کوردی ئەوسەردەمە بوونەتە پاڵەوانەکانی. گیانی تۆڵە و ئاکاری خێڵەکی، کە تاکو نهۆش درێژەیان هەیە. هەروەک زەماوەند و پۆشاک و ژیانی ڕەوەندی کورد لەم کارەدا ڕەنگ دەدەنەوە. بەوێنەی فۆتۆگرافیی کەسانی ڕۆمانەکە و هۆبەسات و گوند و ڕوبار و سەرخێڵ و پەرستگەکان دەوڵەمەدتر کراوە. پاژێکیشی بۆ ئێزدییان تەرخان کردووە و جیهانگیرئاغای گەورە سەرخێڵیان یەکێکە لە پاڵەوانەکانی. لە چەند لایەنێکەوە ڕەخنەش لەکورد دەگرێ. وەک ڕاووڕووتکەر و ژنهەڵگر وێنامان دەکا. وەک خوێندتانەوە ئەوەتا عەبدوڕەزاق بەدرخان لەبەردەم میوانە بیانییەکانیدا دەخواتەوە و دەبزڕکێنێ. ئاماژە بەهۆی لاوازیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەدا. بەڵام لەوە حاڵی نەبووم نەوەکانی بنەماڵەی عەبباسی لە چیاکانی بۆتان چی دەکەن و چۆنیان توانیوە بەسەدان ساڵ خۆیان لە دەسەڵاتی عوسمانلی بپارێزن؟ ئەدی بۆچی دوای هەرەسهێنانی ئەو دەوڵەتە جارێکی دی سەریان هەڵنەدایەوە؟!... پێم وایە شایانی خوێندنەوەیە و دەبووایە هەر زوو ڕووسیزانەکانی خۆمان، وەریان بگێڕایەتە سەر زمانی کوردی.

# پێڕست


له نێوان هاملێت و ئۆڤیلیای سپیدا ........ 5
ترێی تاڵی شەهید ئەبوبەکر عەلی ........ 19
کاڵای باڵای شا لەنێوان هانس کریستیان ئەندەرسن و عەلائەدین سەجادیدا ........ 26
له پیرەمەگروونەوە بۆ ئۆڵەمپ ........ 40
باشوور و تەنگژەی ڕۆشنبیریی ........ 58
شیعری سڕ و شیعری بەئاگا ........ 81
شیعر لە بەتاڵی باشترە! ........ 85
تکایە دەست بەشیعرەوە بگرن ........ 91
ڕۆژنامە شیعر ........ 98
کەرەکتەرەکانی تیرۆژ و هەڵسوکەوتیان ........ 103
ڕەهەهندەکانی چیرچیرۆک ........ 118
قاز و قازیی، مەرگی تاقانەی دووەم، دەقێکی بەرباد! ........ 123
هەشت حیکایەت لە دۆڵی میزۆپۆتامیاوە ........ 155
پاژێک لە ئەوروپا ، نەرێیانە کورد بەعارەب دەناسێنێ! ........ 163
له سەرچاوەکانی دیجلەوە ........ 183